SAYA

پرفرۆشترین کتێب لە لیستی ئەمازۆن و نیویورک تایمز

# تۆ بە دەوڵەمەندی
# لە دایك بوویت

## بۆب پرۆکتۆر



ئێستا ئەتوانیت ئەو دەوڵەمەندییە بدۆزیتەوە و گەشەی پێ بدەیت


وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
سامان کەریم


# YOU WERE BORN RICH
## BOB PROCTOR

# پێڕست

دەستپێك ........................................ ٥

پێشەكی ........................................ ٨

بەشی یەكەم

من وپارە ........................................ ١٣

بەشی دووەم

چەندێك پارە بەسە؟ ........................................ ٤٠

بەشی سێیەم

دروستكەری وێنە ........................................ ٥٧

بەشی چوارەم

تۆ بیكە و ........................................ ٨٥

بۆ خوای دابنێ ........................................ ٨٥

بەشی پێنجەم

چاوەڕوانی ........................................ ١٠٣

زۆر زیاتر بكە ........................................ ١٠٣

بەشی شەشەم

یاسای لەرینەوە و ........................................ ١٢١

سەرنج ڕاکێشان ............................................ ١٢١

بەشی حەوتەم

چاو نەترسەکان ............................................ ١٤٣

بەشی هەشتەم

دەمی گوێزان ............................................ ١٦٦

دەمی گوێزان ............................................ ١٦٦

بەشی نۆیەم

بە پێچەوانە ............................................ ١٨٨

بیرمەکەرەوە............................................ ١٨٨

بەشی دەیەم

یاسای بوژانەوە ............................................ ٢١٢

لە کاتی فەراغدا ............................................ ٢١٢

# دەستپێک

لەوانەیە زیگ زیگلەر باشترین هاندەر بێت، مارك ڤیکتۆر هانسن باشترین چیرۆکخوان بێت، ئەنتۆنی ڕۆبینس لەوانەیە باشترین گەشەپێدەری کەسایەتی بێت، بەڵام بۆب پرۆکتەر باشترین موفەکیرە. کاتێك باسی ڕێکخستنی ژیان دەکات هیچ کەسێکی پێ ناگات. ئەو زۆر بە ئاسانی باشترینە. بۆب پرۆکتەر بیرۆکەکان کۆدەکاتەوە وەك چۆن ئیمێڵدا مارکۆس پێڵاوی کۆدەکردەوە. بیرۆکەکانی وەك کۆمەڵێك سەربازی نایاب ڕێکدەخات، بیرۆکەیەك بەرەو بیرۆکەی داهاتوو بەشێوەیەکی مەنتقی تاکو تەواوی ڕێگاکە دروست دەکات.

لەم کتێبەدا (تۆ بە دەوڵەمەندی لە دایك بوویت)، بۆب پرۆکتەر هەنگاو بە هەنگاو دەتبات بۆ دۆزینەوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەویش سەرکەوتن هەموو کات ئەوە نیە کە بگەیت بەو شتەی کە نیتە، بەڵکو لە بری ئەوە گەیشتن بەوەی کە پێویستە خۆت ڕێك بخەیتەوە. وەك چۆن بۆب بە وریاییەوە ئەم کتێبەی داناوە ئاوها خوێندمەوە بە جوانی، یەکسەر خۆمم دۆزیەوە کە دەرئەنجامی کتێبەکەم لە پەیوەندی و پرۆژەکانمدا جێ بەجێ دەکرد. هەر بۆیە گرنگی کتێبەکەم بۆ دەرکەوت. تۆش ئەتوانی دەرئەنجامی ئەم کتێبە لە ژیانی خۆتدا جێبەجێ بکەیت. کاریگەری لەسەرت دەبێت پێش ئەوەی بەشی کۆتایی تەواو بکەیت.

زۆرینەی کات بۆب دەڵێت کە پێشنیاری تازە ناخاتە ڕوو، لە ڕاستیدا ئێمە بە شێوەیەکی غەریزی ئەو ڕاستیانە دەزانین. ڕەنگە لەو ڕووەوە کەمێك بێ فیزی ڕەچاو کردبێت.

هەندێك جیاوازی هەست پێ نەکراو دەخاتە ڕوو کە تازە بوو بەلای منەوە

وە هەندێك جیاوازی لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا. تەنانەت ئەوەم

دۆزیەوە کە هەندێك لە بیرۆکە ئاشکراو ڕونەکانی لەبورای سەرکەوتندا

دامرکاوەو ڕێز لێ نەگیراوە لە ژیانمدا.

ئەو بیرۆکانەی کە وام بیردەکردەوە ئەیزانم و لێی تێ دەگەم، ئەوانەی کە

بەشێوەیەکی شەخسی بەشداریم پێ کردن لە چالاکی ژیانمدا، زۆر بە

باشی ڕێکم خستنەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بەکاریان بهێنم. "کردار"

ئەمە ئەو وشەیە بوو کە دەهات بە مێشکدا، ئەو تیۆریانەی کە لە

کتێبی(تۆ بە دەوڵەمەندی لەدایك بویت) دا کاری بۆ هەموو یەکێك ئەکرد،

لە هەرشوێنێك و هەر کاتێکدا.

لەبیرتبێت، بۆب پرۆکتەر بەستەرێکی ڕاستەوخۆیە لە زانستی تازەی

سەرکەوتن کە دەگەڕێتەوە بۆ گەورە سەرمایەدارو چاکەخواز ئەندرۆ

کارنگی.

نهێنیەکانی کارینگیش لە ناپلیۆن هیلەوە سروشی وەرگرتبوو، لە کتێبی

بیربکەرەوەو دەوڵمەند بە، کە کۆمەڵێك کتێبی لە بواری فەلسەفەی

سەرکەوتندا نوسی کە ئێستا بەشێکی گەورەیە لە کتێبخانەی مۆدێرن.

لەبەرامبەردا ناپلیۆن هیل گۆچانەکەی دایە دەستی ئێرل نایتن جلّ کە

ئەویش داویەتی بە دەستی بۆب پرۆکتەرەوە.

بۆب پرۆکتەر لەسەر پێی کەسە عیملاقەکانی وەك نایتن جلّ و کۆنانت

دانیشت، وە بە جێگیری ماوەتەوە لە نێوان تەواوی قسەکەرو

نوسەرەکاندا، ڕێز و خۆشەویستی بۆیان زیاد دەکا پێش ئەوەی هەوڵی

ئەوە بدات بنیاتی خۆی لەسەر ئەوان بکات. بەڵام هەرکات زانیاری خۆی

لەگـەڵ ئـەو بنـەما نـەمرەی ئەوانـدا بەشـداری پـێ بکـات، هـەڵقوڵینی زانیاریەکانی هەرگیز ناوەستێت. کتێبـەکانی، شـریتە دەنگیـەکانی، نامـە ئینتەرنێتیـەکانی کـە بـە ملیۆنـان کـەس گەیشـتووە لـە ڕێگـای ئیمـەیلی تایبــەتی خــۆی (insights@bobprocter.com) وە پرســیار کردن لە ڕێگای بەرنامەی خۆڕایی "بیرۆکەی ئەمڕۆ" کـە ڕۆژەکـەی خـۆمم لەگەڵ دەست پێ کرد.

کەواتە کاتێك دەچیتە ناو حیکمەتی بۆب پرۆکتەرەوە، تۆ زۆر لەوە زیاتر دەبیـت کـە تـازەترین "داهێنـراوی سـەرکەوتن"ی ببینیـت لـەماوەی دە ساڵدا. تـۆ دەچیتە نـاو بەرجەستەکردنی لێکۆڵینەوەیـەکی بـەردەوام لـە سروشتی مرۆڤ و سەرکەوتنەکانی کە درێژ دەبێتەوە بۆ سێ جیل.
بۆب پرۆکتەر سکرتێری زانسـتی سـەرکەوتنە، وە ئـەم کتێبـە بەهێزەشـی چـەندین گەنجینـەی زۆرمـان پیشـان دەدات، خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە گرنگە.

ـۆگ وید ، هاوکاری تایبەتی پێشووی سـەرۆك جـۆرج بـوش لـە کۆشـکی ـسپی

# پێشەکی



گەر بۆ شتێکی نوێ دەگەڕێیت لە ژیاندا، شتێك زیاتر بێت لە بەدیهێنان،هەژێن بێت یان ڕێگایەکی تازە بێت بۆ ئەوەی لەسەری گەشت بکەیت، ئەوا تۆ ئێستا دۆزیوتەتەوە. دانیشە بە ئارامی و ئەم کتێبە دامەنێ تاکو تەواوی ئەکەیت. جۆرە جادویەکی تایبەتی تێدایە. ڕێگام بدە ئەزمونی خۆمت بەکورتی لەگەڵ بۆب پرۆکتەردا لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە پێی بەخشیم بۆ بگێڕمەوە. لە ئابی ٢٠٠٦ دا، چوم بۆ سیمینارێك لە ڤانکوڤەر(کەنەدا وەرگێڕ) و واشنتۆن وە ژیانم بە تەواوی لەسەر ئاڕاستەیەکی جیاواز جولاّند.

لە ماوەی بیست ساڵی پێشوو، سەرپەرشتیکارێکی زۆر باشی بواری یاسایی بووم، نەمزانی ئەو زانیاریانەی کە لەو سیمینارەدا وەری دەگرم دەبێتە هۆی وازهێنانم لە پیشەی یاسا، واز لە یاسا ئەهێنم و پیشەیەکی تر هەڵدەبژێرم.

ئەو زانیاریەی کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانکاریەکی تەواوەتی لە مندا، ئەو زانیاریەی کە ئێستا لەبەردەستی تۆدایە.

بۆب پرۆکتەر ئەو سیمینارەی بەڕێوە دەبرد کە من ئامادەی بووم، وە لە پێشی ژورەکەدا بیرۆکەکانی زۆر بە خێرایی دەتەقاند، کۆمەڵە بیرۆکەیەك ئێمەی بەرەو گەشتێك دەبرد. وە ئێمە بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە گەشتمان دەکرد، ئەو ئاڕاستە پێچەوانەی کە بە درێژایی ژیانم لەسەری ڕۆشتبووم.

به درێژایی خوێندنی ئاسایی و ژیانی پیشەییم لەسەر ڕێگایەکی لاسایی کەرەوە بووم، کە ڕێژەی لە سەدا نەوەدی خەڵکی تەواوی ژیانیان لەسەری دەڕۆن. وە لەنێوان ئەو گروپەدا، من لەسەرو هەموویانەوە بووم، خۆشیم لەوە دەبینی کە زۆرینەی خەڵکی بە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك شوێن بیرۆکەکانی بۆب پرۆکتەر کەوتم، هەستم ئەکرد کە بەدرێژایی ژیانم لە بەندیخانەدا ژیاوم، وە لە کۆتاییدا هەستم ئەکرد ئازادیم دۆزیوەتەوە.

ئەم چەند وشە کەمەی دوایی بەردەوام و دوبارە لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوە، ئەو ئەیوت "زۆرینەی خەڵك لە فیلمی ژیانیاندا زیادەن" وە بۆم دەرکەوت کە بەهیچ شێوەیەك من ئەستێرەی فیلمی ژیانی خۆم نەبووم. بە ڕاستی من زیادە بووم. کەسێکی تر هەمیشە ئەستێرەکە بوو، هەمیشە هەوڵمداوە خۆشحاڵیان بکەم. هەوڵم ئەدا پێوانەی خۆم بەرز بکەمەوە بۆ ئاستێك کە ئاستی ئەوان بێت، هەرگیز لە ئاستێکدا نەدەوەستام کە بڕوا بکەم بەلای ئەوانەوە قبوڵکراوم.

تەمەنم ٤٣ ساڵ بوو، ئەو شتانەم دەکرد کە دەبوو بە بیری خەڵکیدا بهاتایە لە ژیانمدا. لە کاتێکدا لەو سیمینارەدا دانیشتبووم زۆرێك لەو بیرۆکانەم وەرگرت کە وا بۆت دەردەکەوێت، خەیاڵی خۆمم پێ چالاك دەکرد. خەونی ئەوەم دەبینی کە ژیانم چۆن دەبوو گەر تەنها شوێن ڕێگای خۆم بکەوتمایە، شتەکانی خۆم بکردایە، بە باشترین توانای خۆم هەموو ڕۆژێك ئەنجامم بدایە.

زۆر بەپەرۆش بووم، وە ئەتوانم بەڵێنت پێ بدەم گەر ڕێگا بەخۆت بدەیت بەسۆزێکی قوڵەوە لەگەڵ ئەم بیرۆکانەی کە وا دەیخوێنیتەوە، ئەوا تۆش

پەرۆشیت بۆ دروست دەبێت، مەبەستم لە پەرۆشی ئەوەیە کە دەتوانی ئەوەی خەونی پێوە دەبینیت ئەنجامی بدەیت.

لەو سیمینارەدا بوو کە بە ڕاستی زانیم ئێمە بە دەوڵەمەندی لە دایك بووین. بەڵێ تۆش، منیش، وە هەروەها هەموو کەسێکی تریش. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شوێنکەوتنی ڕێگای کەسێکی تر دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئەو دەوڵەمەندیە. بەڕاستی هەرگیز گەشە بەو دەوڵەمەندیە نادەین ئەبین بە کەسێك کە خوا ئەیەوێت ببین.

تۆ لەسەر ڕێگایەکی کە هەست بە ئەزموونی هێزێکی گەورە بکەیت، کە لە ناو مێشکتەوە هەڵدەقوڵێت، ئەوە دەگۆڕێت کە چۆن هەست بکەیت، ئەوە دەگۆڕێت کە چۆن کردەوە بکەیت، بە گشتی و بە تەواوی تێگەیشتنی تۆ لەبارەی ژیانەوە دەگۆڕێت.

بۆب پرۆکتەر کارێکی زۆر جوانی کردووە هەر لەسەرەتای بەشەکانی ئەم کتێبەوە تاکو کۆتایی وەك خوێندنەوەی نەخشەیەکی ئاسان کە لەو شوێنەی وەستاویت ڕێبەریت دەکات بۆ ئەو شوێنەی کە دەتەوێت.

پڕکردنی مێشکت بەو بیرۆکانەی لەم کتێبەدایە ژیانت یەکسەر دەبێتە گەشتێکی سەرنج ڕاکێش. بەڵام ئەم گەشتە وەك ئەوە نیە کە بەرەو ڕوی گوڵێکی جوان بڕۆیت لە باخچەیەکدا. کاتێك ئەم کتێبە دادەنێیت دەبێت ڕوبەڕوی کۆمەڵێك شت ببیتەوە، کەند و کۆسپ و ڕێگا خواروخێچەکان، بە مانایەکی تر، کۆمەڵە کەسێکی بەڕێز و زۆرینەی ئەوانەی کە دەیان ناسیت.

من لە ئەزموونی خۆمەوە ئەدوێم، ئەمە شتێك نیە بە خەیاڵ ڕویدابێت. هەر کە دەستت کرد بە ژیان بۆ خەونەکەت، پێویستە ئەوە لە مێشکتا

بێت کە تۆ بە ئاڕاستەی پێچەوانە دەجولێیت بەرەو ئەو لایەی کە مەرج بوو بۆی بچیت.

لەسەر دیواری بیرەوەری کۆریا لە واشنتۆن، بە خەتێکی ئەستور ئەم وشانە هەڵکۆڵراوە "ئازادی بە خۆڕایی نیە". ئەگەر بتەوێت ئەو ژیانەی خۆت دەتەوێت بژیت، ئەو ڕێگایەی خۆت دەتەوێت لەسەری بژیت، تێبگە لەوەی نرخەکەی زۆرە، وە بە ئاسانی بەدەست نایەت.

هەرچەندە خەڵاتەکان گەورە بێت، بەڵام ئەوان خەڵاتێکی بچوکت دەکەن، گروپێك لە خەڵکی خەڵاتەکان کۆ دەکەنەوە. من ئێستا خۆشی لەو خەڵاتانە دەبینم، وە خۆشی ئەبینم لە تێکەڵاوی کردنی ئەو کەسانەی کە لەو جۆرە کەسانەن.

تۆ ڕاستیەکی جوان دەبینیت کاتێك ئەزمونی ئازادی دەکەین، ئێمە کەسانێك بۆلای خۆمان ڕادەکێشین کە حەزیان بە ئازادی بێت.

بەڵێ، خەڵاتەکان زۆرن وە بۆ هەموو کەسێکن. ئێستا بڕیارێك بدە ئایا ئەم کتێبە ئەخوێنیت و ئەخوێنیتەوە تاوەکو زۆر باش ئەو ڕێگایەی بۆب پرۆکتەر بۆی داناوین جێبەجێی بکەیت و شارەزای بیت.

وە بۆ ئەوەی زۆر خۆشحاڵ بیت بە گەشتەکەت، ئەو وانانەت لەبیربێت کە لە لایەن گۆرانی بێژ و شاعیر ئۆسکار هامێرشتاین دوە نوسراوە کە دەڵێت "*جەڕەس جەڕەس نیە تاکو لێی نەدەیت، گۆرانی گۆرانی نیە تاکو نەیڵێیت، خۆشەویستی لەناو دڵدا بۆ هێشتنەوە دانەنراوە، خۆشەویستی خۆشەویستی نیە تاکو نەیبەخشیت*" هەر کە دەستت کرد بە ژیان لەگەڵ ئەو بیرۆکە جوانانەدا، ئەو کات بەڕاستی خۆشیان لێ دەبینی وە پەخشی دەکەیت بۆ خەڵکی.

ئەو ئاڕاستەیەی وەرمگرت لەو سیمینارەدا بەوە کۆتایی هات کە بووم بەشێك لەناو بازنەی کۆمپانیای بۆب پرۆکتەر وە شتگەلێکی سەرسوڕهێنەر ڕوویاندا کاتێك ئەو ئامانجەم دانا.

ئەمڕۆ من سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گروپی کۆمپانیاکانی بۆب پرۆکتەرم، کە لە ٨٩ وڵاتدا کاردەکات، وە هەموو ڕۆژێك شوێنەواری تازە دەدۆزێتەوە.

ساندرا ل. گالاگیەر ، دکتۆر جۆریس
سەرۆك & بەڕێوەبەری جێبەجێ کار
گروپی کۆمپانیاکانی ژیانێکی سەرکەوتوو

ئەوانەی ڕاستیەکان دەزانن
فێردەبن کە خۆشیان بوێت
ئەوانەی ڕاستیەکانیان خۆش دەوێت
فێردەبن کە تیایدا بژین

# بەشی یەکەم
# من وپارە

## من و پارە

ئوتێلی (ئێدج وّتەر بیچ)

لـە سـالّی ١٩٢٣، لـە ئـوتێلی ئێـدج وّتـەر بـیچ لـە شـیکاغۆ، هەشـت سەرمایەداری گەورەی جیهان چاویان بەیەك کـەوت. ئـەم هەشـت پیـاوە کـۆنترۆڵی پارەیـەکی زۆر زیـاتر لـە حکومـەتی ئـەمریکایان دەکـرد لـەو کاتەدا. ئەوان پێك هاتبوون لە :

١. سەرۆکی گەورەترین کۆمپانیای پۆلاّ
٢. سەرۆکی گەورەترین کۆمپانیای گاز
٣. مەزنترین ئالوگۆڕکاری گەنم
٤. سەرۆکی بازاڕی بۆرسەی نیو یۆرك
٥. ئەندامێکی کابینەی سەرۆکایەتی
٦. مەزنترین کەسی وّلّ ستریت
٧. سەرۆکی مەزنترین پاوانخوازی جیهان
٨. سەرۆکی بانکی چارەسەری جیهانی

بـە دڵنیاییـەوە دەبێـت مـرۆڤ دانـی پیـا بنێـت کـە، ئـەم کۆمەڵـە پیـاوە سەرکەوتووە کە لەو شوێنەدا کۆبونەتەوە، بەلای کەمەوە، پیـاوانێکن کـە نهێنی بەدەست خستنی پارەیان دۆزیوەتەوە.

ئێستا با ببینین پاش ٢٥ساڵ چی بەسەر ئەم پیاوانەدا هات :

- سەرۆکی گەورەترین کۆمپانیای پۆلا، چارلس شواب، بۆ ماوەی ٥ ساڵ لەسەر قەرزکردنی پارە ئەژیا پێش ئەوەی بە ئیفلاسی بمرێت.
- سەرۆکی گەورەترین کۆمپانیای گاز، هۆوارد هۆپسۆن، شێت بوو.
- مەزنترین ئاڵوگۆڕکاری گەنم، ئارسەر کەتن، بە ئیفلاسی لەدەرەوەی وڵات مرد.
- سەرۆکی بازاڕی بۆرسەی نیو یۆرک، ڕیچارد ویتنی، نێردرا بۆ بەندینخانەی چاکسازی سینگ سینگ.
- ئەندامی کابینەی سەرۆکایەتی، ئەلبێرت فۆڵ، لێخۆشبونی بەندیخانەی بۆ دەرچوو بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمرێت.
- مەزنترین کەسی وۆڵ ستریت، جێسی لیڤەرمۆر، خۆی ئینتیحار کرد.
- سەرۆکی مەزنترین پاوانخوازی جیهان، ئیڤار کروگەر، خۆی کوشت.
- سەرۆکی بانکی چارەسەری جیهانی، لیۆن فرەیزەر، ئەویش خۆی ئینتیحار کرد.

هەریەك لەم پیاوانە زۆر باش فێری هونەری پارە پەیداکردن بوبوون، بەڵام وا دیاربوو هیچ یەکێك لەوان هەرگیز فێری ئەوە نەبوبوون کە چۆن ژیانێکی دەوڵەمەندانە بژین، کە مافی خۆیان بوو.
چیرۆك گەلێکی لەم جۆرە چەند مانایەکی هەیە، بەڵام خەڵکانێکی نەزان هەبێت، زۆر خراپە" یان دەڵێن "ئەمە پیشانت ئەدات کە خەڵکانی ڕەنگە بڵێن "سەیرکە، پێم وتی شتێکی باش نیە ئەو هەموو پارەیەت دەوڵەمەند بەڕاستی دڵخۆش نین"، بەڵام بێگومان ئەوە ڕاست نیە. بۆ ئەم هەشت کەسە وا دەردەکەوێت کە لەسەر خولگەی خۆیان خزاون.

خەڵكانێكی زۆری دەوڵەمەند هەن كە زۆر خۆشحاڵن، شت گەلێكی زۆر ئەكەن بە پارەكانیان، تەندروستانە ئەژین، ژیانێكی ماوسەنگیان هەیە. ئەوەت لەبیر بێت كە پارە لە هەموو كالآیەكی تر زیاتر كاریگەری هەیە لە ژیانتا كە تۆ بیری لێ دەكەیتەوە. لەڕاستیدا، زیانی كتوپڕ یان بەدەست هێنانی پارە كاریگەری لەسەر هەڵویستت دەبێت ماوەیەكی زۆر. لەبەرئەوە، پێویستە بەوە قایل بیت كە هەموو كەسێك پێویستە تێگەیشتنێكی قوڵی هەبێت لەسەرئەوەی كە پارە چیە، وە ئەو یاسایانە بزانێت كە دەبێتە هۆی ڕاكێشانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاستی تاڵ ئەوەیە كە لە ۱۰ كەس ۱ كەس ئەوە ناكات. لە سەدا ۹۵ ی خەڵك بەوەندەی كە دەستیان دەكەوێت ڕازین، لە كاتێكدا حەز دەكەن زیاتریان هەبێت تا بیخەنە سندوقەكەیانەوە، هەرگیز تێنەگەیشتن لەوەی كە هەموو ئەوەی ئەیانویست بە دەستیان دەهێنا.

ڕێ بدە كەمێك لە باسەكە دەربچم، لەكاتی گەشتكردنت بەم كتێبەدا، ڕەنگە خواستی ئەوەت بۆ دروست بێت مێشكت بكەیتە گەڕیدە، یان بیر لە كەسێك ئەكەیتەوە كە ئەناسیت و پارەیەكی زۆری دەست كەوتووە یان بیر لە كەسێك ئەكەیتەوە كە ئیفلاسی كردووە. بەڵام ئەمەوێت پێشنیاری ئەوەت بۆ بكەم كە تەنها تەركیز لە سەر خۆت بكەیت، لەبەرئەوەی ئەوەی كەسێكی تر هەیەتی یان نیەتی، هیچ كاریگەریەكی لەسەر تۆ نابێت، ئەوە بارودۆخی دارایی خۆتە كە دەتەوێت چاكی بكەیت.

## پارە گرنگە

یەکێك لە هەڵە تێگەیشتنە بەربڵاوەکان لەسەر پارە، پەیوەستە بە گرنگیەکەیەوە. بۆ نمونە، چەند جار گوێت لە خەڵك بووە لە گفتوگۆدا دەوترێت "پارە هەموو شتێك نیە". یان "پارە گرنگی نیە" یان "گرنگی بە پارە نادەم". زۆر باشە، ئەو خەڵکانەی کە وا دەڵێن ڕەنگە گرنگی بە پارە نەدەن، بەڵام گرەویان لەگەڵدا دەکەم کە دەلاڵی سەیارەکانیان گرنگی بە پارە ئەدەن، سەوزەومیوە فرۆشەکانیان گرنگی پێ ئەدات، وە ئەو کەسەی کە خاوەنی خانوەکانیانە گرنگی پێ ئەدات. لە ڕاستیدا، نابێت نکوڵی لەو ڕاستیە بکرێت کە پارە گرنگە بەلای هەر کەسێکەوە کە لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا بژی. لەبەرئەوە، مشتومڕکردنی ئەوەی بوترێت ئەمە ئەوەندەی ئەوە گرنگ نیە، قسەیەکی نابەجێیە. هیچ شتێك ناتوانێت جێگای پارە بگرێتەوە لەو شوێنەی کە بەکاردەهێنرێت!

## پارە وەك خزمەتکارێك

ئێستا، پاش ئەوەی گرنگی پارەمان دەرخست، ڕێگام بدە ئەم ئاگاداریيەت پێ بدەم، هەمیشە ئەوەت لەبیربێت، کە پارە خزمەتکارە" تۆ سەرداریت. زۆر وریا بە کە هاوکێشەکە پێچەوانە نەکەیتەوە، لەبەرئەوەی زۆرێك لە خەڵکانی خاوەن زیرەکی بەرز بەو جۆرەیان کردووە، وە زیانێکی گەورەی لێداون. بەداخەوە، زۆرێك لەو داماوانە پارەیان خۆش ویستوەو خەڵکیان بەکار هێناوە، کە پێشلی یەکێك لە یاسا سەرەتاییە گرنگەکانی سەرکەوتنی سەرمایەداریيان کردووە. تۆ

هەمیشە پێویستە خەڵکت خۆش بوێت و پارە بەکاربهێنی، نەك پێچەوانەکەی!

ئەفسانەیەکی تر کە زۆرێك لە خەڵکی حەز بە قبوڵ کردنی ئەکەن دەربارەی پارە کە ئەویش بریتیە لە وتنی "بەخت" یان "خوا پێداوە"(دەربڕینی وەرگێڕ) بۆ نمونە، هەرکاتێك خەڵکی کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی باسی کەسێك بکەن لە نێوانیاندا کەسێکی تێدایە کە دەڵێت، "هاری تەنها بەختی هەبوو" یان "هاری لە شوێنێکی گونجاو و لە کاتێکی گونجاودا بوو" بەڵام ئەمەوێت دڵنیاتان بکەمەوە بەدەربڕینێکی تر سەرەڕای ئەوەی کە "بەخت" بە ئاشکرایی کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە لە سەرکەوتنی سەرمایەداریدا، بەڵام بەتەنها بەس نیە، پارە خۆی کاریگەریەکەیە و دەبێت بەردەوام بەدەست بهێنرێت. بڕوام پێ بکە، هیچ کەسێك لەم ژیانەدا بەخۆڕایی سوارت ناکات وە ئەو خەڵکانەی کە بە ئاسانی پارە پەیدا دەکەن یان ئیشی نەعنا ئەکەن یان لەسەر ڕێگان بۆ چونە بەندیخانە، ئەگەر هێشتاکە نەگەیشتبنە ئەوێ. لەبەرئەوە، هەمیشە ئەوەت لە مێشکدا بێت کە سامانی باش هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی دارایی، سەرکەوتنی دارایی هەمیشە پێویستی بە دوو هۆکاری تر هەیە، ڕەنجدان و کاری بەردەوام !

پارە پێویستە بەردەوام ئاڵو وێری پێ بکرێت

سێیەم شت کە پێویستە بیزانی دەربارەی پارە ئەوەیە کە قیمەتی پارە لەوەدایە بەردەوام بەکاربهێنرێت. هەرکات پارە لە ئاڵو وێر پێ کردن دەرهێنرا، نرخێکی ئەوتۆی نامێنێت وەك ڕۆژنامەیەکی کۆنی لێدێت یان

وە قتوی بیبسی بەتاڵی لێدێت. بۆ تێگەیشتن لەم ڕێسایە، ڕامێنە لەم چیرۆکە:

لەسەر ڕەفەی کتێبێك، لەماڵەکەمدا، پەرداخێکی زیوی ڕەساسیم هەیە کە لەبەر لێدوانێك وەك دیاری وەرمگرتبوو. ئێستا، هەرکاتێك ئەڕۆمەوە ماڵەوەهەموو پارە وردەکانی ناو گیرفانی ئەخەمە ناوی. ئینجا، هەرکات کوپەکە خەریکە پڕ ببێت، ئەیبەخشم بە یەکێك لە منداڵەکانم، یان یەکێك لە دوو ئامۆزا گەنجەکانم. هەر یەکێکیان سەرە دەگرێتبۆ ئەوەی کوپەکە وەرگرن وە بێگومان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی سەرەی خۆیان دەکەن. ئەو خاڵەی کە دەمەوێت تێبینی بکەن ئەوەیە لە کاتێکدا کوپەکە پڕ دەبێت لە پارە، بێگومان پارەکەی ناوی قیمەتی نیە هەرچۆنێك بێت، لەبەرئەوەی لەناو کوپەکەدا دانراوە، کارێکی سودبەخشی پێ ناکرێت وە تەنانەت گرنگیەکی ئەوتۆی نیە.

هەرکات کوپەکە پڕ دەبێت لە پارەو تەسلیمی یەکێك لە منداڵەکان دەکرێت، ئەوکاتە قیمەتی خۆی پەیدا دەکات، بۆ نمونە، هەفتەی ڕابردوو، تی جەی، یەکێك لە ئامۆزاکانم، پارەکەی وەرگرت. ڕاستەوخۆ لە دەستمی برد، ڕایکرد بۆ قوتابخانەی گۆڵف و هەندێك وانەی گۆڵفی پێ کڕی. ئێستا، بەڕاستی نازانم ئەم یاریزانی گۆڵفە چی لە پارەکە کرد هەر کە دەستی کەوت، بەڵام هەست بە دڵنیایی ئەکەم بەوەی کە بڵێم تازە پارەکە ناگەڕێنێتەوە بۆ ناو کوپی سەر ڕەفەکە! نا، هیچ ناکۆکیەك لەبارەیەوە نیە. پارە بۆ ئەوە نەکراوە لە ئاڵو وێرکردن دەربهێنرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە بەکاربهێنرێت، خۆشی لێ ببینرێت و ئاڵو وێری پێ بکرێت!

ئەمە ئەمبات بۆ ڕونکردنەوەی چیرۆکێکی دراماتیکی تر لەسەر هەمان بابەت، بەناوی چیرۆکی "بەڕێز چاپمانی پیر" :
بەڕێز چاپمان پیاوێکی پیری بەڕێز بوو کە لە چەند ماڵێك خوارتری ماڵەکەی ئێمە دەژیا کاتێك کە من منداڵ بووم. هەرچەندە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان تەمەنی هەردوکماندا هەبوو، بەلاّم من و بەڕێز چاپمان زۆر خێرا بوینە هاوڕێی یەکتری وە زۆرینەی کات ئەمبینی کە پاڵی بە گالیسکە بچوکەکەیەوە ئەنا بۆ سەرو خوارەوە لەسەر پارچە تەختەیەك. ئەبینی، بەڕێز چاپمان وەك وەك دەلاّلی گالیسکە کاری دەکرد وە ژیانی خۆی بە شتی فڕێ دراوی خەڵکی دابین کردبوو. چەندین ساڵ تێپەڕین، لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێز چاپمان زیاتر و زیاتر ئەچەمایەوە لەو کارە تاقەت پڕوکێنەی تاکو ڕۆژێکیان، پاش جەنگی جیهانی دووەم، کۆچی دوایی کرد. لەوکاتەوەی کە بەتەنها ئەژیا وادیاربوو هیچ خزمێکی نزیکی نەبوو لەنزیکیەوە بژی، پۆلیس چوونە ماڵەکەی بۆ ئەوەی کەل و پەلەکەی بگوازنەوە. جێگای سەرسوڕمان نەبوو کە ماڵەکە کۆمەڵێك کەل و پەلی کۆنی ناوماڵی تێدا بوو وە جۆراوجۆر بوو لە شتی لەیاد نەچووی ڕابردووی بەڕێز چاپمان. لەگەڵ ئەوەدا، پۆلیس توشی پەشۆکاوی بوون چونکە زیاتر لە سەد هەزار دۆلاریان دۆزیەوە لە چەکی پارەی کۆندا لەناو سندوقەکانی ناو ماڵەکەدا!
ڕوداوێکی هێندە نەخوازراو بوو هەر خێرا بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان، ڕۆژنامەی تۆرنتۆ دەیلی ستارلە پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەیدا چیرۆکێکی بلاّوکردەوە ڕۆژێکی تر دەربارەی بەڕێز چاپمان کە پرسیارێکی ڕونی

کردبوو: بۆچی تاقه کەسێك یەکسانە بە سەد هەزار دۆلار؟ بۆ پارەکەی خستۆتە ناو چەند سندوقێکی کۆنەوە و لەو ناوەدا بڵاوبۆتەوە؟

هەرچەندە من لەو کاتەدا زۆر گەنج بووم، منیش هەمان پرسیارم لەخۆم ئەکرد؟ بۆچی کەسێکی وەك بەڕێز چاپمان بەو شێوە هەژارانە دەژی، لەکاتێکدا پارەیەکی زۆری لەژێر دەستدایە؟ ئەو ئەیتوانی پارەکەی بۆ خۆشی خۆی بەکاربهێنێ. ئەیتوانی وەبەرهێنانی پێ بکات بۆ ئەوەی زیاتر بۆخۆی بگەڕێتەوە وە بەو پارەیە هەلی کاری بۆ خەڵکی برەخساندایە. یان ئەیتوانی بینێرێتە بانق و سودی بچوایەتە سەر بۆی. بەڵام لەبری ئەوە، بڕیاری دا بیخاتە ناو سندوقێکەوە یان سەر ڕەفەیەك بەڵام ئەو وای لێکرد هیچ سودێکی نەبێت.

سەرەڕای ئەوەی کە لەو کاتەدا من زۆر گەنج بووم، منیش هەمان پرسیارم لەخۆم دەکرد، کە بۆچی پیاوێکی وەك بەڕێز چاپمان ئەوەی هەڵبژاردووە کە زۆر بە هەژاری بژی، لەکاتێکدا پارەیەکی زۆر لەبەردەستیدایە؟ ئەو ئەیتوانی پارەکەی بۆ خۆشی خۆی بەکاربهێنایە. ئەیتوانی وەبەرهێنان لەپارەکەیدا بکات و زیاتری بۆ بگەڕێتەوە وە چەندەها هەلی کاری بۆ خەڵکی تر برەخساندایە یان پارەکەی بناردایە بۆ بانق و سودی بۆ بگەڕایەتەوە. بەڵام لەبری ئەوە، پارەکەی خستە سندوقێکی کۆنەوە و لەسەر ڕەفەیەك داینا و بەتەواوی بێ کەڵکی کرد. نا هاوڕێکانم، هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە پارە بۆ ئەوە نەکراوە بخرێتە گەنجینەوە. بەڵکو بۆ ئەوە کراوە بەکاربخرێت، خۆشی لێ ببینرێت، ئاڵو وێری پێ بکرێت. بۆیە تکایە، ئەتەوێت هەرچیەك لە پارەکەت بکەیت، هەمان هەڵەی بەڕێز چاپمانی داماو مەکەرەوە!

تکایە تێبینی ئەوە بکە کاتێك پێشنیاری ئەوە دەکەم پارەکەت "ئالۆ وێر" پێبکە مەبەستم "بەفیڕۆدانی" نیە. جیهانێك جیاوازی لەنێوان ئەو دوو تێگەیشتنەدا هەیە وە ئەگەر هێشتا جیاوازیەکانی نێوان ئەو دوو تێگەیشتنەت نەدۆزیوەتەوە، هیواخوازم بەم زوانە لەم کتێبەدا درکی پێ بکەیت.

مەشقی وشیاری ئابوری

ئێستا پاش ئەوەی چەند تایبەتمەندیەکی پارەمان زانی، ڕێگام بدەن بەکورتی تەکنیکێکی ئاسانتان پێ بڵێم ئەتوانی ڕاستەوخۆ بەکاری بهێنی بۆ ڕاکێشانی ئەو برە پارەیەی کە بە شایستەی ئەزانیت بۆ خۆت. یەکەم شت کە ئەمەوێت بیکەیت خۆت بکە بە ڕەسمێك لەناو چاوی مێشکتا، لە ژورێکدا دانیشتویت لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێتدا. ئینجا ئەمەوێت نیەتی خۆتیان پێ بڵێیت کە دەتەوێت دەوڵەمەند بی، بەلای کەمەوە ئەوەندە دەوڵەمەند بیت کە بەو ڕێگایە بژیت کە خۆت بۆ خۆتی هەڵدەبژێری. ئێستا، بیهێنەرە بەرچاوت چ هەستێکت پێ دەبەخشێت. ئەگەر وەك زۆرینەی خەڵك بیت، ئەوا ڕەنگە هەست بە ناڕەحەتیەکی زۆر بکەیت، ڕەنگە ئەوەندە هەست بە ناڕەحەتی بکەیت کە پەشیمان بیتەوە لەوەی کە بە هاوڕێکانت وتووە، ڕەنگە بڵێیت تەنها گاڵتەم کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو خەڵکانەی دەوڵەمەندن هەرگیز هەست بە خۆشحاڵی ناکەن ئەگەر بابەتی پارە بێتە سەر باس. بۆچی؟ لێیان بپرسە؟ لەبەرئەوەی زۆرینەی وەڵامەکان ئاشکراو ڕونە، لەبەرئەوەی پارەیان زۆرە !. بەڵام

ئەوە وەڵامە ڕاستەکە نیە. پێویستە ئەوە بزانیت کە خەڵك هەست بە خۆشحاڵی ناکەن دەربارەی پارە لەبەرئەوەی هەیانە، ئەوان هەیانە بۆیە هەست بە خۆشحاڵی ئەکەن. بە مانایەکی تر، یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای کردوە دەوڵەمەندەکان پارەیان هەبێت ئەوەیە کە گەشەیان بە وشیاری خۆیان داوە کە دواتر بە "وشیاری ئابوری" باسی ئەکەین. لەبەرئەوە، گەر بمانەوێت پارە بۆ خۆمان ڕابکێشین ئەوا پێویستە وشیاری ئابوری لەخۆماندا گەشە پێ بدەین.

ئەو پرسیارەی ئێستا لات دروست بووە ئەوەیە کە "چۆن وشیاری ئابوری لە خۆمدا گەشە پێ بدەم؟" ڕێم بدە شی بکەمەوە. باشترین ڕێگا بۆ گەشەپێدانی وشیاری ئابوری ئەوەیە کە لە چاوی ئەقڵتەوە خۆت ببینی، وە بڕی ئەو پارەیە دیاری بکەیت کە بە شایستەی خۆتی ئەزانیت. هۆکاری ئەوەی کە لاشعوری مرۆڤ ناتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان بڕە پارەی ڕاستەقینە و خەیاڵیدا ئەو کات زۆر خۆشحاڵ دەبیت لەگەڵ بیرۆکەی پارەدا. لەئەنجامدا، دەست دەکەیت بە ڕاکێشانی بۆ خۆت.

وەك ئەوە دیارە کە یارییەك بکەیت، بەڵام ڕێگام بدە بەڵێنت پێ بدەم ئەمە یەکێکە لە ژیرترین شتێك کە ئەتوانی بیکەیت. کاتێك سەرکەوتوو ئەبیت لە بڕواپێهێنانی عەقڵی ناوەکیتدا (لاشعور) کە تۆ دەوڵەمەندی وە هەست بە خۆشحاڵی دەکەیت کە دەوڵەمەندی، ئەوا عەقڵی ناوەکیت ئۆتۆماتیکی ئەگەڕێت بۆ ئەو ڕێگایانەی کە هەستی خەیاڵیت بۆ دەوڵەمەندی بەشێوەیەکی مادی باس لەخۆی بکات.

ئەگەر ئەم چەند دێڕەی ڕابردوو بەلای تۆوە وا دەردەکەوێت تەنها خەیاڵێکی تەنکە، بۆ ئێستا قبوڵیان بکە و بەردەوامبە لە خوێندنەوە. ئێمە لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا مامەڵە لەگەڵ وشیاری داراییدا دەکەین وە گرنتیت ئەکەم کە پێش ئەوەی ئەم کتێبە تەواو بکەیت، ئەوا ئەو دێڕانە مانایەکی زیاتر بە تۆ دەبەخشن.

مەترسە

ئێستا لەسەرەوە باسی تەکنیکێکمان کرد کە هاوکاریت دەکات لە پەیداکردنی سامانێکی زیاتر بەدەست بهێنیت، ڕێگام بدە ئەم ئاگادارییە دور مەودایەت پێ بڵێم. ئەگەر ئەتەوێت پارەت هەبێت، شتێك کە هەرگیزاو هەرگیز نابێت بیکەیت ئەوەیە ڕاڕا بیت کە کە ئایا ئەو بڕە پارەی کە بە شایستەی خۆتی ئەزانی بەدەستی دەهێنی، یان ئایا پارێزگاری لێ ئەکەیت، ڕێگام بدە زیاتر ڕونی بکەمەوە .

لە ئینجیلدا، ئیش، گەورەترین ئازارچەشتن بووە لەسەردەمی ئینجیلدا، دەبێتە ئەم هۆی ئەمەی خوارەوە:

"سەیربکە، ئەو شتەی لێی دەترسم هات بەرەو ڕووم" ئێستا، بۆستەو پرسیار لەخۆت بکە، گەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، ئەم وشە ئینجیلیانە مانای چی دەبەخشێت لەم سەردەمەی ئێستاماندا کە گرنگی بە پارە ئەدەین. باشە، شتێك کە بە دڵنیاییەوە مەبەستیان بووە ئەوەیە گەر زۆر دودڵ بین لەسەر نەبونی بڕی پێویستی پارە، یان گەر ئێمە بەردەوام دودڵ بین دەربارەی لەدەست دانی ئەو بڕە پارەی کە هەمانە، ئەوا ئێمە بە بێ گومان بەبێ سود دودڵ نەبوین. چەندێك ئەیوب پێغەمبەر بەدەست

نەخۆشـیەکانیەوە نالآنـدی ئـەوا ئێمـەش ئەوەنـدە توشـی نـەبونی و لەدەستدانی پارە دەبین.

بۆ ئـەوەی نمونـەی هاوچـەرخ باس بکـەین، ڕێـم بـدەن دوبارە کەیسە تراژیدیەکەی بەڕێز چاپمانی داماو باس بکەینەوە، وەك ئـەوەی لەبیرتانە، ئەو پیاوێکی پـیری بـەڕێز بـوو کـە هـیچ بـڕە پارەیـەکی لەخۆیدا سەرف نەکرد کە زۆر بە قورسـی بەدەسـتی هێنـابوو. بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیە "بۆچی هیچی لێ سەرف نەکرد؟" زۆرترین وەڵامـەکان بـۆ ئـەوە دەچێن کە بڵێن لەبەرئەوەی ترساوە لەوەی ئەگـەر پارەکـەی سـەرف بکات ئەوا هەژار دەبێت وە لەبەرئەوە ناچار ئەبێت کە بە هەژاری بـژی. بـەڵێ هـەروا بوو، لەبەر ترسەکەی، هەر بە هەژاری ژیا! یان، بۆ ئەوەی زۆر ئینجیلیانە بیڵێین "ئەو شتەی کە زۆر لێی دەترسا یەخەی گرت"

لەبەشەکانی داهاتوودا لێکدانەوەیەکی زیاتر دەکـەیت بـۆ ئـەو پارادۆکسە کە بۆچی لـە ژیانمانـدا سـەرنجی زیـاتر لـەو شـتانە دەدەیـن کـە کـەمترین ئارەزوومان بۆی هەیە. بەڵام بۆ ئێستا، ئەوەندە بەسە بڵێین، دودڵ بـوون دەربـارەی پـارە هەمیشـە ئـەنجامی پێچـەوانەی لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەم ڕێسایە ڕاستە، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو قسـە کۆنـەش دوبـارە بکەیتـەوە کە دەڵێت "کەمێك پـارە هـەڵگرە بـۆ ڕۆژێکـی بارانـاویی" (مانـا کوردیەکـەی ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش – وەرگێڕ).

پێویستە لەم کاتەدا لە شتێکی تر ورياتان بکەمەوە:

گەر بەڕاستی ئەتەوێت بـڕی ئـەو پارەیـەی تـازە بەدەسـتت هێنـاوە زیاد بکـەیت، یەکـەم شـت کـە پێویسـتە فێـری بیـت ئەوەیـە کـەمترین گرنگی بدەیت بە قسەی ئەوانەی لە چواردەورتن وە گرنگی زیارتر بە دەنگەکەی

ناخت بدەیت کە بە دەنگێکی نرم قسەت لەگەڵدا دەکات و دەڵێت، پێویستە زیاتر هەوڵبدەیت کە کەمترین کاریگەریت لەدەرەوەی خۆت لێ بکرێت وە زیاتر ئارەزوو متمانە بدە بەو غەریزە و هەستەی کە لەناختدایە. ڕێم بدە زیاتر ئەمە ڕونبکەمەوە.

زۆرینەی ئەو خەڵکانەی کە شکست دەهێنن لە کۆکردنەوەی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ ئەوەی بەو ستایلی ژیانە بژین کە حەزیان لێیە ئەو کەسانەن کە لەژێر کاریگەری بیروڕای خەڵکانی تردان. بۆ نمونە، ئەوانە زۆرینەیان لەو خەڵکانەن کە ڕێگا ئەدەن ئابوریزانەکان خەفەتیان بدەنێ و دڵتەنگیان بکەن یان لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤار یان هەواڵەکان و ڕاگەیاندن کە لەبری ئەوان بیردەکەنەوە. بەڵام وەك ناپلیۆن هیل لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ئاماژەی پێداوە، (بیر بکەرەوەو دەوڵەمەند بە)، بیروبۆچونی خەڵکی هەرزانترین کاڵای سەر زەوین. لەڕاستیدا، نزیکەی هەمووکەسێك کۆمەڵە کەسێکی وای هەیە ئامادەیە بۆئەوەی هەرکەسێکی ویست بە بیروبۆچونی خۆی هەڵی بخەڵەتێنێ گەر تۆ قبوڵیان بکەیت. لەبەرئەوە، ئەگەر ئەزانی لە ڕابردوودا بەزۆری بە بیروبۆچونی کەسێك کاریگەر بویت، هەرئێستا بڕیاری خۆت بدە و پێش ئەوەی زیاتر بخوێنیتەوە لەم شوێنەدا، ئەوا ئیتر گوێ بۆ ئامۆژگاریکارەکەی ناخت دەگریت، لەهەمانکاتدا گوێکانت بۆ ئامۆژگاریەکانی خواش دەگریت،لەبیرت بێت گەر ئەوەت کرد هیچ هۆکارێك ناتوانێت ڕێگری سەرکەوتنی داراییت لێ بکات لەماوەیەکی دیاری کراوادا.

تێگەیشتن بەرامبەر لەبەرکردن

وەك ئەوەی بەردەوامیت لەسەر خوێندنەوەی پەڕەکانی ئەم کتێبە، گەشە بە هۆشیاری توانا و بەهرەکانی ئاگاییت ئەدەیت کە لە قوڵایی ناختدایە. پێویستە ئەوە بزانیت، ئەوەش لەگەڵ زانیاری ڕاستدا ئەبێت، ئەتوانی ئەو بەهرە گەشە پێ نەدراوانە بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتە باشانەی کە شایستەی تۆیە. بەڵام ڕێگام بدە جارێکی تر وریات بکەمەوە، ژمارەو بڕی خوێندنەوە یان لەبەرکردنی چەند کتێبێك ئەو سەرکەوتنەت پێ نابەخشێت کە هەوڵی بۆ ئەدەیت. تەنها تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی بیرۆکەکانی ئەم کتێبە جیاوازی بۆ تۆ دروست دەکات. لەبەرئەوە، هیچ پەلەت نەبێت بۆ تەواو کردنی کتێبەکە، لەبەرئەوەی تەواو کردنی کتێبەکە ئامانجی تۆ نیە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی ئەوەی ئەیخوێنیتەوە ئامانجی تۆیە. لەبەرئەوە گەر تۆ بتوانی ڕۆژی لاپەڕەیەك هەرس بکەیت بە باشی ئەوە پێویسترین شتە بۆ تۆ کە بیکەیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانجەکەت. گەر دەپرسیت بۆچی ئەم کتێبە مانای "خواردن و تامکردن" دەگەیەنێت لەبری مانای "قوت دان" بە یەك جار خوێندنەوە، با ئەوەت لەبەرچاو بێت کە لەبەرئەوەی کە بەرهەمی زیاتر لە بیست ساڵ شیکردنەوەی وردی ڕێگا زۆر سەرکەوتووەکان و ڕێگا زۆر سەرنەکەوتووەکانە.

بەهێز بوون لە ڕێگای بەشداری پێ کردنەوە

وشەیەکی تر لە ئامۆژگاری، ژمارەیەکی زۆر کەم خەڵك گەر هەشبێت، ئەتوانن سەرکەوتوو بن لەهەر شتێکدا لە ڕێگای توانای خۆیانەوە، بۆیە پێشنیارت بۆ دەکەم هەوڵبدە کە بەلای کەمەوە کەسێك بدۆزیتەوە کە

بتوانی بەشداری پێ بکەیت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت لەو بیرۆکانەی کە لەم کتێبەدا پیشان دراوە.

## گەشەپێکردنی وشیاری

لەوبڕوایەدام ڕازی دەبیت بەو ڕاستیەی کە جێگای تێبینیە کە تەواوی مرۆڤایەتی هەرگیز خۆشیان لە هیچ شتێك نەدەبینی گەر نەیانزانیایە چیە. بۆ نمونە، خۆشیمان لەگەشت کردن بە فڕۆکەی زۆر خێرا نەدەبینی تاکو براکانی ڕایت هۆشیاری چۆنێتی فڕینیان زانی. تۆماس ئەدیسۆن گەشەی بە وێنەی جوڵاو دا وە بۆ ئێمەی کرد بە جۆرێکی تازە لە خۆشی بینین. دکتۆر جۆناس سالك گەشەی بە پلازمای خوێن دا کە بەرگری لە نەخۆشیەکی ترسێنەری ئیفلیجی منداڵ بکات کە زۆرتر وەك پۆلیۆ ناسراوە، وە بەهۆی دۆزینەوە تازەکەی سالکەوە زۆر بە دەگمەن دەبیستی منداڵێك هەبێت ئەمڕۆ ئەو نەخۆشیەی هەبێت. ئەلیکساندەر گراهام بێڵ هۆشیاری بەکارهێناو زانی کە چۆن دەنگی مرۆڤ بگوێزێتەوە لەڕێگای وایەری کانزاییەوە، وە بەو هۆیەوە هەموومان ئێستا خۆشی لە بەکارهێنانی تەلەفۆن دەبینین.

پێویست بە وتن ناکات، ئەتوانم بەردەوام بم و نمونە لەسەر نمونەت بۆ بهێنمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مەبەستەی ئەمەوێت بیخەمە مێشکتەوە ئەوەیە کە ئەو داهێنانانە یان زانیاری دەربارەی ئەو داهێنراوانە هەموو کات بونیان هەبووە. لەڕاستیدا، ئەو هەموو زانیاریانە چۆن بوو یان هەر چیەك بووە وەك یەك لەهەموو شوێنێك و کاتێکدا پیشاندراوە. بەڵام کارەکە پێویستی بەوە بووە کەسێك هەموو بیرۆکەکان پێکەوە بلکێنێت

وە گەشەی پێبدات بۆ ئەو شتەی کە پێی دەڵێین وشیاری، پێش ئەوەی
ئێمە سودیان لێ ببینین.
ئێمە لەناو زەریایەك لە وزەی فکریدا ئەژین، کە هەرچی زانیارییەك
هەبوبێت لەبەردەستماندا بونی هەیە. وە هەروەها ئێمە بە فرەیی
دەورەدراوین. لەڕاستیدا، لەهەر شوێنێکی سروشت بڕوانیت چاومان
پەیوەندی دەکات بە زۆرترین شتەوە، سروشتێك کە شتێك ناناسێت
بەناوی "سەرنەکەوتوو" لەبەرئەوە نابێت هەرگیز بونی هەبێت، وە نابێت
هەرگیز بونی هەبێت، بێجگە بوونی وشیاری نەبێت. بەڵام گەر دەست
بکەیت بە چونە ناو ئەم جیهانە دەوڵەمەندەوە، ئەو کات پێویست ئەبێت
لەسەرت کە بیر بکەیتەوە. بە مانایەکی تر، پێویستە مێشکت بکەیتەوە
بۆ ئەو جۆگە وزە فکریە کە وێنەیەك بۆ تۆ دروست دەکات، یان
گەشەکردنی وشیاری لە مێشکتا دروست دەکات.
تۆ دەزانیت کە بە سەدان و هەزاران لە خەڵکی بەڕێز و باش و زۆر
ئیشکەر هەیە کە لە پێناوی مانەوەیاندا لەسەر ئەم زەویەن و هێشتا
دەوڵەمەند نەبوون. بۆ ئەو بەڕێزانە، ژیان نەگۆڕە تەنها خۆر هەڵهاتن و
خۆر ئاوابوونە. بەڵام ئەو بیرۆکانەی کە لەم پەڕانەدا پیشاندراوە بەو
هیوایە دانراوە کە بیرکردنەوەت بگۆڕێت وە سروشی ئەوەت پێبدات کە
ئەم جۆرە بیرکردنەوە تازەیە بەکاربهێنیت.
هۆشیاری بریتیە لە، هەمیشەش وابووە، کە گەشەی پێدراوە لەڕێگای
ئەندێشەوە، وە بێگوێدانە ئەوەی بارودۆخی ژیانی ئێستات چۆن دەبێت،
گەر هیوای ئەوە بخوازیت چاکی بکەیت و ببیتە کەسێکی دەوڵەمەند،
وەك ئەوەی ئەم کتێبە پێشنیارت بۆ دەکات دەتوانی دەوڵەمەند بیت،

ئێستا پێویستە ئەو هۆشیاری دەوڵەمەند بوونە بخەیتە مێشکتەوە. نەك کاتێك کە کتێبەکەت تەواو کرد. نەك کاتێك بەشێکی کتێبەکەت تەواو کرد. نەك سبەینێ، یان هەفتەی ئایندە، یان مانگی داهاتوو، یان ساڵی داهاتوو. ئەبێت ئێستا ئەوە بکەیت. ئەندێشە وبیرکردنەوە باشترین کردارە کە مرۆڤ ئەتوانێت هەموو شتێکی پێ بکات. بەداخەوە هێشتا خەڵکێکی زۆر کەم بیردەکەنەوە، ئەوان دەرونی خۆیان بەو باوەڕە دەخەڵەتێنن کە هەندێك شتی تر لە مێشکیاندایە، ئەوان بیردەکەنەوە، بەلاَم ڕاستیەکە ئەوەیە زۆرینەی خەڵکی بەسادەیی هەندێك ڕاهێنانی مێشکی دەکەن کە پێی دەوترێت "یادەوەری"، ئەوان هەر فلیمە کۆنەکە لێ ئەدەنەوە، هەروەها جارێکی تر وێنە کۆنەکان ئەهێننەوە بەردەم شاشەی عەقڵیان و ناویان لێ ناوە ئەندێشە.

کاری لەپێشینە ئەوەیە کە ئەم ڕێگا نوێیەی بیرکردنەوە و ئەندێشە بەکاربهێنیت لەم ساتە بەدواوە، لەبەرئەوەی هەر کە ئەمەت کرد، هەموو ڕیشاڵێکی جەستەت بەم وزە فکریە نوێیە پڕ دەبێت. لاشەی تۆ ملیۆنان خانەی تێدایە، وە هەر یەکێك لەو خانانە کاردانەوە و جوڵەی بەو شێوازی بیرکردنەوەیە دەبێت کە تۆ بیری پێ دەکەیتەوە. بۆیە ئەو چرکەیەی بیر لە خاوبونەوەو ئیسراحەت دەکەیتەوە جەستەت هەست بە خاوبونەوەو ئیسراحەت کردن دەکات. وە هەرکات بیر لە قەلەقی و ترس بکەیتەوە ئەوا جەستەت توند و گرژ دەبێت. هەرکات بیرت لە خۆت کردەوە کە زۆر دەوڵەمەند بویت، کەسە سەرکەوتووەکان ئەو کەسانەن کە دەورە دراون بە دەریایەك لە وزەی فکری، لەدەریایەکی گەورەدا مەلە دەکەن، لاشەو مێشکت یەکسەر ئەگۆڕێت بە لەلەری سەرکەوتن، هەر وەك موغناتیس

هەر شتێك پێویست بێت ڕای دەكێشێت بۆخۆی بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بێت.

ئەزانم بۆ سەرەتاكان، ئەم بیرۆكانە سەیر دەردەكەوێت بەلای هەركەسێكەوە كە بیری لێدەكاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لەسەر هەقن، بۆ ئاگایی ئەقڵ هەمیشە هۆشیاری، دەوڵەمەندی دەهێنێتە دنیای مادیت. ئەوە قورس نیە، تەنانەت بۆ منداڵەكانی سەردەمی ئێستاش كە لە خێزانێكی زۆر دەوڵەمەند لەدایك بوون وەك كەنەدی و برۆنفمان كە سەركەوتوانە بیربكەنەوە و ئەو هۆشیاریە داراییەیان هەبێت، لەبەرئەوەی ئەوە تاكە جۆری بیركردنەوەیە كە بیریان پێ كردۆتەوە، هەر لە لەدایك بونیانەوە، ئێمە ئەڵێین ئەوان توانای گونجانیان هەبووە لەگەڵ ئەو هۆشیاریەدا.

هەرچەندە زۆرینەی خەڵكی لە ژینگەیەكی وەهادا لەدایك نەبووە وە دەورە نەدراون بەو جۆرە بیركردنەوانە. كەواتە ئێمە پێویستە لەسەرمان گەشە بە تێگەیشتنی ئەمانەی خوارەوە بدەین :

١. ئێمە چۆن گونجێنراوین .

٢. چۆن ئەو ئەنجامەمان دەست بكەوێت كە هەوڵی بۆ ئەدەین.

٣. چۆن ڕێگاكانی بیركردنەوەمان بگۆڕین یان گونجاندنمان چۆن بگۆڕین.

ئەوە شتێكی ئاسان نیە بۆ كردن. كۆمەڵێك ڕێسای پێویستە. ئارەزوویەكی زۆری دەوێت. ڕەنج و ماندوبونی دەوێت. هەر لەبەرئەوەیە كە خەڵكێكی زۆر كەم بەڕاستی دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەوێت

ئەوە بزانیت سەرباری قورسی ئەو کارە، ئەتوانرێت بکرێت، ئەتوانرێت بکرێت لەماوەیەکی زۆر کورتدا. ئەو قەرەبوەی کە لەپێناوی ئەو ڕەنجەدا وەری دەگریت دڵخۆشت دەکات. ئەزانم وایە لەبەرئەوەی خۆم کردومە، وەزۆر کەس ئەناسم کە هەمان شتیان کردووە. ئێستا پێویستە بۆ تۆش کە وا بکەیت. ئەو ڕاستیەی کە دەستت پێ کردووە لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەم کتێبە هەموو ئەو پێداویستیانەی تێدایە کە دەتەوێت، گەر ئارەزویەکت هەبێت بۆ گۆڕان. زیاتر لەوەش، ڕێگایەك هەیە، ڕێگایەکی دڵنیا بۆ ئەوەی کە ئارەزووی دەکەیت، وە ئەم کتێبە ڕێگاکە پیشانی تۆ دەدات.

### هێزێکی ڕاستەقینە لە ناختایە

کەمتر لە ئاستی وشیاریت خەزێنەیەکی مەزن لە عەقڵی لاشعورت هەیە وە ئەوە بەشێکە لە کەسایەتیت دەمانەوێت کاریگەری لەسەر دابنێین لەڕێگای شێوازی

وە. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کارە بکەین، ڕابمێنە لەم ڕونکردنەوەیەی خوارەوە:

هەر بیرۆکەو پلانێك یان مەبەستێك ئەتوانرێت بچێنرێت لە ئەقڵی لاشعوردا لەڕێگای دوبارەکردنەوەی فکرەکانەوە وە بەهێز بکرێت بە ئیمان و چاوەڕوانکردن. ڕەنگە بپرسیت "ئەم ڕونکردنەوەیە ئەتوانێت نیشاندەری ئەوە بێت کە ڕاست بێت لە ڕێگای تاقیکردنەوەو تێبینی کردنەوە، یان هیچ ڕێگایەکی زانراو یان تەکنیکێك هەیە کە لەڕێگایەوە دڵنیا بینەوە، وە گەر ڕێگایەك یان تەکنیکێك هەیە، ئایا بۆ هەموو

کەسێك بەردەستە؟" هەموو ئەم پرسیارانە بە وەلامی دوپاتکراوی بەڵێ وەلام دەدەینەوە، بەڵێ هەیە. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، تاقی کردنەوەو مەشقەکانی کە دەیان بینیت لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، ئەو کات بۆ خۆت وەلامی هەموو پرسیارەکان ئەدەیتەوە. لەبەرئەوەی وەك مرۆڤ بڕوا بە شتێك ناکەین تاکو بۆ خۆمان بە ڕاستی نەیدۆزینەوە.

ئەم کتێبە بە هیوایەکی ڕاستگۆیانەوە نوسراوە کە دەتبات بەرەو دۆزینەوەیەکی زۆر کە لەگەڵتا دەمێنێتەوە بە دوبارە کردنەوەی ئەو بیرۆکە بەهێزانە. پێویستە پارە وەك خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی ئیشکەر سەیر بکەیت، کە ئەتوانی دایمەزرێنیت بۆ ئەوەی پارەی زیاترت بۆ پەیدا بکات، وە ئەتوانی بەکاری بخەیت بۆ دابینکردنی خزمەتی دورتر لە نێوان ئەو خزمەتانەی کە خۆت ئەتوانیت پێشکەشی بکەیت. زۆر پێویستە هەست بەخۆشحاڵی بکەیت کاتێك باسی پارە دەکەیت، لەبەرئەوەی بەڕاستی تۆ بە "دەوڵەمەندی لەدایکبوویت". هەموو ئامێرێکی ئەقڵی پێویستت لەبەردەستدایە بۆ ڕاکێشانی ئەو بیرۆکانەی چواردەوری گرتویت، بۆ دروست کردنی ئەو هۆشیاریەی کە پێویستە دروستی بکەیت بۆ ئەوەی ئەو سامانەت بۆ بەدەست بهێنێت کە ئەتەوێت هەتبێت. تەنها نەبونی و سنورداری بونیان هەیە کاتێك ئەمانەوێت ژورێکی لە مێشکماندا بۆ دروست بکەین، بەلام هۆشیاری سەرمایەداری نەبونی و سنورداری ناناسێت. بە تەواوی ئەو توێژاڵەی کە بەسەر مێشکە سەرسوڕهێنەرەکەتەوەیە لایبەرە، ئەوەی کە پەیوەستە بە توانای بەدەست هێنانەوە، وە تێبگە لەوەی ئەو سامانەی کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت ، وەبەردەوامیش وایە، ئەویش لەبەرامبەردا بۆ تۆ ئەگەڕێت.

بۆیە دەرگاکانی هۆشیاری ئەقڵت بکەرەوە و دەست بکە بە بەدەست هێنانی.

## پارەی عەقڵ

ڕاستەوخۆ دەست بکە بە یارییەکی ئەقڵی لەگەڵ خۆتدا، نەریتێك بۆ خۆت دروست بکەو بیهێنەرە بەرچاوت کە سەروەتێکی زۆرت هەیە. بیر لە هەندێك شت لەو شتانە بکەرەوە کە ئەتەوێت بەو پارەیە بیکەیت وە ئینجا بە عەقڵت بونیان بخەرە بەرچاوت. عەقڵی لاشعورت ناتوانێت جیاوازی لە نێوان ئەو شتەدا بکات کە خەیاڵی دەکەیت لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕاستیدا خاوەنیت، ئەم مەشقە زۆر بەخێرایی یارمەتیت ئەدات گەشە بە هۆشیاری سەرمایەداربونت بدەیت. لەبیرت بێت، ئەوە یاسای تەواوەتی بونی تۆیە، کە پێویستە سەرەتا بە لاشعوری شتەکەت هەبێت بەرلەوەی بە ڕاستی هەتبێت!

هەروەها لەوەش تێبگە هەموو کەسێك بەشێوەیەکی قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات – لەڕاستیدا، هەندێك کەس بە دەنگی بەرز قسە لەگەڵ خۆیان ئەکەن. لەبەرئەوە، لەکاتێکدا ئەتەوێت قسە لەگەڵ خۆتدا بکەیت، هەمیشە قسە دەربارەی ئەوە بکە کە چەند خۆشە دەوڵەمەند بیت. پیرۆزبایی لەخۆت بکە کە دەوڵەمەند بویت وە گوێ لە وانی تریش بگرە کە پیرۆزباییت لێ دەکەن. پێویستە ئەوە بزانیت کە هەرچەندە ئەمە وا دەرکەوێت بۆ تۆ کە یارییەکەو ئەنجامی ئەدەیت، ئەوا دڵنیا بە کە تۆ ژیرانەترین شتێك دەکەیت کە توانای کردنیت هەبێت. لە بەرزترین ئاستەوە بۆ نزمترین ئاست ئیشی لەسەر بکە.

تۆ دەستت کردوە بە ڕێگایەك کەپێی دەوترێت گەشەکردنی خود. تۆ لەسەر ئەو ڕێگایەیت کە فێربیت زۆر زیاتر لەوە هەیە بۆ تۆ کە چاو ببینێت، وە تۆ پێویستە لەمە تێبگەیت "هۆکاری شاراوە لە کەسایەتی تۆ"، گەر گەشە بە کەسایەتیت بدەیت بە شێوەیەکی ڕێکو پێك، لەڕاستیدا بەشێکی گرنگ لە خۆت نابینیت لەبەرئەوەی لە سروشتدا دیار نیە . لە ڕاستیدا، زۆر بە زووی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە تۆ لەسەر سێ شێوازی بوون دەبیت لەهەمان کاتدا: تۆی ڕۆحی، کە عەقڵ و فکرت هەیە وە لەناو جەستەیەکی بەرجەستەدا ئەژیت.

بۆ ئەوەی بەباشی لەم بیرۆکە لێڵە تێبگەی، پێویستە ئەوە بخەیتە مێشکتەوە کە تۆ لە هەمان کاتدا لە سێ ئاستی بووندا دەژیت.

١. حاڵەتی بیرکردنەوە ڕۆحانیەکان (ئاستی بەرز)

٢. حاڵەتی بیرکردنەوە عەقلیەکان (ئاستی مامناوەند)

٣. حاڵەی بەدەست هێنانی ئەنجام (ئاستی نزم)

لەبەرئەوە، لەڕێگای کردنی ئەوەی پێشنیارم کرد بۆ تۆ، تەنها "سروشتی خوایی" بەکاردەهێنیت بۆ هەڵبژاردنی ئەم بیرۆکانە "پارە شتێکی بەسوودە" "خەڵکم خۆش ئەوێت وە من پارە بەکارئەهێنم"، "پارە خزمەتکارە و من سەرکردەی ئەوم"، لەم حاڵەتەدا ئەمە بیرۆکەیەك دروست دەکات. بیرۆکەکە دەکرێت ئەمە بێت "سامان کەسایەتیەکی مەزنە" یان "سەرکەوتنی ڕاستەقینەی دارایی". زۆر وریا بە ئەو بیرۆکانە، وەك بیرۆکەی "سەرکەوتنی دارایی" هەرگیز لەخۆیەوە دروست نابێت، دەبێت کەسایەتی مرۆڤ بچێتە ناو پرۆسەکەوە، لەڕێگای بیرکردنەوە لەو بیرۆکانەی کە ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بیرۆکە

دروست بکات. ئەمە هەموو شتێکە کەوای کردووە مرۆڤ "پیرۆز"بێت، یان ئەتوانین بڵێین مرۆڤ بونەوەرێکی داهێنەرە – مەزنترین دروستکراوی خودایە! کەواتە لە ڕێگای بوونی ئەم بیرۆکە جوانەوە، یان وێنەی سەرکەوتنی داراییەوە لە ناو مێشکتا، لەکۆتاییدا ئەتوانیت ئەم بیرۆکەیە بۆ ژیانت بخەیتە بەرچاو (واتە لەبەرئەنجامدا). وە لەڕێگەی ئەم کتێبەوە خۆت پێشبخەیت، بە ڕاستی ئەبینی کە چی ڕودەدات!

ئێستا، با چەند هەنگاوێك بگەڕێینەوە دواوە. ئەوەت لەبیرە کە نوسیومە لە برگەکانی پێشوودا، کە تۆ لە ئاستی بەرزەوە بۆ ئاستی نزم کاری لەسەر دەکەیت. ئەوەی مەبەستم بووە ئەوەیە کە تۆ بەم جۆرە ئیش ئەکەیت:

بیرکردنەوەکان ..... (ئاستی ڕۆح)

بۆ

بیرۆکـــــە ...... (ئاستی ئەقڵی)

بۆ

شـــت ..... (ئاستی بەرجەستە)

لەبری ئەوەی بەم جۆرە ئیش بکەیت –

شـــت ..... (ئاستی بەرجەستە)

بۆ

بیرکردنەوەکان ..... (ئاستی ڕۆح)

بۆ

بیرۆکـــــە ...... (ئاستی ئەقڵی)

وەك چۆن لەوەدەچێت لە ڕابردوودا تۆش وابوبیت وە زۆرینەی
خەڵکیش بەردەوام ئەوە دەکەن لە داهاتوودا. ئەمە بۆ ئەوەی بڵێین
زۆرینەی خەڵکی سەیری بەرئەنجامی ژیانیان دەکەن وە ئینجا ئەو
بەرئەنجامانە دەکەنە بنەمایەك بۆ ئەو بیرۆکانەی کە بەکاری دەهێنن بۆ
ئەوەی بیرۆکەی ژیانیانی لەسەر دروست بکەن. بۆ نمونە، گەر سەیر
بکەن کە حسابی بانکیان بەتاڵە(بەرئەنجام)، ئەوان بیرۆکەی نەبونی یان
زەرەروزیان هەڵدەبژێرن وە ئەو بیرۆکانە بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی
بیرۆکەی هەژاری، هەرچەندە، ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکیاندا هەڵیانگرتووە
دەبێت بەرئەنجامەکەی لە داهاتوودا بەسەریان بێت، کەچی ئەوان
لەڕاستیدا هەمان شت کە زۆر دوبارەی دەکەنەوە ئەوەیە کە دەڵێن
"نایانەوێت": مانای، حسابێکی بانکی بەتاڵ. ئەبێتە هۆی هێنانەدی
بارنەی ژیانی خۆ کوشتن، وە زۆر بە ڕونی، ئەمە ئەو ڕێگایە نیە کە خوا
بۆی داناوین بۆ ژیان !

ڕەنگە خۆت بە خۆت بڵێیت ئەمە بیانویەکی بێ مانایە، لەبەرئەوەی گەر
حساب بانکی بەتاڵ بوو، ئیتر بەتاڵە. شتێکی زۆر ناڕاستە سەیری حساب
بانکیەکی بەتاڵ بکەیت و سامانێکی زۆر بهێنیتە بەرچاوت. بەڵام
ئەمەوێت ئەوە بزانیت، هەر ئەمە ئەو هۆکارەیە کە هەژاری دەهێڵێتەوە وە
هەژار هەژارتر دەکات!

تۆ پێویستە لەوە تێبگەیت کە حساب بانکی ئێستات، بازرگانی تۆیە،
تەندروستی تۆیە، ژیانی کۆمەڵایەتی تۆیە، پێگەی تۆیە لە کاردا، ...
وەهەروەها، هیچ نیە جگە لە نمایشکردنی بیرکردنەوە مادیەکانی
پێشووت. گەر بە دڵسۆزانە دەتەوێت بگۆڕییت یان چاکسازی لە

بەرئـەنجامی جیهـانی مادیتـدا بکـەیت، ئـەوا پێویسـتە بیرکردنـەوەکانت بگۆڕیت وە پێویستە دەست بەجێ ئەو کارە بکەیت.

گەر بەڕاستی کەمێك کات تەرخان بکەیت بۆ بیرکردنەوە لـەو زانیاریانـەی کە پێشەکەشت کرا، دەگەیتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی وترا هەستێکی باشت پێ دەبەخشێت. لەڕاستیدا، هەرکەسێك کە بە ڕاستی تێ بگات "پرۆسـەی بوون" پێت ئەڵێت ئەوەی کە پـێم وتـی نـەك تـەنها ڕاستە، بـەڵکو ئـەوە یاسای سروشتی تۆشە، ئـەوە ئـەو ڕێگایەیـە کـە خـوا ئیشـی پـێ دەکـات لەگەڵ هەموو تاکێکدا. هەندێك جار ئەکرێت پێی بوترێت نوێـژ لـە هەنـدێك بازنەدا. "نوێژ" جوڵەیـەکی ڕۆحیـە کـە بـە جەسـتە دەکرێـت، لـە ڕێگـەی هەموو تاکێکەوە. خوا توانای پێبەخشیویت کە هـەر بیرۆکەیـەك دابڕێـژیت کە بە شایستەی دەزانیت. "تۆ بە دەوڵەمەندی لەدایك بویت" وە مێشکت پڕیەتی لە بیرۆکە. بۆیە باش بە بۆ خۆت، بیرۆکەی نایاب هەڵبـژێرە، ڕێگـا مەدە جیهانی فیزیاییت کۆنترۆڵی بیرکردنەوەت بکات.

ئەتوانیت یەکسەر تێبگەیت، هەر ئێستا، چۆن هـەموو کەسێك هەڵەیـەکی مەزن دەکەن. لە وتارەکەی ئیمیرسۆن دا لەسـەر پشت بەسـتن بـە خـود دەڵێت: "حەسودی نەفامیە" بە مانایەکی تر، کە سـەیری دەسـکەوتەکان یان بەرئەنجامەکانی کەسێك دەکـەین وە ئینجـا حەسـودیان پـێ دەبـەین، ئـەوە کـارێکی حەکیمانـە نیـە. ئـەو خەڵکـە سـەرکەوتوانە یەکـەم جـار بیرۆکەکانیان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی ڕەسمێك لـەناو مێشـکیاندا دروست بکەن بۆ ئەو شتە، کـە ئێسـتا بـووە بـە ڕێـڕەوی ژیانیـان. وە ئـەوان ئـەو بیرۆکانەیان لە سەرچاوەیەکی ناکۆتای دابەشکارەوە هەڵبـژاردووە کـە بـۆ هەموومان بەردەستە – یەکێك لەوانە تۆ!

هەر ئەمەش مەبەستی نیگارکێشی بە توانا ڤینسنت ڤان کۆخ بووە، کاتێک
لێیان پرسی ئەم نیگارە جوانەت چۆن کێشاوە. ئەو وتی، "خەونم بە
تابلۆکانمەوە ئەبینی، ئینجا خەونەکانم کێشا" بە مانایەکی تر، یەکەمجار
ئەو وێنەکەی لە مێشکیا بینیوە، ئینجا بە بۆیەی ڕۆن وێنە ئەسڵیەکەی
ناو مێشکی کێشاوەتەوە. لەڕاستیدا، هەرگیز وێنە ئەسڵیەکەی ڤان کۆخ
نەفرۆشراوە! لەکاتێکدا کە من ئەمە ئەنوسم و تۆ ئەیخوێنیتەوە، دە
ئەتوانم ئەوە ببیستم کە بیردەکەیتەوەو دەڵێیت "ئەوە زۆر ڕاستە، ئێستا
تێدەگەم".

چەند ساڵێک لەمەوبەر ماری شنایدەر لە کالیفۆرنیا لە یەکێک ل
سیمینارەکانمدا لەگەڵ مێردەکەیدا (ئۆسکار) دانیشتبوو. ئەو وتەیەکی
بەناوبانگی لینکۆڵینی پێ وتم کە من زۆرم بە دڵە کە لا هەزاران کەسدا
باسم کردووە. لینکۆڵن دەڵێت "بڕواهێنان بەو شتانەی کە ئەیانبینیت ،
دەستیان لێ دەدەیت بە هیچ شێوەیەک پێی ناوترێت بڕوا! بەڵام بڕوا
هێنان بە نەبینراو سەرکەوتن و نیعمەتە". ئایا ئەمە جوان نیە؟ دوبارە
سوپاس ماری.

هیواخوازم ئێستا لە حیکمەتی کەمێک لەو مەشقە عەقڵیانە تێگەیشتبیت
کە پێشنیارم کرد بۆت. بۆیە بەردەوام ئەمە دوبارە بکەرەوە "من
سەرکەوتووم، من دەوڵەمەندم، زۆر باشە پارەت هەبێت"، لە چاوی
عەقڵتا خۆت ببینە، ئەوە دەکەیت کە دەتەوێت کاتێک حاڵەتی نوێی خۆن
یان وشیاری دەهێنیتە بەرچاو. ئەو سەرمایە مەزنە بخەرە بەرچاوت وە
هەست بە خۆت بکە کە ئێستا خاوەنی ئەو سەروەتەیت. لەگەڵ ئەوەشدا

لەبیرت بێت کە پارە خزمەتکارە، تۆ سەرپەرشتیاری ئەکەی، خەڵکت خۆش دەوێت وە تۆ پارە بەکارئەهێنیت.

پێش ئەوەی بەردەوام بیت بۆ چونە بەشی دواتر، ئەم بەشە "من و پارە" جارێکی تر بخوێنەرەوە، لەبەرئەوەی جارێکی تر خوێندنەوەی یارمەتیت ئەدات واز لەبیرۆکە کۆنەکان بهێنیت دەربارەی پارە، کە بۆتە هۆی ناخۆشحاڵی تۆ هەرکاتێك بابەتی پارە سەرهەڵدەدات. بۆ خۆتی دوبارە بکەرەوە چەند جارێك، هەموو ڕۆژێك "من و پارە" تاکو بە تەواوەتی ئەزانیت کە چۆن هەستێکی باشت هەبێت دەربارەی سەروەت و سامان.

قسەی زۆر بۆ خەڵکی مەکە دەربارەی ئەم بیرۆکە نوێیە لەسەر پارە، تاکو خۆت مشتێکی توندی پیا ئەکەیت بۆ خۆت وە هەست بە دڵنیایی دەکەیت ئەوەی فێر بوویت بەباشی بۆ خەڵکی ڕونبکەیتەوە. لەبیرت بێت، گوێگرتن لە وتەی کەسانی نەرێنی کە لە ڕاستی تێناگەن شتێکی باش بۆ تۆ ناکات – گەر بیشی کات، تەنها دەبنە هۆی ئەوەی گومان لە خۆت بکەیت. نابێت ڕێگا بدەیت ئەوە ڕوبدات، لەبەرئەوەی کاتێك بیر دەکەیتەوە دەربارەی "من و پارە" ئەتەوێت وێنەیەکی جوان بفڕێتە ناو شاشەی مێشکتەوە!

ژیانێکی خۆش گرانبەهایە
ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ژیان
کە زۆر لەسەرمان ناکەوێت
بەڵام هیچ جوانیەکی تیا نیە!

پاڵاوتنی ئیسپانی

# بەشی دووەم
# چەندێك پارە بەسە؟

چەندێك پارە بەسە ؟

"زۆرینەی خەڵکی وا بیر دەکەنەوە
زیاتر لەو بڕە پارەیان دەوێت کە
داوای دەکەن ، بەڵام زۆر بە کەمی
لەو بڕە پارە ڕازی دەبن کە
دەتوانن بەدەستی بهێنن"

"ئێرل نایتنگێل"

بۆ ئەوەی لەم بیرۆکەیە بە جوانی تێ بگەیت، پێویستە زۆر بە ڕوونی دیاری بکەیت کە بەتەواوی چەندت پارە دەوێت؟ لەبیرت بێت، تۆ ئیش لەگەڵ لاشعورتا دەکەیت وە لاشعور بیر ناکاتەوە. تەنها وێنەکان قبوڵ دەکات ئینجا ئەیانگۆڕێت بۆ شکڵ. بۆیە بۆت هەیە بڵێیت، من "لۆتسا پارەم ئەوێت"، ئەمە باش نیە، لەبەرئەوەی هیچ کەسێك بەلای کەمەوە تەنانەت عەقڵی لاشعوریش نازانێت بڕی "لۆتسا" چەندە؟
زۆر بەجدی داواکارم زۆر گرنگی بەم بەشە بدەیت، لەبەرئەوەی بیرۆکەیەك ڕەنگە ژیانی تۆ دەقاودەق بگۆڕێت. بەڵام تێبگە لەوەی کە

بیرکردنەوە بە تەنها بەس نیە، پێویستە بیکەیتە کردار. کۆمەڵە شتێکی گرنگ هەن کە پێویستە بیانکەیت کە یەکەم دانەیان ئەوەیە بڕیار بدەیت چەندت پارە ئەوێت؟

بۆ تۆ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە، ئەوە دەشێت بیرۆکەیەکی باش بێت بۆ تۆ کە بڕیار بدەیت کە پارەت بۆچی ئەوێت. بەڵام بە ئاسانی بڵێیت " پارەم ئەوێت بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بم" زۆر ئەو باشە نیە. پێویستە ئەوە بزانیت کە کۆمەڵگاکەمان بەشێوەیەك ڕێکخراوە کە حکومەت "دەتـژێنێ"، لەڕاستیدا، لە زۆر شوێن بە بەریدچەکی بانکیت بۆ دەنێرن، تۆ ئەتوانی لە ماڵەوە دانیشیت وە هێشتا مووچەی ژیانت وەردەگریت.

لەم خاڵەدا دەشێت ئەوە بەخۆت بڵێیت، "ئۆو بەڵێ، ئەوە ئەزانم، بەڵام ئەمەوێت لەو کەسە باشتر بژیم". زۆر باشە، کەواتە با دیاری بکەین چەندێك باشە؟ جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە مەشقە هەندێك پلانی جدی دەوێت لەلایەن تۆوە، پەڕەیەك بهێنەو هەموو ئەو شت و چالاکیانەی کە ئەتەوێت پارەیان بۆ تەرخان بکەیت بۆ ساڵی داهاتوو بە لیستێك بینوسە. بۆ هاوکاریکردنت بۆ ئەوەی لیستەکەت دروست بکەیت هەندێك لەو پێداویستیانەم وەك نموونە لە خوارەوە بۆ نوسیویت:

خواردن ، کرێی خانوو ، جل و بەرگ ، ئۆتۆمبێل ، پێداویستی ماڵ خوێندن ، پشووسەیران ، ڕابواردن ، تەئمینات ، پاشەکەوت

بە تێگەیشتن لەوەی، ئەمانە کەمێکن لە زۆرێك لەو شتانەی تر، بۆیە کار لەسەر لیستەکەی خۆت بکە تاکو تەواوی ئەکەیت! بەڵام لەبیرت بێت، ئەو نرخەی کە ئێستا لەسەریەتی ناینوسیت (تەنها شتەکان ئەنوسیت –

وەرگێڕ). لەبری ئەوە، هەر دانەیەك لەوەی لیستەکە دەهێنیتە بەرچاو (واتە چاو ئەنوقێنیت و لە خەیاڵدا دروستی ئەکەیت – وەرگێڕ) کە ئەتەوێت ئەو شتە چۆن بێت و چی بێت ئینجا بڕی ئەو پارەیە دەنوسیت کە چەندی ئەوێت. بۆ نمونە، ڕەنگە تەنها ئەوەت بوێت کە دەتەوێت بچیتە چێشتخانەیەکی خۆش بۆ خواردنی ژەمە خواردنێکی تایبەت، بەڵام ڕنگە خۆت وا ببینیت کە هەموو هەفتە جارێك ژەمە خواردنێکی بەو جۆرەت هەبێت، چ شوێنێك خزمەتەکەی ئەوەندە تایبەتە، خواردنەکەی بەلەزەتە، وە ژینگەیەکی شاهانەی تێدا فەراهەم کراوە. ئەمە لەوانەیە چەندی تێ بچێت؟ – ئەمە ئەو شکڵەیە کە پیشانم دایت بۆی بگەڕێیت.

ڕەنگە ئۆتۆمبیلێك لێبخوڕیت کە کۆن بوبێت وە نیشانەی ژەنگی پێوە بێت، بەڵام دەیهێنیتە بەرچاوت کە ئۆتۆمبیلێکی نوێ لێدەخوڕیت کە هەڵبژاردەی خۆتە، هەموو ساڵ یان دوو ساڵێك دەیگۆڕیت. ئەمە چەندی پارە دەوێت؟ لەبیرت بێت، تۆ ڕێکەوتن نامەیەکی هەتاهەتایت نیە بۆ ژیان وە ئەمە مەشقێك نیە ئەنجامی بدەیت، ئەمە ژیانی تۆیە وە پێویستە خۆشی لێ ببینی بە پڕترین مانای مرۆڤانە! لەبەرئەوە، پێویستە ئەو بڕە پارەیەی ئەتەوێت هەتبێت، بۆ دابین کردنی ئەو شتانەی ئەتەوێت، بۆ ژیان بەو ڕێگایەی کە خۆت دەتەوێت پێی بژیت.

ڕێگام بدە ئاگادارت بکەمەوە، ئەمە نابێتە شتێکی نائاسایی بۆ مێشکت کە لەم خاڵەدا ئەم یارییە فێڵاویەی پێ بکەیت. ڕەنگە بیربکەیتەوەو بڵێیت "ئەمە بە ڕاستی گەمژانەیە. هەرگیز نابمە خاوەنی ئەو بڕە پارەیەی کە ئەم کتێبە پێشنیاری دەکات"، ئەمەوێت بیرتی بخەمەوە، هەرچەندە زۆرێك لە خەڵکی هەیە ئەوەندەیان پارە هەیە کە بەو ڕێگایە

بژین کە ئەم کتێبە پێشنیاری دەکات کە بەو پارەیەوە لە دایك نەبوبوون، وە هیچ کەسیش بۆی بەجێ نەهێشتبوون. ئەوان بە "دەوڵەمەندی لەدایك بوون" بەو مانایەی کە خوا کۆمەڵێك توانای پێبەخشیبوون بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن (بە هەموو کەسێکی بەخشیوە). بەڵام وەك زۆرینەی خەڵکی، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوان بێ پارە بوون. لەوە تێبگە کە تۆش ئەتوانی سەرکەوتوو بیت، وە ئەتوانی ئەنجامی بدەیت، گەر تەنها بەو شێوازە ئەنجامی بدەیت کە ئەم کتێبە پێشنیاری دەکات.

لە کاتێکدا ئەمە ئەنوسم، بەباشی دەزانم هەندێك دێڕی تر باس بکەم، بۆ ئەوەی بیرت بهێنمەوە کە کۆمەڵێك سەرچاوەی زۆر لە تواناو بەهرەی داخراو لەناو تۆدا هەیە، تەنها چاوەڕوانی دەرخستنە. هەر بەم هۆیەوە، زۆر بە ڕوونی ئەو کۆمەڵ شریتەم لەبیرە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر گوێبیستی بووم، کە ئێرل نایتنجل ئامادەی کردبوو بە ناوی "هەڵوێست". سەدان جار گوێم لێ گرتووە کە بەشێکی تێدابوو دەڵێت "ئێستا، لێرەدا دەگەینە ڕاستیەکی نامۆ. ئێمە حەزمان بە کەم سەیرکردنی شتانێکە کە ئەتوانین ئەنجامی بدەین، ئەو ئامانجانەی کە ئەمانتوانی بەدەستی بهێنین، وە لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی هەندێك هۆکاری نامۆ لەهەمان کاتدا، لەو بڕوایەداین ئەوانی تر ئەتوانن شتانێك ئەنجام بدەن کە ئێمە ناتوانین ئەنجامیان بدەین" ئێرل بەردەوام بوو، وە وتی "ئەمەوێت ئەوە بزانن کە ئەوە ڕاست نیە. تۆ تەنکیەکی قوڵ لە تواناو بەهرە لە ناختایە، وە ئەتوانیت ئەو شتانەی ئەتەوێت بەدەستی بهێنیت" نامەوێت بیقەبڵێنم کە چەند جار گوێم لەو بەشە گرتووە، بەبێ ئەوەی تێبگەم مەبەستی چی بوو؟ ئینجا ڕۆژێکیان گوێم لێ بوو، هەموو

خانەیەکی مێشکم وادیاربوو بەو ڕاستیەی ئەیلێت ئەزرنگێتەوە. کتوپڕ بۆم دەرکەوت لەسەر چی ئەڕوات وە لە قولایی ناخمەوە ئەوەم زانی، ئەگەر ئەوان بتوانن ئەنجامی بدەن، ئەوا منیش ئەتوانم، گەر من بمەوێت نرخەکەی بدەم. تکایە تۆش لەوە تێبگە کە ئەتوانیت ئەنجامی بدەیت، لەبەرئەوەی ئەوەی کە ئێرل وتی بۆ تۆش ڕاستە وەك چۆن بۆ منیش ڕاست دەرچوو. بەلام بەشێك لە نرخەکە بۆ تۆیە، ئەبێت بیدۆزیتەوە ...

چەندێك پارە بەسە؟

تەنها بەرەو ئاسمان هەڵمەفڕە. بە شێوەیەکی ڕاست ئەنجامی بدە، لەبەرئەوەی کاتێك کۆتایی پێ ئەهێنیت زۆر خۆشحاڵ دەبیت. زیاتر لەوەش، هەروەها ئەم مەشقە یارمەتیت دەدات کە گەشە بە مێشکێکی ڕێکخراو بکەیت. لەم خاڵەدا ڕەنگە بیربکەیتەوە کە لەوانەیە ئەم بەشە گرنگی بۆ تۆ نەبێت، لەبەرئەوەی زۆر قەرزاریت کە بتوانیت بڕێکی وەها زۆر پارە کۆبکەیتەوە. بەلام خۆشحاڵ دەبیت کە بزانیت، بیرۆکەیەکی مەزنمان هەیە یارمەتیت ئەدات کە لەگەڵ کێشەیەکی وەهادا چۆن مامەڵە بکەیت. زۆر دورتر لەوە، زۆر شادمان بەوەی کە بزانیت لەزۆر بارودۆخدا کە ئەو بارودۆخەی ئێستات ڕەنگە یەکیان بێت، کەسێك ئەکرێت دەوڵەمەند بێت، تەنانەت گەر هەرگیز هیچ پارەی زیاتر لەو بڕە پارەیەی ئێستای بەدەست نەهێنێت. ئەم بیرۆکەیە بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی هاندەرت بێت بەردەوام بیت لە خوێندنەوە.

ئێستا ئەبێت لیستەکەت تەواو کردبێت و گەیشتبیتە ژمارەیەك، بۆیە قەڵەمەکەت بخەرە سەر وەرەقەکە و ژمارەکە بە تۆخی و ژمارەی گەورە

بنوسە. ئێستا، مێشکت لەو بیرۆکەیە ساف بکەرەوە لەگەڵما بجوڵێ بۆ بیرۆکەیەکی زۆر گرنگتر. ئەوەت لەبەرچاو بێت کە ئەگەر چی لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە بەتایبەت لەسەر تۆ جێبەجێ نەبێت – بەلای کەمەوە لە کاتی ئێستادا– بە دڵنیاییەوە بۆ زۆرێک لە خوێنەرانیش. سەرەڕای ئەوەش، تەنانەت گەر بۆ بارودۆخی تایبەتی ئێستاشت جێبەجێ نەبێت، بەڵام زۆر بە نرخە کە بیری لێبکەیتەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك هاوڕێ و هاوکارت هەیە کە لەسەریان جێبەجێ دەبێت وە تۆ ئەتوانیت بەشدارییان لەگەڵدا بکەیت.

ئەم بیرۆکەیە بۆ تۆ شی دەکەمەوە بەوجۆرەی کە ئەگەر تۆ کەسێکی هاوسەریت کردبێت و لەگەڵ خێزانێکدا کە هاوکارییان ئەکەیت ئەوکات تۆ یان تەنها پارەپەیداکەریت یان بەخشەریت.

ئێستا یەکێك لە بنەما سەرەکیەکان بۆ ویستنی ئەو بڕە پارەیە کە بەشایستەی خۆتی ئەزانیت بۆ خێزانەکەتی دابین بکەیت، پاش هەموو شتێك، بۆ ئەوەتە کە بە باشترین شێوە بژین. لەبەرئەوە ئەوەبهێنەرە دی، کە هەرچەندێك بژیت و بتوانیت شوێن ئەم پلانە بکەویت کە لەم کتێبەدا ڕونکراوەتەوە، ئەوا ئەتوانیت ئەوەی ئەتەوێت بەدەستی بێنیت بۆ دڵخۆش کردنی خێزانەکەت. هەرچەندە گەر بە ڕاستی بوەستیت و بیربکەیتەوە دەربارەی، ئەوا تۆ ڕازیت بەوەی کە خێزانەکەت بە خۆشی بژین. تەنانەت گەر بە کتوپڕی تۆ لە وێنەکەشدا نەمایت – وانیە؟ بە گاڵتەوە لەوانەیە بڵێیت "نەخێر، کێ گرنگی پێ ئەدات گەر من بڕۆم"، بەڵام ئەمە بابەتی گاڵتە نیە. ئەمە بابەتێکی گرنگە. بێگومان تۆ گرنگی پێ ئەدەی – منیش و تۆش ئەوە ئەزانین!

ئێستا، گەر تۆ ئەژیت و تەندروست باشیت، ئەتوانیت ئەو سامانە بۆ خۆت دروست بکەیت. بەڵام گەر مردیت یان بە هەمیشەیی پەکتکەوت، باشە، کۆمەڵگاکەمان گرنگی بەو بارودۆخەش ئەدات، ئێمە "تەئمیناتی ژیان" و "تەئمیناتی پەککەوتنمان" هەیە.

بەڵام، با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بیرکردنەوەکانت — لەوانەیە بەخۆت بڵێیت "تەئمیناتی ژیان، چ درزیەکە. ئەم بۆب پرۆکتەرە نازانێت لە کوێوە هاتووە". باشە، ڕێم بدە پێت بڵێم، کاتێک باسەکە پەیوەندی بە تەئمیناتی ژیانەوە هەیە لەوبڕوایەدام ئەتوانم بانگەشەی جۆرێک لە باڵادەستی خۆم بکەم تێیدا بۆ ئەو هەموو سیمینارانەی کە لەماوەی دە ساڵدا لە بورای تەئمیناتی پیشەسازیدا ئەنجامم جاوە، کە نزیک دەبێتەوە لە پەنجا هەزار خەڵك لەو پیشەسازیەدا "بڕۆ لە ڕێگەی" سیمینارەکانمەوە. لەبەرئەوە ئەتوانم دڵنیات بکەمەوە، کە کاتێك ئەڵێم نزیکەی لە ٪٩٥ ی ئەو خەڵکانەی کە قسەیان بۆ دەکەیت بەتەواوی نەشارەزان کاتێك باسی بابەتی تەئمیناتیان بۆ دەکەیت، من لە گیرفانی خۆمەوە قسە ناکەم. بەخشیومە بە زۆرێك لەو کەسانەی کە شوێنێکی گرنگیان هەیە لە بازرگانیدا وە پیشەسازیدا، لەناو حکومەتدا، یان لە پیشەکاندا، وە لەبەر پێگەکانیان، کارێکی زۆر ئاسان دەبێت کە ئەوان لەو بڕوایەدا بن "لە کوێوە قسە بکەن". بەڵام ڕاستیە ناخۆشەکە لەم بابەتەدا ئەوەیە، زۆرینەیان یان بە خراپی درۆیان پێ ئەکەن یان بە تەواوی بێ ئاگان کاتێك باس دێتە سەر بابەتێکی گرنگی وەك تەئمیناتی ژیان.

لەمە تێبگە، هیچ ڕێگایەك داهاتی تۆ ناگۆڕێت وە داهاتێکی دڵنیاو ڕاستەوخۆت بۆ دروست ناکات وەك تەئمیناتی ژیان، وە ئامارەکان ئەڵێن هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی لە تەئمیندان، بەڵام زۆرینەی ڕەهای خەڵکی (نزیکەی ٪۹۰)، زۆر ترسناکانە لەژێر تەئمینداان. ئەمە پێمان ئەڵێت، کاتێك ئەوان دەمرن، زۆرینەی خەڵك ئەوەندە پارە بەجێ ئەهێڵێ کە کرێی مردنەکەی وە لەوانەیە ئەوەندەش بۆ خێزانەکەی جێ بهێڵێ کە تاکو ساڵێك پێداویستیەکانیان دابین بکەن! بەشی بەدبەختی ئەوەیە کە بۆ بڕە پارەیەکی ڕێژەیی کەم، ئەو خەڵکانە ئەیانتوانی کاری دارایی خۆیان ڕێك بخەن بە ڕێگایەك کە شتێك لێیان ڕوبدات، ئەوا ئامانجە داراییەکانیان بەدی دەهێنا لەڕێگای خێزانەکانیانەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی.

لەوکاتەوەی ئەم کتێبە دانراوە بۆ ئەوەیە یارمەتی تۆ بدات بگەیتە ئامانجێکی دارایی هەستپێکراو، هەستم بەوە کرد کە ئەرکی سەرشانمانە کە زانیاری تێدا بێت لەسەر تەئمیناتی ژیان. کتێبەکە بەبێ ئەو زانیارییە ناکامڵ دەبوو.

(ئەوە بخەرە مێشکت کە تەنها دوو ڕێگا هەیە بۆ بەدەست هێنانی پارە: خەڵك لە ئیشدا، یان پارە لە ئیشدا)

ۆ خۆشحاڵ دەبیت کە بزانی ئەوەی ماوەتەوە ئەم کتێبە بۆ کەسێك انراوە کە بیەوێت بژی.

ەوز ببە لە هەر شوێنێکدا چێنرایت – ئێستا دەست پێ بکە!

ەی دەستت کردووە بە ژیان لەم ژیانە خۆشەدا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە ە لەخۆتی ئەکەیت؟ ئێستا دەست پێ بکە.

دەست پێ بکە لەڕێگای وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەوە:
بەزۆری چەندێك پارە ئەدەیت بۆ وەسڵی تەلەفۆن؟
بەزۆری چەندێك پارە ئەدەیت بۆ کرێی خانووەکەت؟
بەزۆری چەندێك پارە ئەدەیت بۆ سەوزەوات و میوەهات؟
بەزۆری چەندێك پارە ئەدەیت بۆ بەنزینی سەیارەکەت؟
بەزۆری چەندێك پارە ئەدەیت بۆ دکتۆر؟
بەزۆری چەندێك پارە ئەدەیت بۆ خۆت؟

پرسیاری کۆتایی پرسیارێکی نامۆ دیارە، وانیە؟ بەڵام ئایا ئەزانیت کەمتر لە پێنج کەس لە کۆی هەموو سەد کەسێك پارە ئەدەن بە خۆیان. وە گەر پرسیار لەو ٩٥ کەسە بکەیت بۆ پارە نادەن بەخۆتان؟ لەوانەیە پێت بڵێن بە ڕۆشتنی کات پارە بە هەموو کەسێك ببەخشن، بۆیە هیچ بۆ خۆیان نەماوەتەوە!

بەڕونی، ئەو ٤ بۆ ٥ کەسە لە هەموو ١٠٠ کەسێك کە پارە ئەبەخشن بەخۆیان ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیان دۆزیوەتەوە. هەرچەندە ئەو بیرۆکەیە بۆ چەندەها سەدەیە دەکرا جێبەجێ بکرێت، کەچی بە قورسی لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا خەڵك درکی پێ کردووە. ئەو بیرۆکەیە چیە، تۆ ئەپرسیت؟ زۆر بە ئاسانی ئەمەیە :

"ئەوان یەکەم کەس پارە ئەبەخشن بە خۆیان"

(ئەمە زیاتر بە یاسای بابلیۆنی بۆ سەرکەوتنی دارایی ناسراوە)

بەشێك لەو هەموو پارەیەی بەدەستی دەهێنیت هی خۆتە هەڵی بگرە

(بەکوردی خۆمان دەغیلەیەکت هەبێت، هەرکات پارەت هاتە دەست بەشێکی تێ بکە — دەربڕینی وەرگێڕ)

گەر بیرت لێکردەوە، پێویستە دان بەم یاسا و باوەڕەدا بنێیت، ئەوە کارێکی ژیرانەیە. لەبەرئەوە، ڕێگام بدە دوبارەی بکەمەوە "بەشێك لەو هەموو پارەیەی بەدەستی دەهێنیت هی خۆتەو هەڵی بگرە!" زۆر وردتر بڵێم، ئەوەی لە ڕۆژی دووشەممە بەدەستی دەهێنیت هی خۆتەو هەڵی بگرە، بۆیە پێویستە ڕاستەوخۆ بچێتە سەر حساب بانکیەکی تایبەت کە نەتوانیت بە ئاسانی دەستکاری بکەیت.

حساب بانکی دارایی سەربەخۆت

ئەوەی لە ڕۆژی دووشەمەدا بەدەستی دەهێنیت ڕەنگە لە ١٠٪ داهاتی مانگێکت بێت. لەبەرئەوە، پێویستە ئەو لە سەدا ١٠٪ یە بەلای کەمەوە بدەیت بە خۆت، ڕاستەوخۆ (مانای نەك دوای بەشی هەموو کەسێکی لێ ئەدەیت)

لە "حساب بانکی دارایی سەربەخۆت"، یەکەم سەرەموچەی تەئمینات ئەبەخشیت بە خۆت، لەبەرئەوەی بەم ئامرازە ڕاستەوخۆ سەرمایەی خۆت دروست دەکەیت. ئینجا ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەچێت بۆ پێداویستیەکان، تاکو ئەو کاتەی پارەیەکی وات بۆ کۆدەبێتەوە کە بتوانیت وەبەرهێنانێکی حەکیمانە ئەنجام بدەیت. لەبیرت بێت، ئەم پارەیە یان ئەو سودەی لێوەی بەرهەم دێت دەستی لێ نادەیت. لەبەرئەوە، پاش ماوەیەکی زۆر کەم، دەبینیت پێشکەوتنێکی وەها دەبینیت کە ببێتە هۆی هاندانت بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕێگەیە.

زیاتر لەوەش، زانیاری ئەوەی کە "سەرمایەی ڕاستەوخۆت" هەیە گەر هەر شتێکیشت لێ ڕوبدات، ئاسودەییەکی دەرونی زیاتر ئەبەخشێت بە مێشکت. (واتە گەر توشی زیانێکیش بیت ئەزانی کە سەروەتێکی کۆکراوەت هەیە – وەرگێڕ)

پرۆگرامی ڕێکوپێکی دانەوەی قەرز

لەوانەیە قەرزی پێشووت لا بێت کە مووچەکەت هەڵ ئەلوشێت، هیچ بۆ خۆت ناهێڵێتەوە. بەڵام لەمە تێبگە، ئەکرێت ئەو قەرزانە لەسەر خۆت لابەریت. (سەرباری ئەو بڕە قەرزەی کە لاتە، بە بێ گومان دەبێت ئەو کاتە دیاری بکەیت کە تەواوی قەرزەکەت لەسەر نامێنێت). وە بۆ مەبەستی ئەم گفتوگۆیەی دواتر، پێویستە دڵنیا بیت لەوەی کە پارەی خانووبەرە یان قیستی خانوو(کە لەوانەیە یەکێك بێت لە گەورەترین کرێی مانگانەکەت) بەوەبەرهێنانی دابنێیت نەك قەرز.

حساب بانکی پاك کردنەوەی قەرز

هەرچی پارەیەك بەدەستی دەهێنی لە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە وە ڕۆژی سێ شەممە، پێویستە ڕاستەوخۆ بچێتە سەر حساب بانکی پاککردنەوەی قەرز. ئەمە ٪۲۰ی داهاتی تۆ دەگرێتەوە. پێویستە دابنیشیت و مسۆدەیەك بنوسیت بۆ هەموو ئەوانەی قەرزت لێ کردوون، پلانی خۆتیان پێ بڵێیت.

هەرچەندە، پێش ئەوەی نامەکەیان بۆ بنێریت، پێویستە یەکەم جار لیستی هەموو قەرزدەرەکان ئامادەکەیت و بزانیت لەو ڕێژەی لە ٪۲۰ هەریەکێکیان چەند وەردەگرێت. لەوانەیە پارەیەکی زۆر زیاتر بێت لەوەی

که ئێستا ئەبێت وەریبگرێت، یان لەوانەیە کەمتر بێت، بەلام هەر ڕێگایەکیان بێت، دەبێتە ئەو بڕە پارەیەی کە هەریەکێکیان وەری دەگرێت. سەرەڕای ئەوەش، هەر بڕە پارەیەك وەرگرن، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك وەری دەگرن، لەو کاتەی کە بۆیان دانراوە.

ئەمەی خوارەوە نمونەی نامەیەکە ئەتوانی وەك ڕێبەرێك بەکاری بهێنی بۆ نوسینی نامەکەی خۆت :

بەڕێز (هەرکەسێك)

وەك دەزانیت، من ئەوەندە (____$) پارەی تۆ قەرزارم،

وە من نیازم وایە بە کاملی قەرزەکەت بدەمەوە.

بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بەدەست بهێنم، پلانێکم دارشتووە

لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا بۆ ئەوەی حالی دارایی خۆم جێگیر بکەم.

بۆ کۆتای هێنان بەم قەرزە، حسابێکی پاککردنەوەی قەرزم کردۆتەوە

وە لە ٪٢٠ داهاتی مانگانەم ڕاستەوخۆ دەخەمە سەر ئەو حسابە.

کە وام لێ ئەکات بتوانم کۆمەڵێك سەرچاوەم هەبێت لەسەری بژیم

بەبێ هیچ قەلەقی و دوودڵیەك، وە ڕێم لێ دەگرێت کە

بکەومە قەرزی زیاترەوە.

هەموو هەفتەیەك یان مانگێك تۆ بڕی ئەوەندە (____$) وەردەگریت

لە حسابی پاککردنەوەی قەرز، تاکو قەرزی تۆ لای من نامێنێت

ئەزانم ئەمە ئەو شێوازە نیە کە لەسەری ڕێك کەوتبوین بۆ دانەوەی قەرزەکەم

بەلام دڵنیام لەوەی کە لێم تێدەگەیت، ئەوەی ئەیکەم بەرز دەینرخێنیت.

گەر هەر پرسیارێکت هەیە، تکایە پەیوەندیم پێوە بکە. من زۆر

دڵخۆشم بەم پلانە بۆ دانەوەی قەرزەکەم گەر دەتەوێت من پێداچوونەوەی
پێدا بکەم
لەگەڵ تۆ ئەوکات لەوانەیە بتوانیت هاوکاری ئەوانەی تریش بکەیت
کە قەرزاری تۆن، زۆر خۆشحاڵ دەبم بە کردنی ئەوە.

لەناخی دڵەوە سوپاست دەکەم بۆ هاوکاری کردنت
بە هیوای ڕۆژێکی خۆش بۆ تۆ

"جۆن دۆی"

ئەوە تێبگە کە نامەکەت بۆ قەرز پێ دەرەکانت بەیان نامەیەکی ڕاستیە نەک داواکاری، ئەوە تۆیت کە بەرپرسی دارایی خۆتی نەک ئەو کەسانەی قەرزیان پێ داویت!
دڵنیا بە لەوەی کە نامەکە زۆر بە جوانی تایپ بکەیت وە لەگەڵیا پەکەم دانەوەی قەرزی لەگەڵ بێت. ئەوە بزانە کە لەوانەیە بەختت وا بێت بەبێ هیچ هۆکارێك ئەو کەسەی قەرزی لاتە نەیەوێت هاوکاریت بکات. ڕەنگە زۆرتر لەوەش بڕوات بەوەی تەلەفۆنت بۆ بکەن و هەڕەشەت لێ بکەن بەوەی دەتبەنە بەردەمی دادگا، ڕەنگە شتی تریش. بەڵام تکایە دەست بە مەبدەئەکەی خۆتەوە بگرە، لەبەرئەوەی هیچ دادگایەك نیە لە وڵاتدا کە پیرۆزبایت لێ نەکات، کاتێك تەواوی پلانەکەی خۆتیان بۆ شی دەکەیتەوە. زیاتر لەوەش، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە لە ٪۹٥ ی ئەو خەڵکانەی کە نامەکەیان بۆ دەنوسی زۆر هاوکارت دەبن.

ئێستا هەلێکی باش بدە بەخۆت بۆ دەرکەوتن، لەبەرئەوەی لەم ساتەوە، تۆ لەسەر ڕێگای خۆتی بۆ دەست پێ کردنی ڕێگایەکی تەواو نوێ بۆ ژیان!

ڕێم بدە نیشانی بدەم تا ئێستا چیت ئەنجام داوە :

١. پارەیەکی حازرت هەیە گەر شتێکیش ڕوبدات.

٢. حسابێکی پاشەکەوت کراوت هەیە.

٣. پارە ئەبەخشیت بە خۆت.

٤. بەرنامەیەکی دانەوەی قەرزت هەیە.

٥. لە ٪٧٠ داهاتی گشتیش لەبەردەستە بۆ ئەوەی لەسەری بژیت، بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و پێداویستیەکان.

٦. مێشکت سافە بۆ هەڵگرتنی ئەو بیرۆکە گرنگانەی تر کە لەم کتێبەدا دێتە ڕێت.

لەم ساتە بە دواوە ئیتر هەرگیز بیر لە "قەرز" مەکەرەوە. لەبیرت بێت، کە مەسەلەی قەرز زۆر باش گرنگی پێدراوە، بۆیە تەنها تەرکیز بخەرە سەر پاشەکەوت کردن، وە گەشەی پێ بدە، ئەمە دوبارە بکەرەوە "من دەوڵەمەندم" "پارە زۆر بەسوودە" "پارە بەکار ئەهێنم وە خەڵکم خۆش ئەوێت"

بە شێوەیەکی مەجازی، بەدەست هێنانی پارەی ئێستات زۆر لەوە ئەچێت کە ئۆتۆمبێلێکت ئیش پێ کردبێت بۆ گەشتێك، وە خەریکە پێی بگەیت. ئەوە بزانە لەم ساتەوە، ئۆتۆمبێلەکەت ئیش پێ کردووە بۆ گەشتەکەت. وە ئەگەرچی، لەوانەیە تەنها "س" دۆلار بەدەست بهێنیت

لە ماوەی ساڵێکدا، پێویستە سەیری خۆت بکەت لە شاشەی عەقڵتدا، ئیتر داهاتێکی ساڵانەی تازە بەدەست دەهێنیت کە هەموو ئەو پێداویستیانەت کردووە کە دەتەوێت، بۆ کڕینی ئەو شتانەی پێویستن، بۆ ئەوەی بەو ڕێگایە بژیت کە خۆت هەڵی ئەبژێریت.

گەر تۆ زۆر جدی بیت و بتەوێت لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ بیت وە هێشتا لە ئاست بیرۆکەکانی پێشوو هەڵوێستت وەرنەگرتووە، ئەوا مەر ئێستا زۆر بە توندی پێشنیار دەکەم هەڵوێست وەرگری لەسەریان. پێش ئەوەی بچیتە سەر بەشی تازە وازت لێ نەهێنابن وەك ئەوە وایە ئوتوبێلەکەت بە نیوەی بستۆنەکانیەوە لە گەشتەکەی بەردەوام بێت. وە ڕەنگە دڵنیا بیت لەوەی کە ئوتومبێلەکەت دەشکێت، ڕێگریت لێ دەگان بگەیتە ئەو شوێنەی کە ئارەزووی دەکەیت. بەڵام پاش دڵنیا بونەوە لەوەی هەموو شتێك بە ڕێك و پێکی ڕێکخراوە، دەتوانیت مێشکت ئاسودە کەیت، بە هەڵوێستێکی هێمنانە، بە زانینی ئەوەی کە ئاڕاستەی گەشتەکەت ئەزانی، بە دڵنیاییەوە ئەتوانی خۆشی لە دیمەنەکە ببینی بە درێژایی ڕێگەکەت!

گەر زانیت گەیشتن بە مەبەستەکەت لەم گەشتەدا بە باشی ئەڕوات بەڕێوە ئەوە شتێکە کە ناتوانیت بە تەنها بەدەستی بهێنیت، من زۆر بە توندی پێشنیارت بۆ دەکەم کە سوود لە هاوکاری کەسانی پسپۆڕ وەربگریت. (ئەمە شتێکە کە تاڕادەیەك زۆرینەی پیاوە دەوڵەمەندەکان ئەنجامیان داوە) ئەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، پیاوە دەوڵەمەندەکان شوێن ئامۆژگاری خەبیرەکانی دارایی دەکەون. وەك ئەوە وایە کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوێت شوێن ئامۆژگاری پزیشك دەکەوێت. زیاتر

لەوەش، پێویستە ئەوەش بخەیتە مێشکتەوە کە تەنانەت خەڵکانی تەندروست باشیش، گەر حەکیمیش بن بۆ پشکنین دەچنە لای دکتۆر.

ئەمەی وتمان ئەوەبوو کە خەڵکێکی زۆر کەم گەشەی ڕاستەقینە بە شارەزایی خۆیان ئەدەن لەبواری "پلانی دارایی"دا.

لەبەرئەوە، پێویستیت بە گەڕانە بە دوای ڕاوێژکارێکی دارایی پسپۆڕ، بەهەمان ڕێگای کە دەتەوێت هاوکارێکت دەست بکەوێت، لە کارانەی کە سروشتێکی یاساییان هەیە. کۆمپانیای زۆر هەیە کە لەم جۆرە خزمەتگوزاری داراییە پێشکەش دەکات لە هەموو شارێکدا. لە هەندێك شوێندا دۆزینەوەیان ئاسان نیە، بەڵام ئەوان لەوێن، گەر تۆ تەنها بۆیان بگەڕێیت.

زۆر خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە بوومە هۆکاری دروستکردنی کۆمپانیایەکی لەو جۆرە، لە شاری تۆرنتۆ - کەنەدا ساڵی ١٩٧٩ (ناوی کۆمپانیاکە بریتی بوو لە گروپی کۆمپانیاکانی ماك کراری). ئەمڕۆ کۆمپانیاکە نزیکەی پێنج هەزار بەشداربووی دڵخۆشی هەیە، کە لەسەر ڕێگای سەربەخۆیی دارایی خۆیاندان. گروپی ماك کراری وای لە هەموو بەشداربووەکانی کردووە زۆر گرنگی بە لایەنی واقیعی دارایی بدەن، کە ئەمەوێت لەم کاتەدا لەگەڵتان باسی بکەم.

ئەو واقعە بریتیە لە، خەڵکی دەبن بە سێ جۆرەوە لە ڕوی داراییەوە :

١. حاڵەتی کەمی بودجە (قەرز)
٢. حاڵەتی یەکسان (بڕە پارەی پێویستی دەست دەکەوێت بەبێ قەرز)
٣. حاڵەتی بودجەی زیادە

زۆر ئاسانە خۆت بخەڵەتێنی بەو باوەڕەی، کە گەر کەسێك لە حاڵەتی یەکەم و دووەم بێت، ئەوا پێویستە پارەی زیادە بەدەست بهێنێ، ئینجا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەچێتە جۆری سێیەم. بەڵام بێگومان، ئەمە هیچ ڕاست نیە. بۆ ئەوەی گەر کەسێك لە حاڵەتی کەمی بودجەدا بێت ئەوا مانای وایە ئەوان لەو دابونەریتەدا ئەژین کە پارەی زۆرتر خەرج ئەکەن لەوەی بەدەستی ئەهێنن. هەروەها، گەر لە حاڵەتی یەکساندا بن ئەوا لەو نەریتەدا ئەژین کە هەرچی بەدەست بهێنن خەرجی ئەکەن. لەبەرئەوەی هەموومان "دروست کراوی دابونەریتین" ئەمە مانای ئەوە ئەگەیەنێت کە بەدەست هێنانی پارەی زیاتریش حاڵەتی داراییمان ناگۆڕێت. زۆر گرنگە کە کاتێك بڕیار ئەدەیت "چەندێك پارە بەسە؟" وە تۆ پلانێکی دارایی تازە دادەڕێژیت یان دانەیەکت پێشتر داڕشتووە کە هێزێکی زۆر ئەخاتە سەرت – بەلای کەمەوە بۆ ماوەی مانگێك یان دوو مانگ – تاکو دابونەریتێکی تازەی ژیانت بۆ دروست دەکات لەڕێگای ئەم پلانە تازەیەوە.

بەشی دواتر "دروست کەری وێنە" یارمەتیت ئەدات تێبگەیت کە چۆن و بۆچی پێویستە خۆت ببینت کە ئەو شێوە تازەیە بەدەست دەهێنیت. بەڵام بۆ کاتی ئێستا، ئەوەت لەبەرچاو بێت کە داهاتت زیاد دەکات، ئەو ١٠٪ یەی پاشەکەوتت کردووە ئەویش زیاد دەکات، وە ئەو ٢٠٪ ەی کە بۆ قەرز دانەوە داتناوە ئەویش زیاد دەکات، کە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ئەتوانی قەرزەکانت بە خێرایی بدەیتەوە. زیاتر لەوەش، دواتر لە ٩٠٪ ی داهاتت بۆ ئەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لەسەری بژیت. (ئەتوانم ببینم ئێستا زۆر دڵخۆشیت دەربارەی ئەم بیرۆکەیە!)

# بەشی سێیەم
# دروستکەری وێنە

## دروستکەری وێنە

ئەوبیرۆکانەی لەم بەشەدایە بڕینێکی زۆر باش ئەبێت بۆ تۆ، لەبەرئەوەی دروستکردنی وێنە، کاتێك زۆر بە باشی دەستی پێوە بگرین، ئەبێتە بیرۆکەیەکی ڕاستەقینەی بزۆك.

لە تۆمیۆ چەند ساڵێك لەمەوبەر قسەم ئەکرد، بۆ گروپێکی گەورە لە خەڵکانی بازرگان، کاتێك پیاوێکی بەتەمەنی بەڕێز لە نێوان بەشداربواندا کتوپڕ وەستاندمی لەوکاتەی بیرۆکەی دروستکردنی وێنەم شی دەکردەوە.هەستایە سەرپێ و بەشداربوانی ئاگادار کردەوە کە تەمەنی ٦٥ ساڵە، پێش ئەوەی لەم بیرۆکەیە تێ بگات. وتی کە پێشتر دەربارەی ئەمە خوێندومەتەوە، بیرم لێ کردۆتەوە، تەنانەت قسەم لە بارەوە کردووە، بەڵام ئەو بەڕاستی هیچی لێ تێنەگەیشتبوو تاکو ئەم تەمەنە.

ئەمەوێت پێشنیار بکەم، ڕێك لەم ساتەدا، کە زیاتر لە جارێك ئەم بەشە بخوێنەرەوە، لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵکی دەژین و دەمرن بەڵام هەرگیز بەتەواوی لە هێزی دروستکردنی وێنە تێ ناگەن. لەوە تێبگە کە ئێمە ئەم بیرۆکەیە پەیوەست دەکەینەوە بە پارەوە لەم کتێبەدا، بەڵام ئەمەوێت ئەوە بزانیت کە هەرکات بەتەواوی لەبیرۆکەی دروستکردنی وێنە تێگەیشتی، ئەوا تۆ ئەتوانی بە کاریگەری بەکاری بهێنیت بۆ هەرشتێکی باش کە ئارەزووی دەکەیت.

نـاتوانم بـه دەقیقـی ئـەو ڕۆژەت پـێ بلـێم کـە خـۆم بـە تـەواوی لـ
دروستکردنی وێنە تێگەیشتم، بەلام ئەتوانم پێت بلێم کە کاریگەریەکی
زۆری لەسەر ژیانم هەبوو وەك هەر بیرۆکەیەکی تر کە فێری بووم.
زانینـی دروسـتکردنی وێنـە بەربـەرەکانی لـە ژیانتـا لادەبـات، لـەڕێگای
گواسـتنەوەتەوە لـە ئاسـتی بەربەرەکانیـەوە بـۆ ئاسـتی داهێنـان.
لەماوەیەکی زۆر نزیکدا لەوە تێ دەگەن کە لەڕاستیدا، تەنها بەربەرەکانی
کە هەتانە بریتیە لە نەزانینی خۆتان.

ئەم بیرۆکەیە بە ڕاستی کاریگەری لەسەرم هـەبوو، وای لـێ کـردم زۆر ورد
بم، ئەتوانم بلێم کە بەشداری پـێ کردنـی ئـەم بیرۆکەیـە لەگەڵ ئێوەدا
دڵخۆشـم ئـەکات، لەبەرئـەوەی ئـەزانم توانـای هەیـە کـە چـۆن هـەموو
ڕووەکانی ژیانتان چاك بکات. زۆر بە ڕاستی پێم خۆشە کە دەبینم خەڵك
گەشە دەکات یان دەکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی بیرۆکـەی تـازە لـە وشیارییاندا
تۆمار بکەن.

بەلام پـێش ئـەوەی دەست بکـەین بـە هـەڵکۆڵینی ئـەم بیرۆکەیـە، تکایە
تێبگە لەوەی کە هەموو کەسێك بیرۆکەی وێنە دروسـتکردن بـەکاردەهێنێ
وە هەموو کەسێکیش هەیـەتی. لـە ڕاسـتیدا، هـەر شـتێك کـە دێتـە ژیانی
تۆوە بەهۆی دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی پرۆسەی دروسـتکردنی وێنەوەیە.
لەبەرئەوە، گەر تۆ بەتـەنها ئاگاداری ئـەو ئەنجامانـە بیت کـە بەدەستت
هێنـاون، ئـەو کـات بـۆت دەردەکـەوێت کـە ئـامرازێکی زۆر مـەزنت
بەکارهێناوە. تەنها سەیرێکی ئەو ئەنجامانە بکە کـە زۆرینـەی خـەڵکی بە
دەستیان هێناوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئەتوانی بڵێیت کـە ئـەوە شتێکی

زۆر ڕوونە کاتێك ئەوان تواناى دروستکردنى وێنەکەى خۆیان بەڕێگایەکی هەڵە بەکارهێناوە.

تۆ وێنە دروستکەریت

زۆرینەی ئاینەکان ئەوە فێری خەڵکی دەکەن کە خوا بەپرسیاری یەکەمە بۆ هەر شتێك کە دروستی کردووە لەم جیهانەدا، من بە تەواوەتی پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەم. هەرچەندە، وەك مرۆڤ، پێویستە مرۆڤایەتی بەپرسیارێتی ئەوە هەڵگرێت کە خوا ئەیخاتە ژیانیانەوە.

وەزیر و جوتیار

چیرۆکێك هەیە کە جارێکیان گوێم لێ بووە ئەم زۆر باش ڕون دەکاتەوە. ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش، وەزیرێك بەسەر شەقامی شارێکدا دەڕۆشت، تاکو ڕێی کەوتە کێڵگەیەکی زۆر جوان. کێڵگەکە زۆر بە باشی پارێزگاری لێ کرابوو. زۆر بە جوانی پەرژین کرابوو، بەروبومێکی سەوزی جوان وە خانوەکە کەمێك لەسەر جادەکەوە دورتر دروستکرابوو، بەڵام زۆر پاك و خاوێن بوو وە بە بۆیاغی سپی بۆیە کرابوو. گوڵی باخ بە چواردەوری خانوەکەدا چێنرابوو، وە بە هەردوو دیوی ڕێگاکەشدا، شەقامێکی پان، دەچووە سەر شەقامی گشتی. بە ڕیزی ڕێك و پێك بەدرێژایی هەردوولا ڕێگاکەدا درەختی بەرز دیمەنێکی دڵڕفێنی بە ئاسمانە شینەکە بەخشی بوو. گژوگیایەکی چڕی سەوز چواردەوری ماڵەکەی گرتبوو. لەڕاستیدا تەواوی وێنەکە لە ڕەسمی پۆست کارد دەچوو، بۆیە زۆر شوێنێکی نایاب و دڵڕفێن بوو.

ئینجا وەزیر سەیری لای ڕاستی خۆی کرد، سەیری ئەوبەری جادەکەی کرد. زەویەکان جوت ئەکران، وەزیر سەری سوڕمابوو لەو ڕێگایەی کە جووتیان پێ ئەکرد لەسەر یەك ڕیزی ڕێك، وەك ڕیزی خەیاتی جلوبەرگ، لە دوریەکی ئەولاتر، وەزیر جوتیارەکەی بینی لەسەر تراکتۆرەکەی بوو، کلاوێکی پوشی لەسەردا بوو. وا دیاربوو جوتیارەکە بەرەو جادەکە دەڕۆیشت لەکاتێدا بە گاسنی تراکتۆرەکە زەوی ئەکێلا. وادیاربوو وەزیر پەلەی نەبێت، ئوتومبێلەکەی بردە لایەکی ڕێگاکە، دابەزی لێی، بەرەو ڕووی پەرژینەکە ڕۆشت. کاتێك گەیشتە پەرژینەکە، کەمێك وەستا، خۆشی لە شنەباکە ئەبینی، تیشکی گەرمی خۆرەکە و جوانی سروشتی کێڵگەکە و توانای جوتیارەکە بۆ کێڵانی زەویەکە بە ڕێك و پێکی جێی دڵخۆشی وەزیر بوو.

لە کاتێکدا جوتیارەکە زەویەکەی ئەکێلا بەرەو ڕێگاکە، تێبینی کرد وەزیرەکە خۆی بەسەر پەرژینەکەدا لار کردۆتەوە. بۆیە تراکتۆرەکەی وەستاند و دابەزی لەسەری، بە هێمنی بە ئاڕاستەی وەزیر ڕۆشت. کاتێك جوتیارەکە لە وەزیرەکە نزیك بۆیەوە وەزیر زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، قۆڵی بۆ بەرز کردەوە، ئەیجولاند بۆی ئەیوت "پیاوە باشەکەم، ئەڵبەت خوا خۆشی ویستویت وا ئەم کێڵگە جوانەی پێ بەخشیویت"

جوتیارەکە وەستاو دەستەسرێکی سوری کۆنی خاڵخاڵی دەرهێنا بەو دەستە وشکە ترسناکەی. قۆڵی بەرز کردەوەو ئارەقەی ناوچەوانی سڕی، هێشتا وشەیەکی نەوتووە. ئینجا بەدەستەکەی تری بەنەرمی تەڵە پوشێکی درێژی لە دەمی دەرهێنا کە ئەیجولاند بەم لاولادا لە کاتێکدا ئەڕۆیشت.

کەمێك بەبێ دەنگی مایەوە و سەیری وەزیری ئەکرد، ئینجا دەستی کرد بە قسە. بە هێواشی و دەنگێکی جێگیر وەڵامی وەزیری دایەوە "بەڵێ بەڕێز، تۆ ڕاست دەکەیت. خوا خۆشی ویستوم ئەم کێڵگە جوانەی پێ بەخشیوم، بەڵام خۆشحاڵ دەبووم ئەو کاتە بتبینیایە کە هی خۆی بوو!"

لەو وێنانە تێبگە کە وێنەی عەقڵی بوون لە بیرۆکەوە دروست کرابوون، وە جوانی عەقڵ لەوەدایە کە ئەتوانێ بیربکاتەوە. ئەمە پێمان ئەڵێت، ئەتوانین بچینە ناو بیرکردنەوەکانەو ئەو وێنانە دروست بکات کە عەقڵ هەڵی دەبژێرێت.

ئێستا بۆ چەند خولەکێك یاری لەگەڵ مێشکت بکە وە بزانە ئەتوانیت وێنەیەك لە مێشکتا بگریت یان وێنەیەك بە دوایدا وێنەیەکی تر لەسەر شاشەی عەقڵت. ئەمە وەك ئەوە وایە کە تۆ لەناو لاشەتدا دانیشتبیت سەیری شانۆگەرییەك بکەیت، وە تۆ نوسەرەکەیت، بەرهەمهێنەرەکەیت وە دەرهێنەرەکەشی لەو فلیمەی کە سەیری دەکەیت.

لە کتێبێکی زۆر بەپێزدا کە چەند ساڵێك لەمەوبەر خوێندمەوە لە ژێر ناونیشانی "زانستی دەوڵەمەند بوون"، نوسەرەکەی والاس دی. واتڵس، ئەتنێرێت بۆ "بیرکردنەوە توانای بڕین و بڵاوبونەوەو پڕکردنەوەی بۆشاییە گەردونیەکانی هەیە" ئەوە ڕاستە، ئەو بیرۆکانە لەهەموو شوێنێك هەن وە ئەتوانین بڕۆینە ناو شێوازی بیرکردنەوەی مێشکمانەوەو هەر وێنەیەکمان بوێت هەڵیبژێرین و دروستی بکەین.

ئێستا ئاگاداری ئەم ڕاستیە بە. بمانەوێت هەرچیەك بکەین وێنەیەك پێشی دەکەوێ. یەکەم جار بیردەکەینەوەو شێوەکە دەکەینە وێنەیەك، ئینجا کار بۆ بەدی هێنانی ئەکەین.

## دروست کردنی یەکەم کورسی

بۆ ساتێك ڕامێنە لەوەی یەکەم کورسی چۆن دروستکرا. خۆ پێشتر ئێمە کورسیمان نەبوو، ئەزانی. لەوبڕوایەدام، سالأنێکی زۆر پێش ئێستا کاتێك یەکەم جار ڕووەو شارستانی بوون هەنگاومان نا، کەسێك بێزار بوو لەوەی لەسەر زەوی دابنیشێت. ئەو کەسە هەر کێ بوبێت، دەشێت دەستی کردبێت بە بیرکردنەوە، وە وێنەیەکی لە مێشکیا بینیوە. دەشێت خۆی دیبێت دانیشتبێت لەسەر "شتێك" کە قاچەکانی بۆ زەوی بوبێت و پشتەکەشی بە شتێکەوە بەسترابێت. ئەم وێنە یان بیرۆکەیە هانای بردووە بۆ لای ئەو، لەبەرئەوەی خەیاڵی ئەوەی کردووە کە لە حاڵەتێکی زۆر ئیسراحەتردا دابنیشێت، ئەڵبەت زۆر ئیسراحەتتر تاکو ئەوەی لەسەر زەوی دابنیشێت و ئەژنۆکانی بە توندی ڕوبکاتە سەرەوە بۆ ژێر چەناگەی!

لەو کاتەوەی ئەو وێنەیە هانای بۆ ئەو کەسە بردووە، ئەو کەسەش زۆرینەی کات بیری لەو کردۆتەوە، تاکو ئارەزووی ئەوەی بۆ دروست بووە ئەم شتە گەشە پێ بدات. ویستەکە کەسەکەی جولأندووە بۆ کردار، وە لەگەڵ ئەو ڕەسمەی کە لە مێشکیدا بووە، دەستی کردووە بە دروستکردنی شتێك لەدەرەوەی خۆی – لە جیهانی مادیدا – وێنەی ڕاستەقینە زۆر نزیك بووە لەو وێنە خەیاڵیەی کە لە مێشکیدا بووە.

هەرکە شتەکە تەواو بووە، کەسەکە لەسەری دانیشتووە. قاچەکانی شۆڕ کردۆتەوە بۆ خوارەوەو پاڵی پێوەداوە، وە بۆی دەرکەوتووە کە شتێکی باشە. دواتر ئەو شتەی ناوناوە "کورسی". وشەی "کورسی" هێمایەکی هاوشێوەیە بۆ وێنەکە وە کاتێك هێمای کورسی دەبینی یان گوێت لێ دەبێت ڕاستەوخۆ وێنەی کورسی لەسەر شاشەی مێشکت دروست دەبێت. لەو کاتەوە بۆ ئێستا، خەڵکی تر وێنەی کورسی ئیسراحەتتر دروست دەکەن وەك کورسی و ناوپۆشەکەی، کورسی قەدکراو و کورسی ڕاخراو. ئینجا کەسێکی تەنها بە تەنها دانیشتووە وە کەسێك دەست دەکات بە بیرکردنەوە وە ئەوان وێنەی کورسیەکی زۆر درێژیان لە مێشکیاندا دروست کرد. کورسیە درێژەکەیان دروستکرد و زانیان کە شتێکی باشە وە ناویان نا "قەنەفە".

ئەتەوێت بەردەوام بین؟ کەسێك هەستی بە هیلاکی کردو چووە ژێر دارێکەوە بخەوێت ئەوان وێنەی سەقفێکیان دروست کرد بەسەر سەریانەوە، بۆیە لە ئەشکەوت دەرچوون بەرەو شار. ئەو ژیانەی ئێستامان دروست کرد.

کۆلۆمبۆس وێنەی جیهانێکی تازەی کێشا من و تۆ وا لەسەری دەژین (مەبەستی ئەمریکایە — وەرگێڕ). براکانی ڕایت وێنەی پەروانەیان بۆ کێشاین لە هەوادا وە ئێمەیان بردە جیهانی پاشاوە. سامیۆل مۆریس وێنەیەکی کێشا بۆخۆی کە ڕێگری لە وزە کرد بە ناو وایەری کانزاییدا بڕوات تەلەگرافی ئەمرۆی پێ بەخشین بەهۆی کۆدی مۆریسەوە. کۆپەرنیکۆس تەعەدوودی جیهانی کرد بە وێنەیەك و ئێستا ئێمەی لەسەری دەژین.

بەدرێـژایی چـەندین سـاڵ، مێـژوو ئـەنجامی چـەندەها کەسـی مـەزنی بۆ تۆمارکردون کە خاوەنی خەون بوون. لەڕاستیدا، هەموو ئـەو شتانەی کە تائێستا بونیان هەیە لـە سـەرەتادا، بـۆ ماوەیـەك، هـیچ نـەبوون جگـە لە وێنەیەك کە لە مێشکی نەخشـە کێشـەکەدا بـووە. ئێسـتا بزانـە کـە تـۆش هەروەها نەخشەکێشی عەقڵی چارەنوسی خۆتی.

ڕۆشتن بۆ سەیر کردنی فیلم

ڕابمێنە لەمە: جاك نیکلس، یـاریزانی گـۆڵفی جیهـانی، ڕونـی کـردەوە کە تەنانەت داری گۆڵفەکە ناگرێت بە دەستیەوە تاکو وێنەیەکی ڕوون لەسەر شاشەی مێشکی نەکێشێت کە پیشانی بدات چۆن بـە تـەواوی تۆپەکـە لە هەوادا ئەڕوات وە چۆن بەر زەویەکە ئەکـەوێت وە دوای ئـەوەی ئەکەوێتـە زەوی و ئەچێتە نـاو کونەکـە. نـیکلس بەمـە ئـەڵێت "چـوون بـۆ سـەیری فلیمێك" وە ئێستا ئەو کەسێکی زۆر لێهاتووە لـە گۆڵفـدا، وە لـە جیهانـدا ناسراوە. خاوەنی ناوبانگ و دەوڵەمەندیە.

لە برگەکانی پێشوودا، ئاماژەم بە سەرچاوەیەك کرد لە لایـەن والاس دی. والتس کە دەڵێت "بیرکردنـەوە توانـای بـڕین و بلاوبونـەوەو پڕکردنـەوەی بۆشـاییە گەردونیـەکانی هەیـە". لەڕاسـتیدا، ئـەتوانی بـیر لـە هـەموو شتەکانی دەوروبەرت بکەیتەوە، هـەر بۆیـە ئاگـاداری ئـەم ڕاسـتیە بـە وە ئێستا بچۆرە ناویەوە. بەکاری بهێنە بۆ ئەوەی شێوەی وێنەیـەك دروست بکـەیت لـە سـەر شاشـەی مێشـکت، خـۆت ببینـە کـە خـاوەنی ئـەو بـڕە پارەیەیت کە دەتەوێت، بۆ دابینکردنی ئەو شتانەی پێویستتە، بۆ ئـەوەی بەو شێوازە بژیت کە خۆت هەڵی دەبژێریت.

**گەشەی کەسێتی**

تۆش هەمان توانی عەقڵی بەکاردەهێنیت کە ئەوانی تر هەیانە. هەمان توانای عەقڵی کە ئەوانی تریش بەکاریانهێناوە وەك کۆپەرنیکۆس، بوزا، مۆریس کە پێشتر ناویانمان هێنا. لەوانەیە نەریتێکی بیرکردنەوەی وەهات بۆ خۆت دانابێت کە ئەو کەسانەی پێشتر باسمان کردن جیاواز بوون لە من و تۆ. بەلام ئەمەوێت بزانیت کە تەنها جیاوازی نێوان تۆو ئەوان، یان هەر یەکێکی تر، تەنها ڕوخسار و جێبەجێ کردنە. هەموومان لە ناو جەستەیەکی جیاواز لەیەکتر ئەژین وە هەموشمان بە زگماکی توانا عەقڵیەکانمان بە ڕێگایەکی جیاواز بەکاردەهێنین. بەلام هەموو پێکهاتە سەرەکیەکانمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی چونیەکە.

زۆر دڵنیام کە زۆرێك لە پرۆفیسۆر خەڵکانی تری لێهاتوو هەن کە پێت دەڵێن ئەوەی ئێستا من وتم زۆر وتەیەکی پڕوپوچە. بەلام دژە هاوڕاکانیان وەك ئەوانەی هەمیشە کەسانی بەپەرۆشن وە هەرواش دەبن، بە بڕوای من، کەسانێکی کەمن. هەمو ئەوانەی کە بە ڕاستی سەرکردەی مەزنن بەتەواوی لەگەڵ مندا هاوڕان لەو ڕایەی کە پێشتر شیم کردەوە، دەربارەی یەکسانیت لەگەڵ کەسە مەزنەکاندا لە ڕابردوو داهاتوودا.

تەنانەت عیساش هەوڵیدا بە هەموو جیهان بڵێت، لە کاتێکدا کارە مەزنەکەی خۆی دەکرد نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا، کە تۆش ئەتوانی ئەو کارە بکەیت کە ئەو دەیکرد. لەڕاستیدا، هەنگاوێك زیاتریش ئەچووە پێش کە دەیوت "تەنانەت لەمەش مەزنتر ئەتوانی ئەنجام بدەیت" بڕوای پێ بکەن، ئەو ڕاستیەکەی دەووت. کەمێك لە خەڵکی دەڵێن، ئەوە مەبەستی ئەو نەبوو. بەلام ڕێم بدە دڵنیات بکەمەوە،

بەڕاستی هەر ئەوە مەبەستی عیسا(درودی خوای لەسەر بێت) بوو. گەر تەنها تۆ ببینی و بڕوای پێ بکەیت کە ئەتوانی ئەنجامی بدەیت.

ناپلیۆن هیل هەموو تەمەنی خۆی لە لێکۆڵینەوە لە پێنج سەد کەسایەتی مەزنی جیهانیدا بەسەر بردووە، کرۆکی لێکۆڵینەوە گشتگیرەکەی و نوسینەکانی لە کتێبێکی مەزندا نوسیوە، "بیر بکەرەوەو دەوڵەمەند بە".

"هەرچیەك مێشك خەیاڵی بکات و بڕوای پێ بکات ئەتوانێت بە دەستی بهێنێت" زۆرێك لە خەڵکی بڕوا بەمە ناکەن، بەڵام ئەوەی بڕوای پێ دەکات، بۆ خۆیانی ئەسەلمێنن. ئێستا ئەمە بۆ خۆت ناسەلمێنی.

تەنها وێنەکە لەسەر شاشەی مێکشت دروست بکە و سەیربکە بزانە چی ڕودەدات. لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرت بێت، بەبێ گوێدانە بەهێزی ئەو شتانەی ڕوبەڕوی دەبیتەوە، پێویستە بەردەوام بیت لە هەڵگرتنی وێنەی گەشەی کەسێتی. لەوانەیە ڕوبەڕوی زنجیرەیەك هەڵکەوتی وەها ببیتەوە، کە بۆ ماوەیەك، قایلت بکات بەوەی کە لەڕاستیدا تۆ بەرەو دواوە ئەگەڕێیتەوە، بەڵام سوربوون کلیلەکەیە. بەردەوام بە لەسەر هەڵگرتنی وێنەی گەشەی کەسێتی وە تێبگە لەوەی ئەوەی ڕودەدات بۆ تۆ، ئایا ئەوەیە کە دەبێت ڕوبدات؟ بۆ ئەوەی ئامادە بیت ئەو باشییەی ئارەزووی دەکەیت وەری بگریت.

"سوربوون" – ناپلیۆن هیل یەك بەشی کاملی لە کتێبی "بیربکەرەوەو دەوڵەمەند بە" تەرخان کردووە بۆ سوربوون. لەو بەشەدا دەڵێت "لەوانەیە دەربڕینێکی باڵەوانانە لە وشەی سوربوندا نەبێت، بەڵام کەسایەتیەکە لە جۆری ئەو پیاوانەدایە کە لە کاربۆنەوە ئەبن بە ئستیل" هیل خاڵێکی تر لەهەمان بەش باس دەکات، کە تەنها شتێك تۆماس

ئەدیسۆنی لە هێنری فۆرد یان لەهەر کەسێکی تر لە دنیادا جیا کردبۆوە تەنها سوربوون بوو. بۆ هەر یەك لەو دوو پیاوە مەزنە وێنەیەك هەبوو کە ڕێگەیان نەدا هیچ کەسێك یان هیچ شتێك وازیانپێ بهێنێ تەنها سوربوون بوو. یەکیان دنیای ڕوناککردەوە، ئەوی تریان جیهانی خستە سەر تایە.

هەردوکیان بێگومان، شەرەفمەندانە خەلآت کران.

لە بەشی پێشوودا، شیمان کردەوە کە پارە خەلآتێکە بۆ ئەو خزمەتەی پێی دەکەیت. ئەو پیاوانە خزمەتێکی زۆریان بە خەڵکانێکی زۆر کرد وە خەلآتەکەشیان ڕاستەوخۆ وەرگرتەوە بۆ ئەو خزمەتەی کە پێشکەشیان کرد. بۆیە وێنەی گەشەی کەسێتیت دروست بکە و سوربە لەسەری. ڕێگای گەیشتن بە وێنەکەت خۆی بۆت دەردەکەوێت.

سوربوون هەمیشە نرخی خۆی هەیە

چەند ساڵێك لەمەوبەر، جۆن کەناری، هاوڕێ و هاوکاری بازرگانیم، باسی ئەو بەشەی کتێبەکەی ناپلیۆن هیلی لەگەڵ کردم "سوربوون". هەردوکمان وەك یەك کاریگەر بووین وە دڵنیا بووین لەوەی کە دەبێت خەڵکێکی زۆر ئاشنا بێت پێی بۆ ئەوەی سودی لێببینن بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان.

پاش ماوەیەك و نزیك بوونەوە لە کۆتای هێنان بە گفتوگۆکەمان، هەردوکمان ڕەزامەند بووین کە هەریەکێکمان بەشی "سوربوون" بۆ ماوەی سی ڕۆژ ڕۆژانە بخوێنینەوە. تەنانەت نەمزانی ئایا ئەم مەشقە هاوکاری جۆنی کرد یان نا، بەلآم دڵنیام کردویەتی، وە مەشقەکەش بە دڵنیاییەوە سودی بە من گەیاند لە چەندەها شوێندا.

چیرۆکێکی خۆش هەیە سەبارەت بە جۆن کەناری، کە زۆری پێ خۆش دەبێت لێەدا بۆتان باس بکەم، لەبەرئەوەی "دروست کردنی وێنەی خەیاڵی" و هەروەها "سوربوون" ڕوندەکاتەوە.

ئەگەرچی بۆماوەی چەند ساڵێك دەبێت جۆن کەناری ئەناسم وە لەچەندین بۆنەی جیاوازدا قسەمان لەگەڵ یەك کردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەو هۆگریە نەمناسیوە تاکو ئەم کاتەی کە ئێستا ئەینوسم بۆتان. زۆر گرنگە بەلامەوە کە لێرەدا باسی ئەکەم، کە بەکورتی ئاماژەی بۆ دەکەم. ئەو ڕوداوەی کە بۆتان باس دەکەم ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١.

من لە شیکاغۆ ئەژیام لەو کاتەدا وە تازە لە قسەکردن لە شاری ئیدمینتۆن، ئەلبێرتا بوبومەوە (شارێکە لە کەنەدا — وەرگێڕ). کاتێك گەڕامەوە ژورەکەم، نامەیەکی تەلەفۆنیم بۆ هاتبووکە پەیوەندی پێوە بکەم ئەویش جۆن کەناری بوو، لە بیلیڤیل، ئۆنتاریۆ، کەنەدا. تەلەفۆنم بۆ کردو پاش قسە کردنێکی کەمی چەند خولەکی، جۆن وتی زۆر گرنگە بەلایەوە کە بمبینێت، شتێك بوو ئەیوست گفتوگۆی بکات لەگەڵمدا بەڵام نەیدەویست لە تەلەفۆندا بۆم باس بکات. بە جۆنم ووت چاوەڕێ بکە تاکو سەیرێکی خشتەی کاتەکانم ئەکەم، سەیرم کرد مەجالی تیا نیە. زۆر بێ کات بووم، بەلای کەمەوە ئەبوو وا بڵێم، چونکە بە نزیکەیی ڕۆژانە یان سیمینارێك یان مەوعیدی قسەکردنێکم هەبوو هەرجارەو لە یەکێك لە شارەکانی باکوری ئەمریکا. ئەمەم بۆ جۆن شی کردەوەو پێم وت کە ئەگەرچی حەز ئەکەم سەردانت بکەم، بەڵام بەڕاستی نازانم کەی ئەتوانم. جۆن سوربوو لەسەری، بۆیە وتم "گوێبگرە، ئەمشەو سەفەر ئەکەم د

ئیدمینتۆن جیٚ دەهیٚڵم ئەچمەوە شیکاغۆ لە نیوەشەودا ئەڕۆم. بۆ گەڕانەوەم بۆ شیکاغۆ ئەبێت بچمە تۆرنتۆ. سەعات ٧ ی بەیانی لەویٚ ئەبم. ئینجا ئەبێت تەرمیناڵەکان بگۆڕم لە تەرمیناڵی دووەمەوە ئەڕۆم، پاش سەعاتێك و ٥٥ خولەك. لەوکاتەدا خۆشحاڵ دەبم گوێم لێت بێت، بەڵام بەڵێن نادەم کە زۆر چوست و چالاکانە گوێت بۆ بگرم پاش ئەوەی هەموو شەوەکە لەسەر فڕۆکە بووم.

ئەوەش گرنگە باس بکەین کە جۆن پێویستە ئەوەندە زوو هەستێت لەخەو کە ١٢٥ میل لە بیلیڤیلەوە ببڕێت بەرەو تۆرنتۆ بۆ ئەوەی کاتژمێر ٧ ی بەیانی من ببینێت. لەبیرمە هەموو ئەوەی کە جۆن وتی، "من لەویٚ ئەبم"

ڕۆژی دواتر لە قاوەخانەی فڕۆکەخانەدا دانیشتبووم وە گوێم گرتبوو کاتێك جۆن شی ئەکردەوە بۆم و ئەیوت کە چۆن ویستویەتی ئەوەی من کردومە ئەویش بیکات. ئەویش ئەیویست سیمینار بەڕێوەبەرێت. ئەوەشی شیکردەوە کە خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی نرخەکەی بدات، نرخەکەی هەرچەند بێت.

لەوکاتەی گوێم لیٚ گرتبوو، وەك ئەوە وابوو گویٚ لە گۆرانیەکی بەناوبانگ بگرم لە ڕادیۆ – کە بەردەوام گوێت بۆ گرتووە، بەردەوام و بەردەوام دوبارە. نزیکەی لە هەموو ئەو سیمینارانەی ئەنجامم داون ژنێك یان پیاوێك هەبووە ویستویانە ئەوە بکەن کە من ئەیکەم. گوێم لەمە بوو لە بیلۆکسی، میسیسیپی، بووتی، مۆنتانا، لۆس ئەنجلس، نیویۆرك، مۆنکتۆن هەروەها مۆنتریال، ئەم ئاوازە کۆن بوو ئەوەندە گوێم لیٚ بوو.

ئێستا، ئەوەتام لە تۆرنتۆ لەگەڵ هاوڕێیەکدا کە پێشتر ناوەکەیم هێنا، ئەپرسێت "پێویستە چی بکات؟"

لەو کاتەوەی گوێم لێگرتبوو، هەمان وێنەم لەبەرچاو بوو وەک ئەوانی تر، کە لە مێشکما جارێکی تر فلاشی لێ ئەدا. هەموو ئەو گەشت کردن و ترسی هەستانە سەرپێ و قسەکردن لە هۆڵێکی گەورەی ئوتێلدا کە پڕیەتی لە خەڵك کە ئەیانەوێت چێژ لە قسەکانت وەرگرن بیرم دەکەونەوە، بەلام هەموو ئەوانەی بەشێوەیەکی عەقڵانی ئەتخەنە ناو سجنەوە لە هەمان کاتدا، بیر ئەکەنەوە لەوەی "ئایا ئەم پیاوە ئەزانێت دەربارەی چی قسە دەکات؟" لە زۆر حاڵەتدا، وەك ڕێکەوتن نامەی فرۆشتن، تۆ چل خولەکت لەبەردەستایە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی بۆ دروست کردنی ڕاپۆرتێك لەگەڵ چەند سەد کەسێکی نەناسرودا وە بتەوێت دەربارەی خۆیان کاریگەر بن (مەبەستی خۆیەتی کاتێك سیمینار پێشکەش دەکات – وەرگێڕ) .

ئەو ساڵانەی کە بەخەبەر بووم بە شەوان و ئەمخوێندەوەو لێکۆڵینەوەم ئەکرد، ئەو ساڵانەی کە خۆم فێردەکرد لە ئامادەبوونم لەو سیمانارانەی لە تەواوی قارەکەدا ئەکرا، ساڵانێکی زۆر لە کارکردن بۆ ئامادەکردنی خود بۆ هەڵگرتنی سەرنجی کۆمەڵە خەڵکێك بەدرێژایی ڕۆژ لە سیمینارێکدا، ئەوانە هەموویان کۆمەڵ وێنەیەك بوون پێشبڕکێیان بود لەناو مێشکما. پێویستم بە ١١ ساڵ بوو تاکو گەیشتمە ئەو خاڵە.

بەلام تۆ چۆن ئەڵێیت، "نەخێر هەرگیز نەتکردووە" کاتێك کەسێکی وەك جۆن پرسیارت لێ دەکات، بەتایبەت کاتێك کرۆکی ئەوەی فێری بوێت ئەوەیە کە ئەتوانیت هەموو شتێك بکەیت. هێشتا، چۆن ئەتوانی بڵێیت

"بەڵێ" کاتێك هەموو ئەوانەی ئەتناسن، بەدەر لەو دوان سیانەی کە بە تەنیشتەوە دانیشتوون ، ناتوانن ئەوە بەدەست بهێنن کە بژین لە تەنیشتی کەسانی بازرگانەوە تاکو خۆیان بەناوبانگ نەبن. (کە ئەوەش بە تەواوی چیرۆکێکی جیاوازە).

کاتێك جۆن کەناری تەواو بوو، ئەوەم پێ وت کە بەهەموو ئەوانی ترم وتبوو " بەڵێ، تۆ ئەتوانی ئەوە بکەیت، بەڵام ئەوە قورسە. دڵنیا بە لەوەی تێبگەیت لەوە جۆن. شتێکی قورسە. پێویستە لەسەرت هەوڵێکی جدی زۆر بدەیت، لەبەرئەوەی تەنها ئەوە پێویست نیە کە بزانیت چی ئەڵێیت، بەڵکو پێویستە هەزارەها وەڵام بزانیت لە کاتێك پرسیارێك سەرهەڵدەدات لە ئەنجامی ئەو قسانەی کە دەیڵێیت. هەندێك لە پرسیارەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕی لێهاتووەوە دێن — دکتۆری پزیشکی، ئەندازیاران و پارێزەران، کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا ئەوان ئەزانن لەبارەی چیەوە قسە دەکەن. کەواتە تەنها ئەوە پێویست نیە کە تۆ ڕاست بیت، بەڵکو دەبێت دڵنیاش بیت، یان باوەڕپێکراو نابیت لەلایەن گوێگرانتەوە، وە گەر ئەوە تەنها دوو سێ جار ڕوبدات ئەوا تۆ لەدەرەوەی متمانەی خەڵك دەبیت.

بەڵکو تۆ تەنها پێویست نیە لێکۆڵینەوە لەم بیرۆکانەدا بکەیت، پێویستیشە بەکاریان بهێنی، یان هیچ تاوانبارکردنێك لە قسەکانتدا نابێت، (واتە هاودژیەك هەبێت لە نێوان ئەوەی فێری بوویت و ئەوەی ئەیڵێیت) کە بەتەنیشتی ئەستەمەوەیە، بۆ نمونە، کەسێکی نەخۆش کەسێك فێری لەش ساغی بکات.

پێویستە لەسەرت گەشە بە لێهاتوویی خۆ کۆنترۆڵ کردن و دەنگ کۆنترۆڵ کردن بدەیت، بەردەوام و بەردەوام. بەکورتی، جۆن بۆ هەرکەسێك بیەوێت ئەنجامی بدات هەزارەها کەوتنی بەدبەختانە چاوەڕوانیەتی.

عادەتەن کاتێك ئەمە شی دەکەیتەوە بۆ کەسێك، سەرباری ئەوە دەڵێت دەیەوێت بەردەوام بێت، بەلآم هەرگیز هیچ لەبارەیانەوە نابیستیتەوە. جۆنیش بەدەر نەبوو لەوان، بە مانایەك هێشتا دەیویست بەردەوام بێت. هەرچەندە، بە هەموو ڕێگاکانی تر ئەو بەدەر بوو. جارێکی تر بینیمەوە. پێم وت چی بخوێنێتەوە وە چی بکات، خوێندیەوەو کردیشی. جۆن سەدان کتێبی خوێندەوە، ئەو قوتی ئەدان. ئەیخستنە سەر شریت و لەسەیارەدا لێی ئەدا. لەسەر تێووی خۆی، بەدرێژایی وڵات دوام ئەکەوت لە سەدەها سیمیناردا دانیشتووە. هەزارەها پەڕەی تێبینی نوسیوەو زۆر تێکۆشەرانە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون.

لە کۆتاییدا، ئەوم هەبوو کە سیمینارەکانی بۆ ئەکردمەوەو دای دەخست. ئینجا خۆی بەشێك لە سیمینارەکانی بەڕێوە ئەبرد. لەسەرەتادا پڕبوو لە ترس، هەموو لەشی تەڕ ئەبوو لە تەریقیدا. هەندێك جار قەلەق ئەبوو دەربارەی ئەوەی گوێگرانی چۆن بیر ئەکەنەوە دەربارەی، کە ئەبوە هۆی ئەوەی هەرچی ئەزانی بیری ئەچوەوە، وە وەك دەزانی، ئەکرێت گوێگرێك لێی بێزار بوبێت. بەلآم سەرباری هەموو ئەوانە بەردەوام دەبوو. جۆن کەناری وێنەیەکی بۆ خۆی دروست کردبوو ئەوەی ئەکرد کە من ئەمکرد، وە نەوەستا. سوربوو لەسەری وە ئیشی بۆ ئەکرد هەمیشە و بەردەوام. ئەمڕۆ ڕێژی زۆرینەی کۆمپانیا گەورە جیهانیەکانی بەدەست

هێناوه. به نزیکەیی لە هەموو شاره گەورەکانی باکوری ئەمریکا قسەی بۆ خەڵك کردووه. وه هەروەها بە ڕۆژێك زیاتر له ساڵێکی ئەو کاتەی کە ئەوم تیا بینی بەدەست هێناوه!

کەواته گەر هەرکەسێك کە کۆمەڵێك بڕوانامەی لەدوای ناوەکەیەوه ڕیز کردووه پێی وتی دروست کردنی وێنه و سوربوون لەسەری هیچ ناکات، تەنها بۆ جۆن کەناری بگەڕێ و پرسیاری لێ بکە. ئەو پێت دەڵێ، " ئەزانم که تۆش پێت دەکرێت، چونکه من کردم"

فلیپ ناکۆلا، وەزیر بوو لە سانتا ئانا، کالیفۆرنیا، یەکشەمەیەکیان وتارێکی ئامۆژکاری کارانەی دا لێك چوو لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە، کە بەختەوەر دەبووم گوێم لێ بوایه چونکه سەردەمێك لەوێ ژیابووم. ئەو وتبووی، "پارێزگاری لە خۆت بکە بە وێنەیەکی بەرز تاکو دوودڵیەکی زم" ئەزانم کە ئەوه هەمیشه شتێکی ئاسان نیه بۆ کردن، بەڵام نرخێکی ۆر ئەبەخشێ بە کەسێك کە گەشە بە عەقڵی ئەدات بۆ ئەنجامدانی، بونکه هێزی ئەقڵی ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

ێنەکەت دروست بکە ئێستا وه گەشە بە هێزی عەقڵیت بدە بۆ ـلگرتنی.

ـالأنێك لەمەوبەر، پێش مردنی ناپلیۆن هیل، ئێرل نایتنجل، کتێبی بکەرەوەو دەوڵەمەند بەی ناپلیۆن هیلی بە چڕوپڕی کرد بە شریتی ـارکراوی دەنگی. لە کۆتایی تۆمارەکەدا بەڕێز هیل هات تاکو کۆتایی تۆماره دەنگیەکە بهێنێت. ئەو وتی "وه ئێستا من دەستی هاوڕێیەتی کات و بۆشایی درێژ دەکەم، ڕێم بدە بیرت بهێنمەوه، مەچۆ بگەڕێیت

بۆ هەلێك لەگەڵ دوریدا، بەڵکو پێی بگە و لە ئامێزی بگرە لە هەرکوێدا پێی گەیشتی"

والتس وتویەتی "بیرکردنەوە توانای بڕین و بڵاوبونەوەو پڕکردنەوەی بۆشاییە گەردونیەکانی هەیە" هەردوکیان هەمان شتمان پێ دەڵێن. کەواتە ئێستا وێنەی خۆت دروست بکە، لەهەر شوێنێکدایت. تەنانەت مەوەستە تاکو ئەم کتێبە تەواو دەکەیت. ئێستا دروستی بکە وە ڕێگا بدە ئەوەی لەم کتێبە ماوە وێنەکە بەهێز بکات. تەنها وێنەکە بخەرەوە ناوەڕاستی لاشعورتەوە. ڕێگای بدە دەربکەوێت لە مێشکتا.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەبێت، زۆر دڵنیام و ئەزانم لەو هێزەی کە هەڵئەقولێت لەناوتا بۆ هێنانەدی شتی باش لە ژیانتا، کاتێك ڕەسمێکی گونجاوت هەلگرت لەناو مێشکتا، وە ئەم ڕاستیە مەزنە لێپرسراو بووە لە زۆر شتی جوان کە ڕویداوە لە ژیانی خۆمدا. زیاتر لەوەش، ژمارەیەکی زۆر نمونەم بینیوە لەوەی کە وێنەی گونجاو چی کردووە لە ژیانی خەڵکانی تریشدا.

## چیرۆکی پاوڵ هەتسی

کەمتەرخەم دەبم گەر ئەم بەشە کۆتایی پێ بهێنم بەبێ باس کردنی چیرۆکی پاوڵ هەتسی بۆ ئێوە، هەموو ئەمە لەوکاتەوە دەستی پێ کرد کە تەلەفۆنێکم بۆ هات لە چارلی بێکەوە، کە جێگری سەرۆکی فرۆشتن بوو لە ئۆفیسی باشووری ڕۆژهەلاتی کۆمپانیای وردبینی دڵنیایی ئەمریکا، لە هیوستن، تەکساس. بانگێشتی کردبووم بۆ کۆمپانیاکەیان بۆ مەبەستی قسەکردن لە کۆنفرانسی بازرگانی ناوچەیی، کە لە تۆرنتۆی کەنەدا

ئەبەسترا. بۆی شیکردمەوە کە ئەوان چوار هەرێمی جیاوازیان هەیە وە هەر هەرێمێکیش ٣ سێ ڕۆژی دەوێت بۆ کۆنفرانس. (ئەمە مانای ئەوە بوو کە ئەیانویست بە نزیکەیی بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ کاریان بۆ بکەم لە تۆرنتۆ) هەرچەندە لەو کاتەدا من لە لۆس ئەنجلس ئەژیام، تۆرنتۆ بوو بە زێدی من کاتێک گەورەبووم. خێزان و هاوڕێکانم هەموویان لەوێ ئەژیان،هەر بۆیە سروشتیانە بیرۆکەکەم بە دڵ بوو. بەڵام پرسیارم لە چارلی کرد چەندێك ماوەم هەیە بۆ ئامادەکاری لەسەر بەرنامەکە، ئەو وتی "نزیکەی کاتژمێرێك"، لەوبڕوایەدام شتێکی باش بێت ئەوە باس بکەم لەم خاڵەدا، تا ئێستا ئەوەندە فێر نەبووم کە لە سەعاتێکدا خەڵك فێر بکەم، ئەوەم پێ ووت. بۆم شی کردەوە کە گەر بتوانێت دوو ڕۆژم بداتێ لەسەر بەرنامەکە بۆ هەر هەرێمێك، ئەوا خۆشحاڵ دەبم کە بێم و ئیشەکەی بۆ بکەم. وە بۆ هەر ڕۆژێك پێویستم بە دوو سەعات و نیو هەبوو.

چارلی لەقوڵایی سکیەوە بە پچڕپچڕی دای لە قاقای پێکەنین لەکاتێکدا دەشی ووت ئەوانە هەرگیز شتێکی لەو جۆرەیان نەکردووە، بە درێژایی مێژووی سەد ساڵەی کۆمپانیاکەیان. هەموو جێبەجێ کارەکانیان بەشێك بوون لە پرۆگرامەکەو وە هەرگیز بۆ هیچ کەسێك ئەو بڕە کاتە زۆرەیان نەداوە. هەرچەندە بە جێگیری وەستا بووم. ناوی ژمارەیەك جێگریی سەرۆکی کۆمپانیاکەیم پێ ووت کە ئیشم بۆ کردبوون وە پێشنیارم بۆ کرد کە پەیوەندییان پێوە بکات، بۆ ئەوەی بزانێت بیرۆکەکەی من شایستەی ئەوەیە. بەڵام کاتێك تەلەفۆنەکەم داخستەوە، زۆر بە ابەدڵیەوە دامخستەوە، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەو کارەم ئەویست. دانی

پیا ئەنێم کە کەمێك سەرسوڕمابووم، لەبەرئەوەی کاتێك لە هاوکارەکانی چارلی پەیوەندی پێوە کردمەوەو پێی وتم "ئەنجامی ئەدەین". وە هەروەها ئەوەشی پێ ووتم نەمزانی چۆن قسەم لەگەڵ چارلی دەکرد کە با ئەنجامی بدەین، بەڵام تەنها دوو ڕۆژت بۆ پرۆگرامەکە ئەدەینێ. تەواوی مێشکم لەسەر خاڵێك چڕ کردەوە کە دەبێت ئەو کەسانەی ئەوێ بە شتێکی زۆر تایبەتەوە جێ بهێڵم، وە گەر هەڵیانبژارد بۆ ئەوەی کاری پێ بکەن، ئەوا دەقاودەق ئەتوانن ژیانیان بگۆڕن لەماوەی شەوێکدا. (باسی ئەوە مەکە چی بکەن بۆ ئەوەی تۆماری فرۆشیان زۆر بکەن). من ئەڕۆم بۆ ئەوەی قسەیان لەسەر هێزی وێنە بۆ بکەم، یان زۆر وردتر بم، هێزی وێنەی خودی وە سودەکانی هەڵگرتنی وێنە ئیجابیەکەیان.

لەدەرئەنجامی ئەم پرۆگرامە بۆ یەکێك لە هەرێمەکان، پیاوێکی بەڕێز هات بۆ لام و وتی بەشێوەیەکی فەرمان کردنانە قسەی لەگەڵدا کردم. وتی، کێشەیەکم هەبوو، بەڵام ئێستا هەست ئەکەم کێشەکەم چارەسەربووە، لەبەرئەوەی زۆر کاریگەر بوو بەو بیرۆکانەی شیم کردەوە بەدرێژایی پێشکەش کردنی سیمینارەکە. بە نزیکەیی دووسەد لەهەر یەکێك لەو ڕێکەوتن نامە نێودەوڵەتیەدا ئامادە بوون وە ئەوەی بۆ ئەو پیاوەم شیکردەوە زۆرینەی خەڵکەکە ئەیانویست قسەیان بۆ بکەم دەربارەی، بەڵام کاتی پێویستم نەبوو بۆ ئەوەی بەتەنها لەگەڵ هەموویاندا قسە بکەم، لە کاتێکدا من تەها یەك کەس بووم. وە هەروەها ئەوەم بۆ ڕونکردەوە کە چاوپێکەوتنێکی ترم هەیە ئەبێت هەر ئێستا لێرە بڕۆم بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا لەوێ بم. هێشتا ئەو سوربوو لەسەر مانەوەم، بۆیە

قایل بووم ڕۆژەکانی تر چاوم پێی بکەوێت لە قاوەخانەکە بۆ نانی بەیانی.

ئەتوانم بیری خۆمی بهێنمەوە کە چاوپێکەوتنەکەمان وا ئەزانم دوێنێ یە. هەردوکمان دانیشتین، لەلای دەرگای قاوەخانەکەوە لە ئوتێلی هەیات هاوس لەسەر شەقامی ئەڤینۆ. هەرکە دانیشتین، یەکسەر دەستی بە قسە کردن کرد. ئاگارداری کردمەوە کە ئەیەوێت شتێك دەربارەی خۆی بە من بڵێت، بۆ ئەوی بتوانم لە کێشەکەی تێبگەم. وتی نایەوێت وا تێبگەم کە کەسێکی فشەکەرم، بەڵام بۆ من پێویستە کە ئەو زانیاریەت پێ بدەم.

ئەو دەستی پێ کرد بە وتنی ئەوەی کە ئەو کەسێکی باشە، من پێشتر ئەوەم ئەزانی دەربارەی ئەو، تەنها بە سەیرکردنی بۆت دەردەکەوت. ئەتوانم هەست بە باشی ئەو بکەم. ئینجا ڕۆشتە سەر شی کردنەوەی ئەوەی کە بۆ ماوەی بیست ساڵە بۆ ئەم کۆمپانیایە کار دەکات، لەتەواوی ئەم ساڵانەدا لە بەشی کارگێڕی ئیشی کردووە، بەڵام ئەم دوو ساڵەی کۆتا بەوە دەیبڕیەوە کە دەیوت "ئەو بەڕێوەرێکی باش بووە" ئینجا وتی سجلێکی کەسایەتی پاکی هەیە، وە لەلایەن ستافی جێبەجێ کاری کۆمپانیاوە زۆر ڕێزی لێ دەگیرا. قسەکانی تەواو نەکردبوو کە چارلی بێك و دیك مێریل و جێگری سەرۆکی پێشووتر لە هیوستن هاتنە ژورەوە. هاتنە سەر مێزەکەی ئێمە، پیرۆزباییان لە پاول کرد بۆ ساڵەکەی، هەندێك وشەیان لەگەڵ ئێمە گۆڕیەوە ئینجا چوونە سەر مێزی خۆیان. من و پاوڵ دوبارە دانیشتینەوە بەردەوام بوین لەسەر گفتوگۆکەمان. ئەو وتی "ئەوان ئەوەی مەبەستیان بوو وتیان" زانیم کە

ڕاستگۆن. هیچ دووڕوویییەکی تیا نەبوو. گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە بوو. شایستەی ئەوە بوو کە پاوڵ خۆش بدوێت لەگەڵ دوو بەڕێوەبەری پێشوودا. لە کۆتاییدا وتی، ئێستا، ئەمە کێشەکەمە.

وتی من ئۆفیسی ناوچەی ویچیتا بەڕێوە ئەبەم لە کەنساس. لە کۆی ۲۰۰ ئۆفیس کە کۆمپانیاکەمان هەیەتی ئۆفیسی ئێمە پێگەی ۱۷۵ هەمینە. ئێستا، ئەو وتی، "خراپ نیە، شتێکی وا نیە کە شەرمەزار ببم" پێگەیەکی باشمان هەیە. ئینجا وتی، "کێشەی من ئەوەیە، من ئەزانم ئەوەندە باشین کە بگەینە پێگەی تاکو پلە ۱۰۰، بەلام ئێمە لەو پێگەیەدت نین. هەموو ساڵێك ئەمەوێت یەکێك بین لەوان، بەلام هەرگیز وا دەرناکەوێت بتوانین". لەو کاتەدا زانیم چ هۆکارێك کێشەی سەرەکی پاوڵ هەتسی بووە. بۆم ڕونکردەوە کە ئەو ڕێگا ئەدات لیستی فرۆشتن فەرمان لەسەر ئەو وێنەیە بکات کە لەناو مێشکیدا هەڵیگرتووە. ئەو خۆی لە ژمارە ۱۷۵ ئەبینی، وە ئەوپەڕی توانای خۆی دەخستە کار بۆ ئەوەی یەکێك بێت لە ۱۰۰ ئۆفیسی یەکەم. زۆر بە قورسی کاری دەکرد، لەگەڵ کارمەندەکانی خۆیدا کاری دەکرد، وە وەك پێشتر ڕونیکردەوە، خەلکێکی باشی لەبەردەستدا بووە. پیشانی پاوڵم دا کە کاری لەپێشینە ئەوەیە خۆی لە ۱۰۰ ەکەی سەرەوە ببینێت، بێ گوێدانە ئەوەی لیستی فرۆش چی ئەلێت. بەمانایەکی تر، پێویستە کار بکات گەر بیەوێت یەکێك بێت لە ۱۰۰ دانەکەی سەرەوە. پێویست بوو بە شێوەیەکی عەقلانی ئەوەی ئەیەوێت بیکاتە ڕاستی. وە دەبوو ئەوە فێربێت کە چۆن ئەم بیرۆکەیە دەگەیەنێتە تەواوی ستافەکە.

کتوپڕ، دەمبینی ڕۆشنایی بەرەو مێشکی پاوڵ ئەڕۆیشت. تۆزێك زیاتر قسەمان کرد پێکەوە، وە چەندیکی توانیم دەربارەی مێشك ڕونکردنەوەم بۆدا، چۆن ئەکرێت وە بە تایبەت تر دەربارەی هێزی هەلگرتنی وێنەیەکی گونجاو لە مێشکدا. پاوڵ سوپاسی کردم بۆ ئەو کاتەی پێك بەخشی وە گەڕایەوە بۆ ویچیتا، لە کەنساس. هەرکە هەرێمەکەی ئەو لە ئوتێل دەرچوو هەرێمێکی تر هاتن. بەڵام نزیکەیی ڕۆژێك یان دواتر، پەیوەندیەکی تەلەفۆنی درێژم بۆ هات لە ویچیتاوە، لە کەنساس، لەلایەن پاوڵ هەتسیەوە. ئەیویست بزانێت لە کوێ سیمینار ئەنجام ئەدەم کاتێك کۆنفرانس تەواو دەبێت. پێم وت لە باشوری ئیلینیۆی سیمینارم لە ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتی کۆمپانیاکەی خۆتان. ئینجا پرسیاری کرد گەر بتوانێت لەگەڵم بێت وە لەگەڵما گەشت بکات بۆ دوو یان سێ ڕۆژ. ئەوەم بۆ پاوڵ ڕونکردەوە کە پێشتر لەگەڵ چارلی بێك ڕێکەوتووم کە زنجیرە سیمینارێك ڕێك بخەین پێکەوە بۆ هەموو ئۆفیسەکانی باشوری ڕۆژهەلات وە یەکێك لەو شوێنانەی کە هەڵبژێردرا بوو شارەکەی پاوڵ بوو، ویچیتا، کەنساس.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە بەلای کەمەوە بۆ ماوەی شەش هەفتە دەبوو نەچووبوینە ئەوێ، وتی کە دەیەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵم بێت. کەواتە، لەسەر حسابی خۆی، نزیکەی ٦٠٠ میل بە فڕۆکە گەشتی کرد بۆ ئەوەی سێ ڕۆژ لەگەڵ من بەسەر بەرێت. پێکەوە ڕۆیشتین بۆ لیچفیلد، ئیلینیۆی بۆ لاسال، چەندین کاتژمێرمان پێکەوە بە قسەکردن لەگەڵ یەك بەسەر برد کاتێك لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر شۆفێریمان دەکرد، لە

سیمینارەکاندا دادەنیشت و کۆمەڵێك تێبینی زۆری دەنوسی، بەدرێژایی ڕۆژەکە. لە ئێوارەدا کانزمێرێکی زیاتر گفتوگۆمان دەکرد.

لەکۆتاییدا، پاوڵ گەڕایەوە بۆ ویچیتا وە دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی بیرۆکەکانی. زۆر بە وردی، دەستی کرد بە کارکردن بە وێنەیەکی گونجاو وە لە ئەنجامدا، ڕێژەی فرۆش دەستی کرد بە بەرز بونەوە. لەبەر هەندێك هۆکاری نامۆ بەرپرسەکەی پاوڵ لە ویچیتاوە پاولی گواستەوە بۆ پیتسبۆرگ – کەنساس، لە کاتێکدا بۆ ساڵانێکی زۆر لەوێ بوو، ل کاتێکدا ئۆفیسی ناوچەی ئەوان لە پلەی ١٦٣ دا بوو. ئەڵبەت ئەمە وەها دیار نیە کە خەلاتێك بێت کرابێت بە پاوڵ بۆ ئەو هەموو ڕەنج و ماندوبوونەی کە بۆ سودی کۆمپانیا کردویەتی. هێشتا، پاوڵ بە گواستنەوەکەی ڕازی بوو، وە وەك ململانێیەك ئەیبینی کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت تیایدا، ڕێك دوای شەش مانگ ناوچەی پیتسبۆرگ، کەنساس، لە پلەی ١١ دا بوو لە تەواوی هەموو لقەکانی کۆمپانیادا!

هەموو ساڵێك، کۆمپانیاکەیان پەنجاو دوو ناوچەی یەکەمین دیاری دەکات، کە دەکاتە ڕێژەی ١٠٪ تەواوی ناوچەکانی کۆمپانیا، کە خەلات دەکرێن. ناوچەی پیتسبۆرگ بە درێژایی نۆ ساڵ هیچ خەلاتێك نەکرا بوو. بەلأم بەو ماوە کەمە کە پاوڵ چوو لە سەرەوە بیست یەکەمەکە بوو. تەنها دوو ساڵ دواتر بە چەند خاڵێکی کەم پلەی یەکەمیان لە دەستدا. ئەمڕۆ پاوڵ هەتسی جێگری سەرۆکی فرۆشە لە هیوستن – تەکساس لە هەرێمی باشووری ڕۆژهەلات. بە ڕوونی، ئەو پیاوە کەسێك بوو بە باشی لە هێزی هەلگرتنی وێنە لە مێشکدا فێربوبوو. گەر بتەوێت قسە لەگەڵ پاوڵ هەتسیدا بکەیت ئەمڕۆ، ئەوا زۆر بە خێرایی پێت دەڵێت هەرگیز

ڕێگا نادات ئەنجامەکانی ئەمڕۆ فەرمان بەسەر وێنەکەی مێشکیدا بکات.
جگە لەوەی ئەو وێنەیەی گرتووە کە چی دەوێت وە ئینجا کاری بۆ دەکات وەك ئەوەی کە هەیبێت.

ئەوە پاولّ هەتسی بوو، بەبێ هیچ پرسیارێك، یەکێکە لە باشترین نمونەکان کە تۆ ئیشی لەسەر بکەیت کاتێك بابەت دێتە سەر باسی "دروست کردنی وێنە لە مێشکدا" وە ئینجا جێبەجێ کردنی. بۆ بەخوێندکارێکی زۆر جدی مێشکی، وە من دڵخۆشم وەك یەکێك لە هاوڕێ باشەکانم حسابی بۆ بکەم.

لەمە تێبگە، ئەتوانی ئەوەی پاولّ هەتسی بە درێژایی ئەو ساڵانە کردی تۆش بە وردی بیکەیت. بۆیە گەر دەتەوێت، ئێستا مێشکی خۆتی بۆ ئامادە بکە بۆ کردنی ئەوەی کە پێشنیارم بۆ کردی هەر لە سەرەتاوە کە بیکەیت. هەر ئێستا لە هەر کوێیەکیت دەست پێ بکە، وێنەی ئەو شتە دروست بکە کە دەتەوێت وە ئینجا وەها کاری بۆ بکە کە پێشتر وەرتگرتووە. گەر تۆزێك دەربڕینەکە بگۆڕین "وەك ئەو کەسە مامەڵە بکە کە ئەتەوێت ببیتە هاوشێوەی"، وەك ئەو وتەیەی گۆتە، فەیلەسوفی ئەڵمانی، کە نوسیویەتی "پێش ئەوەی تۆ شتێك بکەیت، سەرەتا پێویستە خۆت شتێك بیت"

هەر کات ئەم بەشەت تەواو کرد، کتێبەکە دابنێ، تەواو ئیسراحەت بە مێشك و جەستەت بدە. ڕێگە بدە وزەی داهێنەرانە ناخت پڕ بکات وە ئینجا لە شێوەی وێنەی خۆتدا لە قالّبی بدە لە حاڵەتی ژیانێکی زۆر خۆشدا. خۆت وەها ببینە کە خاوەنی ئەو وێنەیەیت کە بۆ خۆتت دروست کردبوو وە خەونت پێوە ئەبینی بیهێنیتە دی. ئەوپەڕی ئاگایی خۆت

وەها لێ بکە کە ئەمە ڕاستیەکە بۆ تۆ نەک تەنها هەر خۆتت پێ پڕکردووەو تەواو. بەڵام خۆت بە بابەتی ئەسڵی وێنەکان دەورە بدە کە ئەم وێنانە لە چیەوە دروست بوون. کەواتە تەنها پەڕە پەڕە ئەم کتێبە مەخوێنەرەوەو بەبێ ڕۆڵ بینین لەسەر پێشنیارەکان کە من پێشکەشم کردویت.

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا، وە جارێکی تریش لە بەشی یەکەمدا، ئەو ڕاستیەمان دووبارە کردەوە کە، خوێندنەوەی کتێبێکی زۆر یان لەبەرکردن وات لێ ناکات لە ژیاندا سەرکەوتوو بیت. بەڵکو ئەوە تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی بیرکردنەوەکانتە بە حیکمەتەوە کە حسابی ب ئەکرێت. تێگەیشتن و جێبەجێ کردن کلیلێکن کە دەرگاکانی ژیانێکی ڕاستەقینە و خۆش بۆ تۆ ئەکەنەوە.

ئەمە ئەبێتە فریودانی خۆت کە هەر بیرۆکە یان پەڕەیەک هەڵبدەیتەوە و بڵێیت "ئەمە ئەزانم"، "ئەوە ئەزانم". بەهەرحاڵ، ڕێم بدە بیرت بهێنمەوە، ئەوە هیچ جیاوازیەمت تیا دروست ناکات کە چەندە بە وردی و بێ کەموکوڕی ئەم بیرۆکانە بڵێیتەوە. لەڕاستیدا، وە ڕەنگە تەنانەت بتوانیت وشە بە وشە لەبەریان بکەیت. سەرەڕای ئەوە، گەر ئەو بەرئەنجامەی ئارەزوی ئەکەیت لە ژیانی خۆتدا بەدەست بهێنی، بە ئاسانی پێت بڵێم، تۆ هیچ لە هێزی چۆنێتی کارپێکردنی ئەو بیرۆکانە تێ نەگەیشتوویت. لەبەرئەوە، ئەم کاتەی ئێستا بگرە، لەم ساتەدا، بۆ دروست کردنی وێنەی خۆت لە مێشکتا کە پێشتر خاوەنی ئەو شتەیت، وەسفێکی کورتی ئەو وێنەیەی ناو مێشکت لەسەر کارتێک بنوسە،

هەڵیبگرە لەناو گیرفانتا وە هەموو ڕۆژێك بیخوێنەرەوە، چەند جارێك، تاكو وێنەكە لاشعورت پڕ دەكات.

نوسینی بەیان نامەكەت بەمە دەست پێ بكە :

مـــن زۆر دڵخۆشـــم، مـــن ئێســـتا خـــۆم دەبیـــنم لەگـــەڵ

باش بە بۆ خۆت

باشترین مامەڵە لەگەڵ خۆت بکە کە شایەنی باشترین ژیانی لەبیرت بێت، گەوهەر گران نیە، بەڵکو نانرخێنرێت!

# بەشی چوارەم
# تۆ بیکە و
# بۆ خوای دابنێ

تۆ بیکەو بۆ خوای دابنێ

شتێکی سەرنج ڕاکێش ڕودەدات

چەند جار ڕوبەڕوی شتێکی وەها بویتەتەوە کە کێشەیەك توشت بێت و چارەسەری نەبێت یان خۆی نەدات بەدەستەوە حەزت کردووە تەسلیمی کەسێکی تری بکەیت بۆ ئەوەی چارەسەری بکات. یان ڕۆژێك لە ڕۆژان خەونی ئەوەت بینیوە کە کۆمەڵێك وێنەی زۆر جوانت لە مێشکتا دروست کردبێت و حەزت کردبێت بڕە پارەیەکی باشت لەبەردەستا بوبێت بۆ ئەوەی گەشتێکی خۆش بکەیت بۆ چەند شوێنێکی بیانی، یان هیوای ئەوەت هەبوبێت بتوانی ئۆتۆمبێلێك بکڕیت کە دڵخوازی خۆت بوبێت؟ شتێکی خۆش نیە گەر بە دەستورێکی جادووی ئەو شتەی ئەمانویست یەکسەر بەدەستمان بهێنایە وە ڕێگای بدایناپە ئەو ژیانەمان هەڵبژاردایە کە خۆمان دەمان ویست؟ باشە ئەوە هەیە، لەوکاتەوەی کات هەیە ئەویش هەیە. لەبەرئەوە، ئەتوانی ئەو شتەی ئەتەوێت بەدەستی بهێنی، هەموو ئەو شتانەی ئەتەوێت، ئەتوانیت بە دەستیان بهێنیت گەر بیرۆکەکانی ئەم کتێبە بکەیتە بەشێك لە ڕێگای بیرکردنەوەت، بیرۆکەکانی ئەم کتێبە بکەیتە بە شێك لە ڕێگای ژیانت.

مێشکت بکەرەوە بۆ خوێندنەوەی ئەم بەشە دوبارە و سێ بارە، سەر جار بیخوێنەرەوە گەر پێویستی کرد، تاکو لە قوڵایی ناختا هەست دەکەیت بە ڕاستی لەو بیرۆکەیە بە باشی تێ دەگەیت. لەبەرئەوەی گەر شکست بهێنیت لە تێگەیشتنی ئەو بیرۆکانەی کە لەم بەشەدا دانراوە، ئەوا بەشەکانی تر زۆر گرنگی نابێت بەلای تۆوە. بەلاّم هەرکات تۆ لەم بەشە تێگەیشتی، وەك ئەوە وایە کۆمەڵێك تیشکی زۆر چوبێتە مێشکتەوە، بە ڕاستی ژیانت ڕۆشن دەکاتەوە، وە تۆ ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە هەرگیز نابیتەوە هەمان ئەو کەسەی کە پێشتر بوویت. هیچ کەسێك، شتێك، یان هەڵکەوتێك جارێکی تر تۆ ناترسێنێت. ئەو ڕۆژانەی کە بێ ئیش بویت و هیوات دەخواست بێ ئیش نەبیت دەوەستێت. خۆشحالّی، تەندروستی و بوژانەوە دوات دەکەوێت بەدرێژایی هەموو ڕۆژەکانی ژیانت وە هەموو ژیانت لەوەدا بەسەر دەبەیت کە دەتەوێت تێگەیشتنە تازەکەت لەگەڵ خەڵکدا بەشداری پێ بکەیت وە لەگەڵ ئەوانەی کە حەز دەکەن گوێ بگرن و لێت فێر بن.

ئەوە بزانە، هەرچەندە، کە زۆرێك لەخەڵکی کە تۆ هەوڵئەدەیت ئەو هۆشیارییە تازەیان پێ ببەخشیت بەلاّم زۆر بە سادەیی پێت بڵێم، ئامادە نین بۆ وەرگرتنی. لە ڕاستیدا، تۆ لەسەر دەی خەڵك پێئەکەنێت پێت وە بەخەڵکیش ئەڵێت تۆ تێکچویت، کاتێك دەستورەکەی خۆتت بلاّو کردەوە، ڕێگای بدە بلاّوبێتەوە، وە لێگەڕێ خوا بۆت جێبەجێ بکات. پێویستە ئەمە بزانیت لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەوانەی کە ڕۆژانە بەرەوڕویان ئەبیتەوە، وەها مامەڵە لەگەڵ خوادا ئەکەن کە ئیش بۆ ئەوان بکات، کە ڕابکات بۆلایان شتیان بۆ ببات، شتیان بۆ بهێنێ. ئەم جۆرە

خەڵکانە زۆر بە ناڕاستی ئەو بڕوایەیان خستۆتە مێشکیانەوە کە هەرکات داوا بکەن بڵێن "خوایە گیان ئەوەم بۆ بهێنە" یان "خوایە ئەوەم بدەرێ" یەکسەر ئەوەی کە داوایان کردووە وەری دەگرن. بەڵام بەداخەوە، ئەو خەڵکانە بە شێوە ڕاستەکەی لە سروشتی نوێژ و دوعا تێ نەگەیشتوون وە تەنانەت ڕنگە زۆر تراژیدیانە تر بێت کە ئەوان نەزانن، کە نەزانن!

توانای شارەوە لە هەموو شوێنێك هەیە

لەمە تێبگە، هەموو ئەو شتانەی کە تۆ لەم کەونەدا دەیبینی، تەنانەت بە خۆشتەوە، هیچ نیە جگە لە هێزێکی ناکۆتا، ئەم هێزە بەردەوام هەڵدەقوڵێت لە تۆداو بەناو تۆدا. دیندارەکان ئەڵێن خوایە. زاناکان پێت دەڵێن کە هەموو شتێك وزەیە. ڕەنگە من ئەوە هەڵبژێرم بڵێم ڕۆحە.

ڕێی بدە بلاوبێتەوە وە دایبنێ بۆ خوا (لێرەدا نوسەرمەبەستی ئەوەیە کە ئەوەندە نەوترێت خوا کەریمە، خوا ئەمان داتێ، بەڵکو کارەکە بکەین ئینجا ناوی خوا بهێنین، نەك هیچ نەکەین و بڵێین خوا ئەیدا – وەرگێڕ) بۆ چەندەها سەدەیە گروپێکی دیاری کراو لە خەڵك کە بە ڕاستی بیرکەرەوە بوون. ئەو کەسانە وا ناسراو بوون کە هێزێکیان هەیە بلاو ئەبێتەوە، بلاوئەبێتەوە و بۆشایی گەردون پڕ دەکات، وە هەموو ئەو شتانەی لە چواردەوری خۆت ئەیانبینی تەعبیری ئەو هێزەیە. هێزەکە زۆر بە ئسلوبێکی دەقیق کار دەکات، کە بە شێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت یاسا (ئەوەی مەشهورە بە یاسای کەونی – وەرگێڕ) . بە

مانایەکی تر، هەموو شتێك لە یەك سەرچاوەوە دێت، وە سەرچاوەی ئەو هێزە هەمیشە هەڵدەقوڵێ وە ئیش ئەکات لە ڕێی تاکەوە کە ئەویش تۆیت. وێنەکە کەمێك جیاوازە، ئەو وێنەیەی کە تۆ دروستت کردوە لەسەر شێوەیەکی مادی بۆت دێت (ئەنجامەکانت) بە یەك ڕێگا، وە ئەو ڕێگایەش ڕێگای یاسایە کە لە ڕێگەی باوەڕەوەیە.

ئاینی مۆرمۆن (ئاینێکە لە ئەمریکا – وەرگێڕ) پەڕاوێکی پیرۆزیان هەیە لەسەر ماف و ڕێککەوتن کە زۆر بە جوانی ئەم خاڵە شی دەکاتەوە، هەرچەندە من خۆم سەر بە ئاینی مۆرمۆن نیم، بەڵام ئەم دێڕانەی کە لەو ئاینەدا هەیە خۆشم ئەوێت:

"یاسایەك هەیە: فەرمانێکە قابیلی گۆڕین نیە لە بەهەشتا پێش ئەوەی هیچ شتێك لەسەر ئەم زەوییە دروست بکرێت. وە کاتێك لەلایەن خواوە بەخششێکمان پێ ئەبەخشرێت ئەوە لەڕێی گوێڕایەڵی کردنی ئەو یاسایەوەیە بۆ بەخششەکە.

دی & سی ١٣٠:٢٠-٢١

زیاتر لێکۆڵینەوە لەم پەڕاوە بکەیت، زیاتر نرخیت بۆ دەردەکەوێت کە چەند کامڵە. زیاتر تێبگەیت لە ڕاستیەکانی، زیاتر ئاسانتر ئەبێت جۆری ژیانت باشتر بکەیت.

## چیرۆکی کلارانس سیمپسۆن

چەند ساڵێك لەمەو پێش، کاتێك لە شیکاغۆ، ئیلینیۆی، ئیشم دەکرد، بووم بە هاوڕێی نزیکی کەسێك بەناوی کلارانس سیمپسۆن. لە کاتێکدا کلارانس کەسێکی ناودار نەبوو، بە هەموو مانایەك، دڵنیام کە ئێوە

پێشتر ئەم ناوەتان نەبیستووە. لە ڕاستیدا، کەسێکی زۆر بێفیز بوو، کەسێکی خۆ پەرست نەبوو، بەجۆرێك گەر برۆشتایەتە ژورێك پڕ لە خەڵك بوایە بە هیچ جۆرێك ئاگات لێی نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، درەوشانەوەیەك لە کلارانس سمیسدا هەبوو باس ناکرێت بەجۆرێك کە ببوە یەکێك لە تاکە زۆر دەرکەوتووەکان کە زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەوە چیە لەودا هەیە. لە هەوڵێکدا بۆ زانینی ئەو جۆرە کەسایەتیە بەم گریمانانە دەستم پێ کرد: کلارانس سیمپسۆن لەگەڵ ناخی خۆییدا یەکی ئەگرت، ئەم مەبدەئە تەواوی ئەم بەشەی لەسەر وەستاوە بەدیاری کراوی، گەر کەسێك بابڵێین (باوەڕێکی وەهای هەبێت کە بڵێ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانم ئەم هەموو شتە ڕودەدات، وە بەڕاستی ڕویدات)، ئەوا هەموو شتێك دەبێتە موستەحیل.

ڕۆژێك بەرەوڕوی کلارانس بومەوەو پرسیارم لێ کرد و وتم زۆر بە دیاری کراوی ڕوئیای خۆتم سەبارەت بە باوەڕ پێ بڵێ، ڕونکردنەوەکەی سەبارەت بەوەی بۆچی کەسایەتیەکی.لەم جۆرەی هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی، وە ڕونیکردەوە کە ئەو گەشەی بە فەلسەفەیەکی ئەستەم نەداوە سەبارەت بەو بابەتە. ئەو بڕوای بەهەرچیەك بووە دەربارەی باوەڕ وتویەتی بەشێوەیەکی ئاسان ناساندویەتی، وە ئەم ناساندنەش بۆتە هۆی بەخشینی ئەو هێزەی پێویستی پێی بووە بۆ ئارام گرتن لەسەر تاقی کردنەوەو کۆسپەکانی کە لە ژیانیدا توشی بووە. "باوەڕ" ئەو وتی "ئە توانایەیە کە شتی نەبینراو ببینی وە بڕوات بە وجودی هەبێت وە هەر ئەمەیە وا لە بڕوادارەکان دەکات کە زۆرینەی خەڵك دەڵێن موستەحیلە". من لەگەڵ ئەم ناساندنە تایبەتەدا کەوتمە

خۆشەویستیەوە وە لەگەڵ ژمارەیەکی ئیجگار زۆر لە خەڵکدا باسم کردووە، لەو کاتەوەی کلارانس لەگەڵ مندا باسی کردووە.

بە چەند وشەیەکی کەم ئەم تێبینیە دەخەمە ڕوو "گە تۆ ئەتوانی کەسێکم پیشان بدەیت کە شتگەلێکی مەزنی بەدەست هێناوە، منیش ئەتوانم کەسێکت پیشان بدەم باوەڕێکی زۆری بە توانای پێ بەخشینی خوا هەبووە بۆ بەدەست هێنانی ئەو شتەی کە وێنەی کێشاوە لە مێشکیدا". لە ڕاستیدا، بەتەواوی هیچ پرسیارێك لە مێشکما هەڵناگرێت کە بە درێژایی مێژوو باوەڕ هەمیشە کاری موعجیزە ئاسای کردووە. ئەوە پردێکی پەیوەندییە لە نێوان تۆ و خوادا، هەر لەبەرئەوە، ئەوە بەنرخترین خاوەندارێتی نا مادیە کە هەتبێت. لە ڕاستیدا، ئەوە بەردی بناغەی هەموو شتێکە کە بتوانی دروستی بکەیت یان بەدەستی بهێنیت بەدرێژایی هەموو خولی ژیانت.

کەمێك لەخەڵکی بە بەراورد لەگەڵ زۆرینە ئەمڕۆ بڕوایان بە توانای خودی خۆیان هەیە کە دەتوانن هەر شتێکیان بوێت بەدەستی بهێنن (ئەو بەشەی توانای خودی کە ئاینی و کامڵە)، لەبەرئەوەی زۆرینەی زۆری خەڵکی لەو بڕوایەدا نین کە باوەڕ هێزە خولقێنەرە ڕاستەقینەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاستیەکە ئەوەیە کە باوەڕ بە تەنها هێزەکە نیە، بەڵکو مەزنترین هێزە کە ئێمە ڕوبەڕوی بوینەتەوە. لە ڕاستیدا، ئەمەوێت زیاتریش لەسەری بڕۆم بەوەی کە بڵێم هەرچیەك کە لە ژیانتا بە دەستی دەهێنی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە:

١. چڕبوونەوە لە باوەڕ
٢. بەردەوامی لە باوەڕەکەت

داود و جالووت

بۆ نمونە ڕابمێنە لەم چیرۆکەی کە لە ئینجیلدا لە نێوان داود و جالوتدا تۆمار کراوە، کە بە دڵنیاییەوە بە یەکەکێك لە مەزنترین وەسیەت نامەکان دادەنرێت کە تا ئێستا نوسرابێت لەسەر بابەتی باوەڕ. وەك بیرکەوتنەوە، جالوت بەهێزترین و بەقوەترین خەڵکی ناوچەی گاس بوو، هات بۆ ئۆردوگای ئیسرائیلیەکان بە کەش و فش و پۆز لێدانەوە وە بە شێوەیەکی گاڵتە پێکردنانە بە ئیسرائیلیەکانی ئەوت پیاوێك هەڵبژێرن لە خۆتان با شەڕم لەگەڵ بکات. ئیسرائیلیەکان بە سروشتی خۆیان، لێی ترسابوون، هیچ یەکێکیان ئامادە نەبوو بچێتە پێشەوەو شەڕی لەگەڵ بکات.

پاش ماوەیەك، هەرچەندە کاتێك چەندجارێك جالووت دوبارەی دەکردەوە یەکێك بێتە دەرەوە شەڕی لەگەڵ بکات، داود، گەنجێکی ئیسرائیلی، گوێی لە کەش و فشی ئەم کەسە زەبەلاحە ئێسك گرانە بوو وە هاتە پێشەوە بۆ لای پیاوماقول وڕیش شپیەکانی قەومەکەی بۆ ڕێگا پێدان. لە کۆتاییدا پاش داواکردنێکی زۆر لە پیاوە ڕیش سپیەکان بەخشینی شەرەفی ڕوبەڕوبونەوەی جالووت، داود توانی ڕیش سپیەکان ڕازی بکات ئەو شەرەفەی پێ ببەخشن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ جالووت. پیاو ماقولەکان هەرچەندە سوربوون لەسەر بوون لەسەر ئەوەی کە داود خۆی بە زرێ پۆش داپۆشێت و شتی قورس لەبەر بکات. وە هەروەها شمشێرێکیشیان پێدا بۆ ئەوەی بە هەموو هێزی لە لایەنی بەرامبەری پێبدا. بەڵام داود وتی "من ئەو شتانە بەکارناهێنم، ناتوانم بەم شتانەوە شەڕ لەگەڵ کەم ئەندامێکیشدا بکەم. ئەوانە چەکی من نین. من چەکێکی

ترم هەیە کە شەڕی لەگەڵ ئەم زەبەلاحە پێ بکەم" بۆیە خۆی لە هەموو ئەو چەك و قەڵغانانە ڕوت کردەوە، وە ڕۆشت بۆ جەنگەکە بەبێ هیچ چەکێك بێجگە لەوەی دارلاستیکێك و چەند چەوێکی پێ بوو کە لە جۆگەیەکدا هەڵی گرتبوون.

کاتێك سەرۆکە زەبەلاحەکەی فەڵەستینیەکان، پارێزراوبوو بە قەڵغان لە تەپڵی سەریەوە تا بنی پێی، چەکی قورس و بەهێزی پێ بووە قەڵغانێکی لە پێشیەوە پێ بوو، گەنجێکی ئیسرائیلی، بێ چەکی، بێ پارێزبەندی بینی، ئەینەڕاندوو تورە بوبوو. بە داودی وت، "وەرە پێشەوە پارچە گۆشتت وەك پەڕی مریشك ئەکەم بە ئاسمانا ئەتکەمە خۆراکی وەحش"، داودی گەنج، کە هیچ ترسێکی پێوە دیارنەبوو، وەلامی زەبەلاحەکەی دایەوەو وتی "تۆ بە ڕم و شمشێر و قەڵغانەوە هاتویت بەرەو ڕووم، بەلام من بە ناوی خوای سەربازەکانەوە هاتووم بەرەو ڕووت، خوای سوپای ئیسرائیل کە بەرەنگارییان بویتەوە. ئەمڕۆ خوا تۆی بۆلای من ناردووە" لەکاتێکدا جالووت باوەڕی بە هێزی مادی بوو وەك چەك و چۆڵ، شمشێر و قەڵغان، داود بە تەنها باوەڕی لەسەر خوایەکی نەبینراو بوو. ئەنجامەکە شوانە ئیسرائیلیە گەنجەکە دوژمنە زەبەلاحەکەی بەزاند! بەبێ هیچ شتێك، تەنها بەردێك بەس بوو بۆ خستنی، داود جالوتی تەخت کرد، دێوە زەخمەکەی کوشت.

لە ڕێگای قبوڵکردنی ڕێسای "تۆ بیکە و بۆ خوای دابنێ" وە باوەڕهێنان بەوەی هەرچیەك ڕوبدات بۆ تۆ بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت، ڕوئەدات وەك ئەوەی داود، تۆش ئەتوانی بە سەرکەوتوویی دوژمنە زەبەلاحەکەت تێك بشکێنی لە ژیانتا. (مانای ئەوەی وێنەی خۆت لە سەر

شێوەیەکی مادی ئەبینی، لە کاتێکی گونجاودا). ئەبینی، کێشەی هەموو ئەوانەی وەك ئێمەن و شکست دەهێنن لەبەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی کە ئارەزووی دەکەن، بە هۆی کەمی توانای ئێمەوە نیە بۆ ئەنجام دانی، بەڵکو کەمی باوەڕە بە چەمکی "تۆ بیکە و بۆ خوای دابنێ" کە بنەمایەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان هەرچی پێویست بێت.

لەوبڕوایەدا نین هەروا بە ئاسنی بچینە ناو ئەو تانکیە ڕۆحیەی کە لە ناو هەموو یەکێك لە ئێمەدایە، بۆ پەیوەست بوون بە هێزی خواییەوە، هەموو سەرچاوەکان، یان هەرچیەك کە تۆ پێت خۆشە پێی بڵێیت ئەو هێزە هەر یەکێك لە ئێمە بەهێزتر دەکات. هەرچەندە، گەر سکستت لە دروست کردنی ئەو پەیوەندیەدا هێنا لەناو مێشکی خۆتدا، یان گەر تۆ بڕوا بەخۆبوونت بۆ ئەو هێزە خواییە کەم بووکە لە باوەڕی گشتیەوە لە دایك بووە، ئەوا هەرگیز نابیتە ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببی، یان ببیتە خاوەنی ئەوەی کە بە هەقی خۆتی ئەزانیت. هەموو نوێژ و دوعاکانت بەبێ وەڵام دانەوە دەگەڕێنەوە، هەموو توانای خۆت دەخەیتە گەڕ بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی هەبێت وە هەڵوێستی نەرێنیت هەموو ئامانجە بەدەست هاتوەکانیشت پوچەڵ دەکاتەوە.

مێشکێك تێرکرابێت بە ترسی شکست یان وێنەی ئەنجامێکی نەویستراو، نەتوانێت زیاتر بەدەست بهێنێت، داهێنان یان هیچ شتێکی بەنرخ بەدەستبهێنێت، وەك بەردێك وایە کە پێشێلی یاسای ڕاکێشان بکات لەبری ئەوەی بکەوێتە زەوی بۆ ئاسمان بڕوات. پێویستە ئەوە بزانیت کە خالقی گەردوون یاسای ڕاکێشان ناگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا بگونجێت کە دەیەوێت لە سەر سەقفی خانوو دابنیشێت. (تەنانەت گەر

کەسێك بیەوێت لە حاڵەتی بێ هۆشی یان دەرمان خواردنیشدا ئەنجامی بدات). هەروەها، یاسای بونەوەریش وەهایە، یاسای بەدەست هێنانی شتێك بە پاراستنی ناتوانرێت پێشێل بکرێت. لەبەرئەوە، ئەتوانی ئەوەی ئارەزووی دەکەیت بە دەستی بهێنیت، ئەوە بە کە دەتەوێت ببیت، تەنها کاتێك گوێڕایەڵ بیت بۆ ئەو یاسا کەللە ڕەقەی ژیان.

بە کورتی، یەکەم هەنگاو لە پرۆسەی بونەوەردا بریتیە لە هێوربوونەوە و پێشتر خۆت ببینە لەو پێگە باشەی کە ئارەزووی دەکەیت. (وێنەک دروست بکە). دووەم هەنگاو بریتیە لەوەی (تۆ ئەنجامی بدە و بۆ خوای دابنێ).

لە ڕێ ئیش کردن لەگەڵ ڕۆحدا، یارمەتیت ئەدات تەرکیز بکەیتە سەر ڕاستی ئەوەی کە ڕۆح لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێکدا هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە وایە، ئەمە مانای وایە کە تۆ توانایەکی خواییت هەیە ل سود وەرگرتن لە بیرۆکەی ئەرێنی لە هەر کاتێکدا بتەوێت وە لەهەر شوێنێکدا هەڵیبژێریت. زیاتر لەوەش، هەرکات هەستت بە نزیکیت کرد لەگەڵ ئەو هێزە دروستکەرەدا، لە ڕاستیدا ئەبیتە منالێك لە ڕۆح، ناتوانیت ببیتە هیچ شتێکی تر جگە لە ئەرێنیەت و بەهێز و تیشکدەر، وە پشت بەسنوو بە خودی خۆت لە هەڵسوکەوتدا لەگەڵ جیهان (دەبینە ڕزگارکەر لەو هێزانەی کە هەوڵئەدەن بتخەنە خوارەوە یان لە دواوە بتگرن). هەرکات ئەوە ڕویدا، هەموو ئەو هێزانەی لە کەوندان پێکەوە دێن یارمەتیت ئەدەن بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانجەکەت یان بتگەیەننە ئەو وێنەیەی کە دروستت کردووە.

لە کۆتاییدا، سودی تێگەیشتن لەوەی کە تۆ دروستکراوێکیت لەو وێنایەی کە دروستکەری گەردوون دروستی کردووە - کە بەشێکی زیندووە لە رۆحی ئەبەدی - ئەوا بەتەواوی ئەگۆڕێت بۆ ئەو بەرئەنجامەی کە دەتەوێت لە ژیانتا بەدەستی بهێنیت، هەموو رۆژێك.

شتێکی تر کە پێویستە بیزانیت سەبارەت بە رۆح بریتیە لەو هێزەی کە بۆ هەمیشە هەڵدەقوڵێت لە ناختدا و بەناو رۆحتا دێت و دەچێت(ئێمە بەو هێزە دەڵێین "ئەندێشە"). بەلام کە رۆح و ئەندێشە لە ناختدا هەڵدەقوڵێت، تۆ ئەو وێنەیە هەڵدەبژێریت کە دواتر شێوەکە وەردەگرێت. بۆ خۆت تاقی بکەرەوە، دابنیشە بە هێمنی ئینجا بەتەواوی ئاگات لەم توانا مەزنە دروستکەرە بێت. تۆ بەراستی ئەتوانیت شێوەی وێنەیەك یان نیگارێك بکەیت، دواتر دانەیەکی تر، لەسەر شاشەی مێشکت (وێنەی ئەو شتانەیکە پێشتر وجودێکی مادییان هەبوو، وەك سەیارەکەت، خانوەکەت، شوێنی کارەکەت، یان وێنەی شتانێکی وەها کە هێشتا وجودیان نیە - وەك ئامانجە کورت خایەن و درێژ خایەنەکان).

بەلام ئەو خاڵەی ئێستا ئەمەوێت لەبەردەم تۆدا ئامازەی پێ بکەم ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی رۆح جەوهەر بوونی تۆیە، بەلام هەرگیز ناگۆڕێت بۆ شکلْ یان وێنەیەك بەبێ هاوکاری خۆت. کەواتە ئەو خەلکانەی کە دانیشتوون و هیچیان نەکردووە، دەڵێن "خوا ئاگای لێم دەبێت" تەنها خۆیان گێل دەکەن. بۆ ئەوانە راستە کە خوا یارمەتییان ئەدات کە سەرەتا یارمەتی خۆیان ئەدەن، ئەمەش ئەوەی پێویستە کە هەمیشە ئەوەی لەسەرتە ئەنجامی بدەیت بۆ دەست پێ کردنی دروستکردنی پرۆسەکە بەشێوازی جوڵە. پێویستە وێنەکە دروست بکەیت

وە لە ناخی دڵتەوە بزانی کە بەرجەستە دەبێت. پێویستە وەها سەیری خوا بکەیت کە بەخشەرێکی نەبینراوی مەزنە کە لە ناو هەموو پیشاڵ و دەمارەکانی بوونی تۆدایە وە تۆ هەروەها پێویستە لەوەش تێبگەیت کە هەرکات وێنەکە لە مێشکتدا دروست بوو، خوا بەباشترین ڕێگەی خۆی کارت بۆ ئەکات وە ئەتجولێنێ بەرەو لەرینەوەیەکی نوێ(وەك ئەوەی کە هەست بە جیاوازییەکەیی و جیاوازی خۆشت ئەکەیت). بۆیە هەمیشە لەبیرت بێت، ئەو هەستە تازەیەی کە بەرەو ڕوت دێت ئەوە هی ئەوەیە کە خوا ئیشەکەت بۆ جێبەجێ ئەکات وە ڕەنگە هەندێك جار شادی و خۆشی دەربڕی بە وتنی هەست بە پەرۆشی و جۆش و خرۆش ئەکەیت، لەبیرت بێت وشەی پەرۆشی وشەیەکی وەرگیراوە لە یۆنانیە کۆنەکان "ئین زیۆس" کە مانای خوا دەگەیەنێت.

هەڵوێستە پەرۆشەکەت دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵسوکەوتت وە لەمەودوا بە جیاوازتر ڕەفتار دەکەیت. زیاتر لەوەش، تەنها تەنها جیاوازتر ڕەفتار بکەیت بۆ خۆت، بەڵکو لەبەرئەوەی لەناو لەرینەوەیەکی تازەدایت، کە بەرەو ڕووی ڕادەکێشرێیت، وە ئەویش بەرەو لای تۆ دێت. ئیتر شتی نامۆ و نایاب ڕوئەدەن لە تۆدا وە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك کە تەنانەت ناتوانیت شی بکەیتەوە یان تەنانەت تێ بگەیت کە چی ڕودەدات – "بۆیە هەوڵ بۆ تێگەیشتنی مەدە" تەنها لەوە تێبگە کە ئەوە "ڕێگای خوایە" یان "ڕێگەی هێزە دروستکەرەکان" وە ئەو خێرە قبوڵ بکە کە لێوەی دێت وە چاوەڕوانی زیاتری هەمان شت بکە لە داهاتوودا.

یەکسەر بێ باوەڕەکان دەڵێن تۆ تەنها بەختت هەبوو، وە پێویستە نۆ لێیان گەڕێیت. هەتاوەکو بەردەوام بیت لەسەر هەڵگرتنی ئەو وێنەیە لە

مێشکتدا کە ئەوەی ئارەزووی دەکەیت بۆت بەدی دەهێنێت، ئەوا هەمیشە خەڵات دەکرێیت. تەنها ئەو بڕوایەت هەبێت کە ئەوەی پێویست بێت ڕوبدات بە دڵنیاییەوە دەبێت ڕودەدات، وە ڕێك لە کاتی خۆیدا ڕودەدات. هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت، ئەو وێنەیەی کە بەردەوام لە دڵتدا دەیچەسپێنیت یان لە عەقڵی لاشعورتدا لە ڕۆحتدا ڕەنگ دەداتەوە، وە ڕۆحیش توانای هەیە خەونەکانی ئێستات بگۆڕێت بۆ داهاتووی ڕاستەقینەت.

لە سەرەتاوە، ڕەنگە لە کاتێکەوە بۆ کاتێك ئەوەت بۆ دەرکەوتبێت، کە شتەکان بە باشی ناڕۆن بە ڕێوە وە لەوانەیە توشی قەلەقی و ڕاڕایی ببیت کە تۆ بەرەو ئاڕاستەیەکی هەڵە ئەڕۆیت. بەڵام ڕێگام بدە دڵنیات بکەمەوە، ئەوە بابەتەکە نیە، هەتاوەکو وێنەکەت بەباشی لە عەقڵی لاشعورتدا ناشتبێت. گەر ئەوەت کرد، ئەوا تۆ بەردەوام لەسەر یەك ئاڕاستە دەڕۆیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو شوێنەی کە دەتەوێت.

لەبیرت نەچێت، هەرگیز ئەوە بەس نیە کە تەنها باوەڕت بە خۆت هەبێت (ئەو بەشەی کە خوا لە وێنەکەدا تۆی دروست کردووە) تەنها کاتێك نەبێت کە بە شێوەیەکی زۆر تایبەت هەست بە جۆش و خرۆش دەکەیت یان بەختێکی باش ڕووی تێکردی. هەرگیز باش نیە ئیمانێکی پچڕپچڕت هەبێت، بۆ بەدەستهێنانی پەرۆشی چاوەڕوانکراو وە ئینجا تێکدانی وێنە عەقڵیەکانت. گەر ئەوە ڕوبدات دەگەڕێیتە دواوە، دوبارەو سێ بارە، وەك بۆقێك کە دەیەوێت لە کارێزێك بێتە دەرەوە، بەڵام هەست کردن بە بێ هێزی و زیاتر بێ ورەیی دوای هەموو کەوتنێك. هەر کەسێك ئەم جۆرە پرۆسەیەی دەست پێ کردبێت لە جوڵەدا، ڕێگە لە گەشەکردنی وێنەکەی

دەگرێت و وە هێزە داهێنەرەکەی لە دروستکردنی وێنەی فەقیریدا بەکاردەهێنێت لە جیاتی.

وە هەر وەك پێشتر وتمان، خوا تەنها خوایە، بەردەوام کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کۆتاییت. بەڵام هەمیشە با ئەوەت لە مێشکدا بێت کە ئەندێشە و وێنەکانت بە تەنها بە ووشەی سەر لێو بەدەست نایەن. لەبەرئەوە، بیکە بە خویەك لە خۆتا وە هەموو کۆتایی ڕۆژێك وەك ڕاگەیاندنی ژمارە یەك بە باوەڕ بوون بە خودی خۆت (لە وێنەکەی خوادا دروست کراویت)، وە لە هێزەکەیدا (هەرچیەك کە دەتەوێت هەڵیبژێریت).

بە جۆش و خرۆشەوە پارێزگاری لەو ئیمانە دەکەیت، وەك چۆن پارێزگاری لە شتە بە نرخەکانت دەکەیت وە دڵنیا دەبیت لەوەی کە هەرگیز خۆت ناخەیتە مەترسیەوە لە ڕێگای پەستی و ئەندێشەی نەرێنیەوە.

گومان و ترس و ڕەشبینی وە بیرکردنەوەی نەرێنی زۆرینەی سەرچاوەکانی ژیان ژەهراوی دەکات. وە ووزە، پەرۆشی، بەرزخوازی، هیوا، بڕوا وە هەموو شتێکی تر کە وا دەکەن ژیان بۆ مەبەستێك بێت، ئاسوودە بێت، وە مەجالی داهێنان هەبێت لە ناو دەبەن. پێویستە تەنها هاودەمی ئەو هاوڕێ عەقڵیانەت بکەیت کە هاوکاری بەدەست هێنانی ئامانجەکەت دەکەن. لەبەرئەوەی گەر بە توندوتۆڵی بەسترابیت بە ئیمانەوە ئەوا ئەندێشە نەرێنیەکان هیچ کاریگەری هێزێکی لەسەرت نابێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ لەرینەوەی وێنە تازەکەی مێشکتا چونیەك نابن، لە ڕووی عەقڵیەوە زۆر بەهێز دەبیت لە ڕێگای هێزی ئاگایی خواوە لە ناختدا.

کاتێك کاتەکان سەخت دەبن

کاتێك شتەکان بۆت سەخت دەبن پێویستە تۆش سەختتر بیت وە تۆ ئەتوانی وابیت.

وەك دکتۆر ڕۆبەرت شۆلەر دەڵێت "کاتە سەختەکان دوا ناکەون، بەڵکو خەڵکە سەختەکان دوادەکەون" بۆیە گەر ئیمانەکەت کز بوو یان هەستت بە خۆت کرد کە زۆر خاو و خلیچکیت لە سەر ماتۆڕی بە هێزی ژیانت کە ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت شتی زۆر نایاب بەدەست بهێنیت، ئەبێت لەو ڕووەوە شتێك بکەیت. ئەم مەشقانەی دواتر کە بۆم نوسیون بۆ من زۆر بە سوود بوون – بە چەندین ساڵ سوودم لێ بینیون، وە دەزانم کە بۆ تۆش هەروا دەبێت. ئەتوانیت وێنەیەکی زۆر دروست بکەیت لە ڕێی هێزی دەروونیەوە بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی پێشنیاری ئۆتۆماتیکی ڕۆژانە، بۆ دەستکەوتن و بەهێزکردنی مەزنترین و پێویسترین بەشی مرۆڤایەتی کە ئیمانە.(واتە ڕۆژانە بیرۆکەی باش بخەرە دەروونتەوە کە ئەو شتەی ئەتەوێت بەدەستی دەهێنیت، یان بیرۆکە ئەرێنیەکان بخەرە مێشکتەوە وەك: ئەتوانم، ئەنجامی ئەدەم، پێم دەکرێت، بەو جۆرە – وەرگێڕ)

تێبینی ئەوە بکە کاتێك تۆ ئەم مامەڵە دەرونییە لەگەڵ خۆتدا دەکەیت پێویستە هەمیشە لەوپەڕی وزەدا بیت لەگەڵ خۆتدا وە بە دەنگێکی بەرز و قایم قسە بۆ خۆت بکەیت، بە دەنگتەوە ئەو بڕیارەی پێوە دیار بێت (ئەوەی ئەیڵێیت بیکەیتە کردار، هێندە بە پەرۆش بیت کە گەر قسە بۆ کەسێکی تر بکەیت کاریگەری تێ بکات لە گرنگی ئەوەی کە تۆ ئەوەندە لەسەری سوریت) کاتێك قسەت لەگەڵ خۆتدا کرد، لە ناوی خۆتەوە دەست پێ بکە وە بەردەوام بە بەم شێوەیەی خوارەوە:

"ناوەکەت"، تۆ منداڵێك بوویت خوا دروستی کردیت
وە هەرگیز خواش منداڵی بێ هێز دروست ناکات،
ئەو ژیانە نەرێنیەی کە تۆ ڕابەرایەتی دەکەیت.
خوا تۆ دروست کردووە بۆ سەرکەوتن نەك شکست
خوا هەرگیز کەسی شکستخواردوو دروست ناکات.
تۆ لاتداوە لە گرنگترین بەشی بوونی خۆت
لە ڕێگای پێدانی گومانی بەدبەختی بە خۆت
گومان کردن لە توانای خۆت
بۆ ئەوەی کە لەناخی دڵتەوە ئارەزووی بوونی دەکەیت
تۆ پێویستە شەرم لەخۆت بکەیت، کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانتدا دەچیتە دەرەوە
دڵتەنگ، ڕویەکی خەفەتبار، کە پێتەوە دیارە لێهاتوو نیت
پێتەوە دیارە کە هێزی داهێنانت تیا نیە،
کە پێتەوە دیارە توانای ئەوەت نیە کە خوا ناردویتیە سەر زەوی بۆ ئەوەی بیکەیت
تۆ بۆ ئەوە دروست کراویت ئەوەی پێتە دەری بڕیت
بۆچی ئەمە ناکەیت؟ بۆچی وەك سەرکردەیەك ناوەستیت و ناڕۆیت
وەك داود چۆن جالوتی کوشت
لەبری وڕە بەردان و گومان و هەست کردن بە شکستخواردوێتی؟
وێنە تەواوەکە بنەخشێنە، وێنەی خالقەکەت کە هەمیشە لەگەڵتایە
پێویستە ئەو وێنەیە بهێنیتە ناوەڕاستی عەقڵی لاشعورت
وە پیشانی جیهانی بدەیت

مەبە بە هۆی شەرمەزار کردنی خوا بە پێشێل کردنی ئەو وێنەیە
کە هەموو شتێکت تیا بێت تەنها سەرکەوتن نەبێت
کە خوا دەیویست تۆ یەکێك بیت لە سەرکەوتووەکان...

هێزێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنان هەیە، هێزی دروست کردن وە توانای بەهێز بوون لەسەر سوربوونی متمانە بە خالق وە ئەوەی کە تۆی زۆر بە بەهێزی دروست کردووە. ئەم جۆرێك لە غروریەت نیە، نەمری گاڵتەجاڕی پیاوێك یان ژنێك نیە کە بە هەڵە بیردەکەنەوە یان بە هەڵە دەژین. بەڵکو زۆر بەسادەیی ئەمە نزیکایەتی تۆیە لەگەڵ خوادا.

بۆ ڕودانی هێز بەکارمەهێنە

پێویست بەبەکارهێنانی هیچ هێزێك ناکات بۆ خستنە ڕووی وێنەکەت، لەبەرئەوەی "هێزی نەرێنی" هەوڵی ڕێگری کردنت ئەدات، بەکارهێنانی هێز بۆ ڕودانی هەر شتێك، ئەو ڕێگایە نیە کە خوا ئیشی پێ ئەکات. لەبەرئەوە، فێربە شوێنی دەنگی هێمن بکەویت لەناو ئەو قسانەی لە هەستەکاندا هەیە لەبری وشە، دوای ئەوە بکەوە کە لە ناختدا دەیبیستی، لەبری ئەوەی ئەو شتە بکەیت کە لەوانەیە خەڵکانی تر پێت بڵێن بیکەیت. بزانە کە دەنگی هێمن لە زۆرینەی کاتەکاندا پێت دەڵێت ئەو شتە بکە کە هاودژە لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی کە زۆرینەی خەڵکی ەسەری دەژین. بەڵام زۆر پێویست ڕاڕایی ناکات لەمەدا. زۆرینەی ەرکردە مەزنەکانی جیهان لەلایەن هاوتەمەنەکانی خۆیانەوە بە نەریت شکێن دانراون، زۆر بەسادەیی لەبەرئەوەی ئەوان ئەوەیان هەڵبژاردووە

که لەسەر ئاوازێکی تر دەمۆڵیان کوتاوە! ئەو سەرکردانە شوێن ئەو دەنگە هێمنە کەوتوون کە لە ناخیاندا بووە، لەبری ئەوەی ئەو شتە بکەن کە لەڕۆژگاری خۆیاندا باو بووە.

ڕێگا بدە وێنەکەت نوقم بێت لەناو قوڵایی خەزێنەی عەقڵی لاشعورتدا.

ڕێگە بە خۆت بدە بە تەواوی وە هەست وسۆزت تێکەڵ بێت لەگەڵ وێنەکەت، لەبەرئەوەی بەهۆی کردنی ئەمەوە " تۆ ئەیکەیت و خوا بۆت ئەنجام ئەدات"

زیاتر لەوەش، تێبگە لەوەی کە گەر بەهەرهۆیەك بێت توشی کەوتن بویت وە بە ڕێگەی خۆت ڕۆیشتیت، ئەو ساتەی هەڵەکەت دەناسیتەوە وە تەئکید لەسەر وێنەکەت دەکەیتەوە، ڕۆحت لەو شوێنەی وێنەکەت لێ کەوتووە بۆت هەڵدەگرێت کاتێك خۆت ویستت کۆنترۆڵی وێنەکە لای خۆت بێت. ئینجا یەکسەر دەچیتەوە سەر لەرەلەری ڕاست وە سەر شارێگای ڕاست، سەرکردایەتی سەرکەوتنت دەکەیت لە ژیاندا.

شوێن ئەم ڕێنماییانەی ئەم نامەیەی خوارەوە بکەوە

**یەکەم ڕێسا**

تەواو هێمن بەرەوە، خۆت لە پێگەیەکدا ببینە
کە خاوەنی هەموو ئەو شتانەی کە ئارەزووی دەکەیت

**دووەم ڕێسا**

تۆ بیکەو بۆ خوای دابنێ

# بەشی پێنجەم
# چاوەڕوانی
# زۆر زیاتر بکە

پێشبینی زۆرتر بکە
مێشك موغناتیسێکی بەهێزە وە هەرشتێك
گونجاو بێت بۆلای خۆی ڕادەکێشێت
پێشبینی کردن ئەو شتەی لەگەڵ مێشکتا دەگونجێت
ڕایدەکێشێت بۆ ژیانت
پێشبینی کردن یان دەبێتە ڕەحمەت بۆت
یان دەبێتە ناخۆشیەو بەڵام هەرکامیان بێت
بە دڵنیاییەوە بەهێزترین هێزی نەبینراوە لە ژیانتا

چی ئەکەیت بۆ زیاد بوونی داهاتت؟

گەر وەڵامی تۆ بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە بڵێیت "هیچ شتێك؟" یان گەر بەجدی دەست بکەیت بە بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی چی بکەیت، ئەوا لەوانەیە هێشتا بیرۆکەکانی بەشی پێشوو بە باشی تێنەگەیشتبیت. پێویستە بزانیت کە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە لە یاری جیگساو دەچێت ،هەموو بەشەکان پەیوەستن بە یەکەوە، بە شێوەیەك کە گەر هەموویان پێکەوە بلکێنین، ئەوا ئەتوانین وێنە تەواوەکە ببینین. لە کاتێکدا ئێستا هاتویتە ناو دڵی کتێبەکەوە، ئەمەوێت زۆر بە تایبەت

ئاگاداری ئەو بیرۆکانە بیت کە شوێنی دەکەویت، تاکو بتوانیت زۆر بە سەرکەوتوویی پارچەکانی ئەم کتێبە پێکەوە بلکێنیت. زۆر بە زووی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە گەر بیرۆکەکانی ئەم بەشە زۆر بە زیرەکانە جێبەجێ بکەیت، پێشبینی کردن ئەتوانێت میکانیزمی بەدەست هێنانی هەموو ئەو شتانەی ئەتەوێت بەدەستیان بهێنیت بوروژێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر ئەوپەڕی ڕاهێنان و وریاییت نەبێت، پێشبینی کردن لەوانەیە زۆر بە خێرایی هەڵبگەڕێتەوە و ببێت بە دوژمنێکی کوشندەی وێرانکار. لەبەرئەوە، پێویستە ئاگادار بیت لەوەی کە چۆن ڕاهێنان بەم شتە نادیارە دەکەیت کە خاوەنی هێزێکی زۆر بەهێزە.

لەو بڕوایەدام کە پێشتر لەوە تێگەیشتویت کە ناتوانیت سامانت هەبێت تاکو یەکەم جار بڕی سامانەکەت لە مێشکتا نەهێنابێتە بەرچاو. بەڵام بە ڕاستی ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟ مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پێش ئەوەی هیچ یەکێك لە ئێمە تەنانەت بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو هەژارییەی کە لە دەرەوە دەورەی داوین، پێویستە ئێمە سەرەتا زاڵ بین بەسەر ئەو هەژارییەی کە لە قوڵایی ناخی خۆماندا ناشتومانە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا، شیمان کردەوە کە چۆن هۆشیاری (بیرۆکەکە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك) زۆر بە سادەیی هۆشیاری ناخ دەگەیەنێت سەبارەت بە دەوڵەمەندی، ساغی و کامڵی کە تەواوی جیهانی ڕۆحیان پڕ کردووە. بە مانایەکی تر، ئەستەمە هەست بە هەژاری بکەیت کاتێك تەواوی بوونت پارێزگاری لێ بکرێت لەلایەن خواوە، جیهانی ڕۆح، یان هەرچیەکی کە تۆ لەوانەیە پێت خۆش بێت پێی بڵێیت وەك ناوەندی ڕۆحی کەون. ڕێم بدە دوبارەی بکەمەوە، هەرگیز بەهۆی کەمی

سەرچاوەی وزەوە نیە جگە لەوەی کە خۆمان بۆ خۆمان دروست کردووە بەهۆی ئەو ئاگاییە دیاری کراوەی کە هەمان بووە.

## چیرۆکی گڵۆپەکە

ئەم چیرۆکەی ئێستا لەوانەیە ئەو ڕاستیە مەزنە تەکید بکاتەوە دەربارەی سەرچاوە بێ کۆتاکانی وزە. گەر بتەوێت بیهێنەرە بەرچاوت، ژن و پیاوێکی هەژار لە شوێنێکی دور لە شارستانیەت بژین. ئینجا بیهێنەرە بەرچاوت کتوپڕ بیانگوێزیتەوە بۆ لادێیەکی بچووک کە توشی سەرسامی بن لەوەی کە ماڵە تازەکەیان بە کارەبا ئیش ئەکات. لە کاتێکدا هیچ ئزموونێکی پێشتریان لەگەڵ ئەم وزە تازەیەدا نیە، لە ڕاستیدا ئەوان تەنانەت پێشتر هەرگیز ڕۆشنایی کارەبایان نەبینیوە، ئەوان بە تەواوی توشی واق ورمان بوون کاتێک دەبینن گڵۆپی هەشت چاوی کارەبایی ماڵەکەیانی ڕوناک کردۆتەوە.

چەند مانگێک ڕۆشت لە ئەنجامدا ژن و مێردەکە دەستیان کرد بە قبوڵ کردنی گڵۆپەکان وەك ڕویەکی ژیانی هاوچەرخ. هەرچەندە، ڕۆژێکیان لە کاتی قسەکردنیاندا فرۆشیارێك لەبەردەم دەرگاکەیاندا دەرکەوت، پێیان دەڵێت کە چیتر گڵۆپە هەشت چاوە کارەباییەکە لەبارنیە نیە لە ماڵەکەیاندا هەبێت. پێیان دەڵێت پێویستە ئەوان گڵۆپی شەست چاو بکڕن کە تازە هاتۆتە بازاڕەوە. لەو کاتەوەی ژن و پیاوەکە کەمێك زیاتر توشی سەرکێشی هاتبوون، ڕازی بوون فرۆشیارەکە بەرهەمە تازەکەی خۆی پیشانیان بدات. هەرکە گڵۆپە تازەکە بەستراو کارەباکەی هەڵکرا، نەك تەنها ژن و مێردەکە جارێکی تر توشی واق ورمان بونەوە،

لەبەرئەوەی گڵۆپێکی تازەیەو شەوقی زۆرە، بەڵکو لەبەرئەوەی تەواوی ژوورەکەی ڕوناک کردەوە. هەرگیز لە لادێ سەرنج ڕاکێشەکەیاندا ژن و مێردەکە بە بیریاندا نەهاتووە کە سەرچاوەیەکی ڕۆشنکەرەوەی تازە بە درێژایی کات لەوێدا هەبووە. وە هەروەها هەستیان بەوەش نەکردووە کە ئەم وزە زۆرە هەمان وزەیە کە بۆتە هۆی ئیش پێ کردنی گڵۆپە هەشن چاوەکەیان.

شتکی سەیرە! ئێمە پێکەنینمان بە ساویلکەیی ئەم ژن و مێردە دێت کە لێیانەوە دەرکەوتووە، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە، زۆرینەی ئێمە تەنانەت کەمتر ئاگاداری هێزی خودی خۆمانین، وەك لەو ژن و پیاوە بەرامبەر بەو سەرسوڕمانەی کە بۆ هێزی کارەباکە هەیانبوو. لەبەرئەوەی ئێمەش وەك ژن و مێردی چیرۆکەکەمانین، تەنانەت هەرگیز خەونمان بەوەوە نەبینیوە کە ئەو هێزە بێ کۆتایەی کە لە ناخماندا هەیە ئەتوانێت ببێتە لافاوێك بۆ ژیانمان لەگەڵ ڕوناکیەك کە زۆر بەهێزتر بێت لەو ڕۆشناییەی کە گڵۆپەکە هەیبوو. هەرگیز ئێمە لە سادەترین ڕاستی تێنەگەیشتووین کە هەموو ئەوەی پێویستمانە بۆ باشترکردنی ئەنجامەکانمان هێنانی بیرۆکە گەورەدە سەرکەوتوەکانە بۆ ناو ژیانی بێ کۆتای ئێستامان. لەبری ئەوە، زۆرینەمان سەرچاوەکانی وزەمان دەخنکێنین بە ئەندێشەی ترس و گومان، کە بەتەواوی هەڵقوڵینی هۆشیاری دەبڕێت.

ئەمەوێت هانتان بدەم، بۆ گۆڕینی ئەو شێوازی بیرکردنەوەیەی کە خوتان پێوە گرتووە. ئێستا بیگۆڕە، وە لەبیرت بێت، هەڵقوڵینی جۆگەی زۆر هەمیشە بە ئاراستەی عەقڵی پێشبینی کەری کراوەدا دەڕوات. پێویستە پێشتر لەوە گەیشتبیت کە ئەم کالایەت هەبێت، گەر بە شێوەی مادیش

نەبێت، هەموو شتێك پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هۆشیاری لە جیهانی مادیدا. ئەو دوو هۆکارە کە دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ئەو ئەنجامەی کە دەتەوێت بریتین لە :

١. ئارەزوو

٢. پێشبینی کردن

تاکو ئەم شوێنە، لەوانەیە تاکو ئێستا بەو شێوازە ژیابیت کە زۆرینەی خەڵکی تائێستا ژیاون، زۆر بە سادەیی بەهۆی ئەوەی کە بەهەڵە تاکو ئێستا وا زانراوە کە ئارەزوو تەنها شتە کە پێویستت بێت بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانجەکەت. بەڵام پێویستە تێبگەیت لەوەی کە گەر ئارەزووت لەگەڵ پێشبینی کردندا یەك پێ نەگریت کە ئەوەی ئارەزووی دەکەیت وەری دەگریت، ئەو کات بەبەردەوامی خۆت بە بێزاری و نائومێدی دەبینیتەوە هەرکات بتەوێت کار بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێکی مادی بکەیت. کاتێك بیری خۆت دەگێڕیتەوە بۆ ئەزموونەکانی ژیانت، زۆر بە زوویی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە هەرکاتێك گەیشتبیت بە ئامانجێکی ئارەزوکراوت، تۆ تەنها ئارەزووی ئەو ئامانجەت نەکردووە بەڵکو لەڕاستیدا پێشبینی بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەشت کردووە.

ڕێم بدە دوپاتی بکەمەوە، ئارەزوو بەبێ پێشبینی کردن هیچ نیە جگە لە بیرێکی ئارەزوو کراو وە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لەوکاتەوەی کە زۆرێك لە خەڵکی خواستی ئەرێنی هەیە بەڵام پێشبینیەکانی نەرێنیە، ئەوا بە دەگمەن ئەو ئامانجەی ئەیانەوێت بەدەستی دەهێنن.

لە کتێبە نایابەکەیدا "زانستی دەوڵەمەند بوون" نوسەرەکەی والاس دی. واتلس، پێناسەیەکی زۆر جوانی ئارەزوومان بۆ دەکات، ئەو وتویەتی

"ئارەزوو بریتیە لەو ڕەنجەی کە لە توانستی دەرنەبڕاودایە بەبێ ئەوەی کاری بۆ بکەیت"

بە مانایەکی تر، ئایدیای تۆ، خەون یان ئامانج، ئەم سامانەی کە ئەتەوێت بەرجەستەی بکەیت، کاتێك دەتوانێت ببێتە ئارەزوو کە زۆر بە ڕێك و پێکی لەناو عەقڵی لاشعوردا هەڵکۆڵرا بێت. هەرچەندە، گەر ئارزووەکەت بە توندوتۆڵی دامەزراندبێت، ئەوە هەڵوێستی پێشبینی کردنە کە خەونەکەت یان ئامانجەکەت دەپارێزێت لە هەڵکێشان یان گۆڕینی لەلایەن هەر بیرۆکەیەکەوە کە بەرهەڵستی یان پێشبڕکێی بکات.

لە هەوڵی یارمەتی دانت بۆ داگیرساندنی هەڵوێستی پێشبینی کردن بۆ کردنی بە سامانێکی ڕاستەقینە، ڕێگا بدە پێکەوە گەشتێك بکەین بەناو هەندێك لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا. وەك ئەوەی کە لەبیرتە، ئێمە گفتوگۆکەمان بە "پارە" دەست پێ کرد. ئێمە هەوڵماندا تێبگەین لە سروشتی ڕاستەقینەی پارە، وە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە "پارە بە سوودە، وە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵە". هەرچەندە، وەك هەموو خزمەتکارێك، ئەوە فێربوین کە پارە بەسوودە بۆمان تەنها کاتێك بخرێتە ئیشەوە. لەبەرئەوە، ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پارە پێویستە هەمیشە لە ئیشدا بێت. لەبەرئەوەی گەر وا نەکەین، وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، هێندە بێ سوود دەبێت وەك ڕۆژنامەی کۆنی سەر ڕەفەی لێ دێت.

ئینجا دواتر، ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان باس کرد کە پەیوەست بوو بەوەی بە تەواوی "چەندێك پارەت ئەوێت" فێری ئەو ڕاستیە بوویت کە پێویستە زۆر ورد بیت دەربارەی چەندێك پارەت پێویستە، بۆ دابینکردنی ئەو

شتانەی کە دەتەوێت، بۆ ئەوەی بەو شێوازە بژیت کە هەڵبژاردەی خۆتە. کاتێک ئەم شێوەیە بڕیاری لەبارەوە درا، ئینجا ئێمە گرنگی دروست کردنی وێنەی خۆمانمان شی کردەوە کە دەبێت پێشتر لە پێگەیەکدا خۆت ببینی کە خاوەنی ئەو سامانەیت، لەسەر شاشەی عەقڵی لاشعورمان. وە هەروەها بە کورتی قسەمان کرد دەربارەی ئاکاری ئەو وێنانەی کە شێوەیەك دەگرێ وە ئەو نمایشەی کە لە ژیانماندا بەرجەستەی دەکەین.

ئینجا ئێمە بیرۆکەی وشیاریمان شیکردەوە، وە چۆن گەشە بە وشیاریمان بدەین کە یەکەم جار دەیخەینە مێشکمانەوە، پێش ئەوەی تەنانەت بتوانین بە ڕاستی بەدەستی بهێنین. فێری ئەوە بووین چۆن مێشکی لاشعورمان تێبگەیەنین لە بیرۆکەی هۆشیاری وە چۆن پێشتر ئەو سامانەی دەمانەوێت بە هەبووی بزانین لە ژیانماندا.

لە بەشی "تۆ ئەنجامی بدە و بۆ خوای دابنێ" ئەوەمان زانی کە ئێمە بەشداری کەری داهێنەر بووین. ئەوەشمان زانی چۆن ئەو توانایە بەدەست بهێنین بۆ عەقڵی لاشعورمان کە ئەو ئەندێشانەی دەمانەوێت هەڵیانبژێرین، بۆ دروست کردنی هەر وێنەیەك کە بە هەڵبژاردنی خۆمان دەمانەوێت دروستی بکەین.

ئینجا ئێمە فێری ئەوە بووین کە چۆن ئەتوانین ئەو وێنەیە بگوێزینەوە بۆ عەقڵی لاشعورمان(سەنتەری ڕۆحی بونمان، وە ئەو بەشە لە ئێمە کە هەر بیرۆکەیەك یان وێنەیەکی پێ دەبەخشین ئینجا بەخواستی خۆی قبوڵی دەکات وە یەکسەر دەست دەکات بە جوڵە بۆناو جیهانی دنیاییمان و شێوەی خۆی وەردەگرێت). ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هەرکات بەڕاستی

تێگەیشتین لەم پرۆسە داهێنەرانەیە لە ژیان وە ڕۆڵی ئێمە لەناویدا پێشبینی کردن دەبێتە عەقڵیەتی سروشتیمان، بێ گوێدانە ئەوەی کە شتەکان چۆن دەردەکەوێت لە ژیانی دەرەوەماندا یان خەڵکانی تر چی دەڵێن لەبارەی ئێمەوە. ئەوەمان پێ وتراوە کە ئیمانی جێگیر و تەواو یان باوەڕ لە ڕاستیدا ئەوەیە کە وێنەکانمان گۆڕاوە بۆ شکڵێ کە بنچینەیە گەر بمانەوێت سەرکەوتوو بین لە ژیانماندا. ئێمە هۆشیاری ئەوەشمان بەدەست هێناوە کە هەموو ئەمانەی ڕوودەدەن کاتێك ئێمە خۆمان وەك پێکهاتەیەکی نا مادی بینی داپۆشراوین بە لە جەستەیەکی بەرجەستەدا. کاتێك ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە جەستەمان هیچ نیە جگە لە تەنێکی نمایش کراو لە خودێکی نابەرجەستەکراودا، لەوە تێدەگەین کە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی مێشکمانە، وە دەجوڵێن و بوونی خۆیان بەپێی لەرینەوەی مێشکمان ئەنجام دەدەن.

پێویستە بگەیتە قۆناغێك لەگەشەی دەرونی کە تەنها بڕوات وا نەبێت وێنەکەت بۆ سامان لە شکڵێکدا دەردەکەوێت، بەڵکو لەڕاستیدا هەست بە بوونی دەکەیت. ئا لەو خاڵەدا پێشبینی وەرگرتنی دەربڕینی بەرجەستەکراو دەکەیت لە وێنەی سامانەکەت. هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە هۆکاری ئەوەی هیچ شتێك لە مێشکتا ببینیت جگە لەمە. هەمیشە لەبیرت بێت، ڕاستیەکان هەمیشە لە دەرکەوتنی شتەکاندا نیە.

پیاوێکی بەڕێزی بەتەمەنی دەوڵەمەند چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا لەلایەن هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەیەکەوە، پرسیاری لێ کرا لە چ خاڵێکدا بوو کە توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. وەڵامەکەی بریتی بوو لە "ئەو کاتە سەرکەوتم کە لەسەر کورسی پارکێکدا خەوم لێ کەوتبوو لەبەرئەوەی

زانیم لە کویێ بووم وە بۆ کویێ ئەڕۆم". لەم خاڵی یەکتربڕەی کتێبەکەدا، ئیتر تۆ ئەزانیت لە کوێیت وە دەزانیت بەرەو کویێ ئەڕۆیت. هەر بۆیە پێشبینی گەیشتن بەو شوێنە بکە!

ئارەزووەکەت مەکینەی تۆیە کە تۆ دەجوڵێنیت بەو ئاڕاستەیەی خەونەکەت وە پێشبینی کردن هێزی سەرنج ڕاکێشانە کە خەونەکەت ئەجوڵێنێت بە ئاڕاستەی تۆ. هەربۆیە خۆت وەها ببینە بەرەو ڕووی سامان دەڕۆیت ئەوەت بۆ دەردەکەوێت و دەبینی ئەو سامانەی هێناوتە بەرچاوت بەرەو لای تۆ دێت. ئەوە بزانە پەیوەندی دەبەستیت لەگەڵ ئەو سامانەی کە بەرەو لای تۆ دێت، وە لە کاتی خۆیدا. هیچ کەسێك نازانێت ماوەی چەندی بەسەردا دەڕوات، بۆیە مەبە بە کەسێکی بێ سەبر گەر لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا بەدەستت نەهێنا. ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەوەیە پاش تێپەڕ بوونی ماویەکی دیاری کراو، وە تێپەڕ بونی ماوەیەکی دیاری کراو بۆ بەرجەستە بوونی وێنەکە پێویستە بە پێی یاسای بەشەری.

یاسای بەشەری پێمان دەڵێت کە بۆ لەدایك بونی منداڵێك ماوەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی لە سکدا هەڵبگیرێت، هیچ هەڵەیەك لە کاتەکەشدا ڕونادات، وێنەی ئەو سامانەشی کە ئەتەوێت لەسەر شاشەی مێشکت دروستی بکەیت ئەوە خۆی تۆوێکە، گەشە دەکات بۆ شکڵێکی بەرجەستە، لە ناو زەوییەکی زۆر بە پیتدا کە دەتەوێت بیهێنیتە بەرهەم. لەم خاڵەدا ئەوە پێویست نیە، بۆ کەسێکی تر ئەم سامانە ببینێت. تەنانەت بۆ هیچ کەسێکی تر پێویست نیە کە بڕوای وا بێت تۆ بەدەستی دەهێنیت. تەنها شتێك کە پێویست بێت ئەوەیە کە خۆت بیبینیت وە

بڕوات پێی بێت. ئەبینی، ئەو گریمانەیەی کە ناپلیۆن هیل ژیانی خۆی لەسەر دروست کرد زۆر بە تەواوی ڕاست بوو(هەر شتێك مێشك پێشبینی بکات و بڕوای پێ بکات، بەدەستی دەهێنێت. بە ڕێگایەکی تر بیخەینە ڕوو "وەك کەسێك کە لەناخی دڵیەوە بیردەکاتەوە" (یۆنانیە کۆنەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە عەقڵی لاشعور دڵە). تێبینی ئەوە بکە کە عەقڵی لاشعورت ناتوانێت زیاتر بگۆڕێت یان وێنەکەت بگۆڕێت، وەك ئاوێنەیەکی ئاسایی ئەتوانێت ئەو وێنەیەی کە دەردەکەوێت لەسەری پێەوانەی بکاتەوە بۆت وەك خۆی، وێنە جیاوازە لەو تەنەی کە بەرامبەر ئاوێنەکە وەستاوە. بەڵام لەبیرت بێت، وەك چۆن لەو بڕوایەدایت کە ئاوهایت، مانای ئەوە نیە وەك ئەوە بێت کە بە خەڵك دەڵێیت بیردەکەیتەوە. یان وەك ئەوەی کە دەتەوێت جیهان بڕوا بە بیرکردنەوەکانت بهێنێت، مانای ئەوەیە ئەندێشەکانی ناخت، کە تەنها خۆت کۆنترۆڵیان دەکەیت، ڕاستیەکە دەزانن. ئەمە ئەو شتەیە کە پێشبینی دەکەیت، کەواتە هەر ئەوەشە سەرنجت ڕادەکێشێت، وە لە کۆتاییشدا هەر ئەوە بەدەست دەهێنیت!

لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە لە عەقڵی لاشعورت، یان لێکۆڵینەوەی قوڵی هێز یان ڕێگای کارکردنی ڕۆح، زۆر ئاسان و ئاسانتر دەبێت بۆ تۆ پێشبینی ئەو شتە بکەیت کە ئارەزووی دەکەیت. بۆ هەموو ئەو شتانەی کە دەشێت لە ڕۆحدا، لەبەرئەوەی شتێکی نەگۆڕە کە ڕۆح هەستیارە، نەبینراوە، تەنێکی داهێنەرە کە مەبەستی سەرەکی فراوان بوون و پڕبوون لە دەربڕین.

لەو کاتەوەی ڕۆح لە ناو تۆدا دێت و دەچێت، تۆ تەنها ئامرازێکیت. لەبەرئەوە، وینەکان یان بیرۆکەکان کە لەناو مێشکتا هەڵتگرتوون ئەو سنورە پردەکاتەوە کە پێک هاتووە لە هێزی ڕۆحی کە لە ناو تۆدا هاتوچۆ دەکات. هەر لەسەر ڕۆشنایی ئەم بابەتە، لەوانەیە ئەمە بەراورد بکەیت لەگەڵ گڵۆپیماڵی ژن و پیاوە پیرەکە. تۆ ئامرازێکیت کە ڕۆح لە ناوتەوە هەڵدەقوڵێت، وەك گڵۆپەکە ئامرازێك بوو کە وزەی کارەبای پێدا تێپەڕ دەبوو. کاتێك ژن و پیاوە پیرەکە گڵۆپە هەشت چاوییەکەیان هەڵکرد، بەقەدەر هێزی گڵۆپەکە وزەی کارەبا گوێزرایەوە بۆ گڵۆپەکە. هەرچەندە کاتێك فرۆشیارەکە گڵۆپی شەست چاوی هەڵکرد، وەزەی کارەبا توانی ئەو گڵۆپەش هەڵبکات، کەواتە هێزەکە چونکە سنورێکی دیاری کراوی نیە ئەتوانێت گڵۆپێکی سەد چاویش هەڵبکات، وە بەو جۆرە زیاتر و زیاتر و زیارتیش، کەواتە کەوتۆتە سەر تۆ چ گڵۆپێك پێ دەکەیت. لەبەرئەوە گەر وێنەی فەقیری لە مێشکتا هەڵبگریت، لەبەرئەوەی تۆ ئەوە ئەبینیت کە دەرکەوتووە لەبەرئەنجامی جیهانی مادیت. هەرچەندە، لەو کاتەوەی کە وێنەی گەشەپێدانی ئابووری لە مێشکتا هەڵدەگریت، ئەوە ئەو وێنەیەیە کە دەردەکەوێت لە جیهانی مادیتدا.

تەنی نابەرجەستەی داهێنەر، کە ڕۆحە، کە بەناو تۆودا دێت و دەڕوات وە خۆی لە شێوەیەکی بەرجەستەدا خۆی دەنوێنێت. وەك لە پەڕەکانی پێشوودا گفتوگۆما کرد، ڕێگای کارکردنی ڕۆح یاسایە، بێ گومان یاسای جازبیەت هۆکارەکەیە، وە گەشەکردن یان فراوان بوون کاردانەوەکەیە. هەر بۆیە بەردەوام بە لەسەر هێنانە پێش چاوی خۆت وەك ئامرازێکی

ڕۆحـی بـەبێ هـیچ جـۆرە سـنوورداریيەك. گـەر ئـەوەت کـرد، بـۆت دەردەکـەوێت کـە زۆر ئاسـانە، لەسروشـتی ڕاسـتەقینەدا، پێشبینی ئەو شتانە بکەیت کە ئارەزوويان دەکەیت. لـەوە تـێ دەگـەیت کـە گومان بە ئاسانی دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئارەزووەکانتا، هەربۆیە گەر بەردەوام بیـت لەسـەر دروسـت کردنـی وێنـەی گومـان، ئـەوا هـەرگیز ئـەو وێنە بەرجەستەکراوەی کـە دەتـەوێت نـابیبینی. تـەنها ڕۆحێکـی دروستکەری داهێنـەر دەزانێـت چـۆن بـیر دەکەیتـەوە، تـاکو ئەندێشـەکانت دەبنە ڕاستیەکی بەرجەستەکراو کە لە جەستە و بوونی تۆدا بەرجەستە دەبێن. ئینجا هەموو ئەوانەی کە تـۆ پەیوەنـدیت پێوەیـان هەیـە لەوانەیـە بزانن، لەبەرئەوەی وزەی زیرەك خەڵاتت دەکات لەبەر هێنانەدی ئـەو ئەندێشانە بۆ شکڵی بەرجەستەکراو.

وەك پیـاو بیربکـرەوە (لێـرەدا مەبەسـتی جیـوازی ڕەگـەزی نیـە، بەڵکو مەبەستی دەربڕینە کوردیەکەی خۆمانە کە جاری وا هەیە بە یەکێك ئەڵێن تۆزێك پیاو بە، یان ماشاڵا بویت بە پیاو، بەو جۆرە — وەرگێڕ)

"هەرچۆنێك بیر دەکەیتەوە، دەبیتە ئەوە" پێویسـتە هەمیشـە مێشکمان بکەینـە پێشـەنگ. لەبەرئـەوەی کاتێـك پێشـبینی ڕودانـی شـتێکی ناباب دەکەین، ئەوە نوێژ و دوعایە بـەبێ وەسـتان مێشـکمان ئـارام دەکاتـەوە. لـەو کاتانـەی کـە هەسـت بـە ئـارامی جەسـتەیی ناکـەین یـان مێشکمان تەمێکی گومان و تـرس دای دەگرێـت، پێویسـتە ئـەوە بـزانین ئیتر کاتی نوێژە وە ئیش بکـەین لەسـەر گەشـەپێکردنی هەسـتی بـەهێزی پێشبینی کردن.

پێویسته پارێزگاری له مێشکت بکه‌یت به‌رده‌وام، له دژی گومان، له‌به‌رئه‌وه‌ی گومان له‌رینه‌وه په‌ك ده‌خات. له کاتێکدا زۆرینه‌ی په‌ڕه‌کانی پێشوو ته‌رخان کرابوو بۆ هێزی ئه‌ندێشه‌ی ئه‌رێنی (به ناوی، دروست کردنی وێنه‌ی وشیاری)، گومان دیوی دووه‌می دراوه‌که‌یه (که بریتیه له بیرکردنه‌وه‌ی نه‌رێنی). وه کاتێك تۆ په‌ره به ترس و گومان ده‌ده‌یت، ئه‌وه‌ی به ڕاستی ئه‌نجامی ئه‌ده‌یت ئه‌وه‌یه که تۆ ئه‌و وێنه‌یه دروست ده‌که‌یت که ناته‌وێت. زیاتر له‌وه‌ش، پاساو هێنانه‌وه بۆ گومانه‌که‌ت له ڕێگه‌ی هۆکاره‌کانیه‌وه (واتا عه‌قلگه‌ری)، هیچ سودێکی نیه بۆت. ناتوانی سه‌وداگه‌ری له‌گه‌ڵ عه‌قڵی لاشعورتدا بکه‌یت، له‌به‌رئه‌وه‌ی لاشعور هیچ هه‌ستێکی دادپه‌روه‌رانه‌ی نیه، هه‌ستی مرۆڤانه‌ی نیه، ته‌نانه‌ت ناتوانێت بڕیار بدات چی چاکه یان چی خراپه بۆ تۆ. هه‌موو وێنه‌یه‌ك که‌سێکی نره، له ناو عه‌قڵی لاشعورتدا. له‌به‌رئه‌وه، وێنه‌ی نه‌رێنی، ناخۆشی، وه وێنه‌کانی گومان و ترس زۆر به خێرایی له مێشکتدا قبوڵ ده‌کرێت و ده‌بێته به‌شێك له که‌سایه‌تیت.

ئه‌و کاته‌ی زانیت هه‌ندێك ئه‌ندێشه‌ت هه‌یه گومان و ترس دروست ده‌کات، هێمن به‌ره‌وه، ئیسراحه‌ت بکه وه وێنه‌یه‌ك بۆخۆت دروست بکه که ئه‌و شتانه‌ی ئاره‌زوویان ده‌که‌یت هه‌ست به هه‌بوونیان بکه. کاتێك ئه‌وه‌ت کرد، ئه‌وا ئه‌و شه‌پۆله نه‌رێنیه ده‌روونیه‌ی که دروست بووه له مێشکتا ده‌یگۆڕیت بۆ شه‌پۆلێك که سود به گه‌یشتن به وێنه ئه‌رێنیه‌که بگه‌یه‌نێت.پێشبینی کردن، به هه‌موو توانای ئاگاییته‌وه، بۆ وه‌رگرتنی ئه‌و شتانه‌ی که ده‌ته‌وێت له جیهانی مادیدا به‌رجه‌سته‌ی بکه‌یت —"تۆ به نهێنی بیرده‌که‌یته‌وه وه بیرکردنه‌وه‌که‌ت ده‌گاته شوێنی خۆی، جێبه‌جێ

پێویسته پارێزگاری له مێشکت بکەیت بەردەوام، له دژی گومان، لەبەرئەوەی گومان لەرینەوە پەك دەخات. له کاتێکدا زۆرینەی پەرەکانی پێشوو تەرخان کرابوو بۆ هێزی ئەندێشەی ئەرێنی (بە ناوی، دروست کردنی وێنەی وشیاری)، گومان دیوی دووەمی دراوەکەیە (کە بریتیە لە بیرکردنەوەی نەرێنی). وە کاتێك تۆ پەرە بە ترس و گومان دەدەیت، ئەوەی بە ڕاستی ئەنجامی ئەدەیت ئەوەیە کە تۆ ئەو وێنەیە دروست دەکەیت کە ناتەوێت. زیاتر لەوەش، پاساو هێنانەوە بۆ گومانەکەت لە ڕێگەی هۆکارەکانیەوە (واتا عەقلگەری)، هیچ سودێکی نیە بۆت. ناتوانی سەوداگەری لەگەڵ عەقلی لاشعورتدا بکەیت، لەبەرئەوەی لاشعور هیچ هەستێکی دادپەروەرانەی نیە، هەستی مرڤانەی نیە، تەنانەت ناتوانێت بڕیار بدات چی چاکە یان چی خراپە بۆ تۆ. هەموو وێنەیەك کەسێکی ترە، لە ناو عەقلی لاشعورتدا. لەبەرئەوە، وێنەی نەرێنی، ناخۆشی، وە وێنەکانی گومان و ترس زۆر بە خێرایی لە مێشکتدا قبوڵ دەکرێت و دەبێتە بەشێك لە کەسایەتیت.

ئەو کاتەی زانیت هەندێك ئەندێشەت هەیە گومان و ترس دروست دەکات، هێمن بەرەوە، ئیسراحەت بکە وە وێنەیەك بۆخۆت دروست بکە کە ئەو شتانەی ئارەزوویان دەکەیت هەست بە هەبوونیان بکە. کاتێك ئەوەت کرد، ئەوا ئەو شەپۆلە نەرێنیە دەروونیەی کە دروست بووە لە مێشمتا دەیگۆڕێت بۆ شەپۆلێك کە سود بە گەیشتن بە وێنە ئەرێنیەکە بگەیەنێت.پێشبینی کردن، بە هەموو توانای ئاگاییتەوە، بۆ وەرگرتنی ئەو شتانەی کە دەتەوێت لە جیهانی مادیدا بەرجەستەی بکەیت -"تۆ بە نهێنی بیردەکەیتەوە وە بیرکردنەوەکەت دەگاتە شوێنی خۆی، جێبەجێ

کردنی لە زینگەی چواردەورت مەبەستەکەیە" جەیمس ئالن ٧٥ ساڵ پێش ئێستا ئەم وشانەی نوسیوە، بەڵام هێشتا بۆ ئەمڕۆش ڕاستە وە وە بۆ داهاتووش هەر بە ڕاستی دەمێننەوە.

کەواتە پرۆگرامی شەخسی خۆت بکە بۆ پێشبینی کردنی ئەنجامی باش وە بەتەواوی ئەوە وەردەگریت کە شایستەتە.

چیرۆکی پات و جۆن

لە کاتێکدا خەریکی نوسینی ئەم دێڕانە بووم، تەلەفۆنێکم بۆ هات لە لایەن ژن و پیاوێکی جوانەوە — پات و جۆن — کە یەکێك بوون لە هاوڕێ زۆر نزیکەکانم. ئەوان پێیان وتم کە سێ شەممەی داهاتوو ئەگوێزنەوە بۆ خانوە تازەکەیان، زۆر شادمان بووم بە بیستنی ئەو هەواڵە دڵخۆشکەرە. ئەبینی، کەمتر لە دوو مانگ زووتر، نزیکەی پێنج کاتژمێر قسەم لەگەڵدا کردن دەربارەی بیرۆکەی دروست کردنی وێنە وە هێزی کاریگەری "هەڵوێستی پێشبینی کردن" بەدرێژایی ماوەی گفتوگۆکە، پرسیارم لە جۆن کرد کە زیاتر لە هەر کەسێکی تر لەم جیهانەدا ویستی هەبوو لەسەری، وە پاش ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، بە ڕاستەوخۆیی سەیری چاوەکانی کردم و وتی، "من ئەمەوێت لەگەڵ پات، تۆنی (کچەکەی پات) وە من لە خانووی خۆماندا بین بۆ سەری ساڵ وە ئەمەوێت کوڕەکەم بۆ شەوی سەری ساڵ لەگەڵ ئێمەدا بێت (هەرچەندە کوڕەکەی جۆن لەگەڵ دایکی ئەژیا، ئەو و جۆن پەیوەندیەکی گەرموگوڕیان هەبوو) ئینجا من پرسیارم کرد بۆچی کاری بۆ ناکات و خەونەکەی بەدی ناهێنێت.

وەڵامی دامەوە کە ناتوانێت، لەبەر کەمی پارە بۆ کڕینی خانووەکە.
دواتر ڕوی ئەوەم هەبوو بیری جۆن بهێنمەوە، کە هەموو شتێك دەشێت بۆ ئەو بڕوایەی کە هەتە، وە لەبەرئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانێت خەونەکەی بەدی بهێنێت، لەوانەیە تەنها ئەوە نەزانێت کە چۆن ئەو خەونەی بەدی بهێنێت. هەر سێکمان نزیکەی کاتژمێرێك گفتوگۆمان کرد دەربارەی جۆری ئەو خانووەی کە ئەیانویست، تاکو ئەوەی هەموومان وێنەیەکی زۆر ڕونمان لەبەرچاو بوو لە خانوی خەونەکەیان کە لەسەر شاشەی مێشکیان هەڵیان کەندبوو. دەربارەی پێشبینی کردن قسەمان کرد وە بۆم ڕونکردنەوە کە زۆرێك شتی باش لە ژیانیاندا ڕودەدات کە دەست بەجێ وا پێشبینی بکەن بۆ سەری ساڵ لە خانوەکەیاندان.
هێندە دڵنیا بوون، یەکەم شتێك کە ڕویدا بۆیان ئەو کاتە بوو کە ئەم هەڵوێستە تازەیان خستە ناو ئاگاییانەوە، ئەو کاتە مێشکی هەردوکیان جولا بەرەو "چۆن بخرێتە" سەر لیستی ژمێریاری. بیرۆکەی تازە وەك ئاو دەستی بە هەڵقوڵین کرد، وە پرسیار گەلێکی زۆر خرایە بەرباس. وەك، خانویەکی لەم جۆرە چەندی تێ دەچێت؟ پێویستە چەنێك پارەی بۆ دابنێین؟ لە کوێ خانویەکی لەو جۆرە بدۆزنەوە؟
بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی خۆیان، پێویستیان بە شارەزایەکی بواری خانوبەرە هەبوو، من پێشنیارم بۆ جۆن کرد کە پەیوەندی بە ناتالی کۆپمانەوە بکەن – خانمێك کە زۆر لێهاتوو شارەزایە لە بواری خانووبەرەدا– وە خەونی ئەوانم بە ناتالی وت. پێویست بوو جۆن پرسیار لە ناتالی بکات کە چی پێویستە لە ڕووی داراییەوە بۆ ئەوەی خەونەکەی یان وێنەکەی ببێتە ڕاستی. لە کۆتاییدا، پێم وت کە پێویستە لەسەری

تەواوی تەرکیزی بخاتە سەر بەدەست هێنانی ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستیەتی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەی، وە پێویستە لە ڕاستیدا پێشبینی بەدەست هێنانی هەر بڕە پارەیەکی کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت بیکات لەو کاتەی کە بۆی دیاری کردووە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، دەرکەوت کە ئەو بڕە پارەیەی پێویستیان بوو بۆ کڕینی خانوەکە کەمتر بوو لەو بڕەی پێشبینیان دەکرد.

زیاتر لەوەش، لەوکاتەوەی کە جۆن و پات هەردوکیان فرۆشیارەکانیان ڕاسپاردوو، ڕێگاکەیان بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجە داراییە نەبوبووە کۆسپێك لەبەردەمیاندا وەك ئەوەی ڕێگای زۆرێك لە خەڵکی تر بوو. سەرەڕای ئەوەش، بەبێ ئەوەی بچینە ناو ڕونکردنەوەی زیاترەوە دەربارەی زۆر کۆسپ کە دەبێت زاڵ بن بەسەریدا، ئەکرێت بڵێین، بەهۆی یارمەتی ناتالیەوە، پات و جۆن سەرکەوتوو بوون. سێشەممەی داهاتوو ئەوان ڕۆشتنە خانووە تازەکەیانەوە، شەممەی داهاتووتر ڕۆژی سەری ساڵ بوو. هەر پێش ئەوەی تەلەفۆنەکە دابخەمەوە، پیرۆزباییم لێ کردن بۆ خانووە تازەکەیان وە پرسیارم لە جۆن کرد گەر کوڕەکەی بیەوێت ڕۆژی سەری ساڵ لەگەڵ ئەواندا بەسەر بەرێت. بە هێمنی، بەلأم بە دەنگێکی پڕ خۆشحاڵیەوە، وەلأمی دامەوە "بەڵێ ئەویش لەگەڵ ئێمە دەبێت، بە دڵنیاییەوە جیاوازی دروست دەکات کاتێك پێشبینی ئەوە دەکەیت کە دەتەوێت، بێجگە لەو پێشبینیەی کە چیت ناوێت، وانیە بۆب؟" منیش پێکەنیم و وتم "بەڵێ جۆن، بە دڵنیاییەوە وایە"

زۆرینەی خەڵکی ئەمڕۆ لەسەر بنچینەی "ئەوەی ئەیبینن بڕوای پێ دەکەن" ئەژین، ئەمە پێمان دەڵێت، تەنها وێنەیەك کە هەستیان

ئەبزوێنێت ئەو وێنانەن کە لەگەڵ هەستی جەستەییاندا تێکەڵ دەبێت.

بەلاّم دیدگای ڕاستەقینە، بەدرێژایی تەمەن، هەمیشە بەم ڕێسایە ناسێنراوە کە، "ئەوەی ئەیبینی بەدەستی دەهێنیت" بە دەربڕینێکی جیاوازتر، ئەمە مانای ئەوەیە وێنەکانی مێشکی خەڵکی لە ڕاستیدا دەبنە وێنەی کۆنکرێتی کە بە جیهانی مادیماندا بلأودەبنەوە. لەبەرئەوە، پێویستە ئەو ڕاستیە بزانیت کە جیهانی سەرنج ڕاکێشبی مادی کە لە پێش خۆمانەوە دەیبینین، بە هەموو ئاسانکارییەکەوە بۆ ئەوەی ژیانمان باشتر بکات، بەفراوانی دروست کراوە لەلایەن دروستکەرانی وێنەوە — پیاوان و ژنان کە خاوەنی دیدگا بوون، کە زانیویانە ئەتوانن چی بکەن وە پێشبینی هەموو ئەو شتانە بکەن و بیخەنە شوێنی خۆی، بێ گوێ دانە ئەوەی کە لەوانەیە ڕەخنە گرەکان چی بڵێن بە پێچەوانەوە.

بۆنمونە، دوو گەنجی میکانیکی لە ئۆهیۆوە ئێمەیان پێشکەشی شانشینێکی تازە کرد لە ڕێگەی بینا وە وێنەی فڕۆکەیەکیان لە ئاسماندا هەلگرتبوو، بەلاّم گەر پێشبینی سەرکەوتنیان نەکردبێت، بە دڵنیاییەوە دێنە دەرەوە هەر کە بۆ یەکەم جار ڕووبەڕوی شکست دەبنەوە. ئێمە ئێستا تەنها چەند کاتژمێرێکدورین لە هەر شوێنێکی جیهانەوە، لە ڕاستیدا، ئەتوانین بگەینە هەر هەسارەیەکی تر بە ماوەیکی زۆر کورت. ئەدیسۆن وێنەیەکی دروست کرد و هەڵیگرت کە هەموو جیهانی ڕۆشنکردەوە، وە لە ئەنجامدا ئێمە چی تر پێویست ناکات نیوەی ڕۆژەکانمان لە تاریکیدا بەسەر بەرین. پێویستە ئەوە بزانیت تۆش هەروەها ئەتوانیت جیهانەکەت بگۆڕیت، وەك چۆن جۆن و پات کردیان، لە ڕێگای دروست کردنی وێنەیەك لە مێشکتدا هی ئەو ڕێگایەی کە

دەتـەوێت پێـی بـژیت. بـەڵام هەمیشـە ئـەوەت لـەبیر بێـت، تـەنها ئـەوە وەردەگریتەوە کە بە ڕاستی پێشـبینیت کـردووە، نـەک ئـەوەی کـە تـەنها ویستت لەسەری بووە.

سێ ڕێگای دڵنیـا بـۆ بەدەستهێنانی ئامـانج هەیـە لـە هـەموو بوارەکانی ژیانـدا. ژمـارە یـەک، وێنەکـە لـە مێشـکتدا دروسـت بکـە. ژمـارە دوو، بیگوێزەرەوە بۆ ڕۆح(ئەنجامی بـدە و بـۆ خـوای دابـنێ). ژمـارە سـێ، لە قوڵایی دڵ و ڕۆحتـەوە پێشـبینی ئـەوە بکـە کـە ڕۆحـت لەسـەرو بـاوەڕ و ئیمانتەوە خەڵاتت دەکات.

پێشبینی زۆرتر بکە

# بەشی شەشەم
# یاسای لەرینەوە و
# سەرنج ڕاکێشان

یاسای لەرەلەر و سەرنج ڕاکێشان
"هەر بیرۆکەیەك لە مێشکدا دروست بێت یان
ترست لێی دەبێت یان جێ دەگرێت،
یەکسەر لە شێوەی شکڵێکی لەباردا شێوە دەگرێت"
"ئەندرێ کارنگی "

دکتۆر وێرنەر ڤۆن براون

لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵ دکتۆر وێرنەر ڤۆن براون سازکرا بوو لەمانگی دوو لە ساڵی ١٩٧٦، دکتۆر ڤۆن براون ئەم قسەیەی کرد، "پاش ساڵانێکی زۆر لە لێکۆڵینەوە لە کەونی ئاڵۆز، بڕوایەکی جێگیرم بۆ دروست بوو لەسەر بوونی خوا. مەزنی ئەم گەردوونە تەنها هۆکارێکە بۆ دووپاتکردنەوەی متمانەم بە دروستکەرەکەی. ناتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم کە ئەم گەردوونە فراوانە لە خۆوەو بەبێ هێزێکی لە ڕادەبەدەری خوایی دروستت بوبێت. یاسای سروشتی ئەم گەردوونە زۆر سنوردارە کە هیچ ئاستەنگێکی وەهای تێدا نیە کە بۆشاییەك دروست بکەیت بۆ فرین بۆسەر مانگ وە لە کاتێکی زۆر کەمدا گەشتەکە دەکرێت. ئەم یاسایانە دەشێت لە لایەن کەسێکەوە دانرابێت" دکتۆر ڤۆن براون ئەوەشی وت کە "زانست" وە "ئایین" هاوتەریبی یەکن وە بەباشی لێیان

تیّ دەگەین، دوو شتی دژ بەیەك نین. وە دوپاتی کردەوە کە ئاین و زانست خوشکی یەکترن، بەهۆی ڕێگای زانستیەوە، کەسانێك زۆر باش دەربارەی "دروست بوون" فێردەبن، بەهۆی لێکۆڵینەوە لە ئاین، کەسانێك زۆر باش لە دروستکەر تیّ دەگەن. لە ڕێی بەکارهێنانی ئامێرەکانی زانستەوە، پیاو هەوڵ ئەدات لغاوی هێزەکانی سورشت بکات کە چواردەورەیان گرتووە، بەهۆی دینەوە، لە لاکەی ترەوە، هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی هێزەکانی سروشت بکات. پاش وەستانێکی کەم، ئەمەشی زیاد کرد، "تەنها یەك ئامانجیش لە مێژوودا لە تەواوی مرۆڤایەتیدا بەدەست نایەت بەبێ بوونی باوەڕ، هەر کەسێك بیەوێت خەبات بکات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێك پێویستی بە نمرەیەکی بەرزی باوەڕ هەیە کە لەناخیدا هەبێت وە کاتێك توشی ڕوبەڕوبونەوەیەك دەبێت پێویستی بە هێزی ڕەوشتی زیاتر هەیە تاکو کۆبوونەوەی زیاتری خەڵك، پێویستی بە بڕوابوونە بە خوا"

سالأنێکی زۆر پێش ئەوەی هیچ کەسێك بڕوا بەبیرۆکەی چوونە سەر مانگ و گەڕانەوە لەسەر مانگ بهێنێت، پرسیار لە دکتۆر ڤۆن براون کرا "پێویست بە چی دەکات بۆ ئەوەی کەشتیەك بگاتە سەر مانگ؟" زۆر بە ئاسانی وەلأمی دایەوە "خواستی ئەنجام دانی". ڤۆن براون پیاوێکی صەریح، زۆر زیرەك بوو کە توانایەکی بەرزی تێگەیشتنی هەبوو بۆ ژیان وە هۆشیاریەکی زۆری هەبوو سەبارەت بە یاساکانی گەردون. لە ڕاستیدا، لەلایەن زۆرینەی پسپۆڕەکانی ئەو بوارەوە بە باوکی پرۆگرامی بۆشایی ئاسمان دادەنرا. وەك هەموو تێکۆشەرە مەزنەکان توانای وردبوونەوەیەکی قوڵ بوو لە یاساکانی ژیانی "ڕۆح"، وە یەکێك لەو

یاسایانە یاسای کێشکردن و سەرنج ڕاکێشانە. ئەمە ئەو یاسایەیە کە دەمەوێت لە ئێستاوە دەست بە هەڵکۆڵینی بکەم بۆتان.

لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لەم یاسا تایبەتە لە ڕاستیدا کلیلی تێگەیشتنە لە تەواوی ئەم کتێبە. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە، "یاسای کێش کردن یان سەرنج ڕاکێشان(جازبیەت–وەرگێڕ)" بناغەی ڕێسایەکە کە تەحەکوم بە ئاستی گەشەی کەسێتیەوە دەکات. هەرچەندە، بۆ یارمەتی دانت بۆ ئەوەی زۆر باش لەم بیرۆکەیە تێبگەیت، پێویست دەبێت لەسەرمان کەمێك تەرکیز بخەینە سەر یاسایەك کە ناوی "یاسای لەرینەوەیە".

یاسای لەرینەوە حساب بۆ جیاوازی نێوان مێشك و کێشە دەکات، لە نێوان جیهانی مادی و نامادیدا.

بەپێی یاسای لەرینەوە، ئێمە وای دادەنێین کە هەموو ئەلەرێتەوەو ئەجوڵێت، هیچ شتێك بێ ئیش دانانیشێت، هەموو شتێك جوڵەیەکی جێگیری هەیە، وە لەبەرئەوە، شتێك نیە بە ناوی سرەوتنەوە، یان شتێك بە ناوی ئیسراحەتەوە. لەوپەڕی شێوەی ئاسمانیەوە، بۆ ئەوپەڕی شێوەی مادی، هەموو شتێك لە حاڵەتی لەرینەوەی نەگۆڕدایە.

لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاستی وزەی لەرینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ملیۆنان و زیاتریش لە ملیۆنان ئاست و پلەی پێکداچوو هەیە لە ئەلیکترۆن و گەردیلەکان لە گەردوندا، هەموو شتێك لە حاڵەتی جوڵەی لەرینەوەیدایە. (وزە بە ئاشکرا لە هەموو ئاست و پلە جیاوازەکانی لەرینەوەدا هەیە).

"ژمارەی لەرینەوە" پێی دەوترێت "لەرەلەر" وە بەرزی لەرەلەر هێزێکی زیاتر بەگورە. لەوکاتـەوەی ئەندێشـە یەکێکـە لـە بـەرزترین شـێوەکانی لەرینەوە، زۆر هێزێکی بە گورو تینە لە سروشتدا وە لەبەرئەوە، پێویستە لەلایەن هەر یەکێکمانەوە بەباشی تێی بگەین.

ئێستا، یاسای لەرینەوە لەوانەیە بە چەندین رێگای جیاواز شی بکرێتـەوە، دەکەوێتە سەر مەبەستی ئەوەی کە بۆی شـی دەکرێتـەوە. لـەم بەشـەدا، هەرچەندە، ئـەوە نیـازی ئێمەیـە کـە بۆچـونەکانمان چـڕبکەینەوە لەسـەر ئەندێشە بە تەنها، هەربۆیە ئێمە بەوجۆرە ئـەتوانین تێگەیشـتنمان چاکتر بکەین لە یاسای کێش کردن و سەرنج ڕاکێشان.

لەرینەوە

لەرینەوە مانای :

"جولان بەرەو دواوە وە بۆ پێشەوە، سوڕانەوە، شـڵەقاندن، مووچوڕکە، جۆلانێ، شەپۆلدان، بزۆنە هۆکاری مووچوڕکە"

بۆ دەست کەوتنی وێنەیەکی زیاتر لەسـەر بیرۆکـەی لەرینـەوە، یـەکێك لە قۆڵەکانت لەبەردەمتا بە ڕێکی بوەستێنە. ئینجا بە ڕاوەسـتاوی و ڕەێکی بیوەستێنە لەو بارەدا. لەکاتێکدا لەوبارەدا گرتوتە بەڕێکی وە ناتوانیت و هەسـت بـە هـیچ جوڵەیـەك لـەو قۆڵەتـدا ناکـەیت، ئـەوە بزانـە ئـەو ئەلیکترۆنانەی کە قۆڵەکە پێك دەهێنێ، دەجولێ، دەشڵەقێ، موچوڕکەی پیا دێ، یان ئەلەرێتەوە، بە ڕێژەی ١٨٦٣٠٠ میل لە چرکەیەکدا.

قۆڵت بە ڕاوەستاوی دەردەکەوێت بە نیسبەت تۆوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە حاڵەتی جوڵەی نەگۆڕدایە. بێگومان، ئەگـەر چـی جوڵەیـەکی هەست پێ

نەکراوە لەبەرچاوتا، لەژێر بەهێزترین مایکرۆسکۆپدا ئەمە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت.

ئێستا، دەست بکە بە ڕاوەشاندنی قۆڵت. هەروەها خۆت، دەبێتە هۆی ئەوەی قۆڵت بلەرێتەوە. پێشتر ئەلەریەوە بەشێوەیەکی خۆیی، بەهۆی گوێڕایەڵی کردنی یاسای لەرینەوەوە (کە فێرمان دەکات هەموو شتێك جوڵەیەکی جێگیری هەیە). بەلام سەردەکەویت، یان ژمارەی ئەو لەرینەوەی زیاد دەکەیت. لەبەرئەوەی پێت ناوە بە پایدەری ئەو لەرینەوەیەدا.

کەسایەتی نەرێنی و ئەرێنی

"مێشك خۆی ئەتوانێت جەهەنمێك یان بەهەشتێك بۆ خۆی دروست بکات"

جۆن میلتۆن

خەڵك وەك یاسایەك، دەتوانرێت پۆلێن بکرێن بۆ کەسایەتی ئەرێنی(گەشبین) یان کەسایەتی نەرێنی(ڕەش بین).

هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئەندێشەیاندا گەشبینن هەمیشە سەیری لا گەشەکەی ژیان دەکەن. لەگەڵ ڕوخساریاندا کە هەمیشە ڕووەو ڕۆشنایی خۆر دەیجوڵێنن، هەوڵی بینینی باشیەکان دەدەن تەنانەت لە خراپیەکانیشدا. وەك ئەوانەی بەشێوەیەکی عادەتی بیرکردنەوەیان لە سروشتی ئەرێنیە وە دەبنە بەرەکەت بۆ جیهانیش. ئەوان لەسەر

"لەرینەوەی نەرێنین" وە لەبەرئەوە کەسایەتی ئەرێنیش بەرەو خۆیان ڕادەکێشن.

کەسایەتی نەرێنی، لە لاکەی ترەوە، بەشێوەیەکی عادەتی ڕوخساریان ڕوەو تاریکیە، دڵ تەنگ و پەستن، وە سەیری ڕووە خەفەتاویەکەی ژیان دەکەن. تەنانەت وەها شتە باشەکانیش دەبینن کە شتێکی خراپی تێدایە بۆیان. ئەوان لەسەر لایەنی خراپ و نەرێنی دەژین. بەردەوام بیر لە خراپە دەکەنەوە، چاوەڕوانی خراپەن، پێشبینی دەکەن، وە بەبێ گۆڕان ئەوە وەردەگرن کە چەنێکە چاوەڕێی دەکەن. بەپێی لەرینەوەی نەرێنی کە خۆیان پێ داپۆشیوە، بەبێ گومان کەسایەتی بەدبەختی بەرەو خۆیان ڕادەکێشن. وە ئەوەی کە پێشتر زانیت "هەژاری حەزی بە هاوڕێیەتیانە".

دەکرێت حاڵەتی مێشکیان بەو کەسە بەراورد بکرێت کە پرسیاری لێ کرا هەستت چۆنە، وتی :

"هەست ئەکەم ئەمڕۆ باشم، بەڵام لەوانەیە سبەینێ هەست بە خراپ بوون بکەم"

کەسایەتیە نەرێنیەکان خەفەتن بۆ هەموو ئەوانەی کە لە چواردەوریانن. هەمیشە ڕوخساریان ئاماژەیە بۆ ئەو بیرۆکە و ئەندێشە نەرێنیانەی کە لە مێشکیاندا هەڵیانگرتووە. هەموو ڕۆژێك، کەسێك ئەتوانێت تێبینی ئەوە بکات کاتێك ئەو جۆرە کەسانە بەسەر شەقامەکاندا تێ دەپەڕن. هیچ دڵ خۆش نین، هیچ شادومانیەکیان لێوە دەرناچێت، تەنها دڵتەنگی نەبێت، مۆنی و دوژمنایەتی نەبێت. جەمەنێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە، خۆیان وا پیشان ئەدەن کە زۆر خۆشحاڵن لە جەمەنەمەدا.

یاسای جەمسەرگیری و ڕێژەیی ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە بۆ هەموو حاڵەتێکی ئەرێنی حاڵەتێکی یەکسانی نەرێنی هەیە. لەبەرئەوە، هەردوو جۆرەکەی کەسایەتی پێویستن، هەربۆیە ئەتوانی گەشە بە هۆشیاریت بدەیت بۆ دیاری کردنی هەردوو جۆرەکەو ناسینی هەر یەکێکیان، بەهۆی ئەم ڕێگایەوە، ئەو دانەیان هەڵبژێرە کە ژیانت پێش دەخات.

تۆ تەواو ئازادی. تۆ ئەتوانی هەر یەکێك لەو دوو جۆر کەسایەتیە هەڵبژێریت کە دەتەوێت. لەبەرئەوە، گەر کەسێك هەمیشە نەرێنی بێت، بەڵام ماندووە لەو جۆرە کەسایەتیەی، ئەو کاتە ئەتوانێت لە ڕێگای هۆشیاری و ڕەنجی گونجاوەوە، خۆی بگۆڕێت بۆ جۆری کەسایەتی ئەرێنی.

لەمە تێبگە —یاسای لەرینەوە ئەو هۆشیارییەی کە خەڵکی پێویستیانە پێیان دەبەخشێت، بۆ گۆڕینیان بۆ ئەو جۆرە کەسایەتیەی کە دەیانەوێت.

مێشك و جەستە

لاشەی مرۆڤ، بڕوات پێی بێت یان نا، یەکێك لە چوست وچالاترین ئامرازە کارەباییەکانە لەناو تەواوی ئەم گەردونەدا. مێشکی مرۆڤ، هەروەها، دەشێت چالاکترین ئامرازی کارەبایی بێت کە دروست کراوە، هەردوکیان بەڕاستی سەرسامکەرن.

مێشك بەشێکە لە لەشی مرۆڤ کە هەموو لەرەلەرێك دەگوێزێتەوە لە یەك ئاستی لەرەلەرەوە بۆ ئەوی تر. لەناو مێشکدا، بۆ نمونە، هەست دەگوێزرێتەوە بۆ کرداری ماسولکەیی. دەنگ، گەرمی، ڕۆشنایی، وە

ئەندێشــەش هــەروەها، هەریــەکێکیان بۆخــۆی دەگوێزرێتــەوە بـۆ لەرەلەرەکانی تر کە هەر یەکێکیان کاردەکەنە سەر لاشە.

لەناو مێشکدا چەندەها ناوەند هەن کە کۆنترۆڵ و ڕێکخەری ئەرکی هەموو ئۆرگانەکان و پارچەکانی لەش دەکەن. لەڕێگەی هەژاندنی ڕێك و پێکی ئەم ناوەندانەوە، وە هەروەها کرداری ئەو ئۆرگانانـە دەکرێت بەو جۆرە کۆنترۆڵ بکرێت. لە سیمینارەکەماندا، ئامـاژە بـۆ ئـەم دیاردەیە دەکەین کە پێی دەوترێت کۆنترۆڵی لەرینەوەی لاشە.

لە شی کردنەوەی کۆتاییدا، مێشك بە ئاسانی ئـامرازێکی لەرینەوەیە. بۆ ئەوەی تێبگەی لە ئەرکی مێشك پێویستە زۆر باش لێکۆڵینەوە لـە یاسای لەرینەوە بکەیت.

لەسـەرەتای سـاڵەکانی ١٩٤٠ ەوە شـتێکمان هـەبوو بـە نـاوی (هێلکـاری کارەبـایی مێشـك)، کـە چـالاکی کارەبـایی مێشـکی دەخوێنـدەوە، وە (هێلکـاری دڵ)، کـە شـوێن گۆڕانکاریـە کارەباییـەکان دەکـەوێت کـە لـە ئەنجامی ژانە دڵدا ڕوودەدات.

لەبەرئەوە، لەرینەوە بـە دڵنیاییـەوە شـتێك نیـە کـە تـازە بێـت بـۆ ئێمە. هەروەها، هەموو یەکێك لە ئێمە زانیاری هەیە دەربارەی. هەرچەندە، ئـەو کێشـەیەی کـە زۆرینـەی خـەڵکی بـەرەوڕوی دەبنـەوە زانیارییـان نیـە دەربارەی پەیوەندی نێوان لەرینەوەکەیان و ئەنجامیان لە ژیاندا.

بـەڵێ وایـە، بـە داخێکـی زۆرەوە، وێنەیـەکی زۆر بـەربڵاوی ئەوەیـە کـە خـەڵکی لـە لەرینـەوەی خـراپ یـان تێکچـوودا ببینـی، هەمیشـە هەوڵدان لەڕێگای هێزەوە، بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی باش. هەرچـەندە، بـەهۆی لەرینەوەی نەرێنیەوە کە ئەوانی تێدان، بـە بـەردەوامی بۆمبـاران دەکرێن

لەلایەن هەموو ئاکارێکی خەڵکانی نەرێنی و بارودۆخیانەوە، کە بەپێی یاسا، بەرەو ڕویان ڕاکێشراوە. بەم شێوەیە، لە هەندێك خاڵدا جەنگەکەیان زۆربەهێز دەبێت.
ئەو خەڵکانە لەو کەسە ئەچن کە لە بینایەکی بەرزەوە خۆیان فڕێ ئەدەنە خوارەوە، وە هەوڵی ئەوە ئەدەن سەرکەونەوە، لە یەك کات و لە هەمان کاتدا. ئەنجامەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، چاوەڕوانکراو دەبێت وە ڕوخێنەریش دەبێت.

هەموو شتێك وزەیە ، هەموو شتێك ئەلەرێتەوە
بۆ هەر یەك لە ئێمە بۆ بەدەست هێنانی هۆشیارییەکی باشتر لەوەی کە چۆن کۆنترۆڵی بەرئەنجامەکانی بکات (واتە، باشتر تێگەیشتن لەوەی چۆن وە بۆچی ئەندێشەکان وە شتەکان بەو شێوەیە دێنە ژیانتەوە وەك ئەوەی هەن)، پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ گریمانەی بنچینەیی کە دەستمان پێ کرد، بەناوی، هەموو شتێك لە لەرینەوەدایە وە هیچ شتێك وەستاو نیە. لە ڕاستیدا شتێك هەیە، ئەویش ئەوەیە هیچ شتێك لە حاڵەتی سرەوتندا نیە. زاناکانی ئەمڕۆ پشتگیری ئەم تێزانە دەکەن وە هەموو دۆزینەوەیەکی زانستی نوێ زیاتر متمانەی ئەم تێزانە دەسەلمێنن.
لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕێگەی ئیرادەی ئازادی خۆتەوە وە زۆرینەی هۆکارە دەرونیەکانی تر لە مێشکی سەرسوڕهێنەرت، تۆ توانای دروست کردن و داهێنانت هەیە بە جۆرێك کە ببیتە هۆی گۆڕینی لەرینەوە بۆ ئەوەی شوێنی فەرمان کردن لە ژیانتا بگرێتەوە. هۆکاری کەمی توانای ئێمە بۆ

مەشق کردنی ئەم هێزە لە ڕادە بەدەرە هیچ نیە جگە لە نەزانی خۆمان دەربارەی یاسای لەرینەوە.

ڕێگا بدە بەستەری پەیوەندیەکانت بدرەوشێتەوە
بە هێواشی بەڵام بە دڵنیاییەوە، ڕێ بدە بە چاوی ناوەکیمان تێبگەین، چۆن ئەتوانی "پەیوەندی" بکەیت بەو شتانەی کە ئارەزویان دەکەیت، بۆ چاك کردنی جۆری ژیانی خۆت.
دوو تەن هەن کە شەپۆلی کەهرۆموغناتیسیان لەسەر هەمان لەرەلەرن. لەبەرئەوە، ئەتوانین بڵێین هەردوکیان هەمان زرنگانەوەیان هەیە، هەمان گونجانیان هەیە، یان هەمان هۆگرییان هەیە. کاتێك دوو تەن هەمان زرنگانەوەیان هەیە، یان بە هەمان خێرایی دەلەرێنەوە، لەوانەیە ژمارەی لەرینەوە لە دانەیەکەوە بۆ دانەیەکی تر بگوێزرێتەوە لە ڕێگەی ناوەندی ئەلیکترۆنەوە.(زرنگانەوە، وەك سەرچاوەی لێکۆڵینەوە، گرنگی ئەدات بە بواری کەهرۆموغناتیسی تەنە دەورەدراوەکان)
دوو تەنی کە بەتەواوی لە ڕووی مادیەوە جیاوازن وە بە تەواوی شێوەیان لە یەکتری جیاوازە. هێشتا، بەهەمان زرنگانەوەی یەکتر دەزرنگێنەوە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمان بنچینەی موغناتیسیان هەیە. ئەو دوو تەنە لەناو هەمان گۆی جوڵەدان، وە ئەمە ڕاستە بە بێ ڕەچاوکردنی قەبارەیان، شێوەیان، یان توخمەکانی کە لێوەی پێك هاتوون.

هەموو شەپۆلێکی کەهرۆ موغناتیسی، یان بچوکترین ووزە، هەمان ڕێژەی دیاری کراویان هەیە یان هەمان لەرەری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە

دەگونجێ لەگەڵ ژمارەی گۆڕینی سەر ئاڕاستەی کە لە هەر چرکەیەکدا دروست دەبێت. شەپۆلی کەرۆ موغناتیسی زۆر بە سادەیی بریتیە لە "پێوەری لەرینەوە" وە دابەش دەبێت بۆ چەندەها بەشی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کەسێك هەمیشە پێویستە ئەوەی لەبیر بێت ئەم ناوچانە بەشی ڕاستی نین، بەڵام تەنها ڕوپۆشێکن کە لە خۆوە لەرەلەرە ئاشکراکانی ناوچە هەستیەکانمان دادەپۆشن بە ڕێگای جیاواز. هەموو ناوچەیەك لە ڕاستیدا لەگەڵ ناوچەی سەروخۆی و خواروخۆی تێکەڵاو دەبن، وە لە ڕاستیدا، هیچ هێڵێکی سنور بۆ دیاریکراو نیە.

## هەموو شتێك دەربڕینی هەمان شتە

هەموو شتێك لەم گەردونەدا پەیوەستە بە هەموو شتێکی ترەوە لەم گەردونە، بەهۆی یاسای لەرینەوەوە. هەروەکو ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە بە شێوەیەك بەیەکەوە پەیوەستن کە ناتوانیت بڵێیت چ کات ڕەنگێك ئەوەستێت و ئەوی تر دەست پێ دەکات، هەروەها تۆش ناتوانیت دیاری بکەیت کەی شتێك دەست پێ دەکات و دانەیەکی تر دەست پێ دەکات. هەموو شتێك لەم گەردوونەدا پەیوەستە بە هەموو شتێکی ترەوە، هەروەکو چۆن ئاوی کوڵاو پەیوەستە بە هەڵم و بوخاری کوڵانەکەیەوە کە دۆخەکەی دەگۆڕێت، وە هەڵم و بوخارەکەش پەیوەستە بە هەواوە کە دەگۆڕێت.

تۆش هەروەها پەیوەستیت بە هەموو شتێکەوە کە لەم گەردونەدایە. گەر بە چاوی خۆت بیان بینی یان نا. تەنها جیاوازی فیزیکی کە بونی

هەیە لە نێوان شتێك و شتێکی تردا، پەیوەستە بە چڕی یان فراوانی لەرینەوەیان.

لەبەرئەوە، هەرکە تۆ ئەندێشە دڵنیاکانت هەڵبژارد، خانەکانی مێشکت کاریان تێ دەکرێت. ئەو خانانە دەلەرێنەوە وە شەپۆلی کەهرۆ موغناتیسی دەنێرن. کاتێك تۆ لەسەر ئەو بیرۆکانە چڕ دەبیتەوە، ئەوا مەودای لەرینەوەی ئەو خانانە زیاد دەکەیت، وە شەپۆلی کارەباییش، لەگەڵ ئەوەشدا شەپۆلەکە زۆر بەگورتر دەبێت.

ئەوە بزانە کە تۆ سەرچاوەی ئەو شەپۆلە کارەباییانەیت وە ئەوەش بزانە کە تۆ چڕی و زۆرییان دیاری دەکەیت لە ڕێگەی ئیرادەی ئازادی خۆتەوە. پێویستە ئەوەش بزانیت، لەو کاتەوەی تۆ سەرچاوەی ئەم شەپۆلە کارەباییانەیت، تەواوی بوونت بووە بە بەشێك لەو لەرینەوە تایبەتە.

پێشتر ئێمە ئەو خاڵەمان ڕونکردەوە کە دوو تەن لەوانەیە بەتەواوی جیاواز بن لەیەکتری لە ڕووی مادی و شێوەیانەوە، وە هێشتا لە زرنگانەوەدا بن. ئەمە بەهۆی ئەو ڕاستیەی کە بنچینەی موغناتیسی هەردووکیان چونیەکە، لەبەرئەوەی هەردوکیان لەسەر هەمان گۆی جوڵەن. (ئەوە بخەرە مێشکتەوە کە زرنگانەوە هۆکاری بەڕێوەبردنی گۆڕینی لەرینەوەیە).

کاتێك وێنەی ئامانجەکەت لە مێشکتدا هەڵدەگریت لەسەر شاشەی مێشکت، لە دەمی ئێستادا، تۆ لەسەر لەرینەوەی هاوگونجاویت(زرنگانەوەی گونجاویت) بە هەموو بەشێکی ووزەوە کە پێویست بێت بۆ خستنەڕوی وێنەکەت لەسەر شێوەیەکی بەرجەستەکراو.

لە ڕێگەی هەڵگرتنی ئەو وێنەیەوە ئەو هەموو ووزە بەش بەشانە ئـەجوڵێن بەرەو تۆ وە تۆش ئەجوڵێیت بەرەو ئەوان لەبەرئەوەی ئەوە یاسایە.
هەموو شتێك بریتین لە ڕونکردنەوەیەك بۆ ووزە یان ڕۆح. کاتێك جیهان دەیانەوێت لەم ڕاستیە مەزنە تێبگەن، ئێمە ئەو کات دەزانین کە هـەموو خـەڵکی وەك یـەکن، ئـەوان تـەنها وای دەردەخـەن کە جیاواز بن. هێڵە ڕاستیەکانی دابەشکردنی مرۆڤایەتی سنوری وڵاتان نین، ڕنگ و زمان نین، بەڵکو زۆر بە سادەیی نەزانیە وە تێگەیشتنی هاو دژ یەکیە.

ڕاستی بزانە، وە ڕاستی ئازادت دەکات

یارمەتی کەسانی تر بدە هەست بە باشتر بوون بکەن

ئۆتۆماتیکیانە حەز بەو خەڵکانە دەکەیت کە وات لیّ ئەکەن هەست بە باشی بکەیت. لەبەرئـەوە، کەسانی تـریش حـەز بـە چارەی تـۆ دەکـەن کاتێك ئەبیتـە هۆکـاری دڵخۆشـکردنیان، یـان کاتێـك دەیانجوڵێنیت بـۆ لەرینەوەی ئەرێنی زیاتر.

نمونە:

کـۆنترۆڵی لەرینـەوەی لاشـە، مێشـك وە ڕۆح هۆکارێکـە بـۆ گێڕانـەوەی لەرینـەوەی ئـەرێنی، لـە ڕێگـەی ناوەنـدی شـەپۆلی کارەبـایی دەنگـدەری خانەکانی مێشکەوە، لە تۆوە بۆ کەسێکی تر.

وەك پێشتر ئامارەمان پێدا، لاشـەی مـرۆڤ، بـە مێشکیشـەوە، ئـامرازێکی زۆر بەهێزی کارەباییە. لەبەرئەوە، تۆ بـە ڕاسـتی دەبیتـە "وێستگەیەکی گـوێزەرەوە" کـە پەیوەسـت دەبیـت بـە خـەڵکانی تـرەوە. کاتێـك "ئێستگەکە ئیشی کرد" لە نێوان تۆ و ئەوانی تردا، یان کاتێك کەسایەتی

تێکەڵ دروست دەبێت لەنێوان تۆ و کەسێکی تردا، کەسەکەی تر وەری دەگرێت وە ئاگای لە لەرینەوەی ئەندێشەکە دەبێت کە لە وێستگەکەی تۆدا دروست بووە.

لە ژێر یاسای بڵاوکردنەوەی هەمیشەیی وە گۆڕینی ووزە، کەسەکەی تر، گەر ووزەی کەم بوبێتەوە، لەو ووزە زیادەیە دەبات کە تۆ بۆت ناردووە. وە، هەروەك پاتری بێ هێز، کەسەکەی تر پڕ بۆتەوە لە ووزە، زۆر چالاکە، وە زۆر ئەرێنییە لە بەرئەنجامی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ تۆدا گرێی داوە.

پرۆسەی گواستنەوەی ووزە لە نێوان تۆو کەسێکی تردا بە تەواوی وەك ئەو پرۆسەیە وەهایە کە لەنێوان وێستگەی پەخش و ڕادیۆدایە. ئەمە پێمان دەڵێت، کە ئەو یاسایانەی کە چونیەکن لەگەڵ سروشتەکەیاندا، هەردوو دیاردەکە بەڕێوە دەبەن.

## لەرەلەرەکان و هەڵوێست

هەموو شتێکی بەرجەستە(مادی) لەرینەوەکەی فەرامۆش دەکات. هەموو شتێك کە تۆ ئەیبینی، ئەیبیستی، بۆنی ئەکەیت، تامی ئەکەیت، یان دەستی لێ ئەدەیت، لەرینەوەکەی فەرامۆش دەکات لەبەرئەوەی ئەم شتانە، وەك هەموو شتێکی تر وەهایە، لەحاڵەتی جوڵەی نەگۆڕدان. هەرکات ئەوەندە نزیك بویتەوە کە بچیتە ناو "گۆی لەرینەوە"وە ئەوا کاریگەر دەبیت بەو لەرینەوەیە، گەر پێی بزانیت یان نا. ئایا هەرگیز تێبینی ئەوەت کردووە، بۆ نمونە، هەست بە چ جۆرە ئارامییەك دەکەیت کاتێك بە تەنها بە دارستانێکدا دەڕۆیت؟

یاساکە ڕێک بەهەمان ڕێگەی عەقڵی کاردەکات. وەك ئەوەی کاتێك کەسێك بیر لە ئەندێشەیەك دەکاتەوە، مانای وایە ئەو کەسە بە هۆشیاری یان ناهۆشیارانە گروپێك لە خانەی مێشکی نائاساییانە دەست دەکات بە لەرینەوە، هەرکات ئەو خانە مێشکیانە، بوون بە شتێك، بە نائاسییانە لەرینەوە، ئەوا ووزەی کارەبایی لەو شەپۆلە فەرامۆش دەکەن کە بۆ جێگایەك دەگەڕێت بۆ نیشتنەوە.

گەر تۆ لە بۆشای لەرینەوەیاندا بوویت وە ڕویدا بۆت هەمان خانەت هەبێت کە دەبێتە هۆی هۆگری (لە هاوگونجان یان پێك هاتن) لەگەڵ ئەو دانەیەی کە لەگەڵ مێشکی کەسەکەی تردا دەلەرێتەوە، ئینجا ئەو لەرینەوانە وەردەگریت وە بەشێوەیکی عەقلانی پێیان کاریگەر دەبیت، گەر نەرێنیانە بێت یان ئەرێنیانە. (ئەوە ڕوونە کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە بواری فرۆشتندا یان بەڕێوەبردندا شارەزان بەتەواوی لەم زانیارییە تێدەگەن).

با وای دابنێین کە کەسێکی تر بۆ "بیرۆکەی تورەیی" دەلەرێتەوە، گەر تۆ لەو جۆرە کەسانەی بیت کە بە ئاسانی تورە دەبیت وە ڕوبدات کە بچیتە ناو ناوچەی لەرینەوەی لەرینەوە تورەکان، ئینجا ئەو لەرینەوانە لە "خانەی تورەبوون" دەدەن لە مێشکتا. مەرجی بوونی زرنگانەوە، ئەو لەرینەوانەیە کە خانەکانی مێشکت دەلەرێنێتەوە وە تەواوی بوونی تۆ بەرەو ئەو لەرینەوەیە دەجوڵێنێت. تۆ وەڕس و تورە دەبیت (تەنانەت ئەگەرچی لەوانەیە تۆ بزانیت یان نەزانیت، بەهۆی ئەو تورەییەی کە لە خۆتا هەیە). گەر تۆ تێ نەگەیت لەوەی چی ڕویداوە، ئەو کات توانای

ئەوەت نابێت ئەو مەرجانە بگۆڕیت کە بونەتە هۆی کاریگەری دانان هەر لە سەرەتادا.

ئەم ڕێسایە لەسەر هەموو لەرینەوە عەقلّیەکان جێ بەجێ دەبێت. هەرکە کەسێك دەستی کرد بە بیرکردنەوە، ئەوا خانەکانی مێشکی دەست دەکات بە لەرینەوە. ووزە دەست بە دەرپەڕین دەکات، لەبەرئەوە، لەشێوەی ئەلیکترۆندا گەشت دەکات بەپێی چڕی ئەو ئەندێشەیەی کە بیری پێ کراوەتەوە. هەرکەس ئەو ووزەیە بوەستێنێت، پێی کاریگەر دەبێت. بەلاّم بیخەرە مێشکتەوە، تەنها شتێك کە ئەندێشەیەك دەوەستێنێت، ئەوە کە لەگەلّ ئەو ئەندێشەیەدا دەزرنگێتەوە. ئەمە مانای ئەوەیە، گەر پێویست بێت بڕۆیتە ناو ناوچەی لەرینەوەی شەپۆلێکی کەمرۆموغانتیسیەوە لە ئەندێشەیەکی نەرێنی، تۆ خۆت دەکەیتە کەسێکی نەرێنی، گەر لەو جۆرە کەسانە بیت. بە پێچەوانەوە، گەر تۆ بچیتە ناو ناوچەی لەرینەوەی ئەرێنیەوە، ئەوا تۆ ئەزموون لەگەلّ دژی نەرێنیدا پەیدا دەکەیت کە پێی دەوترێت، کەسانی ئەرێنی.

لەوکاتەوەی ئەو هەوایەیەی کە هەلّی دەمژین پڕە لە هەردوو لەرینەوەکە، ئەوا بە هەمیشەیی دێنە ناو مێشکتەوە. لە بەرئەنجامدا، تۆ ئەتوانیت ببیتە "کەشتیەك بەبێ سوکانەکەی" دەهاوێژرێیتە بەر بەزەیی هەر شتێك کە لەرینەوەی هەبێت یان هەر شتێك لە هەوادا بێت. هەرچەندە، هەرکە لە یاسای لەرینەوە تێگەیشتی، تۆ لە پێگەیەکدا دەبیت خۆت جیا دەکەیتەوە لە لەرینەوە نەرێنیەکان. ئینجا ئەتوانی کۆنترۆلّی خۆت بکەیت، ڕاستر بە مانای ووشە، تۆ دەست دەکەیت بە ڕاکێشانی شتەکان وە ئەو بارودۆخانەی کە خۆت هەلّیان دەبژێریت.

ببە بە موگناتیسێکی عەقڵی

# ئەوشتەی پێویستە ڕایکێشە بۆ خۆت

بۆ بەدەست هێنانی ئەو وێنە بەرجەستەیەی کە دەتەوێت

گەر ئەو ووزەیە یان ڕۆحە ڕاست بێت، نەتوانرێت دروست بکرێت یان وێران بکرێت وە هەموو شتێك لە دۆخی ئەسڵی خۆیدا یان ووزە یان ڕۆح بێت، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئەوشتەی ئەتەوێت پێشتر لێرە بووە. ئەوە زۆر بە سادەیی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئەو ئەندێشانەوە هەیە کە دەتخاتە لەرینەوەی گونجاوەوە لەگەڵ ئەو شتانەی کە ئارەزوویان دەکەیت.

هەموو شتێك کە تۆ بە دوایدا دەگەڕێیت ئەویش لەبەرامبەردا بە دواتدا دەگەڕێت. لەبەرئەوە، هەموو شتێك کە دەتەوێت پێشتر هی تۆیە. کەواتە پێویست بەبەدەست هێنانی هیچ شتێك ناکات، بەڵکو زۆر بە سادەیی تەنها ئەوەیە کە زیاتر هۆشیار بیت بەوەی کە پێش وەخت چ شتێکت هەیە.

ئەو ساتەی کە ژیانی خۆت هاوجووت دەکەیت لەگەڵ یاساکەدا، خۆت هاوجووت دەکەیت لەگەڵ شەپۆلی فەرمانی خواییدا، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە "نەرێنی" باڵێك دەگرێت، لەبەر ئەو هۆکارەی کە لابراوە چیتر ئەوەی پێی دەڵێن "نامەوێت" ڕاناکێشیت بۆ خۆت. نهێنی وەرگرتن، لەسەر ئاستی بەرجەستە، بەرئەنجامی ئەوەیە کە ئارەزووی تۆ هەمیشە بەرەو یاسای ڕاکێشان بووە. تەواوی ئەم کتێبە بۆ

ئەوە داڕێژراوە کە یارمەتی تۆ بدات تێبگەیت چۆن لەڕینەوەی گونجاوت دەست بکەوێت بۆ ئەو شتانەی کە ئارەزوویان دەکەیت، وە ئینجا چۆن لەسەر ئەو لەرینەوە ئەرێنیە بمێنیتەوە، ئەوکاتە تۆ ئەتوانیت هەرچیەکت پێویستە بۆخۆتی ڕابکێشیت بۆ وێنەکەی خۆت بۆ ئەوەی بیگۆڕیت بە شێوەیەك.

لەیەکچوونی بەڕوو

لە کتێبە نایابەکەی ڕایمۆند هۆلی وێلّدا، "ئیشکردن لەگەڵ یاسا"، هۆلی وێلّ لە بەشێکدا بە ناوی "یاسای سەرکەوتن" ئاماژە بەمەی خوارەوە دەکات:

"هەموو پرۆسەیەکی سروشت سەرکەوتووە. سروشت شکست ناناسێت. هەرگیز پلان بۆ هیچ شتێك دانانێت جگە لە سەرکەوتن. سروشت هیوای لەسەر ئامانجە لەسەر هەموو شکڵ و ئاکارێك. بۆ سەرکەوتن بە باشترین و فراوانترین مانا ئێمە پێویستە ئێمە خۆمان وەك سروشت لێ بکەین، کۆپی ڕێگاکەی بکەین. بە ڕێساکانی ئەو وە یاساکانی پێویستە هەموو نهێنیەکانی سەرکەوتن بدۆزینەوە"

ئەوە بخەرە مێشکتەوە کە هەموو شتێك لەم گەردوونەدا کە دەتوانی ببیینی بە چاوی خۆت وە هەموو شتێك کە ناتوانی ببیینی، دەربڕینێکە لە ڕۆح. هەروەها بیخەرە مێشکتەوە کە ڕۆح لە لایەن یاسای تەواوەوە بەڕێوە دەبرێت. تۆ بابەتی ئەو یاسایانەیت، بەهەمان ئاکاری سروشت کە وەهایە. لەبەرئەوە، هۆلی وێلّ ڕاست دەکات، ئێمە بێ گومان و بە دڵنیاییەوە پێویستە ڕێگاکانی سروشت کۆپی بکەین.

بۆ سالأنێك بەڕوویەكم هەلگرتبوو لەگەڵ خۆمدا لە سیمینارەكانمدا وە بەكارم دەهێنا وەك ئامێرێك بۆ یارمەتی دانی خەلكی بۆ ئەوەی باشتر تێبگەن لەوەی كە چۆن یاسای ڕاكێشان(جازبیەت) لە ڕاستیدا كار دەكاتە سەر ژیانیان. بۆیە تكایە بیهێنەرە بەرچاوت، گەر بتەوێت، بەڕوویەك. ئینجا بیربكەرەوە، بەڕاستی بیربكەرەوە دەربارەی ئەوەی كە سەیری چی دەكەیت.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بەڕووەكە وا دەربكەوێت كە تەنێكی ڕەقە، ئێستا بە ڕوونی پێویستە ئەوە تێ بگەیت كە بەڕووەكە، وەك هەر شتێكی تر وەهایە كە وا دەردەكەوێت ڕەق بێت، لەڕاستیدا "بارستایی گەردێكە لە خێراییەكی زۆر بەرزی لەرینەوەدا". لەناو بەڕوودا، ناوكێك هەیە یان پلانێكی نەخشێنراو هەیە كە فەرمان دەكات لەسەر ژمارەی لەرینەوە كە ئەو گەردیلانەی پێ دەجولێنێت. زیاتر لەوەش، هەمان ڕێسا بۆ هەموو تۆوێك ڕاستە. بە مانایەكی تر، هەموو تۆوێك ناوكی هەیە یان پلانێكی نەخشێنراو لەناویدا هەیە، كە فەرمان لەسەر لەرینەوەكەی دەكات چۆن بێت وە بەوجۆرە بەرهەمی كۆتایی بەڕێوە دەبرێت كە فراوان دەبێت یان گەشە دەكات.

لەوبڕوایەدام هەمووتان ئەم ڕاستیە ئەزانن، هەموو شتێك لەم گەردونەدا لەڕێگەی یاسایەكی سادەوە بەڕێوەدەبرێت "یەكێك لەم دوانە، دروست كردن یان شی بوونەوە" لەبەرئەوە، شوێن ئەوە دەكەوێت، گەر شتێك لە پرۆسەی گەشەكردندا نەبوو، پێویستە، بەهۆی یاسای بونیەوە، بمرێت. بۆ نمونە، تاوەكو بەڕوو لەدەرەوەی زەوی پارێزگاری لێ بكرێت، بەهێواشی بەلأم بە دلنیاییەوە شی دەبێتەوە. بەلأم هەركە بەڕووت چاند

له زەویدا، پلانی نەخشێنراو یان ژمارەی لەرینەوەی بەڕووەکە هێزی ڕاکێشان ڕێك دەخات وە بەڕووەکە هەموو شتێك کە هاوجووت بێت لەگەڵ لەرینەوەیدا بۆ خۆی ڕادەکێشێت. گەر بتوانییایە تێبینی ئەوە بکەیت بەچاوت کە چی ڕوودەدات بەتەواوی، ئەوا کاروانێك لە ووزەی بەش بەشت دەبینی(جۆگەیەکی تەواو نەبوو لە ووزە) بەشێوەیەکی زۆر ڕێکخراو بەرەو بەڕووەکە دەچوون. لەکاتێکدا ئەوان لە پەیوەندیدان لەگەڵ گەردیلەکاندا بۆ دروست کردنی بەڕووەکە، پەیوەست دەبن، دەبنە یەك، وە بێ گومان، بەڕووەکە فراوان دەبێت، گەورەتر دەبێت و گەشە دەکات. ئێستا لەمە ڕابمێنە، گەر دوو دڵۆپ ئاو وە دوو دڵۆپ نەوت لەسەر مێزێك بکەیت بەسەر یەکدا وە ئینجا بتەوێت پێکەوە بیانجولێنیت، دوو دڵۆپ ئاوەکە یەك دەگرن و دەبنە دڵۆپێکی گەورەتر، کە هەردوو دڵۆپ پەیوەندی لەگەڵ یەك دەبەستن. لەسەر لاکەی تر، گەر بتەوێت ئاوەکە بجولێنیت ڕووەو نەوتەکە، ئەوا لەڕاستیدا بەرپەرچی یەك دەدەنەوە لەبەرئەوەی لەسەر لەرینەوەیەکی هاوجووت نین. بەهەمان شێوەی بەڕووەکە تەنها شتێك کە پەیوەست دەبێت بە بەڕوەکەوە ئەو بەشانەی ووزەن کە لەرینەوەیان هاوجووتە لەگەڵ یەك. هەموو بەشەکانی تری ووزە، کە زەوییان دروست کردووە، بەرپەرچی دەدەنەوە.

لەگەڵ فراوان بوونی بەڕووەکە لە جۆگەیەکی هەرگیز تەواونەبوو گەردیلەکانەوە کە ڕاکێشراون بۆی، تۆویی بچووك دەست دەکەن بە دەرهاتن لە خوارەوە وە دێنە سەرەوە. ئەو تۆوانە لەبەرامبەردا، گەشە دەکەن و دەبنە ڕەگ. لەگەڵ گەورە بون یان فراوان بونیان وە تەقینیان لە زەویدا بۆ ناو بەرگەهەوای زەوی، ئەم هێزە سەرنج ڕاکێشە بەردەوام

دەبێت، وە بەشە بچووکەکانی ووزە لە بەرگەهەوای زەوی بەرو لای دەڕوات (هەروەك بەشەکانی ووزەی ناوی زەوی کە بەرەو ڕووی ڕۆیشت).
کە بەڕووەکە بەردەوام دەبێت لەفراوان بوون، لە خاڵێکدا بەڕوو ئەوەستێت لەوەی هەر ناوکە بەڕوو بێت بەڵکو دەبێتە درەختی بەڕوو.
ڕەگەکان، قەدەکان، لقەکان، چڵەکان، وە گەڵاکان هەموویان لە گەردوندا بوون، بۆلای ناوکی بەڕووەکە ڕاکێشران، لەبەرئەوەی ناوك یان پلانی نەخشێنراو کە لەناو تۆوەکەدا دانراوە.

ئێستا، پێچەوانەی دروستبوونی مرۆڤ، بەڕوو ناتوانیت ژمارەی لەرینەوەکانی خۆی بگۆڕێت. دەتوانێت تەنها گەشە بکات بۆ ئەوە ئەو شتەی کە پرۆگرام کراوە گەشەی بۆ بکات، کە پێی دەوترێت، درەختی داربەڕوو. تۆ زۆر لە بەڕوو دەچیت لە زۆرینەی ڕووەکانەوە. بۆ نمونە، تۆش هەروەها "تۆوێك" بویت، بە نیسبەت تەواوی سیستمی شتەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی هەیە لە نێوان تۆو بەڕوودا بەوەی کە تۆ بەشداری لە دروست کردندا، ئەتوانی بەرنامەی تایبەت بە خۆت هەڵبژێری. لەبەرئەوە، ئەو وێنەیەی کە هەڵتبژاردووە هەڵی بگریت، لەسەر شاشەی مێشکی ئاگات، وە بە قوڵی چاندوتە لەناو خەزێنەی عەقڵی لاشعورتدا ئەو پلانە نەخشێنراوەیە یان ناوکەیە کە دیاری دەکات لە ئەنجامدا گەشە بکات بۆ چی. فەرمان لەسەر ئەو لەرینەوەیە دەکات کە تۆی لەسەر بیت وە هەروەها کۆنترۆڵی ئەوەش دەکات کە بەرەو لای تۆ ڕادەکێشرێت وە ئەوەش کە بەرپەرچی دەدەیتەوە.

ئەمە گەردونێکی ڕێك و پێکە، هیچ شتێك لە خۆوە ڕونادات. ئەو وێنەیەی کە لە مێشکی نایابتا چاندوتە یەکسەر هێزە کاریگەرەکان ڕێك دەخات،

کە بەرنەنجامەکانی ژیانت بەڕێوە دەبەن. پێویستە ئەمەت لەبیربێت ئەگەرچی، گەر وێنەکەت بەبەردەوامی لە گۆڕاندا بێت، بەبەردەوامی گەشە دەکەیت بۆ شتێکی جیاوازتر کە لەسەر پرۆسەیەکی ئاژاوەگێڕانە کار دەکات. بەداخێکی زۆرەوە، ئەو جۆرە خەڵکانە بێ ئاگان لەو یاسا دەقیقانە بەجۆرێك وێنەی فەقیری ئەچێنن لە مێشکیاندا بە خولەکێك ئینجا وێنەی مردن دواتر. ئەوان بەبەردەوامی لەرینەوەیان ئیش پێ کردووە، کەواتە شتی باش ڕادەکێشن بۆ خۆیان دواتریش شتی خراپ. ڕاستی ناخۆش ئەوەیە زۆرینەی زۆری خەڵکی تەواوی ژیانیان بەسەردەبەن دەسورێنەوە لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا، لەگەڵ ئەم بەرئەنجامەدا ژیانیان دەشێوێت وە دەچێتەوە خاڵی سفر.

هەرچەندە ئەوەش ڕاستە کە هەموو شتێك کە تۆ ئەتەوێت پێشتر لەوێ بووە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تۆ کە خۆتی لەگەڵ هاوجووت بکەیت. بە بوونی، تۆ هەرگیز ئەو هاوجوتیە بەدەست ناهێنێنیت، گەر سووربیت لەسەر هەڵگرتنی وێنەیەك لە نەبوونی و سنوورداریتی لەناو مەخزەنی مێشکی نایابتا. لەوکاتەوەی کە تۆ موغناتیساوی بویت بەرەو ڕوی شتێك، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەرگیز نابێت ببیتە هەڵەی کەسێکی تر، کاتێك شتێك دێتە ژیانتەوە، وای دادەنێیت کە ناتەوێ. تێبگە لەوەی کە داوای ئەوەت کردوەو لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا تەسلیمت دەکرێت!

# بەشی حەوتەم
# چاو نەترسەکان

## چاو نەترسەکان

ئـەو ڕۆژەی بـەرگری لـە ئێسـتات دەکـەیت، "مولـك و سـامان" ت وە "پێگەت" بۆ هـەتا هەتایە دڕوات. لەبەرئـەوە، لـەم ڕۆژە بـە دواوە، هـیچ پێویست ناکات خۆت خەفەتبار بکـەیت بـە پرسـێکی گۆبەنـداوی ئاوهـاوە وەك "پارێزگاری کردن لە کاری ئێستات" یان "پارێزگـاری کـردن لـە ئـەو شتانەی ئێستا پیَ ئەژیت". لەبری ئـەوە شـتانێکی لـەم جـۆرە دابـنیَ کـە "ئەتوانیَ بە هەڵە بڕوات" لـە حاڵـەتی پارێزگاریـدا، وە ئـەکرێت شـتانێکی وەها دابنێیـت کـە "پێویسـتە بـەرەو ڕاسـت بڕۆیـت" زانیـاری ئامـادە بـۆ هێـرش کـردن. بـەڵام بـۆ ئێسـتاکە، کـە تـۆ جوڵـەداری، چـالاکی، چـاو نەترسی، کە هەمیشە چاوەکانت ڕوەو هێز و سـامانت وەرگێـڕاوە، لـەبری ئەوەی ڕوەو بیَ هێزی و ناتوانایی بێت. لە ئێستا بەدواوە، لە بەیانیان کـە هەڵدەسـتیت لـە خـەو، بـیر ئەکەیتـەوە تـەنها لـە "ڕێگاکـانی کردنـی ئـەو شتەی کە دەتەوێت بیکەیت" لەبری ئەوەی هەسـتیت لەخـەو بیرکەیتـەوە لە "هەموو ئەو هۆکارانەی بۆچی ناتوانیت ئەو شتانە بکەیت".

لە ئێستادا، بـەردەوام بـیر ئەکەیتـەوە لـە زۆرینـەی ئـەو ئەنجامانـەی کـە ئـەتـەوێت بەدەسـتیان بهێنیـت لـە داهـاتوودا، کـە بەشـێوەیەکی فـراوان هەرشتێکی کردوتە لـە ڕابـردوودا. بـەڕوونی، ئەوانـە ئـەنجامی ئـەوەن کـە ئەتوانرێت بەدەست بهێنرێن گەر تۆ یەکەمین ئامادەییت تێدا بێت جۆرە

چاوەترسیەك ئەنجام بدەیت. بڕوام پێ بکە، هەرکات ئەم پرۆسەیەت گرتە ئەستۆ، ماوەیەکی زۆری پێ ناچێت کە دەست دەکەیت بە بردنەوە، وە بەشێوەیەکی گەورە. پێویستە تێ بگەیت، هەرچەندە، تاکو زیاتر چاونەترس بیت لەم پرۆسەیەدا، خۆت دەدۆزیتەوە ناچار کراویت بکشێیتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە پێشتر تەنانەت درکت پێی نەکردووە کە هەتبووە. لە سەرەتادا، ئەمە لەوانەیە زۆر ترسناك بۆ تۆ دەرکەوێت. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت هەرگیز گوێت لەوە نابێت، وە ناخوێنیتەوە دەربارەی، یان هیچ کەسێك نابینی کە هیچ شکۆدارییەکی بەدەست هێنابێت لە ژیانیدا، بەبێ جۆرێك لە چاونەترسی نەبوبێت.

وەك خاڵێکی ئەم باسە، تەنها ڕابمێنە لەو مەترسیانەی کە هەموو سەرکردە مەزنە ئاینیەکانمان گرتیانە ئەستۆ بە درێژایی ژیانە قارەمانەکەیان. ئینجا بوەستەو پەرچی بکەرەوە سەر ئەو مەترسیە گەورانەی کە سەرکردە بازرگانەکانمان گرتیانە ئەستۆ، بە درێژایی ماوەی ناوبانگی پیشەییان. لە کۆتاییدا، کاتێ تۆ بە دڵ ورد دەبیتەوە لەسەر ئەم بەدەستهێنانە سەرسوڕهێنەرانە، زیاتر زانیاریت دەبێت لەسەر ئەو ڕاستیەی کە تۆش هەروەها پێویستە ببیتە چاونەترسێك بۆ ئەوەی گەشە بەو شکۆدارییەت بدەیت کە لەگەڵتدا لەدایك بووە. زیاتر لەوەش، پێویستە لەوە تێبگەیت لە ڕاستیدا، ڕازی کردنێکی ڕاستەقینە نیە لە ژیاندا بتوانێت بێتە دی لەلایەن تۆوە یان هەرکەسێکی ترەوە، کە بەئاسانی دژی ئەوە بێت خۆی بخاتە مەترسیەوە. بە نیسبەت ژیانی هەرکەسێك کە بەوپەڕی ئاگادارییەوە هەڵیان بژاردووە بژین، بۆ هیچ

ئاستێك بەرز نابێتەوە جگە لە زنجیرەیەك ڕۆژی خراپ و خۆش، بەردەوام، بەبێ پچڕان نەبێت.

لەیەکچوونی تەختە مەلە

بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم بەتەواوی ئەوەت بۆ دەرکەوێت کە من چی ئەڵێم، ڕابمێنە لەم لەیەکچوونانەی خوارەوە. تەنها مێشکی خۆت بگێڕەوە بۆ ئەو کاتەی کە منداڵ بوویت وە هەوڵی بەبیرهاتنەوەی "منداڵی دراوسێکەتان" بکەرەوە کە بەسەر پەیژەی مەلەوانگەکەدا سەرکەوت، وە لەو بەرزیەوە خۆی هەڵدایە ناو مەلەوانگەکەوە بەبێ هیچ دودڵیەك هەرچیەك بوبێت. ئینجا ببینە گەر بتوانی ئەو هەستە بیری خۆت بهێنیتەوە کە لە خۆتدا پەنات دابوو، کاتێك کە ئەتبینی یەکەم مەترسی ئەنجامدا بەبازدانێك بۆ ناو ئاوەکە. گەر تۆش وەك زۆرینەی ئێمە بیت، لەوانەیە تۆ کەمێك لە ڕێزگرتنی خودیت لەو کاتەدا لەدەست دابێت، تاکو کۆتایی، بەبێ هیچ پەشۆکاویەك، تۆش هەروەها ئەوەندە ئازایەتیت تیا کۆبۆتەوە کە خۆت هەڵبدەیت. لەکۆتاییدا، ببینە گەر توانیت بیرت کەوێتەوە چۆن هەستت بە خۆشحاڵی کردووە کاتێك تۆ لەڕاستیدا خۆت نوقم کردوە لە ئاوەکەدا وە بۆ جیهانت سەلماندووە کە تۆش ئەتوانی ئەوە بکەیت.

ئێستا کە تۆ مێشکت بەم گەشتە دەروونیەدا برد لە ڕێگەی ڕابردووتەوە، ئەم حاڵەتە بهێنەرە کاتی ئێستاتەوە. ڕێ بدە بەتەواوی بزانیت کە کۆمەڵێکی زۆر گەورە لە پیاو و ژن ئەمڕۆکە (وەك گەنجێکی تازە پێگەیشتوو کە زۆر بە شەوقەوە لەسەر تەختەی خۆ هەڵدانی مەلەوانگەکە

وەستاوە) بەپەرۆشەوە ئەیانەوێت کارەکەیان ئەنجام بدەن، دەست بەگەشت دەکەن لەسەر ڕێگا سەربەخۆکەیان وە ئەو گەشتەی خۆیان دەکەن. هەچەندە، بەهۆی ترسە لە ڕادە بەدەرەکەیان لە شکست، ئەو خەڵکە بەدبەختانە هەرگیز ئەوەندە ئازایەتیان تێدا نیە بێنە پێشەوەو لە ڕاستیدا خۆیان نوقم بکەن لە ئاوەکەدا. لەبەرئەنجامدا، کەسانێکی وەها چەندین هەلی لەو جۆرە لەدەست دەدەن کە ژیان بۆ هەموومان لواوە، وە ئەوەی خەفەت هێنەر ترە، هەرگیز هەلی خۆنوقم کردن لە "قوڵی"ئاوەکەدا بەدەست ناهێنن لە ڕێی سەرچاوەی زگماکی خۆیانەوە (واتە دەبێت بە نیسبەت کارێکی وەك مەلەوە خۆت هەوڵ بدەیت فێری مەلەوانی ببیت و کارمە ببیت تیاییدا – وەرگێڕ). لەوکاتەی کە ئەوان دەترسن لەوەی لەوانەیە نەتوانن ئەنجامی بدەن، ئەترسن لەوەی لەوانەیە بدۆڕێن، ئەترسن لەوەی لەوانەیە سەرکەوتوو نەبن، ئەوان بە ئاسانی ئەوە هەڵدەبژێرن کە لەسەر حاڵەتی سجن کردنی خۆیان بمێننەوەو درێژەی پێ بدەن و هیچ شتێك نەکەن. هەرچەندە، کە تەنانەت گەر کەسێك بە کۆششکارانە هەوڵ بدات خۆی لە هەموو ترسێك دوربخاتەوە، کچ یان کوڕ هێشتا هەر دەبێت بە شکست کۆتاییان بێت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر! بەلام خاڵی جەوهەری ئەوەیە، ئەو کات چی بکەن؟ چ جیاوازییەك بەڕاستی دروست دەبێت؟ پاش هەموو "شکستێك" ئەمە وامان لێ ناکات "شکستخواردوو" بین، وە تەنها کاتێك کە ئێمە ببینە شکستخواردوو ئەو کاتەیە کە بڕیار بدەین بوەستین لە هەوڵ دان. لەبەرئەوە، تەنانەت گەر پێویست بێت بە درێژایی ڕێگەکە توشی

زمانگیران ببین، هەرگیز بە ڕاستی توشی شکست نابین لەبەرئەوەی هەمیشە پارێزگاری لە توانامان دەکەین کە جارێکی تر هەوڵ بدەینەوە.

## چیرۆکی فلیپ ویڵسۆن

فلیپ ویڵسۆن، کۆمیدی بەناوبانگ، زیاتر بەهۆی ئەوەوە ناسراوە کە توانای ئەوەی هەیە خەڵك بخاتە پێکەنین. بەڵام سەیرکە چی وتووە زیاتر لە جارێك، دەربارەی ئەزموونی لەگەڵ پرۆسەی چاونەترسیدا. "شکستم هێناوەو هەستاومەتەوە، شکستم هێناوەو هەستاومەتەوە. بۆ شانزە ساڵی ڕەبەق بە کرداری هیچ شتێکم نەکردووە جگە لەوەی کە کەوتووم و هەستاومەتەوە".

کەواتە، لەو بڕوایەدایت کە فلیپ ویڵسۆن وەك شکستخواردوویەك بیری لە خۆی کردبێتەوە؟ گرەو لەسەر ژیانت دەکەیت کە نەخێر. گەر وای هەست کردبێت، هەرگیز ئەو ئازایەتیەی تێدا نەدەبوو کە "جارێکی تر هەوڵ بداتەوە"، وە تۆ و منیش لەوانەیە هەرگیز ناوەکەیمان نەبیستایە!

پێویستە تێبگەیت، لەم خاڵی بەیەك گەشتنەدا، کە هەرکات بەجدی تۆ ئامانجێکت بۆ خۆت دیاری کرد، ئەو کات دەچیتە ناو پرۆسەی چاونەترسیەوە کە وروژاندنێکی دوورودرێژ لە تۆدا زیاد دەکات، هەروەها تامێکی تەواو تازە لە خولی ژیانتدا زیاد دەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوە بزانیت کە کاتێك کە تۆ زیاتر چاونەترس دەبیت، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی خۆیانی لێ لا ئەدەن بە هەموو نرخێك. بەمانایەکی تر لەبری خۆ خستنە مەترسیەوە، زۆرینەی خەڵکی بەردەوام ئەبن بۆ دڵنیا کردنەوەی خۆیان لە زنجیرەیەك ڕەزامەندی دوولایەنەی بەتاڵ و پوچ.

ئەم ڕەزامەندییە دوولایەنانە لە کۆتاییدا کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بونیان تا ئاستی بێ مانا بونیان. بۆ ئەوەی تێبگەین کە ئەم دیاردەیە چۆن کاردەکات، تەنها ڕابمێنە لەو خەڵکانەی کە ئەیان ناسیت و ڕەزامەندی دوولایەنە بوون کاتێك خانوە تازەکەیان کڕیوە. "بۆچی هەردوولایان ڕەزامەند بوون؟" تۆ دەپرسیت؟، لەبەرئەوەی ئەوان دەترسان لەوەی کە نەیاندەتوانی پارەی ڕەهنەکەیان بدەنەوە لەسەر "خانووی خەونەکەیان" کە بەڕاستی دەیانویست تێیدا بژین.

ئینجا مێشکت بسوڕێنە بەلای ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکیدا، کێ دەمێنێتەوە لە پێگەیەکی ئیشکردنی بێزار و ڕێزلێ نەگیراو و خەڵات نەکراودا. بۆچی ئەمێننەوە؟ زۆر بە ئاسانی لەبەرئەوەی ئەترسن لەوەی نەتوانن بگونجێن لەگەڵ ئەو پێگەیەی کە بە ڕاستی حەز بە مومارەسە کردنی دەکەن. بێ گومان، گەر ئەو خەڵکانە بە ئاسانی خۆیان بخەنە "دەرەوەی گالیسکەکە" – لەڕێی شوێن کەوتنی ئیشێکی باشتر، یان خانووی خەونەکەیان، یان هەرچیەکی تر کە بە شایستەی خۆیانی ئەزانن – ئەوا ئەو کات خواستێکی گونجاوی باشتری جێ بەجێ کردن لە خۆیاندا بەدی دەکەن. لە ئەنجامدا، ئەوان زۆر بە زویی ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت ئەو مەترسییەی گرتویانەتە بەر لە ڕاستیدا قازانجێکی زۆر دەگەیەنێت بە هەموو شێوەکانی ژیانیان.

ملیۆنێری گەنج

چەند ساڵێك پێش ئێستا، کتێبێکی نایابم خوێندەوە لەسەر بابەتی چاونەترسان. ناونیشانی کتێبەکە بە ناوی "ملیۆنێری گەنج" بوو،

چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی هەژدە کەسی تێدا بوو، هەریەکێك لەوان یەك ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنابوو. لەڕاستیدا، هەندێك لەو خەڵکانە لە ڕاستیدا ملیۆنە دۆلاری زۆرتریان بەدەست هێنابوو، زیاتر و زۆتر لە یەك ملیۆن دۆلار، بەدرێژایی ماوەی سەرکەوتنیان لە پێشەکەیاندا. بە درێژایی کتێبەکە، نوسەرەکە زۆرێك تێبینی گرنگی دەربارەی "یاسای دارایی سەرکەوتوو" خستۆتە ڕوو، بەڵام گرنگترین دانەیان ئەو دانەیە بوو کە بەردەوام دوبارەی دەکردەوە، بەناوی، هەرچەندە ئەو کەسانە لە شوێنی جیاوازەوە هاتبوون وە هەرچەندە هەریەك لەوان پارەی خۆی بە ڕێگایەکی جیاواز پەیدا کردبوو، هەموویان لە یەك شتدا بەشداربوون.

"ئەو تاکە شتە چی بووە؟" تۆ ئەپرسیت. بە ئاسانی، سەرباری ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە خاوەنی بوون بەهۆی بڕیارێکی بازرگانیەوە بوو کە دابوویان، هیچ یەکێك لەوان خۆیان نەخستبووە مەترسیەوە. ئەو هۆکارەی ئەوان وا نەبوون، بەردەوام بوو لەسەر شیکردنەوەی ئەوە، لەبەرئەوە بوو ئەوان ژیانێك ئەژیان، "وەك ئەوەی کە ئەستەم بێت شکست بهێنن!" (تێبینی ئەوە بکە، لە چاووی زۆرینەی خەڵکیەوە، هیچ گومانی تێدا نیە کە هیچ پرسیارێك نیە کە ئەو هەژدە کەسە خۆیان بۆ مەترسیەکی زۆر گەورە ئامادە نەکردبێت، وەك بنچینەیەکی ڕۆژەکانی ژیانیان).

لێکۆڵینەوەی فرۆکەوانی جەنگاوەر

لەسەر هەمان مەبەستی پێشوو، پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر توێژینەوەیەك کرا کە لێکۆڵینەوەی لە ژیانی فرۆکەوانە جەنگاوەرەکان

دەکرد لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بەشێوەیەکی قەتعی گەیشتبوون بەم ڕاپۆرتە، بەپێچەوانەی ئەو بڕوایەی کە زۆرینە بڕوای وەهایە، زۆرینەی ئەو فڕۆکەوانانەی کە لە شوێنی پارێزراودا شەڕیان کردبوو بە درێژایی شەڕ لەوانە بوون کە لەسەرەتای شەڕەکەدا کوژرا بوون. هەر لەسەر ئەم باسە، لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی تێدا بوو کە، تەنها ئەوانەی کە لە شەڕەکەدا ڕزگاریان بوبو ڕەفزیان کردبوو لە شوێنی پارێزراودا شەڕ بکەن، بەڵکو ئەوان مەزنترین چاونەترسەکان بوون بە درێژایی شەڕەکە. لەڕاستیدا، کە کەسێك دەرفەتی ئەوەی هەیە تێبینی کاری خەڵکی بکات لە هەموو ڕویەکەوە، زۆر بە زویی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت ئەوەی "لەشوێنی پارێزراودا" کار دەکات لە ژیاندا، دەمرێت، دەمرێت زۆر بەگەنجی. سەرباری ئەوەی زۆرینەی ئەو کەسانە ماونەتەوە لە ژیاندا بۆ چەندین ساڵی زۆر، لە کۆتاییدا کاتێك دڵیان لە لێدان دەوەستێ بەشێوەیەکی ڕواڵەتی، لەبەرئەوەی ڕاستیەکە ئەوەیە کە بەڕاستی هەرگیز نەژیابوون!

تا ئێستا لەوانەیە بە خۆتت وتبێت، "هەموو ئەم شتانە گونجاوە، بەڵام بۆچی وەهایە؟" یان "بۆچی زۆرینەی ئێمە خۆیان تەرخان دەکەن بڕۆنە ناو تەواوی ژیانمانەوە لەم مەرجی سەپاندنی خودی هەژاریەدا، بەئاسانی لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین، یان نامانەوێت، چاو نەترسیەکی مانادار لە ژیانماندا ئەنجام بدەین؟". باشە، بۆ من وا دیارە گەر بمانەوێت مێشکمان بگێڕینەوە بۆ چەند ساڵێك پێش ئێستا لە ژیانی خۆمان، زۆر بە زوویی شوێنی ئەو بەرگری کردنە دەناسینەوە لەبەشداری کردن لە چاونەترسیدا. بە گەیشتینمان بەم خاڵە، لەو بڕوایەدام بە ڕێگایەکی

دریژدا هاتوین له هەوڵەکەمان بۆ جەنگان، وه له کۆتاییدا بیٚ لایەن بوون، لەم کیٚشە فیٚڵبازەدا. هانت دەدەم زۆر زۆر بە وریاییەوه گرنگی بەم زانیاریانه بده که لەمەودوا بۆتی دەخەمە ڕوو.

کاتیٚك تۆ هەرزەکاریٚك بوویت له ڕاستیدا، تەنانەت زۆر دورتر بۆ کاتیٚکی پیٚشتر کاتیٚك که مندالیٚکی ساوا بویت، دایك و باوکت بەبیٚ بیرکردنەوه ویستویانه بە سەرکەوتوویی بتبینن. وەك ئاکامی ئەم ویستە، ئەوان تۆقیون بەشیٚوەیەکی سروشتی که لەوانەیە بەجۆریٚك لەجۆرەکان نەگەنە ئەو ئاستی چاوەڕوانییەی کە بۆ تۆ هەیانبووه. ئەمە بەتەواوی سروشتیه، لەسەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە زۆر بە پەرۆشەوه تۆیان خۆش دەویٚت. بەداخیٚکی زۆرەوه، سەرەڕای ئەوەش، ئەم هانیان دەدات هەوڵ بدەن پەناگەی تۆ بن له هەموو گەرمایەك بتپاریٚزن که لەوانەیە بیٚتە ناو ژیانتەوه. بۆ نمونه، کاتیٚك سەرەتا قسەت کرد، ئەوان ڕیٚك له پەناتا بوون وه هەرکە وات لیٚ هات بڕۆیت و بکەویت، زۆر بە خیٚرایی دەهاتن بۆت، بۆ ئەوەی نەك بکەویت و خۆت ئازار بدەیت.

هەروەها، کاتیٚك لەگەڵ منداڵی دراوسیٚکەتاندا کەوتیتە دەمەبۆڵەو مستەکۆڵەیەکت دا بە دەم و چاوی دراوسیٚکەتدا، دایك و باوکت لەوێ بوون بۆ ئەوەی هەستەکانت خاوبکەنەوه. لەوانەیە دایك و باوکت هەوڵیان دابیٚت دڵنەوایی تۆ بکەن له ڕیٚگەی وتنی "تۆ ڕاست بوویت جگەرگۆشەم، وه ئەو هەڵە بوو، منداڵەکەی تر شەلاتیه" دواتر، لەوانەیە ئەوان شتیٚکی لەم جۆره بڵیٚن، "له داهاتوودا جگەرگۆشەم، زۆر وریا بە وه هەوڵ بده خۆت بەدور بگره له منداڵی لەو جۆره"، زیاتر لەوەش، گەر پەروەردەی تۆ نمونەیتر بیٚت لە زۆرینەی ئیٚمە، یەکەمین جار کە سواری پاسکیل

دەبێت لـە یەکـەم پێ پۆیشـتنت لەوانەیـە بـە هێنـانی ئـەم ئاگادارییـە دووبارەبوانە بێت وەك : "وریابە" "نەکەویت" "سەیری بـەرپێت بکـە" وە بەو شێوەیە لـەم جۆرە پستانە. بـەم پێگایـە، تـۆ بەهێواشـی بـەلام بە دڵنیایی "پرۆگرام دەکرێیت" بۆ ئـەوەی هـەموو جوڵەیـەکت لـە ژیاندا بە هـۆی پۆشـناییەکی ئاگـادار کردنـەوە بێـت کەلەسـەر شاشـەی مێشـکی هەستیاری گەنجیت بونی هەبێت.

پێویستە هۆشیاری بەدەست بهێنیت، لەبەرئەوە، بێ گوێدانـە ئـەوەی کـە هەر کەسێکی تر لەوانەیە چیت پێ بڵێن بە پێچەوانەوە، هیچ یەك لە ئێمە لەدایك نەبووە لەترسی چاونەترسی. وەك چۆن لەسەرەوە بـە پونـی دەرم خست، ترس لە چاونەترسی (خۆ خستنە مەترسیەوە) شتێکە کـە فێری بووین، تەنها پاش ئەوەی خۆمان خستە ناو ئەم جیهانە سـەرنج ڕاکێشـە.

لە ڕاستیدا، پێچەوانەی ئەوەی کە زۆرینـەی خـەڵکی بـە شـێوەیەکی هەڵە بڕوایـان هێنـاوە، تـەواوی مرۆڤایـەتی لـەدایك بویـەکی چاونەترسـن کـە بەسروشتی پرۆگرام کـراون بـۆ ئـەوەی شـوێن ئـەو ڕێگایـە بکـەون کـە لـە ئەنجامدا دەیان گەیەنێت بە شکۆداری لە ژیانی خۆیاندا.

بەلام، وەك چۆن وەهایە، پـێش ئـەوەی بچیتە سـەر ئـەم ڕێگـا هەژێنـەی چاونەترسی، پێویستە ئەوەت لەبیربێت هەرگیز غافڵ نەبیت لەو ڕاستیەی کە ببیتـە چاونەترس مانـای ئـەوە ناگەیـەنێت کـە کەسێکی کەمتەرخـەم بیت. گـەر بـە ڕاسـتی بـەو جـۆرە بیربکەیتـەوە، ئـەم دوو بیرۆکەیـەت بـۆ دەردەکەوێت بـە شـێوەیەکی ئاڵوگۆڕکارانـە. بـۆ ئـەوەی ببیتـە کەسـێکی چاونەترس مانای وایە دەبێت ئازایانـە ڕەفتـار بکـەیت، وە بـۆ ئـەوەی بە ئازایانە ڕەفتار بکەیت تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازترە لەوەی گەلۆرانە ڕەفتار

بکەیت (کە چۆن کەسێك ڕەفتار دەکات کاتێك پیاو یان ئافرەت ڕەفتارکردنی ئاکارێکی کەمتەرخەمانە بێت) تۆ لەوانەیە بەرەوڕووی هەندێك بارودۆخ ببیتەوە کاتێك هێڵێك ئەم دوو بیرۆکەیە لە یەکتری جیا دەکاتەوە زۆر تەسك بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ گومان زۆر پێویستە کە هەرگیز بەسەر ئەو هێڵەدا نەڕۆیت، بێ مەبەست یان بە مەبەست!

شتێکی تر کەپێویستە تۆ دەربارەی بزانیت، ئەویش ئەوەیە کە چاونەترسی هەمیشە زاراوەیەکی ڕێژەییە. بە مانایەکی تر، ڕەفتار کە نوێنەرایەتی مەترسی ئەکات بۆ کەسێك لەوانەیە وەك پێویست نوێنەرایەتی مەترسی نەکات بۆ کەسێکی تر. زیاتر لەوەش گەر هەمان ڕەوشت لە لایەن سێیەم کەسەوە ئەنجام درا، لەوانەیە بۆ یەکێکیان تەنانەت فریودەر بێت وە وەها دیاربێت ڕەوشتێکی کەمتەرخەم دەربکەوێت. ئەوە ڕوونە، لەبەرئەوە، ئەو کەسە پێویستە بتوانێت لەنێوان ئەو هەموو بیرۆکە جیاوازانەدا بیناسێتەوە لەگەڵ پلەی گرنگی و ڕێکی. بۆ ئەوەی ئەمە بەدەست بهێنین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یەکێك لەم ڕێسا بنچینەییانە لە پرۆسەی گەشەپێدانی خودی.

تۆ پێویستە بتوانیت خۆت ببینیت، بە چاوکی ناخت
بەرلەوەی خاوەنی ئەو شتانە بیت کە ئارەزوویان دەکەیت

چاونەترسی دژی بەرپرسیار نەبوون

خەڵکانێك کە کەمتەرخەمن زۆر بە دەگمەن ئەگینا هیچ شتێکی گرنگ بەدەست دەهێنن وە زۆر جار زیانی ڕاستەقینە توشی خۆیان دەکەن. ئەوان لەوانەیە جاروبار لە هەندێك چالاکیدا سەرکەوتوو بن، بەڵام ئەو بەرئەنجامانە زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات.

بۆ نمونە، لەو کەسانەی کە لەسەر تەختەیەکی بەرزەوە خۆیان ڕابمێنە، هەڵدەدەنە ناو تەنکایی ئاوی مەلەوانگەیەکەوە، بەئاسانی لەبەرئەوەی ویراویەتی ئەو کارە بکات لەناو هاوتەمەنەکانی خۆیدا. هەرچەندە کەسێکی تر ڕەنگە بترسێت خۆی هەڵبدات، لەبەر هۆکارێکی نامۆ لەبەرئەوەی زیاتر ئەترسێت لەوەی خەڵکانی تر ئاخۆ چی پێ ئەڵێن، یان تەنانەت بیرکردنەوە دەربارەی ئەو، گەر ئەوە هەڵبژێرێت کە خۆی هەڵنەدات. زۆر ڕوونە کە ترسی هەر کەسێك لە خۆ هەڵدان بۆناو ئاو بەتەواوی ماقوڵە، لەبەر ئەو ڕاستیەی کە بە هیچ جۆرێك مەشقی لەسەر خۆهەڵدان نەکردووە. زیاتر لەوەش، لەبەرئەنجامی نەبونی مەشق، کاتێك بیر دەکاتەوە لەوەی کە چی ڕوودەدات گەر خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە، ئەوە دەهێنێتە بەرچاوی خۆی کە بەڕاستی بریندار بووە. لە ڕاستیدا، بۆ کەسێکی لەم جۆرە کە بەردەوام بێت خۆی هەڵبدات، بەتەواوی کارێکی ئەوپەڕی گەوجانەیە، کەمترین شتێك کە بتوانین بیڵێین، وە کردەوەکانی کەسێکی وەها حسابی بۆ دەکرێت کە زۆر کەمتەرخەمانەیە بەپێی تێگەیشتنی هەموو کەسێکی ژیر.

لە لایەکی ترەوە، گەر هەمان ئەم کەسە مەشقی کرد بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی لێهاتوو لە خۆ هەڵداندا وە گەر ئەو لێهاتویەی هەبوو کە هەموو

ڕێگا جیاوازەکانی بەهەند وەرگرت (وەك ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت سەرکەوتن بهێنێتە بەرچاوی خۆی لە هەموو جوڵە پێویستەکان وەك مەلەوانی ناو دەریا، وە بگەڕێتەوە کەنار دەریا بەبێ ئەوەی خۆی ئازار بدات، هتد) ئیتر بەتەواوی ئەو کاتە بارودۆخێکی جیاواز دەبێت. سەرباری ئەوەی کە هێشتا ترسێکی دڵنیا لەسەر ئەو کەسە هەیە، هیچ کەسێك ناتوانێت تاونباری بکات بە نواندنی ئاکاری کەمتەرخەمی.

بۆ ساتێك ڕابمێنە لەو خەڵکانەی کە لە پیشەسازی فیلم دروست کردندا ئیش دەکەن. ئەو کەسانە زۆرجار نواندن لە فیلمی زۆر ترسناکدا دەکەن. لە ڕاستیدا، هەر لەبەرئەوەیە کە پارەیەکی زۆر باش وەردەگرن. بەلام مەخەڵەتێ! بەو پیاو و ئافرەتانەی کە ئەو کارە ئەنجام ئەدەن کە بە هیچ مانایەك کارێکی نەزانانە نیە. هەموویان کەسانی شایستەی پیشەگەرن، زۆر شارەزان لە جێبەجێ کردنی بازرگانیە ترسناکەکەیاندا. هەمیشە حساباتەکانیان دەپشکنن و دووبارە دەپشکننەوەوە، پێش ئەوەی تەنانەت سادەترین جوڵەیان کردبێت. لە ئەنجامی وریاییاندا، زۆر بەدەگمەن بریندار دەبن. نەخێر، ناکرێت هیچ پرسیارێك هەبێت دەربارەی– کەسانی ئەکتەر "چاونەترسن" بۆ ئەوەی دڵنیا بن، بەلام ئەوان زۆر بەدەگمەن کەسانی کەمتەرخەمن!

وەبەرهێنان

ئێستا، سەرنجی خۆت چڕ بکەرەوە لەسەر کەسێك کە دەیەوێت ئەو پاشەکەوتەی بە قورسی پەیدای کردووە وەبەرهێنانی تێدا بکات لە سەرکێشیەکدا کە بە کرداری هیچ شتێکی لەبارەوە نازانێت. لەوانەیە

کەسێك، دەشێت خزمێکی کە کەسێکە لەوانەیە لە پێگەیەکی بەرزی ڕێزگرتنیدا بێت، ئەم پێشنیارەی بۆ کردبێت کە ئەم وەبەرهێنانە بیرۆکەیەکی مەزن بووە وە وەبەرهێنەرەکان چاوەڕوانن ڕێژەیەکی نائاسایی قازانج بکەن لە بەرامبەردا. با وای دابنێین، لەسەرو ئەوەشەوە، سەرباری ترس و گومانی کەسەکە دەربارەی چونە ناو سەرکێشیەوە بەهەر نرخێك بێت، تەماح زۆر بە بەهێزی هانی داوە بۆ ئەو کارە، بۆ گەڕان لەدوای بەرزترین ڕێژەی قازانجی پارەی وەبەرهێنراو کە بتوانرێت بەدەست بهێنرێت. لە کۆتاییدا، با وای دابنێین، ترسێکی زۆر لە لەدەستدان سەرباری ئەوەش، کەسەکە بڕیار دەدات بەردەوام بێت وە وەبەرهێنانەکە بکات بەهەر جۆرێك بێت. دواتر چی ڕویدا؟

پاش ئەوەی وەبەرهێنانەکە ئەنجام درا، زۆرینەی کاتژمێرەکانی کەسەکە لەوانەیە بەم شێوەیە گوزەرابێت:

١. ڕاڕابوون دەربارەی وەبەرهێنانەکە، وە

٢. هێنانە بەرچاوی ـژی کەبەرەو کۆتایی فەقیری دەچێت

ئەوە شتێکی زۆر ڕوونە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە ڕەوشتانە پێویستە وادابنرێت پێچەوانە و دژی ئەرکی داراییە وە ئەو کەسەی خۆی توش کردووە پێویستە وەها حسابی بۆ بکرێت سەرکێش و کەمتەرخەمە، لەبری ئەوەی پێی بوترێت چاونەترس. ئەنجامی عادەتی لە بارودۆخێکی وەك ئەمەدا چاوەڕوانکراوە، گەر قایلکەر نەبوو. کەسی دیاریکراو پارە لەدەست دەدات، باسی هاوڕێیەتی پێشوو مەکە کە لە ئەسڵدا پێشنیاری وەبەرهێنانەکەی بۆ کرد. (هۆکارەکە ئەو گەوجەیە، کەسانی کەمتەرخەم بەدەگمەن لۆمەی خۆیان دەکەن بۆ کردنی وەها هەڵەیەك).

لە لاکەی ترەوە هەرچەندە، گەر ئەو کەسە بە ورياييەوە گوێی بگرتايە بۆ پێشنیاری هاورێکەی یان خزمەکەی وە ئینجا لێکۆڵینەوەی لە بارودۆخی خۆی بکردایە، ئەیتوانی بیروبۆچوونێك دابڕێژێت کە لە زانیاریەوە سەرچاوەی گرتبێت لەبری قسەو قسەلۆکی ئەم و ئەو، وە لە ڕێی بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەوە هانبدرایە لەبری تەماحێکی سادە.

لەو خاڵەدا، کەسەکە ئەیتوانی بەردەوام بێت، وە بڕێك پارەی خۆی بخستایەتە وەبەرهێنانەکەوە نەك تەواوی بارودۆخی دارایی خۆی بخاتە مەترسیەوە.

ئینجا، کاتێك زانیاری زیاتری کۆکردایەتەوە لەسەر ئەزموونی ڕاستەقینە، ئەیتوانی بەرەبەرە وەبەرهێنانەکەی زیاتر بکات گەر بۆی دەرکەوتایە ئەم کردارە لە بەرژەوەندی خۆیدایە.

بەئاشکرا، بە گریمانەیی، گەر کەسەکەی ئێمە شوێن ئەم بەشەی دووەمی کارەکە بکەوتایە، هێشتا بە دڵنیاییەوە هەر لە مەترسیدا دەبوو. هەرچەندە، کەسێك ناتوانێت پاکانەی بۆ بکات و بڵێت ڕەوشت و ئاکاری گەوجێك یان کەسێکی کەمتەرخەمی نواندووە. زیاتر لەوەش، تەنانەت لە ئەگەری ئەوەی ئەم کەسە بڕیارێکی هەڵەی داوە وە پارەکەی لەدەست داوە، هەموو ئەوەی هەیبووە لەدەستی داوە. لەبەرئەوەی کە هێشتا هاوڕێیەتیەکەی ماوە وە هێشتا ڕێزی خودی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی بۆی دەردەکەوێت کە تاوانبار بووە تەنها لە بڕیاردانێکی هەڵەوە. لە سوودی زیادەی بەشی دووەم ئەوەیە کە کەسەکە بە ئۆتۆماتیکی بەرپەرچی وەبەرهێنانی داهاتوو ناداتەوە، پێویست دەکات بەرزی بکەنەوە.

من دڵنیام کە نامەکەی منت پێ دەگات "بە دەنگی بەرز و ڕوون":
چاونەترسەکان کەسانی زانان کە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکان ئەکەن بە وریاییەوە، باوەڕیان بە توانای خۆیان هەیە وە وێنەیەکی تەندروستی خودی زۆریان هەیە. زۆر بە پوختی، ئەتوانین بڵێین چاونەترسەکان، وەك کەسانی کەمتەرخەم نین، ئەوان کەسانێکی گەوج نین.

شکستخواردوەکانی بازرگانی

ڕابمێنە لەمە، گەر کەسێك پشکنین بۆ ئامارەکان بکات دەربارەی ژمارەی بازرگانیە شکستخواردووەکانی هەموو ساڵێك، بەبێ لێکۆڵینەوە لە هەموو بارودۆخەکان بە جیا، بۆ هەر کەسێك بە ئاسانی ئەوە دەردەکەوێت کە چونە ناو بازرگانیەك بۆ خودی خۆی "کردارێکی کەمتەرخەمانەیە". هەرچەندە، ئەوە بە تەنها کەیسەکە نیە! ڕاستی کێشەکە ئەوەیە، زۆرینەی ئەو خەڵکانەی کە بەرەو ئیفلاس بوون چوون، پێویست نەبوو بچنە ناو بازرگانیەوە بۆ خۆیان لە یەکەم جاردا، یان لەبەرئەوەی ئەوان بە ڕێك و پێکی خۆیان ئامادە نەکردووە بۆ گرتنە ئەستۆی شتێکی لەم جۆرە، یان لەبەرئەوەی ئەوان بە ئاسانی نەیان دەزانی چی دەکەن. ئەوان لێوەشاوەییان نەبوو، زانیارییان نەبوو، یان هاوکاری گونجاو بۆ بەدەستهێنانی بازرگانی خۆیان "لەسەر ئەم زەوییە"، بیخەرە مێشکتەوە کە ئەگەرچی زۆرینەی کۆمپانیا تازەکان بەلای کەمەوە سێ ساڵی دەوێت پێش ئەوەی بەڕێك و پێکی دابمەزرێنرێن، هەندێك لەوانە ماوەی سێ مانگیشیان نەبووە، یان تەنانەت سێ هەفتەش، بۆ ئەوەی چانسێك بە بازرگانیەکەیان بدەن.

ئەوەش هەروەها گرنگە کە تێبینی بکەین پێش ئەوەی خۆیان دەست بکەن بە بازرگانیەکەیان، زۆرینەی ئەو خەڵکانە ئەو کارمەندانە بوون لەوبڕوایەدان کە بەڕێوەبەرەرکەیان بێ توانان، یان خاوەنی ئەو کۆمپانیایانە کە لای خۆیان دایان مەزراندوون نەیان زانیوە چی دەکەن. لە ڕاستیدا، هەمووکەسێك کە شکست دەهێنێت لە بەدەست هێنانی بازرگانی تازە ناچێتە ناو ئەم پۆلەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆرینەی خەڵکی ئەچنە ناو ئەم پۆلەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئامارەکان دڵخۆشکەرنین، بە دڵنیاییەوە زۆرێك چاونەترسانە سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی بازرگانی خۆیاندا. بۆ نمونە، تەنها ڕابمێنە لە چیرۆکی ئەم هاوڕێ باشەم، بۆب ماککراری. بۆب لەبواری پیشەسازی ئامێری کارەباییدا کاری دەکرد بۆ چەندین ساڵ، سەرەڕای ئەوەش ئەو برە پارەیەی کە ڕەنگە کەسێك بڵێت "پارەیەکی زۆر" دەستی نەکەوت، بە دڵنیاییەوە لە سەرو تێکڕای ناوەندی داهاتی دەست دەکەوت. خاوەنی خانووی خۆی بوو، سێ کچی جوانی گەورە کردبوو، هەموو ئەمانەی بەدەست هێنابوو لە کاتێکدا بۆ کەسێکی تر کاری دەکرد. سەرباری سەرکەوتنەکەی، بۆب ئارەزووی ئەوەی کرد کە خۆی خاوەنی بازرگانی خۆی بێت وە من وای دائەنێم ترس تەنها شتێك بوو ڕێگری لێ دەکرد ئەو کارە بکات. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو، کە لەگەڵ ئەو هەموو شتەدا کە بۆ ئەو ڕویدابوو، بەداخەوە، هەرچەندە ئاگاداری ئەمە نەبوو لەبەرئەوەی هەرگیز پێشتر نەچوبووە دەرەوەی بازرگانیەکەی خۆی. زیاتر لەوەش، بڕوای بەم بیرۆکە کۆنە هەبوو کە

کەسێك پێویستە کارێکی جێگیر بۆ خۆی بەدەست بهێنێت وە کار بۆ خانەنشینی بکات.

هێشتا، ئارەزووەکی بۆب، وە خێزانەکەی پات، سورن لەسەر ئیشکردن لە بازرگانیەکەی خۆیاندا. لەکۆتایدا گەیشتنە ئەو خاڵە کە ئەوان لە ڕاستیدا توانیان بیهێننە بەرچاوی خۆیان کە بە سەرکەوتووی بازرگانی خۆیان بەڕێوە ببەن.لەوکاتەوەی ئەوە ئەستەم بووە کە وێنەیەك لە مێشکا هەڵبگریت بەبێ دەربڕینی، ئەنجامی کۆتایی وێنەی بۆب و پات بریتی بوو لە لەدایك بوونی کۆمپانیای خۆیان بەناوی "پێنساکۆلا کۆمپانی".

ڕوداوێکی خۆش چەند ساڵێك لەمەوپێش ڕویدا، هەرچەندە هەردوو بۆب و پات زۆرێك کاتژمێری قورس کاریان کردبوو، وە ئێستاش بەو جۆرەن، ئەوان ڕازین بەوەی کە پێکەوە هەردوکیان دروستیان کردووە. ئەوان سودیان لە دامەزراندنی زۆر خەڵك وەرگرتووە وە خزمەتی سەدان کڕیاری خۆیان دەکەن لە زۆرێك لە ولایەتەکانی ئەمریکادا. هەردوکیان پێکەوە داهاتێکی زۆرباشیان کۆکردۆتەوە وە نرخی کۆمپانیاکەیان لە ئێستادا(گەر بیانەوێت بیفرۆشن) زۆر زیاترە لە هەموو ئەو پارەیەی کە بۆب بەدەستی هێناوە کاتێك ئیشی بۆ کۆمپانیایەکی تر دەکرد لەماوەی ئەو هەموو ساڵەدا.

ئایا بۆب و پات بڕیارێکی ڕاستیان دا؟ تەنها پرسیاریان لێ بکە! ئایا جارێکی تر ئەنجامی ئەدەنەوە؟ ئەزانی وەڵامی پرسیارەکانیان چی دەبێت! ئایا ئەوان چاونەترسن؟ لەو بڕوایەدا نیم هیچ پرسیارێك هەبێت لەو بارەیەوە!

بۆب و پات وازیان لە کارەکەیان هێنا وە هەزاران دۆلاری خۆیان خستە وەبەرهێنانێکەوە کە پێشتر کاری لەو جۆرەیان ئەنجام نەدا بوو. هیچ گرنتیەك نەبوو کە لەو سەرکەشیەیاندا سەرکەوتوو دەبن، بەلأم ئەوان کەمتەرخەم نەبوون، ئەوان بێ ئەقلأنە ئەو کارەیان نەکرد. ئایا ئەوان دەترسان؟ باشە، هەرگیز بە ڕاستەوخۆیی ئەو پرسیارەم لێ نەکردن، بەلأم پاش لێکۆلینەوە لە سروشتی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زێڕین لە بیست سالْ، بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە دەمزانی کە بەلێ، ترسیان هەبووە. خالی دیار بۆ مەبەستەکەمان ئەوەیە، سەرباری ترسەکەیان، ئازایەتی ئەوەیان هەبوو ڕوبەڕوی ئەو ترسە ببنەوە. بۆ کەسێك کە بارودۆخ بە وردی شی دەکاتەوە، بەگوێرەی ئەو بارودۆخە خۆی ئامادە دەکات وە ئینجا ڕویەڕوی ئەو ترسە دەوەستێت لەگەلْ وێنەی سەرکەوتن لە مێشکیدا، ئەوە چاونەترسێکی ڕاستەقینەیە. زیاتر لەوەش، وەك ئەوەی پێشتر زانیت، چاونەترسەکان زۆر بە دەگمەن ئەدۆڕێن، وە گەر دۆڕاشن، عادەتەن ئەگەڕێنەوەو دوبارە هەولْ ئەدەنەوە. بەمانایەکی تر، چاونەترسەکان کاریگەرانە ئەژین، ژیانێکی داهێنەرانە ئەژین، لەبەرئەوەی ئەوان ئەو جۆرە ژیانە ئەژین کە ئێمە دەمانویست بژین.

کەواتە زەردەخەنەیەك بخەرە سەر لێوت، لەبەرئەوەی لەم ساتەوە، تۆش هەروەها دەتوانیت ببیتە چاونەترسێکی ئازا! چۆن؟ بە ئاسانی لەڕێگەی کردنی ئەو شتەی کە خەونت بووە ئەنجامی بدەیت بۆ چەندین مانگ، یان بۆ چەندین سالْ. (واتە لێرەدا نوسەر مەبەستی لەوەیە کە ئێمە لەو ڕۆژانەدا ڕەنگە کارێکمان هەبێت، بەلأم ئەو کارە دلْخوازی خۆمان نیە؟ بۆیە باشترین شت ئەوەیە ئەو کارە بکەیت ك خەونی خۆت بووە ئەنجامی

بەردەمت لابەریت بدەیت، وە هەوڵ بدەیت ئاستەنگ و لەمپەرەکانی تەنانەت گەر کار بگاتە ئەوەی سەرکێشی بە بەشێك لە سامانەکەشتەوە بکەیت بۆ ئەوەی ئەو شتەی حەزت پێیەتی ئەوە بکەیت — وەرگێڕ) .

لە گرنگترین کۆنسێرتی میوزیکی باشوری زەریای هێمن، ماری مارتن، ئەم گۆرانیەی وت "گەر تۆ خەونێکت نەبێت، گەر من خەونێکم نەبێت، چۆن بتوانین خەونەکانمان بکەینە ڕاستی؟" ئەوە بڕوای منە کە هەریەکێك لە ئێمە خەونی خۆی هەیە. هەمومان دیدگایەکمان هەیە، بیرۆکەیەك یان وێنەیەك لە شتێکی گەورە کە تەواوی بکەین و بەدەستی بهێنین، کە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەچێتە ناو وشیاریمانەوە. هیچ گومانێکم لەوەدا نیە کە هەر خەونێکت هەبێت دەتوانی بەدەستی بهێنیت و ئەو ژیانە خۆشەی کە دەتەوێت بژیت، وێنەی ئەو شتە بخەرە وشیاری و مێشکتەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، وە گەر ئەو ڕاستیەت بەباشی زانی زۆر بە پەرۆشەوە حەز دەکەیت ئەو خەونە بەدی بهێنیت.

باشە، ڕاستی ئاسان ئەوەیە کە تۆش ئەتوانی. بەڵام وەك هەموو شتێك بەو شێوازەیە، پێویستت بە بڕێکی زۆر ئازایەتی هەیە لەلای خۆتەوە. لەبیرت بێت، هیچ جیاوازییەك دروست ناکات، لەم ساتەدا، چەندە بیرۆکەکەت سەیر و نامۆ دەردەکەوێت. لە ڕاستیدا، لەوانەیە خۆت وابێتە بەرچاوت کە تەنها خەیاڵێکە. سەرەڕای ئەوەش، ئەتوانی بیهێنیتە ناو دنیای ڕاستەقینەوە، لەڕێگەی نوسینی وەسفەکەیەوە لە هەرچیەك کە تۆ بتەوێت ئەنجامی بدەیت، هەتبێت یان ببێت. بەرزخوازی خۆت بنوسە زۆر بە دورودرێژی چۆن گونجاو بێت وە لە دەمی ئێستادا. وەك شتێك مەینوسە کە پلانی بۆ دابنێیت بیکەیت، لەبری ئەوە، وەها بینوسە کە

شتێکەو ئێستا ئەنجامی ئەدەیت. بە خەتێکی تۆخ ئەم وشانە بنوسە "من ئەتوانم" وە ئینجا هاوار بکە و بیڵێ، مەشق لەسەر ئەو بیرۆکەیە بکە کە تۆ ئێستا ئەتەوێت ئەم شتە بکەیت، لەناو عەقڵی لاشعورتدا. ئینجا هاورێیەکت هەڵبژێرە کە زۆر بڕوای بە تۆیە، کەسێك کە بیرکردنەوەکانی هاوتای تۆیە، نەك کەسێك ئەتشکێنێت، وە بە بیرۆکەکەت پێ دەکەنێت، بۆ ئەوەی بیرۆکەکەتی لەگەڵا بەشداری پێ بکەیت. کەسێك دیاری بکە کە تۆ بنیات دەنێت وە یارمەتی چاندنی متمانە ئەدات لە تۆدا، لەگەڵ ڕێز گرتن لە بیرۆکەکەت.

لەبیرت بێت، هیچ جیاوازییەك دروست ناکات کە ئایا ئامانجەکەت دەستپێ کردنی بازرگانییەکی تازەیە، کڕینی یان دروست کردنی خانوویەکی تازەیە، بەدەست هێنانی ئۆتۆمبێلێکی نوێیە، پێگەیەکی نوێیە لە شوێنی ئیش کردن، تۆمارکردنی کارێکی فرشیاریە، یان بەدەست هێنانی خەڵاتی ڕێز لێ نانە لە خوێندنگا. هەر کامیان بێت، پێویستە هەنگاوی بۆ بهاویت و ئازایانە شوێنی بکەویت. بەردەوام ئەوە بیری خۆت بهێنەرەوە کە تۆ کۆمەڵێك عەمباری زۆر لە توانای شاراوە لە تۆدا بوونی هەیە، وە لەبەرئەوە، تۆ ئەوەندە توانات هەیە کە هەر شتێك بکەیت کە لەناو مێشکتا ڕێکی بخەیت. هەموو ئەوەی پێویستە بیکەیت تێبگەیت لەوەی چۆن بتوانیت بیکەیت، نەك ئەوەی ئایا ئەتوانی یان نا؟ ئەوە بێنیتە بەرچاوی خۆت کە چاونەترسیت وە ئینجا ئەوە بەخۆت بڵێیت. ببە بە کەسێك کە بەتەواوی شارەزا بیت لە "لەرینەوەی بەسوود" ئەو کات زۆر بە ئاسنی ئەتوانی مەشق لەسەر ئەم نمونە سادە دەرونیانە بکەیت.

بەلام پێش ئەوەی بچیتە ناو مەشقەکەتەوە قەڵەم و وەرەقەیەك بهێنە. ئینجا، پەڕەکە بکە بە شێوەی پەڕەی هەڵسەنگاندن بەشێوەی ڕاست و چەپ، وە هێڵێکی ڕاست لە ناوەڕاستەوە بکێشە بە درێژایی پەڕەکە. لەبەشی لای چەپ نیشانەی (−) دابنێ، وە لە بەشی لای ڕاست نیشانەی (+) دابنێ. لەژێر نیشانەی (−) هەموو ئەو شتە زۆر خراپانە بنوسە کە لەوانەیە ڕوبدەن بۆ تۆ، گەر ئەتەوێت شوێنی بیرۆکەکەت بکەویت. لەبەشی لای ڕاست، هەموو ئەو شتە باشانە(باشترین شتەکان) بنوسە کە لەوانەیە ڕوبدەن بۆ تۆ، گەر ئەتەوێت بەردەوام بیت لەگەڵ پلانەکەتدا. بەڕونی تێبگە، بەدرێژایی ئەو پلانەی کە بەتەمای ئەنجامی بدەیت ڕاستگۆیانە و شەریفانە، هەرچیەك لەبەشی لای چەپی پەڕەکەدا بێت ئەنجامێکی خراپ نابێت. لە لاکەی تر، هەرچەندە، هەرچیەك بچێتە بەشی ڕاستی پەڕەکە بێ گومان شتانێکی نایابن.

لەبەرئەوە، لەڕێگەی دروست کردنی پەڕەی هەڵسەنگاندنەوە بەم شێوازە، کە تۆ بۆ خۆتی دەخەیتە ڕوو، بۆ چاکسازی کردن لە خۆتدا، ئەو واقعەی کە لە ڕاستیدات هەتە ئەوەیە کە "هیچت نیە تا لەدەستی بدەیت"، پێشتر چەندین جار لەم کتێبەدا سەرنجت بۆلای ئەوە ڕاکێشرا کە "وون کردن یان کەوتنێك" ناتکاتە شکستخواردوو، ئەوە تەنها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پلانەکەت بەو شێوازەی کە داترشتووە کاری خۆی نەکردووە. کەواتە تەنانەت گەر هەموو ئەو شتانەی هەتە لەدەستی بدەیت، هێشتا توانای گەڕانەوە و هەستانەوەی خۆتت هەبێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەوڵ بدەیت.

بۆ چەندین ساڵ ئێستا لە نەریت و خویەکدام ژیان نامەو کەسایەتی ئەو پیاو و ئافرەتانە ئەخوێنمەوە کە بە ڕاستی شتێکی بایەخداریان بەدەست هێناوە بە درێژایی ژیانیان. ئەوەم بۆ دەرکەوت، بەبێ هیچ ئیستیسنایەك، ئەو کەسانە لە هەندێك لە ئامانجەکانیاندا کەوتوون ماوەیەکی کەم لە چەندین دەرفەتدا، بەڵام ئەوە هەرگیز نەبۆتە بەربەست بۆیان! لەڕاستیدا، خۆم ئەو ئەزموونەم هەبووە "سەرنەکەوتن لە گەیشتن بە ئامانجەکە" لە چەندین دەرفەتدا، یەکسەر دانی پێدا ئەنێم کە ئەوە ئازاری پێ گەیاندووم وە تەنانەت بۆتە هۆی پەشۆکانێکی زۆر بۆم. بەڵام بەو شێوە بە کە هەیت، ئەوە هەرگیز نەیوەستاندووم لە هەوڵدانی دووبارە وە پێویست ناکات تۆش بوەستێنێ، لەبەرئەوەی هەموومان خاوەنی ئەو توانایەین کە هەستینەوە وە جارێکی تر بە ڕێگاکەدا بڕۆینەوە. لەبەرئەوە، لەم کاتە بەدواوە، مێشکت وەها لێ بکەو ڕای بهێنە کە دەبێتە "چاونەترس"، وە زۆر بە ڕاستی خواستی ئەوەت هەبێت کە ببیتە کەسێکی چاونەترس.

# بەشی هەشتەم
# دەمی گوێزان
دەمی گوێزان

تۆ تەنها یەك ئینجی ... یەك هەنگاوی
یەك بیرۆکەی ... دوری لەوەی بگەڕێیتەوە
بۆ جوانی ژیانی خۆت

زۆر وتراوە ئەو هێڵەی ئەبێتە هۆی جیاکردنەوەی بردنەوە لە دۆڕان وەك تیژی دەمی گوێزان وەهایە (من دەربارەی بردنەوەیەك قسە دەکەم بە ڕێگایەکی گەورە وە لە هەموو ڕوبەرەکانی ژیانت)

سۆمەرسێت ماغوام کتێبێکی تەواوەتی نوسیوە لە ژێر ناونیشانی دەمی گوێزان، وە داریل زانوك چوار ملیۆن دۆلاری خەرج کرد لە بەرهەم هێنانی فلیمێکدا لەسەر هەمان ناونیشان. ئەم دوو پیاوە مەزنە – نوسەرەکە و فیلم دروستکەرەکە – زانیبویان کە جیاوازییەکی گەورە لە نێزان خەڵکیدا نیە، تەنها جیاوازی گەورە هەبوبێت لەو شتانەدا بوو کە بە دەستیان هێنابوو. (ئەوە بابەتی فلیمەکە و کتێبەکەش بوو).

کەسێك خەریك بوو پرۆژەیەك دەست پێ بکات، کەسەکەی تریش دەستی پێ کرد. یەکێکیان خەریك بوو کارەکەی تەواو دەکرد، ئەوی تر تەواوی کرد. کەسێك دەرفەتێکی بۆ ڕێکەوت، ئەوی تر کاری تێدا کرد. خوێندکارێك نزیك بوو لەوەی دەربچێت لە تاقی کردنەوەکان، ئەوی تر

دەرچوو، وە بەو شێوەیە جیاوازی نێوانیان لەوانەیە تەنها لە سەدا یەك بوبێت، ئەو ڕێژەی یەك خاڵە ئەو هەموو جیاوازییەی دروست کردووە.
مێژووی ساڵانەی وەرزش پڕە لە ڕونکردنەوەی دراماتیکی لەسەر بیرۆکەی دەمی گوێزان. بۆ نمونە، لە ئۆڵۆمپیادی ساڵی ١٩٧٦ لە مۆنتریال- کەنەدا، هەشت کەسی کۆتایی مابونەوە بۆ پێشبڕکێی کۆتایی لە ڕاکردنی ١٠٠ مەتر، بەڵام ئەوکەسەی مەدالیای ئاڵتونی بردەوە تەنها بە ١٠/١ چرکەیەك لەکەسی دووەمی بردەوە.
لەساڵی ١٩٤٧ لەیەکەم پێشبڕکێی ئەسپسواری لە مێژووی ئەمریکادا، ئارمد زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلاری بردەوە بە درێژایی ماوەی پیشەکاریەکەی - ٧٦١٥٠٠ دۆلاری لەو پێشبڕکێیەدا بردەوە. بەڵام ئەو ئەسپەی کە پلەی دووەمی بەدەست هێنا هەمان ساڵ، ئەو ئەسپەی کە تەنها کە پێشبڕکێ یەك میللیەکەی بە تەنها لوتی ئەسپەکە دۆڕاند تەنها ٧٥٠٠٠ دۆلاری بردەوە. ئێستا گەر کەسێك لەوێ بوایە و سەیری بردنەوەکانی بکردایە بە تەنها، وا دەر ئەکەوت کە ئارمد سیانزە جار باشتر بووە تاکو نزیکترین پێشبڕکێکار لێیەوە. هەرچەندە، کاتێك تۆ بەراوردی کاتەکە دەکەیت کە بەڕاستی لە لایەن هەردوو ئەسپەکەوە لەو پێشبڕکێیەدا تۆمار کرا، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت لەڕاستیدا کە ئەسپی یەکەم بە ڕێژەی لە سەدا چواریش لە ئەسپی دووەم لەپێشتر نەبووە!
ئێستا، لەوانەیە ئەو بیرۆکەیە لای تۆ بەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە بڵێیت هەندێك خەڵك هەیانە و هەندێکی تر نیانە. یان، لەبەرئەوەی هەندێك لە خەڵکی باشترن لە هەندێکی تر، زیاتر خۆشحاڵ ترن لە ژیاندا، بەڵام ئەمەوێت لەوە تێبگەیت، هەر لێرەداو هەر ئێستا، ئەم بیرۆکەیە

بەتەواوی هەڵەیە! لەبیرت بێت، لەو کاتەوەی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە وە تۆ تەنها لە ناوچەی بەدەیت هێناندایت، وە لەو کاتەوەی شتێك هەیە کە تۆ بتوانیت ئەنجامی بدەیت، ئەمە دەمانگەیەنێتە چاکسازی کردنێکی زۆر لەو ئەنجامانەی کە ئێستا بەدەستیان دەهێنیت، وە توانای ئەوەت هەیە کە زۆر سەرکەوتوو تر بیت لەوەی کە ئێستا تێیدایت. لەوانەیە پێشتر ئەوە بزانیت کە چۆن ئەو کارە ئەنجام بدەیت کە کەسانی تر ئەنجامی ئەدەن (گەر وا نەبێت، ئەتوانی فێر بیت)، وە لەو کاتەوەی توانا شارەوەکانت هیچ سنورێکیان نیە، ئەتوانیت شتێکی مەزنتر لەوە ئەنجام بدەیت کە ئەوان ئەنجامی ئەدەن.

ئەو شتەی کە تۆ پێویستە بیکەیت بۆ ئەوەی زیاتر سەرکەوتوتر بیت لەوانە نیە ئەو شتە بێت کە تۆ بیرت لێ کردۆتەوە. بەڵام هەرچیەك بێت لەوانەیە تۆ ئەوەندە توانات هەیە کە بتوانیت ئەنجامی بدەیت. هەمیشە ئەوە بخەرە مێشکتەوە، هەرچەندە، لەبەرئەوەی، هەموو کەسێك لەم جیهانەدا کەمێك جیاوازترە لەوی تر، هەرشتێك کە تۆ ئەتەوێت ئەنجامی بدەیت مانای ئەوە ناگەیەنێت هەمان شت کەسێکی تر کە لەگەڵتدا دەژی بیەوێت بیکات. سەرەڕای ئەوەش، هیچ پرسیارێك نیە کە تۆ لەکۆتاییدا بۆت دەرکەوێت ئەو شتە چیە کە پێویستە بیکەیت. بۆیە مێشکت ساف بکە ڕاستەوخۆ، کەی ئەوەت بۆ دەرکەوت کە دەمی گوێزانەکە ڕوی لە تۆیە، ئەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

چیرۆکی هاینز دۆس

کاتێك خەریکی نوسینی ئەم بەشە بووم، هاورێیەکی زۆر بەڕێزی خۆم- هاینز دۆس – تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ ئەوەی سوپاسم بکات بۆ بیرۆکەیەك

که پێم بەخشی بوو. بەڵام پێش ئەوەی پێت بڵێم بیرۆکەکە چی بوو، ڕێم بدە هەندێك زانیاریتان لەسەر هاوڕێکەم پێ بدەم. هاینز دۆس ئیشی بۆ کۆمپانیایەکی گەورەی بیمە دەکرد لە تۆرنتۆ- کەنەدا وە هەموو ساڵێك مانگی ١٠ کۆمپانیاکەی پێشبڕکێیەکیان ساز دەکرد بەناوی "سەرۆکی مانگ" هەموو فرۆشیارەکانی کۆمپانیا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ پێشبڕکێکە وە هەموو یەکێك لەوان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ لوتکەی ئاستی بەرهەمهێنان. خەڵاتەکەیان، گەر گەر پێشبڕکێکەیان ببردایەتەوە پلە بەرز کردنەوەو پارە بوو. (کۆمپانیاکە بەوە ناسرا بوو هەمیشە چاووگی سەرکردەکانە).

وەك چۆن هەموو ساڵێك هاینز پێشبینی ئەوەی دەکرد کە "سەرۆکی مانگ" بێت، بەڵام بەهۆی بەردەوام بوونی لەمەشقی ساڵی پێشوو، پلانی دا ئەنا کەمێك ئیسراحەت بکات بۆ مانگی دواتر، یان بەلای کەمەوە دەگەڕایەوە سەر ئەوەی کە "بەرهەم هێنێکی ئاسایی" بێت، کاتێك پاش نیوەڕۆیەکیان قسەم لەگەڵدا کرد، هەرچەندە، تێبینی ئەوەم کرد ئاستی پرۆشی لە ئاستی ڕۆژانی ئاسایی کەمترە کە ڕۆژانی ئاسایی لە پلەیەکی بەرزدا بوو. زانیم شتێکی ناتەواو هەیە، هەر بۆیە پرسیارم کرد بێزاری کردووە. ئینجا بۆی شیکردمەوە کە ئەزموونی هاتنە خوارەوە دەکات، وە ئێستا مانگە گەورەکەی لەسەر کۆتایی هاتنە. لە هەوڵدانێك بۆ بەرز کردنەوەی ڕۆحی هاینز، ئەم پرسیارانەم لێ کرد: "هاینز، چی دەکەیت بەو بڕە پارە زیادەیەی کە بەدەستی دەهێنیت، گەر هەمان کردەوەی مانگی ١٠ لە مانگی ١١ دا دوبارە بکەیتەوە؟" (لە ڕاستیدا سێ جار داهاتی مانگی ١٠ ی بەدەست هێنابوو).

بینینی مانای ڕاستەقینە لە پشتی پرسیارەکەمەوە، دەموچاوی هاینز درەوشایەوە بە ڕادەیەکی زۆر وە زەردەخەنە لە سەر ڕووی دەرکەوت. ئینجا بە خێرایی ئەمەم بۆ زیاد کرد، "هەردوکمان ئەزانین تۆ ئەوەندە توانات هەیە کە کرداری مانگی ۱۰ دوبارە بکەیتەوە لە مانگی ۱۱ دا، هیچ شك و گومانێك لەو ڕووەوە نیە" لەم کاتە بەدواوە هاینز بەتەواوی قایل بوو بەوەی کە نەك توانای دوبارە کردنەوەی هەیە بەڵکو ئەتوانێت باشتر کارەکانی جێ بەجێ بکات. بەهەموو متمانەیەکەوە و ئەوپەڕی چالاکیەوە وتی "زۆر باشە بۆب، من دوبارەی دەکەمەوە"

دەمی گوێزان – ئەنجامی دا – هاینز دۆس توانی هەمان تۆماری مانگی ۱۰ لە مانگی ۱۱ دا دوبارە بکاتەوە! بیرکردنەوە لەو جیاوازییەی کە لە داهاتی ساڵانەیدا دروستی دەکات، نەك تەنها هەر وەستاوێك بێت لە کۆمپانیادا. توانی کارو چالاکیەکەی بە باشتر جێبەجێ بکاتەوە لە مانگی ۱۱ داو ببێتە "سەرۆکی مانگ"

شتێك بۆ هاینز دۆس هاتە پێش کە زیاتر مەسەلەکەی بۆ ئاڵۆز کرد، لەبری ئەوەی بڕیار بدات هەمان کار بکاتەوە لە مانگی ۱۱، کە پێشتر لە مانگی ۱۰ ئەنجامی دابوو. لەوانەیە تۆ بە خۆت بڵێیت، "هەموو کەسێك ئەتوانێت ئەو کارە بکات" وە تۆ ڕاست دەکەیت ئەوان ئەتوانن ئەنجامی بدەن. بەڵام چەند هەزار کەسێك کارمەندی هەمان کۆمپانیان بۆ فرۆشیاری کە هاینزیش یەکێکە لەوان گرەوت لەگەڵ ئەکەم کە ٥ کەسیش نەیانتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

ڤینس لۆمباردی، ڕاهێنەری ڕەکبی پێشوو لە تیمی گرین بەی پاکەرس، باسی بیرۆکەی دەمی گوێزانی کردووە لە یاری ڕەکبیدا زۆر بە باشی

کاتێك ئەڵێت "زۆرینەی یاریەکان ئەیبەیتەوە یان ئەیدۆڕێنی لە کۆتایی دوو خولەکی گێمی یەکەم یان گێمی دووەمدا". بەڵام چ شتێك لەمەی لۆمباردیەوە ئەخوێنرایەوە "بیرۆکەی دووەم ئەرك"، کە بۆ چاکسازی کردن لە یاریزانەکانیدا پێی ناساندبوون. لای لۆمباردی "بیرۆکەی ئەرکی دووەم" بە ئاسانی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێك یاریزانێك لە دەستپێکی یاریدا لەلایەن تیمی بەرامبەرەوە ئەوەستێنرێت، هەمیشە جارێکی تر بەرەوە پێشەوە ڕادەکاتەوە ، لەگەڵ زیاد کردنی پاڵنان لە "ئەرکی دووەم".

ئێستا، تەنها ڕابمێنە لەو جیاوازییە زۆرەی کە تۆ ئەتوانی ژیانی خۆتی پێ دروست بکەیت گەر تۆ هەڵوێستی دەروونی هاوسەنگ لە خۆتدا زیاد بکەیت. بۆ نمونە، گەر تۆ کەسێك بیت لە بواری فرۆشتندا کار بکەیت وە لە ئێستادا تەنها سێ یەکە بفرۆشیت لە هەفتەیەکدا، ئاکامی تۆ چی دەبێت گەر تۆ بڕیار بدەیت هەفتانە یەکەیەکی تر بخەیتە سەر تێکڕایی فرۆشەکانت، بەهۆی بەکارهێنانی بیرۆکەی دووەم ڕەنجەوە؟ باشە، تەنها هەفتەیەك ناکرێتە پێوەر بۆ بەرزکردنەوەی فرۆش. گەر بێت بە درێژایی پیشەکە حسابی بۆ بکرێت ئەوا بڕی ڕاستەقینە زیاتر لە دوو هەزار فرۆشتن ئەبێت. زیاتر لەوەش، گەر بە پارەی کاش لێکدانەوەی بۆ بکەیت مانای وایە لە ڕاستیدا داهاتی دە ساڵی زیادە وەردەگریت بۆ ماوەی چل ساڵ ئیش کردن. بەڵێ، ئەو یەك فرۆش زیاترە جیاوازی دەمی گوێزانەکەیە، کە ئەتوانێت تۆ بکاتە ناو کۆمەڵە گەورەکەوە لە ئیشە هەڵبژێراوەکەی خۆت.

## سەرکەوتنەکەی میلت کامپڵ

کەسێك کە جیاوازی دەمی گوێزانی بۆ خۆی دۆزیەوە، لە ژیانی خۆیدا، میلتۆن کامپڵ بوو. ئەزانی، میلت ڕۆیشت بۆ یاریەکانی ئۆلۆمپیادی ١٩٥٢، بۆ ئەوەی لە پێشبڕکێی دە یاری بەشداری بکات. زۆر ئەنجامێکی باشی بەدەست هێنا، پلەی دووەمی جیهانی بەدەس هێنا وە لە ئەنجامدا، لەگەڵ خۆیدا مەدالیای زیوی ئۆلۆمپیادی بردەوە هەرچەندە هیوای میلت هەمیشە ئەوەبوو مەدالیای ئالتون بەرێتەوە. لەبەرئەوە، کاتێك گەڕایەوە ماڵەوە، دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی "ئەرکی دووەم" وە دەستی کردەوە بە مەشق کردنەوە دوبارە. بۆ چوارساڵی ئاییندە، میلت کامپڵ خۆی تەرخان کرد بەوپەڕی ئارەزووەوە بۆ خشتەی مەشقەکانی، کە گەیشتە لوتکەو توانی مەدالیای ئالتونی ئۆلۆمپیادی ساڵی ١٩٥٦ بۆ وڵاتەکەی بباتەوە.

لە ئەنجامی کاری ئەو بەدەست هێنانە سەرنج ڕاکێشەدا، خۆشحاڵی ئەوەم هەیە کە لە چەندین بۆنەدا لەگەڵ میلتۆن قسەم کردووە. چەندین جار ئەو نهێنیەی لا درکاندووم کە زۆرینەی ڕاکەرەکان کە دژی ئەم پێشبڕکێیان کردووە لە خوێندنی ئامادەیی زۆر لەم بەهێزتر بوون لەو کاتەدا. بەڵام لە خاڵێکدا، ئەوان بڕیاری ئەوەیان داوە واز لە پیشەی وەرزش بهێنن وە جیاوازی دەمی گوێزان بۆ میلت ئەو هۆکارە بوو بەردەوامی پێ ئەبەخشی لەسەر مەشق. لە ئەنجامدا– ئەو ڕۆژەی مەدالیا ئالتونەکەیان کردە ملی میلت، وەك باشترین وەرزشکاری ساڵ دەستنیشان کرا لە جیهاندا!

یەکێك لە بەهێزترین ڕونکردنەوەکانی هێڵی باش کە بردنەوە لە دۆڕان جیا دەکاتەوە ئاشکرابوون بوو لە فلیمی "دەمی گوێزان"دا. کۆمەڵەی ئەکتەرانی فلیمەکە پێك هاتبوون لە "هەشت ئەکتەری سەرەکی" وە هەشت "ئەکتەری لاوەکی" (دەکرێت بڵێین هەر ئەکتەرێکی سەرەکی ئەکتەرێکی لاوەکی لەگەڵ بوو کاری بۆ بکات، بەردەستی و کاری ماندوکەری بۆ بکات، لە کاتێکدا ئەکتەرە سەرەکیەکان پشویان دەدا) پاش ئەوەی فلیمەکە تەواوکرا، گۆڤاری لایف چیرۆکێکی بڵاوکردەوە بە شێوەیەك کە هەشت ئەکتەری سەرەکی لە پەڕەیەکدا نیشاندرابوو، وە هەشت ئەکتەرە لاوەکیەکان لە پەڕەکە پشتی ئەو پیشان درابوو.

ئەکتەری لاوەکی فلیمەکە تایرۆن پاوەر، هاوکاری ئەکتەری سەرەکی بوو بە ناوی تۆماس نۆنان. نۆنان هاوڕێیەکی نزیکی پاوەر بوو هەردوویکان لەهەمان خوێندنگەی ئامادەیی پێکەوە بوون لە هەمان کاتدا. هەردوکیان هەمان کێش و باڵایان هەبوو، هەردوکیان هەمان زیرەکیان هەبوو، بەنزیکەیی هەمان جۆری جل و بەگیشیان دەکردە بەر، وە هەردوکیان زۆر لە یەکتری دەچوون، تەنانەت شێوازی جەستەییشیاندا. لە ڕاستیدا، وەك نزیکی لێکچوونی مرۆڤەکان دەکرا بڵێین لێکچونێکیش لە نێوان هەردوو ئەکتەرانی سەرەکی و لاوەکیدا هەبێت، بەڵام بە یەك ڕێگا، تەنها یەك ڕێگا، ئەکتەرانی سەرەکی وە ئەکتەرە لاوەکیەکانیان بەتەواوەتی نایەکسان و جیاواز بوون لەیەك. ئەو مووچەیەی کە هەشت ئەکتەرە سەرەکیەکە وەریانگرت بۆ ئەو نواندنەی ئەنجامیان دا، لەوکاتەدا بریتی بوو لە ٤٨٩٠٠٠$ دۆلار. ئەو بڕە مووچەیەی کە هەشت ئەکتەرە لاوەکیەکە وەریانگرت لەو کاتەدا بریتی بوو لە ٦٥٣٤$ دۆلار. ئەکتەرە

سەرەکیەکان لەوانەیە تەنها کەمێك زیاتر لێهاتوویان زیاتر بوبێت لە ئەکتەرە لاوەکیەکان، بەڵام ئەو بڕە پارەی ئەوان وەریانگرت ٧٥ جار زیاتر بوو لەوەی ئەکتەرە لاوەکیەکان وەریانگرت!

وەك چۆن تاکو بێت هۆشیاری تۆ بەرامبەر بیرۆکەی "دەمی گوێزان" زیاتر دەبێت، توشی سەرسوڕمان دەبیت بەهۆی ژمارەی ئەو نمونانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕویان دەبیتەوە. وەك خاڵێکی سەر ئەم باسە، تەنها ڕابمێنە، چەندە هەست بە شادومانی دەکەیت کاتێك دەچیتە سوپەرمارکێتێك و کاشێرەکە بە دەم بە خەندەیی پێت دەڵێت "زۆر سوپاس بۆ بازاڕ کردنت لێرە" وە ئینجا پێت دەڵێت "بەهیوای ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ بازاڕ کردن"، وەك بەراوردێك بە یەکێك بەشێوەیەکی مۆن سڵاوت لێ دەکات و پێت دەڵێت "باشە، ئایا ئەتەوێت شتێك بکڕیت یان نا؟"

یان ڕابمێنە لەم ڕونکردنەوەیە، بەنزیکەیی ساڵێك پێش ئێستا، خێزانێك لە یەکێك لە سیمینارەکانمدا ئامادە بوون لە تۆرنتۆ-کەنەدا. ئەوان بە ڕاستی خێزانێکی جوان بوون، بەڵام کێشەیەکی جدیان هەبوو وە پرسیاریان لێ کردم گەر بتوانم هاوکارییان بکەم چارەسەری بکەن. ئەوان پێیان ڕاگەیاندم، لەوەوە دەست پێ بکەن، ئەوکاتەی ئەوان خاوەنی شوێنکاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل بوون. بەڵام ئەوان ئەوەشیان ڕونکردەوە کە بازرگانیەکەیان زۆر خراپ بوو، زۆر خراپ لە ڕاستیدا، ئەوان بەڕاستی بیریان لەوە کردبۆوە کە بازرگانیەکەیان کۆتایی پێ بهێنن و دەرگای دوکانەکەیان دابخەن وە بڕۆن ئیش بۆ کەسێکی تر بکەن.

ھەولێکمدا بۆ یارمەتی دانیان، سەردانی شوێن کارەکەیانم کردو وە
هەندێك پرسیاری پەیوەندیدارم لێ کردن. ئینجا دانیشتم و زۆر بە جوانی
وێبیستی وەلامەکانیان بووم. ماوەیەکی زۆر تێ نەپەڕی کە ئەوەم بۆ
ساغ بویەوە لە کاتێکدا ئەو پرسیارەم کرد کە توانای خۆیانم پێ بڵێن
لەبواری میکانیکدا، ئەوان بەوپەڕی پەرۆشیەوە وەلامیان دامەوە وە
بەوپەڕی متمانە بە خۆ بوونەوە. لەڕاستیدا، ئەوان زۆر بە زویی تەنها
بەوە قایلیان نەکردم کە میکانیکیەکی زۆر لێهاتوون بە تەنها، بەڵکو
ئیشکەرێکی زۆر نایابیشن لەبوارەکەی خۆیاندا.
لەلاگەی ترەوە، هەرچەندە، ئەوەشم بۆ دەرکەوت، کە هەرکاتێك
پرسیارێکم لێ بکردنایە دەربارەی بازرگانیەکەیان بە پەیوەندی
کۆمەلایەتیەوە، بە دلنیاییەوە پەرۆشیەکی بەرچاوخراویان نەبوو،
هەرچیەك بێت لە ڕاستیدا، هاڵەیەکی ڕەشبینی وە بێ ئارامییەك لە
ڕاستیدا بەرەو ڕویان دەهات. ئەوە ئاشکرابوو بۆ من، لەبەرئەوە، تەنها
کێشەیەك کە ئەم خێزانە بە ڕاستی هەیبوو مامەڵە کردن بوو لەگەڵ
هەولۆێستی دەروونی خۆیاندا.
کاتێك بە تەواوی سروشتی کێشەکەم ناسی، ئەتوانم پێشنیاری
چارەسەرێکی باش بکەم. پێم وتن پێویستە ئەوە بهێننە بەرچاوی خۆتان
کە شوێن کارەکەتان پڕە لە سەیارە کە دەیانەوێت چاکی بکەنەوە، زیاتر
لەوەم پێشنیار کرد، بەوەی هەموو کاتێك کە ئەوان خۆیان وا دەهاتە
بەرچاو ئیش لە ئۆتۆمبێلێکدا دەکەن، هەروەها واش خۆیان دەهاتە
بەرچاو ناوەوەی سەیارەکەیان پاك دەکردەوە، دەرەوەی سەیارەکەیان
دەشۆرد، وە دلنیا دەبوون لەوەی کە ئاوێنەکان خاوێنەو هیچ پەڵەیەکی

پێوە نیە. ئەوەم بۆ ڕونکردنەوە، کە لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵکی بەڕاستی زۆر زانیاری نیە لە پارچە میکانیکیەکانی ئۆتۆمبێل، تەنها شتێك کە تێبینی دەکەن ئەوەیە کە "چۆن دەر ئەکەوێت" وە لەو کاتەوەی هەموو یەکێك هەست ئەکات لێخوڕینی ئۆتۆمبێل شتێکی باشە، ئەم دەستکاریە زیادانە بە زوویی پارەیەکی زۆر باشیان بۆ پەیدا دەکات.

بە نزیکەیی دوو هەفتە دواتر، تەلەفۆنێکم بۆ هات لە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەوە.

پێی وتم هیچ یەکێکمان ئەوەندە بەباشی تێ نەگەیشتووین کە چۆن شتێکی وەها سادە ئەتوانێت جیاوازیەکی هێندە گەورە دروست بکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەوان زۆر سەرقاڵ بوون لە دوو هەفتەی ئایندە لەو کاتەوەی کە سەردانم کردبوون، تەنها کێشەیان بریتی بوو لەوەی هەموو ئیشەکان تەواو بکەن کە سەرنجیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە ئەنجامی بدەن. بیرۆکەی دەمی گوێزان ئەو جیاوازییەی بۆ دروست کردن کە بازرگانیەکەیان بگۆڕن لە زەرەرمەندێکەوە بۆ براوەیەك، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت جگە لە شتێکی دراماتیکی وە کەمێك دەست لێدانی زیادە لەهەر یەکێك لەو ئۆتۆمبێلانە. ئایا ئەوە نرخی هەبوو بۆیان؟ تەنها پرسیار لە خێزانی جاکۆب بکە لە تۆرنتۆ- کەنەدا. !

هەموو فێرکەرێك دان بەوەدا ئەنێت کە تێکڕای تاکەکان لە پۆلی شەش و حەوت دا ئەخوێننەوە. هۆکاری ئەمە ئەوەیە ئێمە بە تێپەڕبونی کات فێری خوێندنەوە دەبین کاتێك دەگەینە پۆلی شەش و حەوت، ئینجا هەرگیز بێزار نابین لە چاککردنی لێهاتویی خوێندنەوەمان لە دوای ئەو ساڵەوە.پێویستە ئەوە بزانیت، زیاتر لەوەش، کە ئەوەی ڕاستە

دەربارەی خوێندنەوە ئەوەیە هەمیشە وەك زۆرینەی لێهاتویەکانی تر وەهایە کە دەتوانین بەدەستی بهێنین لە ژیاندا. هەرکات خەڵك لێهاتوو بوون لە بنچینەی هەر بەشێکی تایبەتدا، ئەوا زۆرینەی کات ئەوە هەڵدەبژێرن کە بوەستن لە فێربوون، وە بێ گومان، لەم خاڵەوە بەرەوپێش ئەوەستن لە چاکسازی کردن. لەوکاتەوەی ئەمە ڕاستە بۆ زۆرینەی خەڵکی، کەمینەیەکی بچوك لە خەڵکی لە هەر بوارێکدا بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی ببنە پسپۆڕی باوەڕپێکراو لە پیشەکەی خۆیاندا. لەبەرئەوە، ئەوانە خەڵکانێك بوون کە دەیانتوانی خواستیان هەبێت وە پشکی شێر لە داهاتی خۆیان وەربگرن لە بوارەکەی خۆیاندا. (تەنها بیچەوانەی بکەرەوە لەگەڵ جیاوازی گەورەی داهاتی ئەکتەرەکاندا لە فلیمی دەمی گوێزاندا)

ڕابمێنە لەو ئیشەی کە ئێستاکە ئەنجامی ئەدەیت وە ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە: "چەندە باشم لە کردنی ئەم کارەدا؟" وە "چەندێك باش ئەبم لەمەودوا؟"، ئەوە بزانە کە، گەر لێکۆڵینەوە بکەیت لە بەشی هەڵبژێراوی خۆت بۆ کاتژمێرێك لە ڕۆژێکدا، لە ماوەی پێنج ساڵ لێکۆڵینەوە لە بوارەکەی خۆتدا ٤٥ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، کە دەکاتە نرخی ساڵێکی پڕ لە لێکۆڵینەوە. زیاتر لەوەش، لەوکاتەوەی تۆ تەنها لێکۆڵینەوە ئەکەیت بۆ یەك کاتژمێر لە هەر کاتێکدا، ئەوا تۆ ئەتوانی سەرنجی خۆت بەبێ دابەشکاری ببەخشیت. لەبەرئەوە، لە ڕاستیدا بەرامبەرە بە "ساڵێکی کامل" لە کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە لەگەڵ تەواو بونی ساڵی یەکەمدا، بە تەواوی نۆ هەفتەت دەبێت لە چل کاتژمێر لە کاتی لێکۆڵینەوە کە بە پارە نانرخێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا

ئەم برە تەنها بۆ یەك کاتژمێر لێکۆڵینەوە لە ڕۆژێکدا، گەر تۆ زۆر بە وردی شوێن ئەم خشتەیە بکەویت، بە ماوەیەکی کورتی ڕێژەیی لەنێوان ماوتەمەنەکانتدا دەوستیت وەك زەڕافەیەك کە لەناو کۆمەڵە مشکێکدا وەستابیت.

لە ڕاستیدا، کاتێك تۆ بە ڕاستی بیری لێ دەکەیتەوە، زۆر بە زویی لەوە تێ دەگەیت کە هیچ پێشبڕکێیەك لە ئارادا نەبووە هەرگیز، لەبەرئەوەی کەمێك لە خەڵکی لە پێشبڕکێدا، کە تەنانەت دۆڕاوەکانیش براوەن.

لەبەرئەوە، پێویستت بە بڕێکی زۆر لێکۆڵینەوە نیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە پێویستتە، لەبەرئەوەی دووبارە، جیاوازی نێوان زانین و نەزانی لەوانەیە وەك دەمی گوێزان وەها بێت.

با دوبارە بێینەوە سەر شتێکی دیاریکراو، وەك چۆن لە چەندین بۆنەدا بۆ بەشداربوانم شیکردۆتەوە، مامەڵەیەکی مەزن ئەکەم لەگەڵ لێکۆڵینەوەدا لە ڕێگەی گوێگرتن لە شریتی پەروەردەیی لە کاتێکدا ئۆتۆمبێلەکەم لێدەخورم. پێشنیار دەکەم کە تۆش ڕادیۆکەت بکوژێنیتەوەو وە تۆمارکەری شریتەکەت ئیش پێ بکەیت کاتێك ئەچیتە ناو ئۆتۆمبێلەکەتەوە، کە ئەتوانێت جیاوازییەکی گەورە بۆ تۆ دروست بکات وەك چۆن بۆ منی دروست کرد. پێویستە ئەوە بزانیت کە ئەو خەڵکانەی کە بیست و پێنج هەزار میل لە ساڵێکدا شۆفێری دەکەن چل کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دادەنیشن لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا دادەنیشن. لەبەرئەوە، ئەوان لە پێگەیەکی نایابدان بۆ ئەوەی زانیاریەکی بەنرخیان هەبێت لەناو عەقڵی لاشعوریاندا، ئەگەرنا، تەنها کارێکی ڕۆتینی شۆفێری دەکەن. لەبیرت بێت، زۆرینەی کات ئەستەمە بەشێوەیەکی کرداری بیرۆکەی

گەورە بخەیتە مێشکتەوە بەبێ ئەوەی ئەو بیرۆکانەت لە جیهانی بەرجەستەدا خستبێتە ڕوو. زیاتر لەوەش، دەشێت تەنها یەك بیرۆکەت پێویست بێت بۆ ئەوەی جیاوازی لە ژیانتدا دروست بکات.

ڕابمێنە لەم ڕونکردنەوەیە، لەڕێگەی تەنها جوڵانی پەلەپیتکەیەکەوە کەسێك ئەتوانێت پارچەیەك کانزای سارد بگۆڕێت بۆ پارچە ئینجێك، کەسێك ئەتوانێت پارچەیەك کانزای سارد بگۆڕێت بۆ چەکێکی بکوژ. یان، بە ئاسانی لە ڕێگەی هاوارکردنی وشەی "بیتەقێنە" کەسێك ئەتوانێت ژورێکی پڕ لە خەڵکی دڵخۆش بگۆڕێت بۆ هاوار و قیژە، ترس و تۆقین. بە ئاشکرایی، ئەم دوانە دوو نمونەی نەرێنی بوون. سەرەڕای ئەوەش، ئەو دوو نمونەیە زۆر بەجوانی ڕاستیە گرنگەکە ڕوون دەکەنەوە، کە "دەمی گوێزان ئەتوانێت هەردوو ڕێگاکە ببڕێت"، بە مانایەکی تر، لەوکاتەی یاسای پێچەوانە لە هەموو شێوەکانی ژیاندا لە کاردایە، بە شێوازەی کە گەر هەستیارانە خەبات نەکەیت بۆ تێپەڕاندنی ئەو هێڵە باشە بۆ چاککردنی جۆری ژیانت، لەوانەیە بێ ئاگایانە لەسەر ڕێگایەك بڕۆیت کە پێگەی تایبەتت لە ژیاندا بە ڕاستی بەرەو خراپ بوون ئەچێت.

ڕێم بدە درێژەی بدەمێ. دوو هەفتە لەمەوپێش، لەبەرنامەیەکی ڕادیۆییدا قسەم دەکرد. خانمێك تەلەفۆنی کرد وە لە چوارچێوەیەکی زۆر نەرێنی مێشکدا بوو لەبەر هەقیقەتی ژیانی، کە هەستی پێ دەکرد، زۆر جیاوازتر بوو لەوەی کە خەونی پێوە دەبینی ئەوە کاتێك بوو کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو. وادیارە، لەوکاتەدا، خەونی ئەوەبووە کە پیشەیەکی کاریگەری هەبێت وەك نوسەرێکی بەناوبانگ. هەرچەندە، ئەو هەستی بەوە کردبوو کە پلانەکەی تێك شکاوە لەبەرئەوەی بەماوەیەکی

کەم پاش تەواوکردنی زانکۆ شوی کرد وە ئێستا دوو منداڵی گەورەی هەیە کە لەگەڵی دەژین. منداڵەکان، ئەو ڕونی کردەوە، کە هێشتا زۆر منداڵ بوون وەك باسی دەکرد، "لەژێر پێمدا بوون، زۆرینەی ڕۆژەکە" ئەوەی ووت بەهۆی هەڵکەوتەی ژیانی، نەیدەتوانی بنوسێ و وە ئەمە هەستێکی زۆر بێزاری بداتێ سەبارەت بە خێزانەکەی وە سەبارت بە ژیانیش بە شێوەیەکی گشتی.

من پێشنیارم بۆ کرد، سەرباری ئەوەی، ئەوە پێویست نەبوو بڕوات بۆ نوسینی کتێبەکەی، تەنانەت ئەگەرچی ئەوە زۆر ڕاستە کە زۆرێك لە نوسەرەکان دەچنە دورگەی باشوری دەریا تەنها بۆ نوسین. بەڵام من دڵنیام کردەوە، ئەو نوسەرانە کەمینەیەکن، وە ئەوان لە ڕاستیدا، زۆر نوسەرانێکی کەمن کە هەموو کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ نوسین (یان کە تەنانەت زۆرینەی بەشی داهاتەکەیان لە ڕێگەی چالاکی نوسینەوە بەدەست دەهێنن). لەبەرئەوە، من بەردەوام بووم، بەبێ گومان هیچ شتێك ڕێگری نەدەکرد لەوەی کە ڕۆژانە بەلای کەمەوە تەنها پەڕەیەك بنوسێت، وە گەر شوێن ئەم خشتەیە بکەوێت بە ئیمانەوە، لە ساڵێکدا کتێبێك بە قەبارەی ٣٦٥ پەڕە تەواو دەکات، یان ڕێی تێ دەچێت دوو یان سێ کتێبی بچووکتر. بەڵێ، تەنها هاتنە دەرەوە لە جێگەی خەو کاتژمێرێك زووتر لە بەیانیاندا لەوانەیە ببێتە جیاوازی دەمی گوێزان کە ڕێی دەدا بەو خانمە خەونەکەی بەدی بهێنێت. زیاتر لەوەش، سودێکی زیاتریشی دەست کەوت بەوەی کە خێزانەکەی لەنزیکی خۆی ئەژیان بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتێك بۆی.

یەکەمین دڵی دەستکرد
لەکاتێك من ئەم بەشە تایبەتە ئەنوسم، میدیا بە کۆمەڵێك چیرۆك دەربارەی "یەکەمین دڵی دەستکرد" ڕای ماڵیوین کە لە سنگی نەخۆشەکەدا دادەنرێت. ڕۆژنامەی تۆرنتۆ دەیلی ستار، بۆ نمونە، چیرۆکێکی چاپ کردبوو چەند ڕۆژێك لەمەوپێش، کە وەری گرتبوو لە سەرۆکی نەشتەرگەرەکان لەسەر نەشتەرگەریەکە دکتۆر ولیام دی ڤرایس. بەپێی لێدوانی ڕۆژنامەکە، ئەو وتبوی کە ئیمانەکەی، ئەوەی پەیوەندی بە نەشتەرگەریەوە هەیە، هەموو ئەوە بووە کە "مەشق بکە ... خۆت ڕابهێنە ... ئینجا کەمێك زیاتر مەشق و ڕاهێنانی تر بکە! چونکە گەر پەیوەست بیت بەم ڕێسایەوە، ئەو بەردەوام بوو، "کاتێك دێتە سەر جێبەجێ کردنی ڕاستەقینەی نەشتەرگەرییەکە، کردارەکە دەبێتە کارێکی ڕۆتینی بۆ تۆ"
دکتۆر دیڤرایس حاڵەتێکی نمونەیی تاکێك بوو کە زیاتری بەخشی. کە پێویستی بە کات و ئەرك بوو بۆ مەشق کردن لەسەر نەشتەرگەریەکەی لەسەر شاشەی مێشکی خۆی، پێش ئەوەی بە ڕاستی جێبەجێی بکات لە ژوری نەشتەرگەری خەستەخانەکەدا. (هەر بە سوتفە، ئەو جیاوازی دەمی گوێزانە وای لە دکتۆر دی ڤرایس کرد ببێت بە یەکێك لە نەشتەرگەرە بەناوبانگە جیهانیەکان، کە بوو بە یەکێك لەو دکتۆرانەی ناوی چووە مێژووی ساڵانەی پزیشکیەوە، ئەو ڕاستیە باس مەکە کە وای لێ کرد درێژە بەهەمان ڕێڕەوی دکتۆر بارنی کلارك بدات)
ڕونکردنەوەیەکی تری نایاب لە "ڕۆیشتنی میلێکی تر" لە ڕێگەی هەوڵدانێکی ترەوە، کە پێشکەش دەکرێت لە هەمان ڕوداوی مێژوویدا. بۆ

دکتۆر ڕۆبەرت جارڤیك – تەنها ٣٦ ساڵ تەمەنی بوو– وە ئەو پیاوەی که یەکەمین دڵی دەستکردی دیزاین کرد، یەکێکی تر بوو له کاندیدەکانی دەمی گوێزان. دکتۆر جارڤیك هەروەها پیاوێك بوو که بەلای کەمەوە سێ جار پەسەند نەکرا، لەلایەن زۆرینەی قوتابخانە پزیشکیەکانەوە لە تەواوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. لە ڕاستیدا، تەنانەت لەلایەن یەکێك لە مامۆستاکانەوە ئامۆژگاری کرا، کە لە کۆرسەکەی ئەویشدا دەرنەچوبوو کە بچێتە قوتابخانەی دان.

بەڵام ڕۆبەرت جارڤیك پیاوێك بوو کە خاوەنی دیدگابوو، نکوڵی لێ نەدەکرد. وەها ڕەفتاری دەکرد کە ئەندازیاری چارەنوسی خۆیەتی، وە بەشێوەیەکی زگماکی لە بیرۆکەی دەمی گوێزان تێ گەیشتبوو، لەبەرئەوەی قبوڵی شکستی نەدەکرد. لە بەرئەنجامی ئەم کۆڵنەدانەیدا، لە کۆتاییدا لە زانکۆی یوتای پزیشکی وەرگیرا، لە شاری ساڵت لەیك، لە ساڵی ١٩٧٢. تەنها ١٠ساڵ دواتر، ڕۆبەرت جارڤیکی گەنج بەشێوەیەك بەشی پزیشکی بڕی کە پێشتر شتی وا نەبینراوە.

قسەکردن دەربارەی مێردەکەی ، ژنەکەی دکتۆر جارڤیك ئیلان، وتی، "لێهاتویی وەهای هەیە کە زۆر قورسە پێوانە بکرێت — ئەو داهێنەرە، وە ئەوەش شتێکە کە تۆ ناتوانی بە تاقی کردنەوە بیپێویت"، بە ڕوونی دکتۆر ڕۆبەرت جارڤیکی گەنج چووە پێشبڕکێیەکی سەختەوە بۆ کورسیەکی قوتابخانەی پزیشکی ، بەبێ بوونی ئسوڵی تەقلیدی — واتە نمرەی زۆر بەرز، نمرەی ئەکادیمی زۆر بەرز، وە نمرەی بەرز لەتاقی کردنەوەی وەرگرتنی پزیشکی. سەرەڕای ئەوەش کە ئەو هەموو هۆکارە

گرنگە مەعنەویانەی هەبوو، وەك، كۆڵ نەدان، وە خواستی بەتین بۆ ئەوەی سەركەوتوو بێت.
ئێستا، من بە هیچ شێوەیەك پێشنیاری ئەوە ناكەم كە هەر یەك لە ئێمە رۆژێك لە رۆژان مێژویەكی پزیشكی تۆمار دەكات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە دەچێ لە دكتۆر جارفیك بچین لەوەدا كە لێهاتویی و توانای تایبەتمان وەك ئەوە، لەوانە نیە وەربگێرێت بۆ توانایەكی رێكخراو. لەبەرئەوە، وەك رۆبەرت جارفیك لەوانەیە ئەوە پێویست بێت بۆ ئێمە كە لێهاتویی تایبەتیمان لەخۆ بگرین، لەرێی دەست پێوەگرتنەوە، كۆڵنەدانەوە، وە نازایەتیەوە، وە وەك "گازی سێوەكە" لەوانەیە هەموو ئەوانەی پێویستە بۆ ئێمە بۆ سەركەوتن.
ناپلیۆن هیل بەشێكی تەواوی لە كتێبە كلاسیكیەكەیدا تەرخان كردووە لە كتێبەكەیدا بەناوی بیربكەرەوەو دەوڵەمەند بە، بە ناونیشانی "بەردەوامی"، ئەڵێت "لەوانەیە زێدەمانایەكی قارەمانانە لە وشەی بەردەوامیدا نەبێت، بەڵام نایابی كەسایەتی پیاوە، وەك چۆن كاربۆن بەشێكە لە ئستیل"
لە شوێنێكی تردا لە هەمان بەشی ئەو كتێبە، ئەمەی نوسیەوە، "دڵخۆشم كە هەلی ئەوەم هەبوو شی كردنەوە لەسەر هەردوو كەسایەتی بەرێز تۆماس ئەدیسۆن وە بەرێز هێنری فۆرد بكەم، ساڵ لە دوای ساڵ، زیاتر لە چەند ساڵێكی دوورودرێژ، وە هەلی ئەوەی كە لێكۆڵینەوەم لێ كردوون زۆر لە نزیكەوە. لەبەرئەوە، من بە زانیاریەكی راستیەوە قسەتان بۆ دەكەم كاتێك ئەڵێم كە هیچ نایابیەكم نەدۆزیەوە، بەردەوامیەكی

پارێزراو له هیچ یەکێکیاندا، که تەنانەت پێشنیاری سەرچاوەی سەرەکی بەدەست هێنانەکانیانم کرد"

بە دڵنیاییەوە تۆش تۆش ڕازیت بەوەی جیاوازییەکی زۆر گەورە هەبوە لەنێوان ئەوەی کە ئەو دوو پیاوە بە دەستیان هێناوە، بە بەراورد بەوەی کە زۆرینەی خەڵکی بەدەستیان هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەڕێگەی دانپێدانانی تایبەتی خۆیانەوە، هیچ یەک لەم دوو پیاوە زۆر گەشبین نەبوون، لە ڕاستیدا، بەپێی بنەمای زیرەکی مرۆڤ، لەوانەیە لەڕاستیدا کەمترین ئاستی زیرەکییان هەبوبێت لە چاو زۆرینەی خەڵکدا. سەرەڕای ئەوەش، لەبەرئەوەی ئەم دوو پیاوە لەو جۆرە بوون کە "بەردەوامییەکی" زیندوویان هەبوو ئەنجامەکانیان لە ژیاندا هەموو کات لەسەرو ئاستی خەڵکیەوە بوو. لەبەرئەوە، لەوانەیە ئەو هۆکارەی کە ئەتبات بەرەو "پاڵەوانێتی گەورە" کە داهاتی تۆ دوو ئەوەندە دەکات لەوەی کە هەتە، هەروەها خاڵی دەرونی ئەم شێوەیە توانای خۆتە بۆ بەردەوام بوون. کەواتە جاری داهاتوو بچۆرە دەرەوە بۆ ئەنجام دانی شتێك، وە ڕۆیشتنەکە قورس دەبێت، تەنها ئەوەت لەبیربێت کە جیاوازیەکانی دەمی گوێزان بۆ تۆ توانات پێ دەبەخشێت بۆ بەردەوام بوون. تەنها جارێکی تریش هەوڵ بدەرەوە، بەوپەڕی پەرۆشیەوە، وە ئەتوانی سەیری بەدەستهێنانەکانت بکەیت کە لە شێوەی ئاساییەوە ئەڕوات بەرەوە زۆر نائاسایی!

ڕێم بدە چیرۆکێکی کورتتان لە ئەزموونی خۆمەوە بۆ باس بکەم. بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە، خویەکی تازەم لە خۆما بەرجەستە کرد. هەموو بەیانیەك پێش هەموو ئەندامانی خێزان لەخەو هەڵدەستام، بەخێرایی

خۆم ئەشۆرد وە کوپێك قاوەم بۆ خۆم ئامادە دەکرد (کە بەڕێگای خۆم لە نوسینگەکەم قاوە ئەخۆمەوە). پێش کاتژمێر ٧ ی بەیانی ئەگەمە نوسینگەکەی خۆم وە ئینجا دەستم ئەکرد بە نوسین. لەوکاتەوەی بەتەواوی دنیا هێمنە لەو کاتژمێرەی بەیانیاندا، تەلەفۆن جەرەس لێ نادات، هیچ پێ بڕینێك بوونی نیە، من توانای ئەوەم هەیە بنوسم بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی دەرەکی سەرنجم پەرت بکات وە بە ڕاستی خۆشیم لێ ئەبینی. لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا کارمەندەکانی تریش ئەهاتن بۆ ئیش، کە پێشتر چەند پەڕەیەکم نوسی بوو، بۆیە ئینجا ئازاد ئەبووم بۆ ئەوەی بە ئیشێکی ترەوە سەرقاڵ بم کە خستومەتە خشتەی کاتەکانی ئەو ڕۆژەمەوە.

لاسایی کردنەوە

ئێستا هەوڵ بدە ئەم چیرۆکە بگەیەنیت بە بارودۆخی خۆت، بۆ تەنها ساتێك. بۆ نمونە، گەر تۆ دامەزراویت لە بەشی "فرۆشتن"دا، ڕابمێنە لە جوڵەی فرۆش کە تۆ ئەتوانی پێی بگەیت بە مانگێك یان دوو مانگ، گەر تۆ شتێکی هاوسەنگی ئاوها هەموو ڕۆژێك ئەنجام بدەیت. بەمانایەکی تر، گەر، لەبری ئەوەی بنوسیت وەك من، هەوڵی ئەوە بدەیت بەشێوەیەکی ئەندێشەیی کاری فرۆشیاری بکەیت لەگەڵ یەکێك لە هاوکارەکانتدا. (من وشەی لاسایی کردنەوەم بەکارهێنا لەبری ڕۆڵ گێڕان، لەبەرئەوەی وشەی ڕۆڵ گێڕان عادەتەن وەها دەردەکەوێت هەمان مەبەستی پێشنیار کردن ببینێت، وە ڕاهێنان زۆرینەی کات ئەگۆڕێت بۆ یاری. وشەی لاسایی کردنەوە، لە لاکەی ترەوە، لەزمانی گفتوگۆی شەعبیەوە هاتووە کاتێك

ئێمە فێربووین چۆن ئاسمانەوانەکان خۆیان بۆ گەشتە ئاسمانیەکانیان ئامادە دەکرد. کاتێک ئەوان لاساییان دەکردەوە، لە ڕاستیدا ئەوان پێشتر لە ئەزموونی چونە ئاسماندا ئەژیان، وەك ئەوەی بە ڕاستی ڕویدات). لەبەرئەوە، پێشنیار دەکەم کە گەر تۆ کارت بە خستنە ڕوی فرۆشەکەت بە شێوەیەکی هاوسەنگ بکەیت، هەموو ڕۆژێك، بۆ ماوەی کاتژمێرێك یان دوو کاتژمێر، ئەوا تۆ چاکسازیەکی بڕوا پێ نەکراو ئەبینیت لە جێبەجێ کردندا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا. بە ساڵێك یان دوو ساڵ لە تێکۆشان و ڕەنج لە ژێر پشتێنەی خۆتدا، ئەو کات زۆر لێهاتوو دەبیت، زۆر بە دەگمەن فرۆشتنێك لەدەست ئەدەیت. هەربۆیە لەبیرت بێت، "گەر پێویستیەك هەبێت، وە ئامرازەکانیش هەبێت وە هێشتا فرۆشتنت ئەنجام نەدابێت، ئەوە دەشێت بەهۆی ئەوە بێت کە هێشتا ئەوەندە باش نیت!"

ڕێگایەکی گرنتی بۆ ئەوەی "زۆر باش" بیت ئەوەیە کە ئەو شتە بکەیت کە دکتۆر دیڤرایس وەسفی کردووە: وەك "مەشق کردن، مەشق کردن، وە مەشق کردن تۆزێکی تر" لەسەر ڕۆشنایی ئەم باسە، پێگەیەکی لێهاتووی ڕاستەقینەت دەستگیر دەبێت، وە بە بێ گومان، ئەو بڕە پارە شایستەیەت دەست دەکەوێت کە لێهاتویەکی ڕاستەقینە دەستگیری دەبێت. وە لەگەڵ ئەوەشدا من تەنها پێشنیاری ئەوە دەکەم کاتژمێرێك دابنێ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ڕۆژێك، وەك ئەکتەرەکانی فیلمی زانوك، دەشێت چەندین جار خەڵات بکرێیت لەسەری.

ڕابمێنە لەم حسابەی ئێستا، چەند ساڵێك لەمەوبەر، بەرەو ویلایەتەکانی باشوری ئەمریکا گەشتم دەکرد لەگەڵ ڕودی میچواد، جێگری سەرۆکی

پێشتری یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیا جیهانیەکانی بیمە. ڕودی هەندێك وەرەقەی دەرهێنا کە ئیشی لەسەر بکات، کاتێك ئەفرین لە شارێك بۆ شارێکی تر، وە هەروەها سەرقاڵی ئیش کردن بووم لەسەر پرۆژەیەك.
کتوپڕ ڕودی ڕوی وەرچەرخاند بەرەو من هەندێك شێوەی پیشان دام کەلەسەر دانەیەکیان نوسی بووی. ئینجا ئیشارەتی بۆ کردم، کە چەندین مەندوبی فرۆشتن لە کۆمپانیاکەیدا هەیە، کە پارەیەکی زۆر بە توانای خۆیان بەدەست دەهێنن، زیاتر لەداهاتی سی چل کەس کە "کرداری فرۆشتنی ناوچەییان" دروست کردووە.
لەو بڕوایەدایت ئەو تاکانە سی یان چل جار باشتر بوون لە هاوکارەکانیان؟ بێ گومان نەخێر! لەبەرئەوەی وەك پێشبڕکێی ئەسپەکان ئارمد، ئەوان لەوانەیە تەنها سێ بۆ چوار لە سەد زیاتر کاریگەرتر بوون. بەڵام بەپێی زاراوەی داهاتی ساڵانە، بە دڵنیاییەوە هیچ بەراوردکارییەك بونی نەبوو. چی جیاوازیەکەی بۆ دروست کردبوون؟ لەوانەیە پلانی ڕۆژەکەیان دانابێت، لەکاتێکدا ئەوانی تر نەیانکردبوو، یان لەوانەیە ئەوان بۆ یەك کاتژمێر مەشقیان کردبێت، لەکاتێکدا ئەوانی تر نەیانکردووە. سەرەڕای ئەوەش، هەرچیەکیان کردبێت، ئەتوانی لەوە دڵنیا بیت جیاوازییەکە بریتی بووە لە دەمی گوێزان!
ئێستا واز لە خوێندنەوە بهێنە، دابنیشە، مێشکت ئیسراحەت پێ بدە، وە بیربکەرەوە، بەڕاستی بیر بکەرەوە، چ شتێك لە ژیانتدا جیاوازی دەمی گوێزان بۆ تۆ دروست دەکات؟ تۆ ئەزانیت چیە؟
باشە – کەواتە ئێستا ئەنجامی بدە !

# بەشی نۆیەم
# بە پێچەوانە
# بیرمەکەرەوە

بەخشین

ئەو گوناهەی دوێنیّ ڕویدا،
بۆچی ئەمڕۆ بەشداری تیا بکەم؟
ئەوشتەی وتی، ئەو شتەی کردت،
زۆر دەمێکە تێپەڕیوە
بۆ دوێنیّ تاقی کردنەوەیەك بوو
ئەمڕۆ سەرکەوتوو ئەبیت تیایدا
وە لەهەڵەکانی دوێنێوە
کاری خانەدانانەی لیّ بەرهەم دێت.

خۆت ببەخشە لە کەمتەرخەمیەکانت،
نارەزایی دەرمەبڕە بۆ ڕابردووت،
کە لەگەڵ هەڵەکاندا پێکەوە تێپەڕیون،
بیرەوەریەکانیان بەردەوام نابێت
شکست و گوناهەکان لەبیرکە
لە ئەزموونێکی بەهێزەوە
بۆچی ڕیّ ئەدەیت سەرت شۆڕ بێت؟
چاو و دڵت بەرز بکەرەوە!

بە پێچەوانەوە بیر مەکەرەوە

"با چی تر بە تورەییەوە سەیری دواوە نەکەین

وە بە ترسەوە بۆ پێشەوە مەڕوانە

بەڵکو با سەیری خۆمان بکەین بە هۆشیاریەوە"

"لیلاند ڤال ڤان دی وال"

هەرگیز سامانێکی هەست پێکراوت دەست ناکەوێت گەر سور بیت لەسەر ئەو شێوە ژیانەی کە وەك ئەوەبێت لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا بیت و لە ئاوێنەکەوە سەیری دواوە بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە وادیارە ئەم هەڵە زەقە زۆرینەی خەڵکی وەرگێڕاوە بەرەو ئەم خووە خراپە. ئەمە پێمان ئەڵێت، زۆرینەی ئێمە زۆرینەی ساتەکانی ئێستامان لە "تێکەڵ و پێکەڵی عەقڵیدا" بەسەر دەبەین لە ناوچەی مردوو وە ئەو ڕابردووەی کە دەبێت لەبیری بکەین.

لێ گەڕێ مردوو مردوو بنێژێت

ئەم پەندی پێشینانە کۆنەت لەبیر بێت کە دەڵێت "لێ گەڕێ مردوو مردوو بنێژێت". بە مانایەکی تر، ئەوەی پێویستە بیکەیت بوەستە لەسەیر کردنی ڕابردووی ژیانت وە بوەستە لە ڕاڕایی و دودڵی دەربارەی شتانێك کە پێشتر ڕویانداوە وە چیتر تۆ تواناى گۆڕینیت نیە. شوێن کەوتنی وەها چالاکیەکی دەروونی هەرگیز ناتگەیەنێت بە هیچ سوود و بەدەست هێنانی ئامانجێك لە ژیانتدا. پێویستە تێبگەیت، زیاترلەوەش، کە هەموو ئەو کەسە مەزنانەی کە سەرکەوتنێکی گەورەیان لە ڕابردوودا

کەسانێك بوون سەیری ئاینده‌یان بەدەست هێنا کەسانی نمونەیی بوون. کەسانێك بوون سەیری ئاینده‌یان دەکرد هەرگیز بیریان لای ئەو شتانە نەبوو کە لە ڕابردوودا ڕویداوە. بیریان لەوە دەکردەوە چی دەبێت، نەك چی بووە یان چی ڕویدا؟ وە ئینجا خۆیان دەجولاّن بۆ کارکردن بۆ ئەوەی ئەو شتانە بهێننە دی.

بیر لەو میراتیە نایابە بکەرەوە کە ئەو ئەو بەڕیزانە بۆیان جێ هێشتووین لە ئەنجامی بیرکردنەوەیان لەمڕۆ. بەهۆی ڕەنجە مەزنەکەیانەوە، ئێستا ئێمە ئەتوانین چێژ ببینین لە خواردنێکی بەیانیان لە پاریس، خواردنێکی نیوەڕۆ لە نیویۆرك، خواردنێکی ئێوارە لە تۆرنتۆ. ئێستا ئێمە ئەتوانین ژیانێکی درەوشاوەو ڕوناك بژین (بیست و چوار کاتژمێر لە ڕۆژێکدا گەر ئارەزوومان لەسەری بێت). ئەتوانین لەولاوە گوێبیستی دەنگی خۆشی دەریا بین، بە تەنها دەست نان بە چەند دوگمەیەکی تەلەفۆنەکەدا. ئەم هەموو توانستە دەرئاسایانە، وە زۆر زیاتر لەوەش، کە بۆ ئێمە بەردەستە، زۆر بە ئاسانی بەهۆی کەسانی ئاساییەوە بووە، وەك من و تۆ، کە وێنەی نائاساییان دروست کردووە لەسەر شاشەکانی مێشکیان، لەو شتانەی کە پێشتر هەرگیز وجودیان نەبوو.

ڕۆحە پێشەواکانی ئەو پیاو و ژنانە لە هەموو ئاینەکان، ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان بۆ شتێکی مەزن بەکارخرا. ئەم کەسە بەڕێزانە کە شایەنی هەموو پیا هەڵدانێکن توانای ئەوەیان هەبوو سەیری داهاتوو بکەن، بۆ بینیی ئەوەی دەبێت لە داهاتوودا لەبری ئەوەی پێشتر چی ڕویدا، ئینجا ئەوانەیان ئیهمال کرد کە بە گاڵتە پێکردنەوە دەیان وت، "ئەو شتە ئەنجام نادرێت" "ئەوە ئەستمە بکرێت". هەروەها لەوە تێبگە کە کەسە مەزنەکان هەمیشە پێشبینی کردنی شتی مەزن دەکەن، فریو مەخۆ بە

هۆكاره هەستیەكانی خۆت، ئێمە هەمان ئامێری دەروونی و عەقڵیمان پــێ بەخشراوه كه ڕایت و ئەدیسۆن و گراهـان بێـڵ هـەیانبووه، وه هـەموومان توانایەكی باشمان لەلایەن خواوه پێ بەخشـراوه بـۆ بـەكارهێنانیان، وەك ئـەوەی چـۆن ئـەوان كردیـان. هـەموومان ئـەو توانـا عەقڵیـەمان پــێ بەخشراوه بۆ سەیر كردنی داهاتوو وه بۆ بینینی ژیانمان بـه دەوڵەمەنـدی و تێربوون.

لەبەرئەوه، بێ گوێدانه بارودۆخی ئێستا كه خۆتی تیا ئەبینی، بـه ڕوونـی تێبگه لەوەی كـه گـەر بتـوانی وێنـەی شـتێكی تـازه لـه مێشكتا دروست بكـەیت، شـتێك كـه لـه سـەروی هەمووشـتێكەوه بوبێـت كـه تـا ئێسـتا ڕویـدابێت، توانـای ئـەوەت دەبێـت بزانیـت كـه ئەنجامـه لـه جیهـانی بەرجەستەدا بـەدی بهێنیـت. لـه زیـاتر ڕوونـتر نابێـت، كـه هـەموومان بـه "دەوڵەمەنـدی لـه دایك بـووین" لـه ڕێگـەی ئـەو توانایـەی كـه خـوا پێـی بەخشـیوین كـه قـەرزاری خۆمـانین ئـەو توانایـه لـه خۆمانـدا پـەروەرده بكەین.

با سەیری پسپۆڕەكان بكـەین. دكتـۆر ئەلیكسـاندەر ڕیـچ، پرۆفیسـۆری فیزیـای زینـدەوەر لـه (M.I.T)، كۆئەنـدامی دەمـاری ناوەنـدی ئێمـەی خەمڵاندووه بـه ١٠ بۆ ١٠٠ ملیۆن خانه، هەریەك لەوانه توانای خـەزنكردنی یەكسانه بـه كۆمپیوتەرێكی گەوره. گەر خەمڵاندنەكەی ئەو تەنانـەت نزیك بێت لەوەی كه ڕاست بێت، ئەمه وادەگەیـەنێت كـه مێشـكی مرۆڤ توانـای خەزن كردنی هەموو زانیاریـه زانراوەكـانی جیهـانی هەیه لەگـەڵ ژورێكـی زیادەش وەك یەدەگ!

پسپۆڕەکانی تر لە بواری بەهرەداری مرۆڤدا بەهەمان شێوە قایلن بەوەی کە هەموو کەسێك خەزانی نادیاریان هەیە لە توانای شاراوە و بەکارنەهێنراو، کە لە سنوری مێشکە نایابەکەیاندا قفڵیان کردووە. بۆ نمونە، دکتۆر دەبلیو ڕۆس ئادی، لە تاقیگەی زانستی زیندەوەرزانی فەزائی لە پەیمانگای توێژینەوەی مێشك لە زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئەنجلس وتی کە "ڕەنگە توانای داهێنانی مێشکت، بۆ مەبەستی کردارییانە، بێ کۆتایی بێت" گەر مرۆڤ زیاتر بچێتە ناو توانا شارەوەکانی خۆیەوە دەگاتە ئەو بەرئەنجامەی کە بزانێت لە ڕاستیدا چ جۆرە توانایەکی هەیە، وە زیاتر تێ دەگات لە توانا شارەوەکانی خۆی کە خاوەنیەتی، زۆر ئاسانتر دەبێت بۆی بیرۆکەو وێنە دروست بکات کە هەرگیز بە بیریدا نەهاتووە تاکو کاتی ئێستا.

ئێستا، بۆ ساتێك بوەستە وە بیر لە بەکارهێنانی ئەم هێزە بکەرەوە بۆ چاککردنی ژیانی خۆت، وە ژیانی هەموو ئەوانەی کە لە چواردەوەری تۆن. گەر بزانی، لە ڕاستیدا، ناتوانی ئەم خەزانە گەورانەی توانا و لێهاتوویی بەکاربخەیت، ئەوە دەبێت زۆر بە ڕاستگۆیانە ئەو پرسیارە لە خۆت بکەیت کە بۆچی ناتوانی. لەبەرئەوەی گەر ئەمەت کرد، لەوانەیە ئەوکات ئەمەت بۆ دەرکەوێت کە بە خۆت بڵێیت بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانیت شتی بە نرخ ئەنجام بدەیت، کە بەڕاستی قاڵبێکی عەقڵی ڕاستەقینەت دروستکردووە بۆ مێشکی ئاگای خۆت.

بەڵام پێویستە لەسەرت ئەو قاڵبە عەقڵیانە لابەریت لە ڕێگەی خۆ خستنە حاڵەتی حەواندنەوەی تەواوەوە، وە ئینجا بەوپەڕی هۆشەوە ئەوە بزانیت کە تۆ ئەتوانیت ئەو شتانە بکەیت کە ئەتەوێت بیانکەیت، دەشێت

ئەوە نەزانیت چۆن ئەوانە بکەیت. گەر ئەمە ئەو پێگەیەیە کە کە تازە
خۆتت تیا دۆزیوەتەوە، ئینجا پێویستە جۆش و خرۆشت بۆ دروست
بێت، بۆ ئەو بیرۆکانەی کە دێن بۆت لەم پەڕانەی ئەم کتێبەدا کە بە
تەواوی پیشانت دەدات چۆن ئەو شتانە بکەیت کە زیاتر خواستت
لەسەریانە بیانکەیت.

هەروەها، تکایە ئەم ئامۆژگاریەت لە یاد بێت کە پێویست بە هەستی
پەشیمانی و داخ خواردن ناکات کە بۆچی لە ڕابردوودا سودت لەم هێزە
وەرنەگرتووە. لەڕاستیدا، تەنها کەمێك لە خەڵکی لەهەر شوێنێك بن تێ
دەگەن لە مانای ڕاستەقینەی "سەرچاوە شارەوەکان"ی خۆیان. ئەم ئەو
هۆکارەیە کە بۆچی کەمینەیەکی خەڵکی ژیانێکی خۆشتر ئەژین وە
زۆرینەی خەڵکی سەرلێشێواوانە دەژین، بێ کەڵك و بێ بەرهەمانە دەژین.
زیاتر لەوەش، بەپێی بنچینەی ئەوەی کە خوێندتەوە تاکو ئەم خاڵە،
زۆرینەی ئەو خەڵکانەت تێپەڕاندووە بە تێگەیشتنت لەم توانا شاراوە
گرنگە.

وا دەردەکەوێت ئەمە حاڵەتەکە بێت، کە زۆرینەی خەڵکی هەمیشە لە
ژیانی ڕابردوودا دەژین. ئەمە پێمان دەڵێت، لە ڕێگەی دەست گرتن بە
ڕێنە کۆنەکانەوە، خۆیان سنوردار کردووە بە تەنها "نیو ژیانەوە"،
لەڕاستیدا، تەنانەت ئەگەڕێنەوە بۆ قەڕنی پێشووتر، ولیام جەیمس
(١٨٤٢-١٩١٠) – یەکێك لە بەناوبانگترین دەروون ناسەکان – گەیشتە ئەو
دەرئەنجامەی، کە تێکڕای ئەو کەسانەی کە توانای شاراوەی مێشکیان
ئەدەن بە کەمی بەکاردەهێنن لەوانەیە بگاتە ڕێژەی لە ١٠٪ کەمتریش. ئەو
کاتیدانا کە ئەمە یەکێکە لە گرنگترین دۆزینەوە دەروونیەکانی، وە لەسەر

ئەم بابەتە نوسی "زۆرینەی خەڵکی دەژین، بە جەستەیی یان فکری و ئەخلاقی، لە بازنەیەکی داخراوی توانا شاراوەکانیاندا. ئەوان بەشێکی زۆر کەم لە وشیارییان بەکاردەهێنن، وە هەروەها سەرچاوەکانی ڕۆحیان بە شێوەکی گشتی، زیاتر لە کەسێك دەچن کە لە تەواوی جەستەیان دەرچوون، ئەو خوەیان هەیە کە تەنها پەنجە بچوکیان بجولێنن.

یەکێك لەوانەیە پێشبینی ئەوەی کردبێت، کە لەم سەردەمەی ئێستا کە ئێمەی تێدا دەژین، جەیمس ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە لەگەڵ مێژووی ئێستادا نەگونجاوە. بەڵام بەداخەوە، ئەمە هیچ ڕاست نیە. ڕاستی ناخۆش ئەوەیە کە زۆرینەی ئێمە بەردەوام ئەبین لە ژیان و ئەو جۆرە ژیانە دەژین کە باپیرەو داپیرەمان ژیاون. هۆکاری ئەوەی کە وادەکەین، گرنگە بەلاتەوە کە بزانیت، ئەوەیە کە زۆرینەی ئێمە هەرگیز مەشقی ئەوەی نەکردووە کە "توانا ڕاستەقینەکان" بە ڕاستی پێوانە بکات.

لەڕاستیدا، بە درێژایی سالآنی دروست کردنی کەسایەتیمان، وەها فێرکراوین بەو باوەڕەی کە ئەنجامەکانمان لە قوتابخانەدا هۆکارێکە بۆ بڕیاردان لەوەی کە ئایا ئێمە براوە دەبین یان دۆڕاو دەبین لە ژیاندا. ئەم چەمکە بەرەو ڕومان تەقێنراوە لە هەموو گۆشەیەکی کە پێشبینی دەکەیت، تاکو لە کۆتاییدا، زۆرینەی ئێمە بە تەنها بەشێوەیەکی فکری قبوڵی ناکات، بەڵکو بەتەواوی بەشێوەیەکی عاتفی تێکەڵ دەبین لەگەڵ بیرۆکەکەشدا. ئەنجامەکە بریتی دەبێت لە، ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەبێتە قوربانی لە بەردەم میحرابی شکستدا.

وا هەست دەکەم کاتی ئەوە هاتبێت بۆمان کە خۆمان ئازاد بکەین لەو کەلەپچە دەرونیەی ڕابردوو. لەبەرئەوە با پرۆسەی چاك بوونەوە دەست

پێ بکەین لە ڕێگەی پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمەڵێکی فراوان لە وێنەی جوان کە توانامان هەیە شکڵێکی بۆ دروست بکەین لەسەر شاشەی مێشکمان. ئینجا، با بە ڕاستی دەست بکەین بە چاوەڕوانی وەرگرتنی خستنەڕویەکی بەرجەستە لە هەر یەك لەو وێنانە، لە ژیانی خۆمان.

لەبیرت بێت، گەر ئێمە بتوانین خۆمان ببینین ئەو کارە دەکەین، ئەبین یان شتێکمان هەیە، لەسەر شاشەی مێشکی ئاگامان، ئینجا ئێمە ئەتوانین ئەنجامی بدەین، ببین، یان هەمان بێت، لە ژیانی هەست پێکراوماندا. ئەبینی کە ئەم پەندی پێشینانە ڕاست دەبێت "ئەوەی ئەیبینی، ئەوەت دەست دەکەوێت" لەبەرئەوە، هەمیشە سەیری پێشەوە بکە، دیوە ڕۆشنەکەی داهاتوو ببینە کە کە لەپێش ئەو شوێنەی پێی بگەیت ئێستا بونی هەیە و خۆی بۆ تۆ ئامادە کردووە.

ڕێم بدە ئەمە بەتەواوی ڕونبکەمەوە کە من لەسەر ئەم باسە ئاماژە بۆ ئەو شتانە ناکەم کە تۆ بە ڕاستی بە چاو ئەیبینی (ئەوەی کە سەیری شتێك ئەکەیت و ئەڵێی ئەوە چی بوو، ئەمە چیە). لەبری ئەوە، من ئاماژە چاوی داهێنەری ناخت دەکەم کە توانای ئەوەت پێ ئەدات ئەوەی ئەبێت ببینی. چاوی داهێنەری ناخ ئەو بەشە نایابەیە لە کەسایەتیت کە ڕێگەت پێ ئەدات بچیتە ناو "جیهانی داهێنەری نەبینراو"ی فراوانەوە. (ئەمە ئەو ڕوبەرەیە کە هەموو ژیانی بونەوەرانی بۆ دەگەڕێتەوە).

ڕابردوو، بە پێچەوانەوە، ئەو شوێنەیە کە هەموو ژیانێك تیایدا کۆتایی دێت. بەڵام بەداخەوە، ئەو شوێنەشە کە لە ٪۹٥ی خەڵکی لە ٪۹٥ کاتی خۆیان لەوێ بەسەردەبەن (کە بە داخەوە هەروەها ژیانیشیانە). بۆ نمونە، ڕێوڕەسمێکی قبوڵکراوە لە کلتوری ئێمەدا، بۆ هاوڕێ کۆنەکان کە

چـەندین کاتـژمێر لـە گێڕانـەوەی شـتی کۆنـدا بەسـەر بـەرن "ڕۆژە خۆشەکانی زوو" هی پارساڵ. کاتژمێر لەسەر کاتـژمێری بەنرخی ئێستا بـەفیڕۆ دەدرێـت، "ژیـانی ئێسـتات" بـەفیڕۆ دەچـێت، گفتوگـۆ لەسـەر کەسانێك دەکەن کـە مـردون یـان ڕۆیشـتوون، یـان بـە باسێکەوە خۆیان سەرقاڵ دەکەن کە ئەو شتە زۆر دەمێکە بەسەرچووە، کاتێك کـە ئێستا تێیدا ئەژیت بۆ بە ڕابردوەیەکەوە سەرفی دەکەیت کـە ئێسـتا بەشێك نیت لێی. لە ڕاستیدا، کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی هەن کە ڕۆژانـی خۆیـان خـەرج دەکەن لە کۆکردنەوەی "شتەکانی ڕابردوو"، یان توحفەو شتی ئەسـەری، ئەوانـە هەنـدێك جـار پێیـان دەوترێـت "ئـەو خەڵکانـەی هـەموو شـتێك کۆدەکەنەوە لە قاوغە شقارتەیەکی کۆنەوە بۆ مۆبێلیاتی کۆن.

ئینجا، پۆلێکی گەورەی تر لـە خـەڵکی هەیـە، کـە زۆرینـەی کاتـژمێرە بە ئاگاکـانی ژیانیـان لەناودەبـەن بـە دووبـارە ژیانـەوەی ڕوداوە نەرێنیـە ڕابردووەکان لە مێشکیاندا کە لە ئەم ڕوداوانە لـە ژیانیانـدا ڕویـداوە کاتی خۆی. ئەوان یان زۆرینەی کاتژمێرە بە نرخەکانی ژیانیـان بـیر لـە هەندێ ڕوداوی نادادپەروەرانە دەکەنـەوە کـە کەسێك بەرامبـەری کـردوون، یان ڕێی تـێ دەچـێت بیرکردنەوەکـەیان دەربـارەی تێبینیـەکی ڕەق بێت کە کەسێك جارێکیان ڕاسـتەوخۆ ئاڕاسـتەی ئـەمی کـردووە. ئـەوان بـەردەوام سـکاڵادەکەن و دەنـاڵێنن بەدەسـت ڕابـردووی شکسـت خـواردوەوە، یان بەدەسـت لەدەسـتدانی ئـەو هەلانـەی کـە هەرچـۆنێك بێـت "لـە ژێـر دەستیانەوە خلیسکا". بەداخەوە بۆ ئەوان، ئەوانـە بـەردەوام لەرینـەوەی نەرێنی درێژە پێ دەدەن، کە تەنانەت هیچ ئیحتیمالێکی دوریش نیە کە ئەندێشەی ئەرێنی بچێتە ناو ئاستی وشیاریانەوە.

لەڕاستیدا، تەنها شت کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دروستی بکات وەڕس بوون یان هەست کردنە بە تاوان، هەردوکیان لە حاڵەتە سۆزداریە بکوژەکان.بەلاّم تاکو ئەم فەقیرانە خۆیان لەگەڵ ئەو ڕاستیەدا ڕادەهێنن کە خۆیان ئەم موسیبەتەیان بۆ خۆیان دروست کردووە، وە تاکو ئەزانن ئەوە تایبەتە بە خۆیان کە خولی ژیانی خۆیان بگۆڕن، ئەوا هەردەبێت شکستەکانی ڕابردوویان دوبارەو سێ بارە بکەنەوە. هەتاکو بەردەوام بن لەسەر ئەو بڕوایەی کە خەڵکانی تر هۆکاری کێشەکەیانن، ناتوانن سەرکەوتوو بن (لەبەرئەوەی بێ گومان، لەبەرئەوەی هەرگیز ناتوانیت بە سەرکەوتویی کەسێك بگۆڕیت جگە لە خۆت لە پێشدا). لەبەرئەوە، تاکو ئەو مەودایەی ئەو خەڵکانە دەست بگرن بە بڕوا هەڵەکانیانەوە، بەردەوام بە "پێچەوانەوە بیردەکەنەوە" وە ئەمە ئەڕوات بەبێ وتنی، ناتوانی هەنگاوێك بۆ پێشەوە بڕۆیت لە کاتێکدا عەقڵت بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە گەشت دەکات.

سەیرێکی باشی خۆت بکە. دەتوانی ببیتە یەکێك لەوانەی کە ئێستا وێنەکەیم بۆ کێشایت؟

گەر ئەتوانیت، ئەمەوێت بەبەهێزی پێشنیاری ئەوەت بۆ بکەم کە مێشکت وا لێبکە "بوەستێ لە هاوار کردن". ئینجا پێگەی ئێستات هەڵبسەنگێنەرەوە وە ئامانجەکانی داهاتووت بپشکنەرەوە. بە سەرێکی بەرزەوە سەیری پێشەوە بکە وە هۆشیاریت پڕ بکە لە ئەندێشەی مەزن و گەورە لەوەی کە ئەتوانی لە کۆتاییدا چی بکەیت وە لە ئەنجامدا ئەتوانی ببیتە چی. زۆر بە باشی ئاگاداری ئەو ئاڕاستەیە بە کە مێشکت لەسەری

گەشت دەكات، لەبەرئەوەی لە كۆتاییدا، ئەوە ئەو ڕێگایەیە كە ژیانتی لەسەر دەڕوات.

## گەشتی بەلەمی پاتی

پاتی مۆیر یەكەم جار كە هات بۆ سیمینارەكەم، لەگەڵ دایك و باوكیدا، كاتێك تەمەنی تەنها حەوت ساڵ بوو. لەتەمەنی پانزە ساڵیدا لە سیمینارەكەدا قسەی لەگەڵ بەشداربوان دەكرد بەشداری لەگەڵ دەكردن كە بیرۆكەیەك لە سیمینارەكەدا ئەوی گۆڕی لە سەرنەكەوتن لە زمانی فەرەنسیدا لە قوتابخانە بۆ نمرەی شەرەف (وە لە ماوەیەكی زۆر كەمدا).

پێنج ساڵ دواتر ئەو لەگەڵ مندا ئیشی دەكرد لە سیمینارێكی بازرگانیدا. ڕۆژێك تێبینی ئەوەم كرد هەڵوێستی وا دیارە زۆر بەخراپ بێتە خوارەوە وە ئەمە وەها دەركەوت بۆ من كە خۆشحاڵ نیە لەگەڵ ئایۆتا (تێبینی ئەوە بكە ئەمە یەكەم نیشانەی نەخۆشیە بۆ ئەو كەسانەی كە هیچ ئامانجێكی نیە). بۆیە پرسیارم لێ كرد بەڕاستی كە چی دەوێت وە وەڵامی ڕاستەوخۆی ئەوەبوو، "مەبەستت چیە لەوە؟" بۆم شی كردەوە، كە لەوكاتەوەی كە بەرەو هیچ شتێك كار ناكات، هیچ شتێكی وەهای نیە كە بیەوێت بەدەستی بهێنێت، وە ئەمە وا دەكات ژیان ئەوپەڕی قورس و ناخۆش بێت، كەمترین وتەیەك بیڵێین. ئینجا ئەو وتی، "بەڵام من هیچ پارەیەكم نیە، بۆیە ناتوانم هیچ شتێك بكەم". من بیریم خستەوە، هەرچەندە، كە تەنانەت یەك پنسیشی تێ ناچێت كە خەونێكت هەبێت. خەندەیەكی تیشكدەر كتوپڕ هاتە سەر دەموچاوی پاتی، وە پێی وتم كە

ئەو دەیویست لەهەموو کەسێك زیاتر کە گەشتێکی باشوری دەریا بکات. منیش پێم ووت، "دەشێت ئەوە زۆر دڵخۆشت بکات". پێم وت کە منیش چەند جارێك بۆخۆم ئەوەم کردووە، وە بۆم باسکرد کە چەند جوان بووە. وە هەروەها پێشبینی خۆشم بۆ دەربڕی، کە بە ڕاستی کاتێکی سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ ئەوە. ئامارژەم بەوەدا کە ئەو یادەوەریانە دەپارێزێت کە لەو گەشتە بەسەری دەبات بە درێژایی تەمەنی وە دەتوانێ بیان ژێنێتەوە، بەردەوام و بەردەوام، هەرکاتێك ئارەزووی کرد. لەم هێڵە یەکتربڕەدا، پرسیارم لێ کرد چ شتێك لێرە ڕای گرتووە. دوبارە، هەمان وەڵام لە پاتیەوە هاتەوە کە، "هیچ پارەیەکم پێ نیە؟" ئەم جۆرە بیرکردنەوە نەرێنیە ئەوی پەکخستبوو، لەڕێگەی قەدەغەکردنی بەکردنی شتێك لە ژیانیدا کە هەستی دەکرد زۆر گرنگە بۆی.

بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی ئەوەی کە ئەم چیرۆکە لێرەدا باس دەکەم بۆ ئەوەیە کە ڕونی بکەمەوە کە تەنانەت ئەگەرچی پاتی کەسێك پێ گەیشتووە، هیچ پەیوەندیەکی خۆشەویستی نەبوو، هیچ هۆکارێکی ڕاستەقینەی نەبوو کە نەچێت بۆ ئەم سەفەرە، تەنها بیرکردنەوەی خۆی ڕێگری لێ دەکرد ئەم کارە بکات. بە ڕوونی، کچێکی گەنج بوو کە بە پێشەوانەوە بیری دەکردەوە. بەشێوەیەکی تەواوەتی خۆی بەوە قایل کردبوو نەبوونی پارە ئارەزوەکەی پوچ کردبۆوە، بەڵام بێ گومان، ئەوە کێشەکە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرچاوەی نائومێدیە ڕاستەکەی هەرچیەك بوبێت، بەدڵنیاییەوە ڕێگری لێ دەکات لەوەی خەونەکەی بەدی بهێنێت.

تێبگـە لـەوەی کـە، ژمارەیـەکی زۆر لـە خـەڵکی هـەمان هەڵـەی پـاتی دەکەنەوە، ڕۆژانە، وە ئەمە ناخۆشیەکی گەورەیە. لەوانەیـە تـۆش هـەمان هەڵەت لە ژیانی خۆتـدا کردبێتـەوە. گـەر کردبێتـت، هیـوادارم "چیرۆکی پـاتی" ببێتـە سروشـتێکی پێویسـت بۆتـۆ بـۆ ئـەوەی بـەو ئاڕاسـتەیە بتگوێزێتەوە کە هیواخوازیت بەسەریدا بڕۆیت.

لە هەر حاڵەتێکدا، ڕۆژێك من و پاتی ڕۆیشتین بـۆ خـواردنی نـانی نیـوەڕۆ پێکەوە وە گفتوگۆیەکی زۆر جدیمان کـرد. مـن وتم، "گـوێ بگـرە پـاتی، گەر تۆ بە ڕاستی دەتەوێت بڕۆیت بۆ ئەو گەشتە، پێویستە وازبهێنـی لـە سـەیرکردنی دواوە یـان سـەیرکردنی "ئـەوە چـیە؟" لەبەرئـەوەی سەیرکردنی ئەنجامـەکانی ئێسـتا شـکڵە جوانەکەیـە تـاکو پێچـەوانە بـیر بکەیتەوە. پێویستە دەست بکەیت بە سەیرکردنی پێشـەوە وە پێویسـتە دەسـت بکـەیت بـە جـێ بـەجێ کردنـی ئـەوەی پـەیڕەومان کـرد لـە سیمینارەکاندا. بۆیە بەردەوام بەو بڕۆ گەشتەکەت حیجـز بکـە، پلانێکی دڵنیا دابڕێژە، ڕێمەدە هیچ شتێك بە هەڵە بڕوات. ئـەوە بزانـە هەرچیەکت پێویسـت بێـت بـۆ ئـەوەی ئامانجەکـەت بێتـەدی، بـەرەو ڕووت دێـت، هەرکاتێك بیرۆکەکەت قبوڵ کرد کە تۆ ئەڕۆیت، وە پلانێکی زۆر باشی بۆ دابڕێژی بۆ ئەنجام دانی. گەر ئەو شتەی پێویستتە پارەیـە، تـۆ دەتبێـت. لەوە ناچێت هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدا بێـت تـاکو کۆتـا سـات. بـەڵام گەر بینیـت، وە بـڕوات پێـی هـەبوو، وە پێشـبینیت کـرد، بـە دڵنیاییـەوە بەدەستی دەهێنیت.

نامەوێت بە دوورودرێژی باسی بکەم کە چۆن هەموو شتەکان پێکەوە دێن، بەڵام ئەوەت پـێ دەڵـێم کـە ئـەوان پێکـەوە دێـن بـە سەرسوڕهێنەرانە و

ڕێگایەکی چاوەڕنەکراو. لە ئەنجامدا، پاتی لە ڕاستیدا پارەیەکی زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشا لەو بڕەی کە پێویستی بوو بۆ سەفەرەکەی. بە نزیکەیی کاتژمێر ٦ی بەیانی من لە فڕۆکەخانە بووم لەگەڵ دایك و باوکی پاتی لەو بەیانیەی کە ڕۆیشت بۆ گەشتەکەی، وە ئەوە ئەزموونێکی زۆر دڵخۆشکەرە بوو بۆ من، بۆ بینینی ڕوخساری بە شەوقی پاتی بەو شێوەیە. ئەوەندە بەسە بڵێم، بۆ گەشتەکەی خۆی ڕۆیشت. ئەوەندە ئازایەتی هەبوو کە بەتەنها گەشت بکات وە خۆشی لە گەشتەکەی ببینێت کە بەدڵنیاییەوە ئەو ڕۆژانەی ژیانی لەبیردەبێت. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگتر بوو لە خودی گەشتەکە ئەو هۆشیاریە بوو کە پاتی بەدەستی هێنا لە ئەزموونەوە. کە ئێستاکە ئەزانێت، لەڕێی ئەزموونی کەسی خۆیەوە، کە گەر پێچەوانە بیربکەیتەوە، تۆ تەنها ئەو هۆکارانە دەبینی کە بۆچی ناتوانیت. هەرچەندە، گەر بتوانی بەڵام سەیری داهاتوو بکەیت بەشێوەیەکی ئەرێنی، تەنانەت هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراو، ئەوە ئەبینی کە تۆ "ئەتوانی"، پاتی ئەتوانێ ئەم هۆشیاریە جێبەجێ بکات ڕووەو بەدەست هێنانی هەموو ئەو خواستانەی کە بۆ داهاتوو هەیەتی.

ئایا تۆ خەونت بە گەشتێکەوە بینیوە؟ گەر بەڵێ، بچۆرە دەرەوەو حیجزی گەشتەکەت بکە. ئەوە کێشە نیە کە حیجزەکەت بۆ ٦ مانگە یان بۆ ساڵێکە لە ئێستاوە، یەکسەر ئەنجامی بدەو وە ئینجا خۆشی لێ ببینە پێشبینی کردن پێش ڕوداوی ڕاستەقینە دەکەوێ. من بەڕاستی بڕوام وایە کە حاڵەتە تایبەتەکەی پاتی، ئەو جۆشەی کە ئاڕاستەی کرد ڕووەو گەشتەکەی یەکسان بوو بە خۆشی و شادی گەشتەکە بە ڕاستی (باسی

ئەو خۆشیە مەکە کە لە یادەوەری گەشتەکەوە دەستی دەکەوێ، کە لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێ بە درێژایی ژیانی)

هۆکاری شیاو کە زۆر کەم لە خەڵکی پلان دادەڕێژن یان ئامانج دیاری دەکەن، ڕێك لەوە دەچێت کە لەسەرەوە گفتوگۆمان لەسەر کرد، ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی ناتوانن بە مێشکی خۆیان ئەو وێنەیە دروست بکەن چۆن هەموو شتێکی پێویست پێکەوە ببەستنەوە. بەڵام پێویستە لەوە تێبگەیت، پێویست ناکات ئەوە بزانیت چۆن هەموو شتەکان پێکەوە دێن. هەموو ئەوەی پێویستە لێی تێ بگەیت ئەوەیە ڕێسا بنچینەییەکان بزانیت، کە لەڕێگایەوە خۆشیەکانت بۆ دێت، مەبەست لێی، هەموو شتێك کە لە ژیاندا وەری دەگریت لەڕێگەی یاسایەکەوە دێت کە "یاسای ڕاکێشانە" (یاسای جازبیەت – وەرگێڕ).

چیرۆکی پاوڵ هەتسی، لە بەشی سێ، نمونەیەکی نایابە لە ژیری، زیرەکی، کەسێکی زۆر ئیشکەر، کە هەوڵ ئەدات شتێك ئەنجام بدات کە هاوشان بوو بە کەسێك کە لەبەر هەیوانی ماڵەکەیەوە باز دەدات، وە پاشان پێشبینی دەکات بەجۆرێك، کە بچێتە سەر شەقفی سەربانەکەی، ئەوە دەزانی کە ئەمە هەرگیز ڕونادات. پاش ئەوەی پاوڵ بیست ساڵی بەسەربردووە:

١. ڕێ دان بە لیستی فرۆشەکانی لە ئۆفیسەکەیدا کۆنترۆڵی ئەو وێنەیە بکات کە لە چالاکیەکەی خۆیدا هەڵی گرتووە، وە

٢. هەوڵدان بۆ چاك کردنی ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستی دەهێنێ لە ڕێگەی هێزی ئیرادەوە، سوربوونی یەکلا کەرەوە وە کاتژمێرێکی زۆری درێژو قورس لە ئێش و ئازار و ڕەنج دان.

هەموو کەسێك لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم هەموو شتانەوە، بە دڵنیاییەوە بەرئەنجامەکانیان چاك دەکات و دەیگەیەنێتە نمرەیەکی باش، بەڵام هەرگیز چاککردنێکی گرنگ لە بەرئەنجامەکانیاندا نابینن، تاوەکو یەکەم جار وینەکە دەگۆڕن، کە لە چاوی مێشکیاندا هەڵیانگرتووە. پاوڵ هەتسی یەکەمین وێنەی کەسێکە کە بە تەواوی بڕوای وابوو بۆ پێشەوە دەڕوانێت، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا، ئەو تاوانباربوو بەوەی کە "بیرکردنەوەی بە تەواوی پێچەوانە بوو". لەبەرئەوەی زۆرینەی کاتی بەنرخی خۆی لەوەدا سەرف کرد کە هەستیارانە تەرکیز بکات لەسەر بەرئەنجامی ئێستا، ئەندێشەی ئێستا وە وێنەی ئێستا.

گەر تاوانبار بویت بە لیستی فرۆشە ڕێگاپێدراوەکانت، حساب بانکیت، یان تیشکی سینی کە دکتۆر بۆ جەستەتی گرتووە، کۆنترۆڵی ئەو ڕێگایەی هەستی پێ ئەکەیت، بیرکردنەوە، یان بینینی فرۆشەکەت، پێگەی دارایی یان تەندروستی، ئەتوانم دڵنیات بکەمەوە لەوەی کە — سەرباری ئەوەی کە شەوێکی تاریك و ناخۆش ئەبێت بۆت — هیچ چاکسازییەکی هەستپێکراو لە ژیانتا لە هیچ یەك لەو بوارانەدا ڕونادات. لە لاکەی ترەوە، گەر ڕێگا بدەیت کە ئێستا، ئەنجامی بەرجەستە تەنها وەك ئاماژەیەك خزمەتی ئەو وێنانە دەکات کە لە ڕابردوودا هەڵتگرتووە، وە پاشان بەردەوام دەبیت لە سەیر کردنی داهاتویەکی گەش وە دروست کردنی وێنەیەك لەو شتە باشانەی کە ئارەزوویان دەکەیت (هەر وەك چۆن پاتی و پوڵ کردیان)، ئەو کات دەبینی وێنەکەت بەرجەستە دەبێت. بەلام دوبارە، تاوەکو بەردەوام بیت لەوەی کە ڕێ بدەیت بەرئەنجامی

ئێستا یا ڕابردووت کۆنترۆڵی پرۆسەی بیرکردنەوەت بکەن، هەرگیز ئەوەندە ناژیت کە خەونەکانت بهێنیتە دی.

لەبەرئەوە، سەیری سەرەوە بکە، سەیری پێشەوە بکە، وە وێنەکەت بکە بەو شێوە ژیانەی کە دەتەوێت بژیت، پاشان هەموو ئەو شتانەی کە دەستی لێ ئەدەیت یان پەیوەندی لەگەڵ ئەبەستی گەشە دەکات و فراوان دەبێت وە بەشێوەیەکی مەزن و مەزنتر خۆی دەردەخات.

ئەو کەسانەی کە بەشێوەی پێچەوانە بیردەکەنەوە، زۆر بە دەگمەن، گەر هەشبێت، بیرۆکەیەك بەرهەم دەهێنن کە دەیانبات بەرەوە دابینکردنی خزمەتی پڕ مانا بۆ ئەوانی تر نەك بۆ خۆیان. هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە ئەوان تەنها دەتوانن ئەوە ببینن کە کەسێکی تر ئەتوانێت ئەنجامی بدات و پێشتر کردویەتی. وە لە ئەنجامی سنورداری بیرکردنەوەیان، ئەو خەڵاتانەی کە لە کۆتاییدا وەری دەگرن دیسانەوە زۆر سنوردار دەبێت.

## چیرۆکی ٣٣٣

سیمینارێکم هەبوو، کە لە شەوی پێنج شەممەوە بۆ یەك شەممە بەردەوام دەبوو، لە دێرهەرست لۆدج، کە هاوینە هەوارێك بوو بە نزیکەیی ١٠٠ میل باکوری تۆرنتۆوە دور بوو. لە شەوی هەینیدا، گەردەلولێك لە باری دا، لە ئۆنتاریۆ، شارۆچکەیەك کە ٤٠ میلێك لە باشوری دێرهەرست. گەردەلولەکە دەرزەنێك خەڵکی کوشت وە ملیۆنان دۆلار زیانی گەیاند. لە شەوی یەك شەممەدا، لە کاتێك بەرەوماڵەوە ئەڕۆیشتمەوە، ئۆتۆمبێلەکەم وەستاند کاتێك گەیشتمە باری. لە لایەکی ڕێگا خێراکەوە

دابەزیم وە سەیرێکی دەوروبەرم کرد. فەوزایەک بوو. هەر شوێنێکی سەیرم دەکرد، خانوی پارچە پارچە بوو وە ئۆتۆمبێلی هەڵگەڕاوە.

هەمان ئەو شەوە، پیاوێکی تری بەڕێز، بۆب تێمپڵتۆن، لەسەر هەمان ڕێگای خێرا شۆفێری دەکرد. من و ئەو هەرگیز یەکترمان نەدیبوو، کەچی، بیرۆکەیەک لە سیمینارەکەمدا خەریکە وامان لێ دەکات ببینە هاوڕێیەکی بەردەوام. ئەویش وەستا بۆ ئەوەی سەیری کارەساتەکە بکات، وەک من، تەنها ئەندێشەکانی جیاوازتر بوو لەوەی من. بۆب جێگری سەرۆکی پەیوەندیەکانی تێلی میدیا بوو، ئەو کۆمپانیایەی کە خاوەنی زنجیرەیەک ئێستگەی ڕادیۆ بوو لە ئۆنتاریۆ و کیبک. کاتێک کە وەستابوو سەیری کارەساتەکەی دەکرد، بیری کردەوە کە پێویستە شتێك کە دەتوانێت بیکات بۆ ئەو خەڵکە (لە ڕێگەی ئێستگەی ڕادیۆکانەوە کە هەیان بوو). ئەو ئەندێشەیە بەردەوام دەهاتەوە مێشکی ئەو شەوە وە تەواوی ڕۆژی دواتریش.

شەوانی دواتر، سیمینارێکی ترم هەبوو لە تۆرنتۆ. بۆب تێمپڵتۆن و بۆب جۆنسۆن جێگری سەرۆکی کۆمپانیای تێلی میدیا، هاتن وە لە دواوەی ژوورەکە وەستان. هەڵسەنگاندنیان بۆ سیمینارەکەم دەکرد، هەوڵی ئەوەیان دەدا بڕیار بدەن گەر ئایا بتوانم یارمەتی کۆمپانیاکەیان بدەم بگات بە ئامانجەکانی، کە لە کۆتاییدا کردم. لەبەر کاریگەری دانان لەسەر بۆب تێمپڵتۆن، دوابەدوای سیمینارەکە بۆ تەواوی پیشەسازی ڕاگەیاندنەکەیان لە تەواوی کەنەدا کارم بۆ کردن. زۆریان حەز بە سیمینارەکانم بوو لەبەرئەوەی هاوجوت بوو لەگەڵ ڕێگای بیرکردنەوەی یاساکانی گەردون سەرنجی بۆب تێمپڵتۆنیان ڕاکێشا بوو، بە تایبەت

"یاسای جەمسەرگری" یان زۆرینەی کات ئامـاژەی بـۆ دەکرێت بـە "یاسای پێچەوانە". ئەم یاسایە بە ڕونی پێمان دەڵێت کە هـەموو شتێك پێچەوانەکەی هەیە. تۆ ناتوانیت بچیتە سەرەوە بەبێ بونی خـوارەوە، گەرم بەبێ سارد یان چونەناوەوە بەبێ چونە دەرەوە. لەڕێگەی هـەمان نیشانەوە، گەر ئەوەت بۆ دەرکەوت بۆچی شتێك کە تۆ دەتەوێت ئەنجامی بدەیت ناتوانیت ئەنجامی بدەی، بەپێی یاسا، تۆ دەبێت بتوانیت ئەوەت بۆ دەربکەوێت چۆن ئەتوانی ئەنجامی بدەی. ئەو خەڵکانەی کە شتانێکی مەزنیان بەدەست هێناوە لایەنە نەرێنیەکان بەباشی ئەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ووزەی دەرونیان دەکەنە ئەرێنی. پاش سیمینارەکە، بۆب تێمپڵتۆن ڕۆشتەوە بۆ نوسینگەکەی خۆی. پێی وتم درەنگ بوو بەڵام ئەو بیرۆکەیەی هەڵبژارد کە جۆش و خرۆشی پێ بەخشی. وە هەروەها واشی لێ کرد لەبیرۆکەی کۆکردنەوی پارە ملیۆنێك دۆلار بەشداری بکات بۆ ئەو خەڵکانەی کە زیانیان لێ کەوت لە گەردەلولەکەدا، وە ئەو یکسەر ڕۆیشت بۆ کۆکردنەوە پارەکە!

ڕۆژی هەینی هەموو بەڕێوەبەرەکانی بانگ کرد بۆ تێلی میدیا بۆ نوسینگەکەی خۆی. لەسەرەوەی لەوحەیەکی سپی بە خەتی تۆخ و گەورە، ژمارە ۳ ی نوسی. بە بەڕێوەبەرەکانی ووت "چۆن ئەتەوێت ۳ ملیۆن دۆلار کۆبکەیتەوە، پاش ۳ ڕۆژ لە ئێستاوە، لەماوەی ۳ کاتژمێردا بیبەخشیت بە خەڵکانی باری؟" هیچ شتێك جگە لە بێدەنگی لە ژورەکەدا نەبوو.

له کۆتاییدا کەسێك ووتی، "تێمپلتۆن، تۆ شێتی. بە دڵنیاییەوە هیچ ڕێگەیەك نیە کە بتوانین ۳ ملیۆن دۆلار کۆبکەینەوە بە ماوەی ۳ ڕۆژ وە لە ۳ کاتژمێردا دابەشی بکەین"

بۆب وتی، "خولەکێك بۆستە. من پرسیاری ئەوەم لێ نەکردی گەر بتوانین یان تەنانەت گەر دەمانبوو. من تەنها پرسیم گەر تۆ حەز ئەکەیت." بۆب تێمپلتۆن ژیر بوو، ئەو لایەنە خێرخوازیەکەی ئەوانی بانگ دەکرد. ئەوە گرنگ بوو بە نیسبەت ئەوانەی بانگێشت کرابوون بە کراوەیی دان بنێن بەوەدا کە ئەمە شتێك بوو ئەوان ئەنجامی بدەن. بۆب تێمپلتۆن ئەوەی دەزانی کە ئەم بیرۆکەیە ئەتوانێ پیشانی هەرکەسێکی بدات بۆ ئەوەی هەرچیەکیان دەوێت بەدەستی بهێنن لەڕێگەی کارکردن

بە یاساوە.

هەموویان وتیان، "بەدڵنیاییەوە، پێمان خۆشە". پاشان بۆب، وشەیەکی (T) بە گەورەیی لەسەر لەوحەکە نوسی لە ژێر ۳۳۳ کەوە. لەسەر لایەك نوسی، (بۆچی ناتوانین؟). لەسەر لاکەی تر نوسی(چۆن بتوانین؟). لە ژێر وشەکانی (بۆچی ناتوانین؟) بۆب تێمپلتۆن پیتی (X) بە گەورەیی نوسی. هەرکە پیتی X لەسەر لەوحەکە دانا، وتی، "ئێستا هیچ شوێنێك نیە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانەی تیا تۆمار بکەین کە بۆچی ناتوانین ۳ ملیۆن دۆلار کۆبکەینەوە لەماوەی ۳ ڕۆژدا وە بە ۳ کاتژمێر دابەشی بکەین، بێ گوێدانە ئەوەی تاکو چەند ڕێی تێ ئەچێت". ئەو بەردەوام بوو لە ڕێگەی ڕونکردنەوەی "کاتێك هەرکەسێك بیرۆکەیەك دەخاتە ڕوو کە پێشنیاری ئەوەی تێدایە بۆچی ناتوانین؟ هەموو کەسێکی تر پێویستە هاوار بکەت چەندی ئەتوانن بڵێن داهاتوو (NEXT). ئەوە دەبێت فەرماندەری ئێمە

بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ بیرۆکەی داهاتوو. بیرۆکەکان وەك فارگۆنەکانی قیتـار وەهان، یەکێك هەمیشە شوێن ئەوی تر دەکەوێت. ئێمە بـەردەوام دەڵـێین داهاتوو (NEXT) تاکو بیرۆکەیەکی ئەرێنی ئەگات".

بۆب زەردەخەنەیەکی کردو وە بەردەوام بوو بۆ ڕونکردنەوەی ئـەوەی کـە "پێچەوانەی X لە لاکەی تر لەسەر لەوحەکە، ڕاستەوخۆ لەژێر وشـەکانی، (چۆن بتوانین؟) هەموو ئەو بیرۆکانە دەنوسم کـە چـون بتـوانین ٣ ملیـۆن دۆلار لە ماوەی ٣ ڕۆژدا و لە ٣ کاتژمێردا دابەشـی بکـەین"، وە هـەروەها ئـەو پێشنیارەشـی بـە دەنگێکـی زۆر جدیـەوە خسـتە ڕوو کـە، هـەموو کەسێك لە ژورەکەدا دەمێنێتەوە تاکو بە تەواوی دەگەینـە ئـەنجام. ئێمـە تـەنها بـیر لـەوە ناکەینـەوە کـە چـۆن بتـوانین ٣ ملیـۆن دۆلار یەکسـەری کۆبکەینەوە، پـاش ئـەوەی بیرۆکـەکان ڕێـك دەخەینـەوە دەسـت بـە جـێ بـەجێ کردنیـان دەکـەین! دیسـانەوە بێـدەنگی بـاڵی بەسـەر ژورەکـەدا کێشایەوە.

لە کۆتاییدا کەسێکیان وتی "ئێمە ئەتوانین بە ڕادیۆ بانگەوازێك لە هـەموو کەنەدا بکەین"

بۆب وتی، "ئەوە بیرۆکەیەکی مەزنە" وە لە ژێر (چـۆن ئێمـە ئـەتوانین)دا نوسی.

پێش ئەوەی لەسەر لای ڕاسـتی لەوحەکـە بینوسـێت، کەسـێکی تـر وتـی، "تۆ ناتوانی بەرنامەیـەکی ڕادیـۆیی لـە هـەموو کەنـەدا ئـەو کـارە بکـەین. وێستگەی ڕادیۆیمـان لـە هـەموو کەنـەدا نیـە!" لەوکاتـەوەی تێلـی میدیا تەنها وێستگەی لە ئۆنتاریۆ و کیبك هەیە، پێویستە دان بەوەدا بنێیـت کـا

ئەمە ناڕەزایەتیەکی جوانە. هەرچەندە، کەسێك لە دواوەی ژورەکە، بە دەنگێکی زۆر نەرم وتی داهاتوو (NEXT).

بۆب تێمپڵتۆن وەلآمی دایەوە، "بانگەوازێکی ڕادیۆیی بریتیە لە (چۆن بتوانین). ئەو بیرۆکەیە دەمێنێتەوە" بەلآم ئەمە وادیارە بیرۆکەیەکی پێکەنیناوی بێت، لەبەرئەوەی ئێستگەی ڕادیۆیی زۆر پێشبڕکێ کارن. ئەوان بە گشتی پێکەوە کارناکەن وە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن لەوەدەچێت ئەستەم بێت بەپێی ڕێگاکانی بیرکردنەوەیان.

بەشێوەیەکی کتوپڕ کەسێك پێشنیاری کرد، "ئەتوانی هارڤی کێرك و لۆید ڕۆبەرتسۆن ڕابسپێری، گەورەترین ناوی بواری ڕاگەیاندنی کەنەدی، بۆ پاڵپشتی کردنی بانگەوازەکە". ئەو پیاوە بەڕێزانە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتن لە پیشەسازی تەلەفزیۆنی کەنەدی. کەسێك بە ڕونی قسەی کرد و وتی، "ئەو نایەن بەرنامەیەك پێشکەش بکەن لە ڕادیۆ" بەلآم، لەم خاڵەدا گروپەکە بە تێکڕا هاواریانکرد داهاتوو (NEXT). بۆب وتی، ئەوە کاتێك ووزە دەگۆڕێت هەمووی بەشداری کرد بەتەواوی شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو چەندە خێرا بیرۆکەی داهێنەرانە دەستی بە هەڵقوڵین کرد.

لە ڕۆژی هەینی دا بوو. سێ شەممەی دواتر بانگەوازە ڕادیۆیەکەیان دەست پێ کرد، کە ٥٠ ئێستگەی ڕادیۆیی، لە تەواوی وڵاتدا، ڕازی بوون کاربکەن بۆ بۆ کەیسێکی وەها باش. ئەوان بەلایانەوە گرنگ نەبوو کێ پارەکە وەردەگرێ، گرنگ ئەوەیە کە پارەکە خەڵکی باری وەری بگرێت. هارڤی کیرك وە لۆید ڕۆبەرتسۆن پاڵپشتی بانگەوازەکەیان کرد وە

سەرکەوتوو بوون لە کۆکردنەوەی ٣ ملیۆن دۆلاردا لە ماوەی ٣ ڕۆژدا وە دابەش کردنی بە ماوەی ٣ کاتژمێر!

ئەبینی، تۆ ئەتوانی ئەوەی ئەتەوێت بەدەستی بهێنی، هەموو ئەو شتە شیاوانەی کاتێك تۆ تەرکیزی خۆتی دەخەیتە سەر چۆن بتوانی وە داهاتوو هەموو بیرۆکەیەك پێت دەڵێت بۆچی ناتوانیت.

ئەم بیرۆکەیە لە سەرتادا مەشقێکی قورس بوو، هەرچەندە، کاتێك بەردەوام دەبیت هەرچیەك وە هەموو بیرۆکە نەرێنیەکان دەتوانیت بگۆڕیت، هەڵقولینی بیرۆکەی ئەرێنی لە مێشکە نایابەکەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بەربەستەکان ببڕیت.

ئالفرێد ئادلەر، دەرون ناسی بەناوبانگ، دەستەواژەیەکی نائاسایی هەیە کە دەڵێت "من سوپاسگوزارم بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە منی بەکارخست" هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە بیرۆکەی داهێنەرانەو بیرکردنەوە لە داهاتوو هەناسەیەکی تازەی ژیان دەهێنێتە ناو هەموو ڕیشاڵێکی بوونت. بەشێك لە تۆ خەبەر دەکەنەوە کە هەرگیز تەنانەت نەتزانیوە کە خەوتوو بووە.

بۆب تیمپلتۆن هەرگیز پێنج سەنتی وەرنەگرت بۆ ئەو ڕۆڵەی کە وەك سەرکردەی بانگەوازەکە گێڕای، لە ڕێ نیشاندانی ٥٠ ئێستگەی ڕادیۆییدا لە هەموو کەنەدا، بۆ کۆکردنەوەی ٣ ملیۆن دۆلار بۆ هاولاتیانی باری. هەرچەندە، پێویستە ئەوەت لەبیر بێت کە ئەمە بەڕاستی گەردونێکی ڕێك و پێکە، ڕێگای خوا بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بانگەوازە بەتەواوی، کاتێك تۆ بەرنامەیەکی باش دادەڕێژیت بەباشی بۆت دەگەڕێتەوە.

ئەم چیرۆکەم بلاو کردەوە کاتێک ڕویدا، لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆم، جاک کانفیلد وە مارك ڤیکتۆر هانسن. زۆر سەرسوڕماو بوون بە چیرۆکەکە، لە کتێبەکەیاندا بلاویان کردەوە (شۆربای مریشك بۆ ڕۆح).

لەم دواییەدا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم بۆ ڕیماکس بۆ خانوبەرە ئەنجامدا لەگەڵ مارك ڤیکتۆر هانسن کە پێی وتم، لە کۆتا ئاماردا ئەوان شەش ملیۆن کتێبیان فرۆشتبوو. وە ئەوەشی پێ ووتم کە زۆر جار نامەیان بۆ دێت لە خەڵکەوە کە چیرۆکی ٣٣٣ یان خوێندۆتەوە وە بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی هەمان جادووی ئەو چیرۆکە لە ژیانیاندا جێ بەجێ بکەنەوە.

بیری لێ بکەرەوە، ملیۆنان خەڵك هەوڵ ئەدەن شتی ئەرێنی ڕوبدات لە ژیانیاندا لەبەرئەوەی بۆب پۆمپلتۆن گوێ لەو هۆکارانە ناگرێت کە بۆچی خۆی و ستافەکەی ناتوانن ٣ ملیۆن دۆلار کۆبکنەوە لەماوەی ٣ ڕۆژدا وە دابەشکردنی لەماوەی ٣ کاتژمێردا، تەنها ٣ ڕۆژ پاش دەست پێکردنی ئەم بیرۆکەیە. بەم بۆنەیەوە، بۆب تێمپلتۆن پێی وتم خۆی و ستافەکەی چیرۆکی ٣٣٣ یان کردوە بە خویەك بۆ ویستەکانیان، وە لە ئەنجامدا بوو بە سەرۆکی کۆمپانیای نیو کاپ بۆ پەخش و بلاوکردنەوە، کە دەزگایەکی زۆر بەسوود بوو، وە ئێستگەی لە هەموو کەنەدا هەبوو. ئەوە بیروڕای منە کە بۆب تێمپلتۆن هێزێکی بۆخۆی دروست کردووە کە بۆ هەر شوێنێك بڕوات لەگەڵی دەبێت. ڤازانج بوو بە دووەم ناوی. لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە ٣٣٣ ی جێ بەجێ کردهەموو ویست و ڤازانجێك شوێنت دەکەوێت بەجێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکەیە.

# بەشی دەیەم
# یاسای بوژانەوە
# لە کاتی فەراغدا

بەخشین
بۆ بەدەست هێنان هەوڵی دا
بەڵام هێشتا عەنبارەکەی لەڕوڵاوازە
بۆ پیاوێکی ژیر کە گریا
بە دەنگێکی تیژ و هۆگرانە
نوێژ پێی وتوم چۆن بتوانم بە سەرکەوتوانە بژیم؟
وە پیاوە ژیرەکە وەڵامی دایەوە
"بۆ بەدەست هێنان پێویستە ببەخشیت"

بۆ بەخشین وتی
"چیم هەیە ببیبەخشم؟"
ئەوەندە بژێویەکی دەگمەنم هەیە
بەبێ گومانی دەمژێنێ
بەڵام ئەمەوێت بەشداری پێ بکەم لەم عەنبارە بەخشندەیە
وەڵامی پیاوە ژیرەکە ئەوەبوو
"کەواتە پێویستە زیاتر ببەخشیت"

ئەو وانەیەی فێری بوو

بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی لەبیرکرابوو،

ڕووەو مرۆڤایەتی سوڕایەوە

لەگەڵ خۆشەویستی بۆ تازە لەدایک بووەکان

وەك چۆن لەم ژیانە بەسودە ئەوەی بەخۆی بەخشی

پاشان شادی تاجی خستە سەر ڕۆژەکانی

بۆ بەخشندەییە دەوڵەمەندەکەی

"ئارسەر ولیام بیر"

یاسای بوژانەوە لەکاتی فەراغدا

(پێشکەشە بە خاڵۆژنە مارگ)

سروشت بەتەواوی ڕقی لە فەراغە

مارگ کارێکی کرد ڕوبدات

پێویستە ئەم بەشە تەرخان بکەم بۆ خاڵۆژنە مارگ، بە پێزانین بۆ ئەو بڕوا منداڵیەی، وە تێگەیشتنی قوڵی بۆ ئەو یاسا جوانەی کە هۆشیاری تاك بەڕێوەدەبات. تەنانەت ئەمڕۆ، زۆر بە دەگمەن سەردانی ئەکەم، بەبێ دەربڕینی هەڵوێستی ناودڵی بۆ من، کە ئەم ڕاستیە مەزنەی فێرکرد دەربارەی "یاسای بوژانەوە لە کاتی فەرغدا". وە لە ئەنجامی دەست کەوتنی ئەم زانیارییە، مارگ و تەواوی خێزانەکەی خۆشیان ئەبینی لە نۆرینەی هۆکارەکانی خۆشحاڵی مرۆڤ لە ژیاندا کە ئەوان پێشتر نەیان دەتوانی ئەو ئەزموونە تاقی بکەنەوە. زیاتر لەوەش، ڕاستی سادە

ئەوەبوو کە هێشتا خۆشییان لەو شتانەی ژیان نەدەبینی گەر ئەم هۆشیارییە تازەیان بەدەست نەهێنایە.

لەگەڵ ئەوەی مارگ ڕویدابوو کە خاڵۆژنم بێت، تەنها چەند ساڵێك لە من گەورەتر بوو وە ئێمە دوو هاوڕێی زۆر باشی یەکتری بووین بەدرێژایی ڕۆژانی منداڵیمان. زۆر بە قوڵی مارگ و تەواوی خێزانەکەیم خۆش ئەوێت. لەبەرئەوە هیچ سەرسوڕمانێکی تیا نیە کە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە ڕەزامەندیەوە ئەو بیرۆکانەی لەم بەشەدا هەیە بۆتان دەخەمە ڕوو، لەگەڵ مارگ و خێزانەکەی، بە درێژایی چەندین ساڵ. شادیەکی تایبەت بوو بۆ من ئەو هەلەم هەبێت سەیریان بکەم ئەم زانیاریە تازانە جێبەجێ بکەن، بەشێوەیەك، کە ئەمڕۆکە بەڕێگەیەکی تەواو تازە ژیانیان دەژین.

یەکەمین ناسینی ئەم یاسا دینامیکیە لەلایەن مارگەوە بە نزیکەیی ئەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵ لەمەو پێش، بۆ ئەو کاتەی کە خۆی و خێزانەکەی بەشدارییان دەکرد لە زنجیرە سیمینارێکدا، کە من ئامادەم کردبوو لەسەر بابەتی "بوژانەوە". هەر زوو پاش ئەوەی زنجیرە سیمینارەکە تەواو بوو، سەردانی مارگم کرد بۆ ماڵەکەی خۆی. خۆی و مێردەکەی دۆن وە منیش گفتوگۆی کۆمەڵێك بیرۆکەمان دەکرد هەموویان پەیوەندییان هەبوو بە بابەتی بوژانەوەوە. لە هەندێك خاڵدا، بەدرێژایی خولی گفتوگۆکەمان، پرسی ماڵەکەیان خرایە ڕوو. مارگ سەیری هۆڵەکەی کرد، ژورەکەیان زۆر شڵەژاوو نارێك و پێك بوو، وە بە ڕقەوە ئەوەی دەرخست کە "نەخۆش بوەو هیلاك بووە لەو ژیانەی کە دەژین".

پاشان ئاماژەی بۆ پەردەی هۆڵەکەیان کرد وە وتی، "شتێکت پێ بڵێم، زۆر ڕقم لەو پەردە کۆنانەیە" منیش زەردەخەنەیەکم بۆ کردو وەڵامم

دایەوە "نەخێر مارگ، وانیە، تۆ خۆشت دەوێن. ئەگەرنا ئاوا لە نزیکی خۆت پارێزگاریت لێ نەدەکردن" بەردەوام بووم، "بۆ ئەو شتانەی کە هەمانە لە ژیانماندا، ئەو شتانەی خۆشمان دەوێن یان هاوجوتین لەگەڵیان" مارگ ئەوەی پێ ووتم کە کاتێکی قورسی هەبووە ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکات کە بە ڕاستی بتوانێ "لەخۆشەویستیدا بێت" لەگەڵ شتێك کە بەتەواوی بێزراوو تورەی دەکات.

لەم حاڵەدا، بە تەواوەتی قایل بوو بەوەی کە ئێمە هەردوکمان "فیشەکی خۆمان تەقاندووە"، مارگ هەوڵی ئەدا لە ڕونکردنەوەکەی من تێ بگات، وە من، بۆ ئەوەی بە ڕاستی بڕوای پێ بکەم! بەردەوام بووم لەسەر ڕونکردنەوەکەم وە ئاگادارم کردنەوە کە گەر کەسێك نزیك بێت لە شتێکی دیاریکراو – گەر کەسێکی تر یان شتێك بێت – ئەوە تەنها لەبەرئەوەیە کە ئەو کەسە هاوجووتە لەگەڵ لەرینەوەیاندا. ئەو هۆکارەی کە وای لە من کردووە وا بڵێم لەبەرئەوە بوو کە "خۆشەویستی" وشەیەکە بۆ لەرینەوە یان هاوجوت بونی لەرینەوە. لەکۆتاییدا پێم وتن، ئەوەی کە ئێستا من بۆم ڕونکردنەوە بریتی بوو لە یاسای گەردوون. (ئەوان گەر بە تەواوی لێی تێ گەیشتبن یان نا، یان تەنانەت گەر بڕوایان پێی بێت، هیچ جیاوازییەك دروست ناکات هەرچیەك بێت)

ئەودەم بۆ مارگ ڕونکردەوە گەر بە ڕاستی ڕقی لە پەردەکان بێت – وەك وتی کە ڕقی لێیەتی – ئەوا دەبوو پەردەکانی لێ کردایەتەوە، پاکی کردایەتەوەو بیدایە بە کەسانی نەبوو یان بیکردایە بە خێر بۆ کەسانێك کە بیانتوانیایە سودی لێ ببینن. دۆن سەیری منی دەکرد لە حاڵەتی واق وڕماندا. پاشان بە متمانە بەخۆبونەوە وتی کە "ئەو پەردانە لێ

ناکاتــەوە، لەبەرئــەوەی شــتێکی وەهامــان نیــە لــەبری دایبنــێین، وە ناشتوانین پــەردەی تــازەی بــۆ بکــڕین". ئــەتوانم ئــەوەم بــیر بێنــەوە کــە وەڵامیم دایەوە "دۆن، تکایە تێبگە، هەرگیز پەردەی تازە هەڵناواسی، تاکو بۆشاییەك بۆ تازەکان تەرخان نەکەیت" بەردەوام بووم، "نهێنی ڕاستەقینە لەپشتی یاسای بۆژانەوە لە کاتی فەراغدا لەگەڵ ئەو ڕاستیەدا یەك دەگرێتەوە کە، پەردە کۆنەکان لابەریت، پاشان ئۆتۆماتیکی ژوورەکە ئامادە دەکەیت بۆ پەردەی تازە". بە مانایەکی تر، ناتوانیت شتێك بەدەست بهێنیت تاکو یەکەم جار قایل نەبیت بەوەی شتێك لە باتی لەدەست نەدەیت.

(ئەوە بخەرە مێشکتەوە، ئەو "بەخشینە" مانای بەتەواوەتی دەست لێ هەڵگرتنی شتێك، بۆ شتێکی تر.) بە ڕونی، ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر قورسە بۆ کەسێك کە بەتەنها پەیوەست بووە بە جیهانی مادەوە، تەنانەت تێگەیشتن لەوەی بە تەنیا مەشقی لەسەر بکات.

گفتوگۆی ئەم زانیاریانەی سەرەوەمان پوخت کردەوە بۆ ماوەیەك زیاتر وە پاشان مارگ خۆی جوڵاند بۆ ئەنجام دانی کردەوە. بە هێنانە خوارەوەی پەردەکانی ژووری هۆڵەکە دەستی پێ کرد کە بە ڕقەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەیری دەکرد. لە ئەنجامی کردنی ئەمەوە، یەکسەر خۆی ڕزگار کرد لەو سەرچاوەیەی کە چەند ساڵە مایەی نائومێدی کردنیەتی. بۆ هەموو ئەو کاتانەی کە سەیری دەکرد، یان تەنانەت بیری ئەکردەوە دەربارەی ئەو پەردانە، وێنەیەکی زۆر نەرێنی یەکسەر لە شاشەی مێشکیدا دروست دەبوو. پاشان ئەجولا بۆ لەرینەوەی نەرێنی، ە بەوجۆرە دەستی دەکرد بە ڕاکێشانی زیاتری ئەو شتانەی کە لە

ژیانیدا نەیدەویست. کاتێک دەستی کرد بە لابردنی پەردەکان بە تولاپەکەوە، دۆن نزیک بوو لەوەی بتەقێتەوە لە تورەیدا. سەرەڕای ئەوەش، مارگ پەشیمان نەبۆوە، تەنانەت سەربارى ڕوخساری نەیارەی هاوسەرەکەی، بەردەوام لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو بیرۆکەیەی کە مە لە مێشکیا هەڵم کەندبوو.

دۆن لەم حاڵەدا وەڵامی دایەوە بەوەی وتی، "باشە لەو بڕوایەدام دەبێت پەردەی تازە بکڕین ئێستا، بە دڵم بێت یان نا". پاشان ئەوەم ڕونکردەوە کە ئەوان پێویست ناکات ڕاڕا بن دەربارەی چۆن پەردەی تازەیان دەست بکەوێت، لەم حاڵی یەکتر بڕینەدا. گرنگترین شت ئەوەبوو کە بەم زوانە ئەوەی دەیانویست هەیانبێت. ئەو هۆکارەی کە ئەوە خواستیان بوو، ڕونمکردەوە، لە ڕاستیدا ئەوەندە قورس نیە بۆ ئەوەی لێی تێ نەگەین، کەمی دەکەینەوە بۆ ئاستێکی زۆر ئاسان، ئەتوانین ئەوە بڵێین، "خەڵك زۆر بە زویی لەوە بێزار دەبن کە ژیانێك بژین وەك ژیانی ناو حەوزی ماسی وەها بێت."

بۆ ماوەیەکی کەم، دۆن و مارگ بەبێ ئەوەی پەردە بە ژووری هۆڵەکەیانەوە هەبێت ژیان. بەڵام پاش چەند ڕۆژێك سەردانم کردن، مارگ ئەو پەردەیەی کە حەزی پێی بوو هەڵیواسی بوو! وردە وردە، زانیاری دەربارەی ئەم ڕاستیە مەزنە دەستی کردبوو بە جوڵە بۆ ناو هۆشیاری مارگ.

ماوەیەکی زۆر پاش ئەمە نەبوو کە هیچ مۆبیلیاتێك لە ژوری هۆڵەکەیاندا نەمابوو. مارگ هیلاك بوبوو لە ژیان لەگەڵ ئەو مۆبیلیاتانەدا بۆ چەند ساڵێکی زۆر، هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی هەموویانی لەخۆی دورخستەوە. لە

ڕێگـەی ئەنجامـدانی ئەمـەوە، بەشـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی بۆشـاییەکی پێویستی دروست کرد بۆ ئەو شتانەی کە ئارەزووی دەکرد لـە ژورەکەیـدا هـەبن. پـاش ماوەیـەکی کـەم تـەواوی ماڵەکـەی دیکۆرەکـەی گـۆڕی و مۆبێلیاتی تازەی بۆ دانایەوە، وە ئێستا بەو ڕێگایەی کە دەیوست هـەموو شتەکانی گۆڕی و شتی تازەی لە جێگای دانا.

چەند ڕۆژێك پێش ئێستا، من و خێزانم سـەردانی دۆن و مارگمـان کـرد لـە ماڵەکەی خۆیان. لەکاتێکدا ئەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە، لیندای خێـزانم وتـی "ماڵەکـەیان زۆر جـوان دەردەکـەوێت، وانیـە؟" هیچـم نـەوت تـەنها زەردەخەنەیەکم کرد، بە زانینی پشتی مەسەلەکە کە پـاش چـەندین شـەڕ و دەمەبۆڵـە لـە نێـوان دۆن و مـارگ دا کـە ڕویـدا، کـە هـەموو کاتێـك پارچەیەك شت فڕێ ئەدرایـە دەرەوە. کۆتـا جـار کـە بـە تەلـەفۆن قسـەم لەگـەڵ مـارگ کـرد وتـی، "شـتێکی سـەرسـوڕهێنەر نیـە؟ چ جیاوازییـەکی گەورە لە زانیارییـەکی کەمـەوە ئـەتوانێ ژیانـت بگۆڕێـت. تـەنها پێویست دەکات کەمێك فێر بیت، بۆ ئـەوەی زۆر وەربگریـت." ئـەو ئاگادارییـە زۆر ڕاسـتە. بـۆ کـەمێك هۆشـیاری، جیاوازییـەکی زۆر دروسـت دەکـات لـە ئەنجامـدا. لەبەرئـەوە پرسـیار لـەخۆت بکـە، خـاوەنی چ شـتێکی لـە دەوروبەرت کە بە ڕاستی حەز ناکەیت چی تر هەتبن؟ پاشان پرسیار لـە خۆت بکە بۆچی کۆیان ناکەیتەوە، لـە خۆتیـان دوربخەیتـەوە، بۆشـاییەك بۆ خۆت دروست بکەیت بۆ ئەو شتە باشانەی کـە بـە ڕاسـتی ئارەزوویـان دەکەیت. لەبیرت بێت، ئەم "یاسایە" کە من گفتوگۆم دەکـرد جـێ بـەجێ دەبێت بەسەر هەموو شێوەکانی ژیانتدا.

لەچەندین دەرفەتدا بە درێژایی خولی سیمینارەکانم، گفتوگۆی ئەم یاسایەم کردووە. بۆ بەشدابوەکانم ڕونکردۆتەوە، کە ئەگەرچی نزیکەی هەموو کەسێك حەز دەکات جل و بەرگی تازەی هەبێت، زۆرینەی خەڵکی هیچ شوێنێکی بەتاڵیان لە گەنجینەی جل و بەرگیان نەماوە کە جلی تازەی تێدا هەڵبواسن. لەڕاستیدا، کاتێك تۆ جلی تازە لە ناو گەنجینەکەتدا هەڵدەواسی پێویست دەکات پاڵ بە جلەکانی ترەوە بمێیت بۆ ناوەوە، بۆئەوەی جلە تازەکان جێگای بێتەوە. توانجەکە ئەوەیە، کە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی جلەکان کە لە گەنجینەکەتدا هەڵتواسیوە، لەوانەیە هەر لەبەریان نەکەیت!

لەوتنی ئەمەدا، زۆر باش دەزانم کە هەندێك لە جل و بەرگەکانت لەوانەیە گرانبەها بن، بۆیە ڕەنگە دودڵ بیت لەوەی لە کۆڵ خۆتیان بکەیتەوە. هەرچەندە، منیش و تۆش ئەزانین، هەندێك لەو جلانەی بە دۆڵابەکەتەوە هەڵتواسیوە، بۆیە لەوێدا هەڵتواسیوە لەبەرئەوەی هەست بە خۆشحاڵی ناکەیتکاتێك دەیانکەیتە بەرت (شتێك هەیە دەربارەیان کە تۆ چیتر حەزت پێیان نیە.) لەبەرئەوە، زۆر بە بەهێزی پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکەم، بە ئاسانی لە کۆڵ خۆتیان بکەرەوە. لەئەنجامی کردنی ئەمەوە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ژورەکەت تەنها ئەو جل و بەرگە تازانەی لێ دەبێت لەبەریان بکەیت.

ئەم پرۆژەیە بۆخۆت ئامادە بکە وە پاشان جێ بەجێی بکە، هەرئێستا. زۆر بە وردی گەنجینەی جل و بەرگەکەت بپشکنە – وەك چۆن دانت بە فلچە پاك دەکەیتەوە – وە پاشان هەموو ئەو جل و بەرگانەی کە چی تر ناتەوێت لەبەریان بکەیت دوریان بخەرەوە لە خۆت. هەرکات لەمە تەواو

بویت، پاشان بە ئاسانی لە کۆڵ خۆتیان بکەرەوە. لەرێگەی کردنی ئەمەوە، بەوجۆرە پاك کردنەوەیەك یان بۆشاییەکت بۆ خۆت دروست کرد. زیاتر لەوەش، لەوکاتەوەی "سروشت رقی لە فەراغە"، تەنها کاتێکی کەمی پێویستە بۆ ئەوەی گەنجینەکەت جارێکی تر پڕ بێتەوە لە جل و بەرگ. بەلآم ئەم جارە، تەنها پڕە لەو جلانەی کە دەتەوێت لەبەریان بکەیت.

ئەم پرۆسەیە کە من باسم کرد بریتیە لە پرۆسەی هەرگیز کۆتایی نایەت. لەبەرئەوەی،ئەمە شتێکە کە پێویستە هەموو ڕۆژەکانی ژیانت مومارەسەی بکەیت. بە مانایەکی تر، پێویستە بە بەردەوامی "بۆشایت هەبێت" بۆ ئەو شتانەی کە ئارەزوویان دەکەیت. ئەم زانیاریە بە شێوەیەکی نەگۆڕ بخەرە مێشکتەوە، ئەندامێکی گرنگ لە یاسای فەراغدا ئەوەیە کە پێویستە تۆ لە پێشدا شتە کۆنەکانت لە کۆڵ خۆت بکەیتەوە پێش ئەوەی شتی تازەی بۆ بهێنیت.

وشەیەکی تر وەك ئاگاداری، هەرگیز ئەو شتانەی کە ناتەوێت مەیانفرۆشە، تەنها لە خۆتیان دور بخەرەوە. ئەزانم ئەم ئامۆژگاریە لەوانەیە پێچەوانەی ئەو ڕێگایە بێت کە تۆ لەگەڵیا ڕاهاتویت بژیت، بەلآم پێویستە تێ بگەیت، کە "لە بەخشیندا، هەمیشە تۆش وەری دەگری." لەلاکەی ترەوە، گەر ئەو کەل و پەلانە بفرۆشیت، ئەو پارەیەی کە وەری دەگریت لەبریان هەر ئەوەندەیە کە وەری دەگریت لەو سەوداگەریەدا. لەوانەیە ئەمە شتێکی سەیر بێت، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا گونجاوە.

تکایە تێبگە، ناتوانی لە هیچ شتێك زۆر ببەخشیت. سەرەڕای ئەوە، کاتێك بەخشیت، بەتەواوی پێشبینی وەرگرتنی شتێك بکەرەوە لەبری.

بەدەگمەن لە هەمان سەرچاوەی کە پێت بەخشیوە وەردەگریتەوە (واتە هەمان کەسی کە شتەکەت پێ بەخشیوە مەرج نیە هەمان کەس شتێکت لەبری پێ بداتەوە، چونکە ئەوە دەبێتە ئاڵوگۆڕ- وەرگێڕ). بەلاّم بە دڵنیاییەوە وەردەگریتەوە، وەك چۆن باران دەبارێت کاتێك دوو هەور بەریەك دەکەون.

لەبەرئەوە، بەدەست هێنانی شتانێکی باش بەم یاسا جیهانیە دەبێتە فازانجێکی مەزنی کەسی بۆ تۆ. وە ئەمەشت لەبیر بێت، تۆ لەگەڵ کەسانێکی دیاریکراو کار ناکەیت یان شتانێکی دیاریکراو، بەڵکو، تۆ مامەڵە لەگەڵ هێزێکی ناکۆتا دەکەیت کە بەڕێگایەکی تەواو بەڕێوە دەبرێت. وە لە ئەنجامی ئەمەدا، هەرکات بمانەوێت هەرشتێکی تازە بێنینە ناو ژیانمانەوە، پێویستە پرۆسەکەی بۆ بخەینە کار و ژوورێکی بۆ ئامادە بکەین!

ئەم یاسای بە تەنها بۆ جیهانی بەرجەستەمان جێ بەجێ نابێت، بەڵکو بۆ جیهانی دەرونیشمان جێ بەجێ دەبێت. کەواتە تێبگە، لەوەی کە هەرکاتێك بمانەوێت میوانداری بیرۆکەی تازە بکەین، یەکەم جار پێویستە ئێمە ئامادەبین هەندێکی لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، یان بەرەنگاری هەندێك لە بیرۆکە کۆنەکانمان ببینەوە.

بەداخەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەیە کە زۆر قورسە بۆیان ئەم کارە بکەن. لەبەرئەوەی ئەم کەسانە، زۆرینەی کات بیرۆکەی پێچەوانە جێ بەجێ دەکەن لە هەمان کاتدا. ئەوان تەواوی ژیانیان لە دودڵی و ڕاڕایدا دەژین، بیر ئەکەنەوە لەوەی کە بەخۆیان دەڵێن "بیکە، مەیکە، بیکە، مەیکە، ... بەوجۆرە" ئەم حاڵەتە دەرونیە بە گشتی پێی دەوترێت

"دودڵی(ئەو کەسەی کە بڕیاری پێ نادرێت – وەرگێڕ)". وە ئەمە سەردەکێشێ بۆ ئەشکەنجە و شڵەژانێکی دەرونی زۆر گەورە. ئەوە بزانە کە "دودڵی" یان "شڵەژانی دەرونی" ئەکرێت یەکێك بێت لە گەورەترین – گەر گەورەترین نەبێت – هۆکارەکان، کە زۆرینەی خەڵکی لە دواوە ڕادەگرێت بۆ بەدەست نەهێنانی ئەو شتانەی کە لە ژیاندا دەیانەوێت یان حەزیان پێ یەتی.

بۆچی لەسەر بیرۆکە کۆنەکان ئەمێنینەوە

بۆچی وەهایە ئەمێنینەوە، زۆر بە بەهێزی، لەسەر بیرۆکە کۆنەکان یان لەسەر شتە کۆنەکان؟ هیچ گومانم نیە لەوەی کە تۆش ڕازیت، ئەمە پرسیارێکی فێلاویە. لە ڕاستیدا زۆر فێلاویە، کە گەر کاتێك هەمان ئەم پرسیارە لە هەزار کەسی جیاواز بکەیت، ئەوەندە وەلامت دەست دەکەوێتەوە کە کتێبێکی پێ پڕ بکەیتەوە. بەداخەوە، هەرچەندە نزیکەی هەموو ئەو وەلامانەی کە وەری دەگریتەوە، مامەڵە کردنە لەگەڵ هۆکاری دووەمدا، نەك هۆکاری یەکەم، لەم کێشە ترسناکەدا.

بەلام گەر بتەوێت ڕاستەوخۆ بڕۆیت بۆ هۆکاری یەکەم لە کێشەکە، بە زویی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە سەرباری ئەوەی کە بە قوڵی لەناو ناخی هەریەك لەو کەسانەدایە ئەوە هەمان شتە بۆ هەموو کەسێك. با وا نەکەم چی تر لە دودڵیدا بتهێڵمەوە، وەلامی پرسیارەکە بەم شێوەیە دەبێت: ئێمە لەسەر بیرۆکەی کۆن و شتە کۆنەکان دەمێنینەوە لەبەر نەبونی باوەڕ بە توانای خۆمان بۆ بەدەست هێنانی بیرۆکەی تازە و شتی تازە. ئەمە بێ گومان ئەمانگەیەنێت بە مەرجی نائاسایشی، کە چڵێکە لە

ڕەگەکەیەوە، لە نەتوانینی تێگەیشتنی کە تۆ کێیت و چیت. وە نەبونی هۆشیاری لە پەیوەندی ڕاستەقینەت لەگەڵ هێزی ناکۆتا کە هەمیشە بە شێواوی بەجێت دەهێڵێت لەگەڵ وێنەی خۆتدا.

لەبەرئەوە، پێویستە بگەیتە خاڵێك کە تۆ بزانیت "تۆی ڕاستی" هیچ سنوردارییەك ناناسێت، کە لە ڕاستیدا، تۆ ئەوەندە توانات دەبێت لە هەبوون، یان ئەنجام دانی هەر شتێك کە ئارەزووی دەکەیت. بەڵام کاتێك کەسانێك قەدری ئەم ڕاستیە بنچینەییە ناگرن، کاتێك ئەوان بە ڕاستی قایل بوون بەوەی سەرچاوەکانیان سنورردارە وە ئاسایشی ڕاستەقینەیان لەسەر پارەیە یان شتە، ئەترسن لەوەی کە شتی تازە تاقی بکەنەوە. لە ڕاستیدا، ژیریەکی زۆری پێویست نیە بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت بمێننەوە لەسەر ئەوەی کە پێشتر هەیانبووە، وە پاشان هەوڵ ئەدەن تەنانەت زۆرتر لە هەمان شت کۆبکەنەوە.

گەر پێت خۆش بێت، دەتوانی ئەم یاسای بوژانەوەی فەراغە زۆر بە ئاسانی وە بە کرداری هەڵسەنگاندنی خۆتی پێ بکەیت. کوپێکی ئاسایی ئامادە بکە لەسەر مێزێك یان لەسەر مێزی نوسینگەکەت. پاشان پرسیار لەخۆت بکە ئایا ئەتوانی هیچ شتێکی تر بخەیتە شوێنی کوپەکە تاکو کوپەکە لەوێدا بێت؟. وەلامەکە، بێ گومان ناتوانیت؟ بەلای کەمەوە ناتوانیت تاکو کوپەکە لانەبەیت. هەمان ڕێسا ڕاستە بۆ پارچە مۆبیلیاتێکیش. لەبەرئەوە، هەتاکو تاقمە قەنەفەکەت لە شوێنی خۆیدا بێت، ناتوانیت قەنەفەی تازە بخەیتە شوێنی. بەهەمان شێوە، تاوەکو جلەکانت بە دۆلابەکەتەوە هەلواسرابێت، ناتوانیت جل و بەرگی تازە بخەیتە شوێنی.

هەمان ڕێسا جێ بەجێ دەبێت لەبواری بیرۆکەشدا. بۆ نمونە، گەر بیرۆکەیەک لە مێشکتدا هەبێت پێشنیاری ئەوەت بۆ بکات بەرەو ڕۆژهەلات گەشت بکەیت، وە پاشان بەشێوەیەکی کتوپڕ بیرۆکەیەکی تر بێتە مێشکتەوە پێشنیاری ئەوەت بۆ بکات کە پێویستە بەرەو ڕۆژئاوا گەشت بکەیت، بەم شێوازە تۆ ئەخرێیتە پێکەوە بەستنێکەوە. کە بەتەواوی ڕێگایەک نیە بتوانی گەشتی پێ بکەیت بە دوو ئاڕاستەی جیاواز لەهەمان کاتدا. بەڕونی، کاری بنچینەیی ئەوەیە کە واز لە بیرۆکەیەک بهێنیت پێش ئەوەی کار بە بیرۆکەیەکی تر بکەیت. هۆکاری ئەمە وەك پێشتر باسمان کرد ئەوەیە کە "سروشت بە ڕاستی ڕقی لە بۆشاییە".

لەبەرئەوە، گەر بە دڵسۆزی ئارەزووی وەرگرتنی شتێك دەکەیت کە تازەیە، پێویستە سەرەتا ژورەکەت ڕزگار بکەیت لەو شتانەی کە کۆنن. ئەمە یاسایەکی ئاسنینە لە ژیاندا، وە هێشتا پێویستە بەرەوڕوی کەسێك لەهەزار کەس ببیتەوە کە بە ڕاستی تێدەگات. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك ڕوبەڕوی ئەو کەسە لەو هەزار کەسە دەبیتەوە، کەسێك کە بەتەنها لەوپەڕی ئاسودەییدا نیە ئەمڕۆ، بەڵکو کەسێك کە هەموو ڕۆژێك لە ژیاندا ئەگۆڕێت، بە ڕێژەیەکی زۆر خێرای خێرایی.

بۆیە یاساکە بکە بە تاقی کردنەوەیەك لە ژیانتدا. ئەو بیرۆکانەی کە لەم بەشانەی کتێبەکەدا هەیە بەکاریان بهێنە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە یاساکە هەموو کاتێك ئیشی خۆی دەکات، هەرگیز شکست ناهێنێت.

## گرێکە لە مێشکت دەربکە

خوا هەمیشە خۆی بەشێوەیەکی نمونەیی پیشان دەدات. لەبەرئەوە، هەرچی ناتەواوی و عەیب کە بونی هەیە هەمیشە لە بەرئەنجامی ئێمەوە

بووە یان بارودۆخی بیرکردنەوەمان بووە. لەوکاتـەوەی کـە ئەمـە ڕاسـتە، پێویست ناکات خۆت بگریت بـە هـیچ شـتێکەوە "لـە ترسـی لـە دەسـت دانی". لەڕاستیدا، ڕاستیەکە ئەوەیە کە، هـەرگیز خۆشـی لـە هـیچ شـتێك نابینی کە پێویست بێت دەسـتی پێـوە بگریـت، لەبەرئـەوەی ئـازادی لـە هەموو ڕویـەرە نەرێنیـەکانی ژیانـت بەتـەواوەتی بنچینەیە گـەر بەڕاسـتی بتـەوێت گەشـە بکـەیت بـۆ ئـەو کەسـە مەزنـەی کـە ڕۆژێـك هیواخوازیـت بتوانیت ببیت. گـەر بەشـێوەیەکی جیـاوازتر بیلـێین، ئـەتوانین بلـێین کـە ووزە پێویستە بە ئازادانە لـە تـۆوە هـەڵقوڵێت بـەبێ هـیچ ڕێگریـەك، گـەر ئارەزوی بەدەست هێنانی ئەو شتە بکەیت کە دەتەوێت.

لەم حاڵەدا لەوانەیە بپرسیت، "ئەو ڕێگریانە چین؟" کـە پێویسـتە بیـزانم. ڕێم بدە چەند دانەیەکیانت پێ بناسێنم. ئەوانە وەکـو گومـان، هەسـت بـە تاوان، وەڕس بوون، وە هەر ئەندێشەیەك لە نەبوونی یـان سـنورداری. وە هەر بیرۆکەیەکی نەرێنیانە کە خواسـتی بـەلای ڕێگـری کردنـی هـەڵقوڵینی ووزەی داهێنەرانەوە هەبێت لەناختدا. بۆ نمونە، لەوانەیە پێت بـاش بێـت هەوڵی بەدەست هێنانی وێنەیەکی جوان بدەیت کە لە مێشکتا کێشـاوتە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستێکی دڵڕفێنت هەبێت، وە هێشتا بەهۆی ئـەو "کۆسپانەوە" وەك هەنـدێك جـار پێـی دەوترێـت، تـەنها بـە نائومێـدی کۆتایت پێ دێت.

کێشەی تۆ – گەر پێی بزانیت یان نا – ئەوەیـە کـە تـۆ بۆشـایت دروسـت نـەکردووە بـۆ ئـەو وێنـە جوانانـەی کـە دەتـەوێت دروسـتیان بکـەیت. لەبەرئـەوە، پێویسـتە چارەسـەری خـۆت بکـەیت بـۆ ئـەوەی هـەموو ئـەو

کۆسپ و ڕێگریانە نەمێنن، بۆ ئەوەی وات لێ بکات کە بۆشایی دروست بکەیت بۆ ئەو شتانەی کە ئارەزوویان دەکەیت.

پێویستە لاشەی خۆت بهێنیتە بەرچاوت وەك ئەوەی بوبێت بە ئامێرێکی نا بەرجەستە کە ووزەی داهێنەرانەی لێوە هەڵدەقوڵێت. پێویستە لێکچواندنێکی بۆبکەیت وەك ئەوەی باخچەی ماڵێکی ئاسایی بێت، کە پێویست دەکات ئاو بەکاربهێنیت بۆ ئەوەی دواوەی باخچەکەی پێ ئاو بدەیت. بۆ ساتێك وای دابنێ، کە تۆ بڕیار ئەدەیت ئاوی گوڵدانەکان بدەیت لە پێشەوەی باخچەی ماڵەکەت. بۆ ئەوەی ئەم کارە جێ بەجێ بکەیت، پێویستە بۆری ئاوەکە بهێنیتە ناوەڕاستی ماڵەکەوە. بەلاّم کاتێك تۆ بۆریەکە دەهێنیت بۆناوەڕاست، وای دابنێ شکڵی گرێیەك لە بۆریەکەدا دروست دەکەیت وە کاتێك ڕای دەکێشیت – بەبێ ئەوەی تۆ پێی بزانیت – گرێیەك دروست دەبێت.

سەرباری بونی ئاوێکی زۆر لە سەرچاوەکەوە، ئاو بەشێوەی دڵۆپە لە بۆریەکەوە دێتە دەرەوە، هەر جارێك و دڵۆپێك ئاو، بۆسەر گوڵدانەکە. هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە گرێکە ڕێگری دەکات لە هەڵقوڵینی ئاو، کە دەکرێت، گەر بە ئازادانە ئاو بێت، لە ڕاستیدا ژیانێکی تازە بۆ باخچەکە دروست دەبێت.

بەهەمان ڕێگە، ئەم بیرۆکە نەرێنیانە کە لە مێشکتا هەڵتگرتووە ڕێدەگرێت لە هەڵقوڵینی ووزە، گەر هەلێکی پێ بدرێت، ژیانێکی تازە بۆ تۆ دەهێنێت بۆ ئەنجامەکانی ژیانت.

لە حاڵەتی بۆری باخچەکەدا، یەکسەری پشکنین دەکەیت بۆ دۆزینەوەی هۆکاری نارێکی و پچڕپچڕی ئاوەکە. هەرکات گرێکەت دۆزیەوە، پاشان

دەست دەکەیت بە چاککردنی، ئەو کاتە ئاوەکە بەباشی بە بۆریەکەدا دێت و باخچەکە بە جوانی ئاو دەدات.

ئێستا ئەمە بزانە – ئەو پرۆسەیەی کە باسم کرد بۆ بۆری باخچەکە، بەتەواوی هەمان پرۆسەیە کە پێویستە بۆخۆت بیگریتە ئەستۆ، ئەوەی کە پەیوەستە بە مێشکە نایابەکەی خۆتەوە. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت، پێویستە هەموو ئەو ڕێگریانەی کە بونەتە کۆسپ لەبەردەمتا تێیان پەڕێنیت – وەك گرێ دەرونیەکان – وە تۆ یەکسەر ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە هیچ کەمیەك لە ووزەی داهێنەرانەی سەرچاوەکەوە نیە. گرێ دەرونیەکان کە بەبێ گوێپێدان – کە زۆر جار بێ هۆشانە دروست دەبێت (واتە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دروست دەکات – وەرگێڕ)، لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی سنوردارکردنی هەڵقوڵینی ئەو هێزەی کە بەهەرکەسێکمان بەخشراوە کە لەکۆتاییدا ئەنجامەکانت لە ژیاندا دەگۆڕێت. هەریەك لەم بەشانەی ئەم کتێبە کۆمەڵێك بیرۆکەی زۆر باشی تێدا باس کراوە، کە پێویستە دەست بکەیت بە بەکارهێنانیان، گەر بتەوێت خۆشی ببینیت لەو قازانجانەی کە لەوانەیە بەشێوەیەکی ئاسان داڕێژرابێت ڕێگە ئەدات ئەم هێزە بە ئازادی بەناو تۆدا بێت و بچێت.

ئێستا تۆ تەواوی کتێبەکەت خوێندەوە. ئەمەوێت پێشنیاری ئەوەت بۆ بکەم کە بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای کتێبەکە، بۆ بەراورد کردنی ئەو ئەنجامانەی کە لە ئێستادا بەدەستیان دەهێنی لە ژیانتدا، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە دەتوانی بەدەستیان بهێنی، کاتێك زۆر بە ڕێك و پێکی هەر بیرۆکەیەك لەم بیرۆکانە بەکاردەهێنی. زۆر بە جدی لێکۆڵینەوە لە هەر بەشێك لەم بەشانەی کتێبەکە بکە – بەڵام لە حاڵەتێکی تەواو

ئیسـراحەتدا – وە کـردەوە بـە هـەر بیرۆکەیـەکیان بکـە تـاکو دەبێتـە بەشێکی توند لە پێك هاتەی کەسایەتیت.

لەبیرت بێت، بیّ گوێدانە ئەوەی کە ئەنجامەکانی ژیانت چۆنن وە ئێستادا چۆن دەرئەکەون بۆ تۆ، تۆ بە ڕاستی بە "دەوڵەمەندی لە دایك" بوویت.

خوا زۆر توانا و لێهاتویی پیّ بەخشیویت

ئەوەندە کە بتوانیت لە ژیانێکی تریشدا بەکاریانبهێنیت

دیاری تۆ بۆ خوا ئەوەیە

گەشە بەو تواناو لێهاتویانە بدەیت هەرچەند دەتوانی

وە بەکاریان بهێنی لەم ژیانەدا

"ستیف بۆو"

# BOB PROCTOR
# YOU WERE BORN RICH

## پارە گرنگە:

یەکێك لە هەڵە تێگەیشتنە بەربڵاوەکان لەسەر پارە، پەیوەستە بە گرنگیەکەیەوە. بۆ نمونە، چەند جار گوێت لە خەڵك بووە لە گفتوگۆدا دەوترێت "پارە هەموو شتێك نیە". یان "پارە گرنگی نیە" یان "گرنگی بە پارە نادەم". زۆر باشە، ئەو خەڵکانەی کە وا دەڵێن ڕەنگە گرنگی بە پارە نەدەن، بەڵام گرەویان لەگەڵدا دەکەم کە دەلاڵی سەیارەکانیان گرنگی بە پارە ئەدەن، سەوزەومیوە فرۆشەکانیان گرنگی پێ ئەدات، وە ئەو کەسەی کە خاوەنی خانوەکانیانە گرنگی پێ ئەدات.

لە ڕاستیدا، نابێت نکوڵی لەو ڕاستیە بکرێت کە پارە گرنگە بەلای هەر کەسێکەوە کە لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا بژی. لەبەرئەوە، مشتومڕکردنی ئەوەی بوترێت ئەمە ئەوەندەی ئەوە گرنگ نیە، قسەیەکی نابەجێیە. هیچ شتێك ناتوانێت جێگای پارە بگرێتەوە لەو شوێنەی کە بەکاردەهێنرێت!